# مێژووی کورد

له سه‌ده‌ی ١٦هه‌مدا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

د. شەمسی محەمەد ئیسکندەر

# مێژووی کورد

## لە سەدەی ١٦هەمدا

"شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بدلیسی
وەک سەرچاوەیێکی مێژووی نەتەوەی کورد

شوکور مستەفا

لە ئازەربایجانییەوە کردوویە بەکوردی

ناوی کتێب: مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا
نووسینی: د. شەمسی محەمەد ئیسکندەر
وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە: شوکور مستەفا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩١١
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم: ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٠٦ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

ناوەڕۆک

٤٠٠ ساڵوەگەڕی شەرەفنامە ........ 7
پێشەکی ........ 10
بەرایی ........ 12
بەشی یەکەم ........ 31
سەربهوردی شەرەفخانی بدلیسی و بەهرە و هونەری ........ 33
ئەو سەرچاوانەی شەرەفخانی بدلیسی لە«شەرەفنامە»دا کەڵکی لێ وەرگرتوون ... 52
ئەو مێژوونووسانەی لە مێژووناسیدا کەڵکیان لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە ........ 58
دەوری «شەرەفنامە» لە مێژووناسی کورددا ........ 74
بەشی دووەم – بارودۆخی کوردستان و گەلی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا ........ 83
کورد و کوردستان ........ 85
سەروساختی سەفەوییەکان لەگەڵ کورددا ........ 111
سەروساختی عوسمانییەکان لەگەڵ کورددا ........ 127
ڕاپەڕینی خێڵەکیی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا ........ 143
بەشی سێیەم – میرنشینی بدلیس بەپێی شەرەفنامە لە سەدەکانی ١٥–١٦دا ... 155
کورتەباسێ دەربارەی میرنشینەکانی کورد ........ 157
میرنشینی بدلیس لە سەدەی ١٥ـ ١٦دا ........ 160
مڵکایەتی و شێوەی خەرج و باج ........ 199
ئەنجام ........ 222
پەڕاوێز ........ 225

# ٤٠٠ ساڵوەگەڕی شەرەفنامە

شەرەفنامە، بەمرۆوەشی لەگەڵدا بێ گرینگترین سەرچاوەیەکە وا بەفرەوانی و بەربڵاوی لەبارەی رابردووی کورد و وڵاتەکەیانەوە دووابێ. شەرەفخانی بدلیسیی نووسەری ئەم کتێبە کاتەک ملی لەبەر نووسینی ئەم شاکارە گەورەیە نا، یەکە زانا و رووناکبیری کوردی سەردەمی خۆی بوو. وەک میر و دەسەڵاتداریش کەرەسە و مایەی بەجێ گەیاندنی کارێکی وا گەورەی لە بەردەستدابوو، هەر بۆیەش بەرهەمەکەی هێندە دەوڵەمەند و تێر و تەسەلە دەکرێ بەدەیان تۆژینەوە و کۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و دەشێ لەبەر تیشکی ئەوەی ئەو بۆی نووسیوین، بەگەلێک شێوە و لە گەلێک ڕووانگەوە بە رابردووی خۆماندا بچینەوە. ئەم کتێبەی بەردەست، کە د. شەمسی محەمەد ئەسکەندەری ئازەری نووسویە کارێکی گرینگ و پڕ بایەخە لەم بوارەدا و خوێندنەوەیەکی نوێی شەرەفنامەیە. بەڕاستی، دەهێنێ دەسخۆشانە و ئافەرین لە نووسەرەکەی بکرێ. مامۆستای هێژا و قەڵەم بە بڕشتیش شوکور مستەفا، بەکردنی ئەم کتێبە بەکوردی، هێندەی تر کارەکەی داوێن شۆڕتر کردووە و کتێبخانەی کوردیی ئاوەدان کردووەتەوە.

شەرەفخان، خۆی لە سەردەمێکی پڕ لە شەڕوشۆڕ و پێکدادان لەسەر زەویی وڵاتەکەیدا ژیا. هێندێکیانی بەچاوی خۆی بینی و هێندێکیشانی لە باب و کالەوە بیست. وەک میر و دەسەڵاتدارێکیش ئاگای لە هەموو کەین و بەین و وردەکاریی رووداوەکان بووە. ئەمە زۆر یارمەتی داوە و –لەوانەیە– هانیشی دابێ بۆ شان وەبەردانی کارێکی وا.

شەرەفخان، لە دوای شەڕی بەناوبانگی چلدێران(*) لە دایک بووە. ئەو

(*) لەبەرئەوەی شوێنی شەڕەکە لە کوردستانە و ناوی ئەو شوێنانەش زیاتریان کوردین، وای بۆ دەچم «چلدێران» لە «چاڵدێران» راستتر بێ. لەوانەیە ناوەکە لەسەر زاری مێژوونووسانی بێگانە وا بەهەڵە رۆیشتبێ چونکە کوردییان نەزانیوە.

شـەڕەی کـوردسـتـانی کـرد بە مـەیدانی پێکدادان و تێـسـرەواندنی هەردوو ئیمپراتۆرییەتە زل و زەبەلاحەکەی عوسمانی و سەفەوی، گەلی کوردی کرد بە ئاگردووی شەڕێک کە لە ماڵوێرانی و رەنج بە خەساری بەولاوە شتێکی تری بۆ وی تێدا نەبوو. میرانی کورد لەلایەک، لەبەرئەوەی وڵاتەکەیان بووبوو بە مەیدانی شەڕوشۆڕ نەیاندەتوانی خۆیان بدەنە لا و بێ لایەن بووەستن، لە لایەکی تریشەوە شایەکانی سەفەوی لەبەرئەوەی کورد سوننی مەزەب بوون، لە ئەزیەتدان و چەرمەسەرێدانیان لە هیچ هەل و دەرفەتێک نەدەپرینگانەوە. ئیتر کوردەکەش ناچار دەبوو عوسمانی هەڵبژێرێ و خۆی بداتە پاڵی و شەڕی بۆ بکات. کاتێکیش عوسمانی لە شەڕدا بەسەرکەوتن، میرانی کورد بەگوێرەی ئەو پەیمانەی لەگەڵ سولتان سەلیمدا مۆریان کرد، هەر بەجارێک بوون بە گوێ بە فەرمان و بەرەبەرەش دەسەلاتیان دایە کزی. سوڵتانەکانی عوسمانی بەچاوی سووک سەیری میرە کوردەکانیان دەکرد، پاڵەپەستۆیان دەخستنە سەر، بەگژ یەکیاندا دەکردن، دەشیانزانی کورد یەکترگر نین، ئەو قسەیە هی ئەو سەردەمەیە کە دەڵێ کورد تەنیا لە «أشهد أن لا اله الا الله»دا یەکن. گرەوی داگیرکەران، بۆ چەوساندنەوە و ژێرچەپۆکەکردنی گەلی کورد، هەتا ئێستەش لەسەر هەمان ئەم بنەوایەیە کەوا کورد یەک نین.

بەر لە شەڕی چلدێران و دوای ئەو شەڕیش بە ماوەیەک، میرانی کورد لە سنووری دەسـڕۆیشتنی خۆیاندا «ئازاد و سەربەخۆ» ژیاون، بایەخیان بە وڵاترانی داوە و وڵاتەکەیان لە هەموو رووەکەوە بووژاوەتەوە. هەر ئەمەیش وای کردووە کورد لە کاتی هێرش و پەلاماری دوژمنان بۆ سەر میرنشینەکانیان، بە دڵ و بە گیانەوە شەڕ بۆ مان و دەسەلاتداریی میرەکانی خۆیان بکەن.

حاجی قادری کۆیی لە سەردەمێکی زۆر دواتردا ئاخ بۆ ئەو سەردەمە هەڵدەکێشێ و دەڵێ:

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بوون
سوڵتانی موڵک و میللەت، ساحیبی جەیش و عیرفان

ئەمسـال ٤٠٠ سـاڵی تەواو بەسـەر نووسـینی شـەرەفنامـە و ئەو دەرز و پەندانەدا رادەبرێ کە شەرەفخانی میری بدلیس بۆی داداوین. میرانی کورد نەدەچوونە ژێر ئاڵایەکی یەکگرتوو. بۆ دامـەزراندنی دەسـەڵاتێکی ناوەندیی روختـە و بەهێـز، ئامـادە نەبوون بیـر لە دەسـتبـەرداربوونی حـەز و خـولیـا ناوچەیییە بچووکەکانی خۆیان بکەنەوە. بەداخەوە مێژوو هەمان دەرس و پەند دووبارە دەکاتەوە.

بەر لە ٢٥ ساڵ شاعیر و وەرگێڕی بەناوبانگی کورد خوالێخۆشبوو هەژاری موکریانی شـەرەفنامـەی بەکوردییـەکی پارا و تەڕ خستـە بـەردەستی لاوانی کورد. ئەمڕۆش وەرگێڕ و نووسـەری بەناوبانگ شوکور مستەفا -خوا بۆمانی بهێڵێ- ئەم بەرهەمـە تێروتەسـەلەی مێژوونووسی ناسـراوی ئازەربایجـان دوکتۆر شەمسی ئەسکەندەری بۆمان هێنایە سەر زمانی شیرینی کوردی.

بەپێی توان و دەسـەڵات، ویستوومـانە کتێبەکە بەشێویەکی ڕێکوپێک و کەم هەڵە لە یادی چوار سـەت ساڵەی نووسینی شـەرەفنامەدا بکەین بە دیاری بۆ خوێندەوارانی گەلەکەمان.

بەدران ئەحمەد حەبیب

٢٧ نیسان ١٩٩٨

# پێشەکی

ژمارەی رەسمیی دەوڵەتی حکوومەتی قەیسەر و حکوومەتی سۆڤێتم بەدەستەوە نییە، بزانم کورد لە رووسیا چەندن؟ بەڵام ئەوەندە دەزانم کە نزیکەی ٣٥٠ هەزار کوردێ بەسەریەکەوە، لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان و گورجستان و ئۆزبەگستان و قازاغستان پەراگەندە لە شوێنی دیکەش هەن.

کورد لەو وڵاتەش موسڵمان و یەزیدییان هەن. رەنگە یەزیدییەکان، بەتایبەت لە ئەرمەنستان و گورجستان، زێتر بن. بەداخەوە یەزیدییەکان لە ئازەربایجان و ئۆێزبەگستان لە هەمووان باریان نالەبارتر بووە، شیعەش ڕکیان لێیانە و سوننیش. تەنانەت ئازەربایجانی سۆڤێتی بەرەسمی، سیاسەتی کورد بەتورککردنیان زۆر بەتوندی بەکار بردووە، ئەوی بووە بەتوورک ماونەوە و ئەوی سەرپێچی کردووە دەریان کردووە، ئیدی پەرێوە بوون و تاراون و هەر چەند ماڵێکیان لە وڵاتێکی دیکەی پتر ناموسڵمان و ناتورک گیرساونەوە.

لە ساڵی ١٩٧١ – ١٩٧٢دا کتێبێکم بۆ یەکەم جار، بەناوی (معاصر کرد شاعری عبدالله گورانک پۆیازیاسی)م لای هاوڕێی خۆشەویست و دێرینم کاکە د. عیززەدینی مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسووڵی دێڵیژەیی دەست کەوت، ملم لە وەرگێڕانی نا، کردم بەعەرەبی. کتێبێکی چاکە. حسینی عالیشانۆف (کورد ئۆغلوو)، دوکتۆرای پێ وەرگرتووە. کورد ئۆغلوو بۆ خۆی بەئازەربایجانی شاعیریشە. چوارینە و بەیاتی (خۆریاتی) بە تورکیی ئازەری زۆر هەیە. زۆر جوانن.

کتێبەکەم کرد بەعەرەبی، لە بەغدا بڵاو کرایەوە (١٩٧٥). پاشان وردە وردە کۆواری (دیل واینجە صنعت)ی ئازەربایجانیم وەچنگ دەکەوت، زۆربەی ژمارەکانی باسی ئەدەبی –ماڵم قەبرە– کوردی تێدایە. تا ئەندەزایەک خەریک بووم دانی خێر بەدەزگای رەسمیی ئازەربایجانی سۆڤێتدا بنێم... دیارە

کەیفم بەئەرمەنییەکان -درۆ ناکەم- پتر دێ، چونکە ئەوان بۆ کوردەکە پیاوترن. شتیان پتر بۆ کردوون.

نەخێر خۆشبەختانە ئەم کتێبەی تەرجەمەم کردووە، وازی بزواندم و ئەمیشم سەروبەر نا. نووسەرەکەی جێی بەهەشت بێ، پیاوێکی باش بوو. ئەمن بۆ خۆم نەمدیوە، بەڵام ئەوانی دەیانناسی بۆیان وەسپ کردووم و زۆریان پەسن داوە.

کتێبەکەم لە پێشان لە کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)دا، بەش بەش بڵاو کردەوە، بەڵام بەداخەوە، هەرچەندە ماموستا جەمیلی ماموستامان زۆری پەراوێزی چاک لەسەر نووسیوە، کەچی هەڵەی چاپ لە سەرێکەوە و بەپچڕپچڕی و چوار لەت لە شان خۆش نەبوو. زیارەتێکی ئەو لاوە جوامێرە شۆخ و شەنگە ئازا و دلێرە بارزانییەم کرد، کاک نێچیرڤانی بەڕێز، لە باسی یارمەتیی کتێب لە چاپدان و باری رۆشنبیریی کورددا، بەبیرمدا هات، عەرزم کردن خۆی و کاک بەدرانی سکرتێری دنەیان دام، بەسەریەکەوەی وەک کتێب لە چاپ بدەم. زۆر منەتباری کاک نێچیرڤان و دەزگای گوڵان و کاک بەدرانم. هەمیشە پایەداربێ بنەماڵەی بارزانیی شۆڕشگێڕ.

شوکور مستەفا

## بەرایی

لە دوادوای سەدەی پازدەهەم – سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا، بەرەبەرە توندوتیژبوون و پەرەساندنی کێشە و هەرای نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی لەسەر داگیرکردنی کوردستان، بەنیازی دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە و بەربڵاو، گۆڕانی گەورە گەورەی لە ژیانی ئابووری – کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورددا هێنایە گۆڕێ. سەروەر و سەرەک هۆز و تیرە کوردەکان، کە ناوبەناو، سەربەخۆ و جاروبار، نیوە سەربەخۆ مافی میرایەتیی خۆیان پشتاوپشت پاراستبوو، نەیاندەتوانی دەستەپاچە و بێلایەن بمێننەوە.

لە مێژووی گەلی کورد، لە سەدەی شازدەهەمدا، کۆڵینەوە و لە باری ژیانی ئابووری – کۆمەڵەکیی گەلی کورد لەو سەردەمەدا تێگەیشتن، گرفتێکە لەو گرفتانەی، تا ئێستاش لە مێژووناسیی سۆڤێتیشدا هێشتا هەر خاو نەکراوەتەوە. بێگومان، مێژووی گەلی کورد، مێژووی نەتەوەیێکی هەرە کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیک، سەرنجی برێ زانای بزواندووە و خستوونییە سەر کەڵکەڵەی وردکردنەوە و شیکردنەوەی، بەڵام تا وەکو ئێستاش، شیکردنەوەی ئەم مێژووە، لە نیگای کۆن و هاوچەرخ بەولاوە، بستێ نەترازاوە.

مێژووی گەلی کورد لە سەردەمی سەدەکانی ناوەندا، بەتایبەت هەواری بە چڵەپۆپە گەیشتنی گەشەکردنی ئاغایەتی هەر وەکو خۆی بەتاریکی ماوەتەوە و ڕچەی نەشکاوە. تەنانەت ئەم سەدەی شازدەهەمە، کە نالەبارترین سەردەمی مێژووی کورد و کوردستانە، مێژوونووس و لێکۆڵەوانی سۆڤێتیش شەمەیان لێ نەکردووە و هەروا بەکاڵی ماوەتەوە.

جا بۆ ئەوەی لە نیگای زانستەوە مێژووی کورد و کوردستان – گرێکوێرەی ناکۆکییەکانی نێوان دوو دەوڵەتی گەورەی وەک دەوڵەتی ئێران و عوسمانی، شی بکرێتەوە، سەرچاوەیێک، لە کتێبی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی بەنرختر و لە پێشتر نییە.

دیاره بۆ چوونە ژێر باری کــارێکی وا گــەورە و گــران تـەنیــا پشت بـە کتێبەکەی شەرەفخانی بدلیسی سـەرناگرێ، بەڵکو دەبێ لە برێ سـەرچاوەی دیکەیش، کـە تا ئـەو سـەروبەندە لـەمـەڕ مـێـژووی کـورد ناســراون، کـەڵک وەربگیرێ.

بەڵام نـابێ ئەوە لـە بیـر بکرێ کـە لە ڕیزی ئـەو کـتـێـبـانـەی، لە ســەدەی شـازدەهـەمدا، لەمـەڕ مێژووی کـورد و کوردسـتـان و شـارسـتـانێـتـیی کورد نووســـراون، تەنیــا هەر شــەرەفنامــەیە، یەکێ لـەو جـێگا گـرینگانـەی پڕ کردووەتەوە. جا بەڕاستی، ئێمە تا ئێستا، هێشتا کتێبێکی پلە دووهەمی ئاوهـای سـەر بەو سـەردەمـەشـمـان وەگـیر نەکـەوتووە. هەر لەبەر ئەمـەیشـە، بەناچاری کـەڵکمـان لەو سـەرچاوە ئازەربایجـانی و ئێـرانی و تورکـیـانـەیش وەرگـرتووە، کـە لە ڕووی مـێـژووەوە، کەم تـا کورتـێ، سـەروکـاریان بـە باسی ژیانی سیـاسی – ئـابووری و شـارسـتـانێـتـیی کوردسـتـانی ئەو سـەروبەندەوە هـەیە، چونکە شـەرەفخـانی بدلیسیش، بۆ نووسینی کتێبەکەی سوودی لەم سـەرچاوانە وەرگـرتـووە و ئەو مێژوونووسـانەی لە پاش ئەو هـاتوون، ئەوانیش پشتیان بە کتێبەکەی ئەو بەستووە.

هـەر بەم بۆنەیـەوە، بـەپێــویســـتـم زانی ئـەو ڕووداوانەی بـابـەتی بنەڕەتـی لێکۆڵینەوەکەمـانە و لە کتێبی «شـەرەفنامە»دا ڕوون کـراوەتەوە، هـەر لەگەڵ ئەو ڕووداوانە خـۆیاندا کە لـەو سەرچاوانەدا باس کـراون، بەراورد بکەن و هەڵیـان بسەنگێنم.

جگە لەمە ئەم کتێبانە، نەڕوانینە ئەوەی ڕووداوەکانیان لە یەک سەرەوە تێدا ڕوون کــراونـەوە و لەلایـەن نوێنەرانی چینـی بەدەســەڵات و حــوکــمـــڕانەوە نووسراون، لە مێژووی کوردستان و تەرزی ژیان و گوزەرانی گەلی کورد، کەم تا زۆرێ، دوواون.

ســەبـارەت بەمــە وا لە پاینەوە برێ لەو ســەرچـاوانەی لە مــێـژووی کــورد دوواون، شـی دەکــەینەوە. شــایانی یادداشــتکردنـە، برێ لە مــێـژوونووســانی ســەدەکــانـی ناوەند، (لە عــەرەب، لـە ئێــرانـی، لە تورک و... هـتــد) لەمـــانە

هەمەکارەی بەناوبانگی دەوڵەت، ڕەشیدوین فەزوڵوڵڵا[١]، گەلی کوردیان بەڕێگر و تاڵانکەر و ئاژاوەگێڕ ناو زڕاندوون و تا ڕادەی سووکایەتی پێکردن گزارەیان لەم نەتەوەیە و لە بوونی بوون ئاساییی ئەم نەتەوەیە کێشاوە و بۆسۆ و بەدناویان کردوون. ڕەشیدوددینیش، وەک هەر زوڕناژەن و بەشان و باهوهەڵدەر و مێژوونووسێکی دیکەی دەرباری دەوڵەت ناوی نەتەوەی کوردی، کە لە بەرانبەر داگیرکەر و زۆردار و دەسەڵاتداران گۆی شەرەفی خۆپارێزی و داکۆکییان بردووەتەوە، بەناو و ناتۆرەی وا سووک بەدناو کردووە.

ڕەشیدوددین لە کتێبی «مکاتبات رشیدی»[٢]یەکەیدا، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێ قسەی سووک و تۆمەت و بوختانی ناڕەوای لە هەق کورد نووسیوە، تەنانەت بیری سەرلەبەر قڕکردنی ئەو نەتەوەیەی زۆر بەسووک و ساناییەوە هێناوەتە گۆڕێ (٦٧ , ١٣٤). نەک هەر فەزڵوڵڵا، بگرە بڕێ نووسەری دیکەی سەدەی شازدەهەم، هەر لەسەر ئەم ڕایە بوون و بەهیچ جۆرێ نەتەوەی کوردیان بۆ قووت نەچووە، لەبەر ئەمە پێویستە جارێکی تر بەم کتێبانەدا بچینەوە و بە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنێکی وردەوە، کەڵکیان لێ وەربگرین.

وەک لە پێشەوە گوتمان، شەرەفخانی بدلیسی بۆ نووسینی «شەرەفنامە»کەی کەڵکی لە بڕێ کتێبی مێژوونووسانی دیکەی پێش خۆی، بەنموونە، کتێبی «نزهة القلوب»[٣]ی حەمدوڵڵای مستەوفی قەزوینی وەرگرتووە. حەمدوڵڵای مستەوفی لەو کتێبەیدا باس و خواسێکی بەداوێنی لەمەڕ جوگرافیای کوردستان و بەجیا جیا ویلایەتەکانی کوردستان و پێوانەی خەرج و باجی ویلایەتەکانی کوردستانی سەدەی چواردەهەم نووسیوە و هەر ئەم مێژوونووسەیشە کە بۆ یەکەم جار ناوی نیشتمانی کوردی لە کتێبەکەیدا بە کوردستان ناو هێناوە (٦٣ , ١١١).

نووسیارێکی دیکەی سەدەی پازدەهەم کە لەمەڕ ویلایەتی بدلیس، میرنشینە پشتاوپشت بۆ بەجێماوەکەی خاوەنی «شەرەفنامە» دوواوە مەجدوددین موحەمەد فەیروزابادییە. فەیروزابادی ئەم باس و خواسەی لە کتێبی «القاموس»دا نووسیوە. بدلیسی سوودی لەم کتێبەش وەرگرتووە

(٧٦ , ٣٣٥). مێژوونووسی ئەرمەنی ف. میتسۆپسکی، لە کتێبی «مێژووی تەیموور لەنگ و جێنشینەکان»دا برێ باس و خواسی لەبارەی مێژووی کوردستانەوە نووسیوە. مێژوونووس لەم کتێبەیدا، کە لە شێوەی ساڵنامەدا دای ناوە، لەو هێرشانە بەدوواوە کە تەیموور لەنگ و قەرەیووسفی قەرەقۆیونلو و جێنشینەکانی لە ساڵانی ١٣٨٨دا بۆ سەر کوردستانیان کردووە دەدوێ (٤١ , ١٣-٣٥). ئەم کتێبە لە ساڵی ١٨٦٠ی زدا، شانەزەریان بۆ لە چاپدانی ئامادە کردووە و لە پاریس بڵاو کراوەتەوە. ڕووداوەکان لەم کتێبەدا، بە ڕێکوپێکی نووسراون، بەڵام لە گۆڕینی ساڵە کۆچییەکان بەساڵە زاینییەکاندا ڕێگا بۆ برێ کەموکووڕی خۆش کراوە.

یەکێ لە سەرچاوە فارسییەکانی دیکەی پازدەهەم کتێبی «ظفرنامە»ی مەولانا شەرەفودینی عەلی یەزدییە. ئەم کتێبە بەسەرپەرشتی و چاودێریی میرزا ئیبراهیم، والیی فارس، لە ساڵی ١٤٢٥دا، بەناوی میرزا شاهروخیی باوکییەوە نووسراوە. نووسیار لەم کتێبەدا بە فرەوانی باسی ئەو هێرشانەی کردووە کە تەیمووری لەنگ بۆ سەر کوردستانی کردوون و لەو بەرەبەرەکانێ گەورانە دوواوە کە لەلایەن برێ میرنشینی کوردەوە بەرەنگاری بووە (٧٧). شەرەفخانی بدلیسی ئەو ڕووداوانەی، پشت بە «ظفرنامە»کەی عەلی یەزدی نووسیوە(٤).

سەرچاوەیێکی دیکەی فارسیی سەر بە مێژووی کوردستان لە سەدەی پازدەهەمدا «مطلع السعدین و مجمع البحرین»ی مەولانا عەبدولڕەزاقی سەمەرقەندییە. نووسیار لەم کتێبەدا، لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٤٠٣- ١٤٧٠دا بە فرەوانی لەمەڕ هاتنی قەرەیووسف و میرزا شاهروخ بۆ کوردستان و سەروکاریان بە میرە کوردەکانەوە دوواوە (١٠٨). دانەری «شەرەفنامە»یش لەم کتێبەی ئەو کە لە بارەی کوردستان دەدوێ، کەڵکی وەرگرتووە. بدلیسی، تەنانەت باسی لەلایەن شاهروخەوە ناردنی عەبدولڕەزاق سەمەرقەندیی بۆ هیندستانی پشت بە «مطلع السعدین و مجمع البحرین» نووسیوە(٥) (٧٦ , ٢٣١).

سەرچاوەیێکی تر لەو سەرچاوانەی باسی مێژووی کوردستانیان لە سەدەی پازدەهەمدا کردووە «زبدة التواریخ(٦٠)»ی مەولانا نوورەددین کوڕی لوتفوڵڵا (حافظ ابرو)وە کە بە زمانی فارسیی نووسیوە. لەم کتێبەدا بڕێ زانیاری لە بارەی مێژووی کوردستانەوە هەیە، هەر لەم کتێبەدا باس و خواسێکی بەداوێن لەبارەی هۆز و تیرە کوردەکانی لوڕستانیشەوە نووسراوە. بدلیسیش هەر ئەو ڕووداوە مێژوویییانەی لە کتێبەکەیدا تۆمار کردووە[٦] (٧٨ ، ٢٤).

سەرچاوەیێکی دیکە لەو سەرچاوە فارسییانەی لەمەڕ مێژووی کوردستان دەدوێن و سەروکاریان بە ڕووداوە لەمێژینەکانی ئەو سەروبەندەوە هەیە، کتێبی «ظفرنامە»ی نیزامەددینی شامییە، دانەر لە باسی سەرکەوتنەکانی تەیموور لەنگدا، باسی ئەو شەڕوشۆڕانەی لە هەڵکوتانە سەر ماردین و ئامێد و بدلیس و میرنشینەکانی دیکەی کورددانی کردوونی بەبەربڵاوییەوە نووسیوە[٧] (١٢٦).

عەلی یەزدی نیزامەددینی شامی و بدلیسی کە لەمەڕ هێرشەکانی تەیموور لەنگ بۆ سەر کوردستانیان نووسیوە، لە ناوەڕۆکدا، تێکڕا، یەک دەگرنەوە. واتا: بدلیسی بۆ خۆیشی باسی ئەوەی نووسیوە. کە سوودی لەم دوو مێژوونووسە وەرگرتووە (٧٦ ، ٣٥٣)، چونکە ئەمیش هەروەک مێژوونووسانی سەدەی ناوین، ئەوانەی نووسیارانی پێش خۆی نووسیویانن، بێ ئەوەی کەموکووڕی و لە یەک سەرچاوە ئاو نەخواردنەوە و وەسەریەک نەچوونەوە و یەک نەگرتنەوەیان دەست نیشان بکا و لەسەنگی مەحەکیان بدا، دووپاتەی کردوونەوە.

سەرچاوەیێکی تر لەو سەرچاوانەی دەربارەی مێژووی کوردستان لە ئاخروئۆخری سەدەی پازدەهەمدا، زانیاریی بەداوێنتری تێدا تۆمار کراوە «کتاب دیاربکریە»ی ئەبوبەکری تەهرانییە بە زمانی فارسی، نووسیار لەم کتێبەدا کە بریتییە لە دوو بەش، لەمەڕ سەربهوردی دامەزرێنی دەوڵەتی ئاق قۆیونلو، حەسەن بەگ و شەڕوشۆڕەکانی لەگەڵ میرنشینەکانی کورد، وەک بدلیس و ئەخلات و مووش و... هتد، بە فرەوانی و داوێن شۆڕییەوە دەدوێ

(٤٣, ٤٥٨). بەشی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٢ و بەشی دووەمی لە ساڵی ١٩٦٤دا لە ئەنقەرە بڵاوکراونەتەوە. ئەمەیش بۆ یەکەم جارە لە مێژووناسیدا کەڵک لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە وەردەگیرێ.

هێندێ لەو ڕووداوانەی لە کتێبی «دیاربکریە»دا نووسراون لە ناوەڕۆکدا لەگەڵ ڕووداوگەلێکی «شەرەفنامە» باسی کردوون، یەک دەگرنەوە.

لەبەرئەوە ڕێی تێ دەچێ دانیاری «شەرەفنامە» ئەو ڕووداوانەی یا لەم کتێبە بە وەرگرتن وەرگرتبێ، یا بە بیستن، هەر بەو تەرزەی بیستبێ. کتێبی «تذکرة الشعراء»ی دەوڵەتشای هاوچەرخی عەبدولڕەحمانی جامی کە لە ساڵی ١٤٩١دا نووسیویە یەکێکە لە سەرچاوە فارسییە گرینگەکان. نووسیار ئەم کتێبەی لە بنەڕەتدا زێتر بۆ باسی شاعیرانی سەردەمی خۆی نووسیوە، بەڵام لەبارەی مێژووی بدلیس و ئەخلات و مووشەوەیش کە سەروکاری بەهاتنەکەی سوڵتان جەلادینی خارەزمشاهەوە هەیە بۆ بدلیس لە سەدەی سێزدەهەمدا، برێ باس و خواسی نووسیوە (٦٦, ١٦ – ١٦٣). بدلیسی هەر ڕووداوێکی وەک خۆی لە کتێبەکەیدا نووسیوە (٦٦, ١٤٣ – ١٤٦, ٣٦٤– ٣٧١).

کتێبی «تذکرة الشعراء» لە ساڵی ١٨٤٣دا لە ئەستەمبووڵ بەزمانی تورکی لەلایەن بورهانەدین خاوەندشاهی کوڕی کەمالەدین مەحموودی بەڵخی لە چاپ دراوە. لە ساڵی ١٩٣٩یشدا لەلایەن ئەدوارد براونەوە بەزمانی ئینگلیسی لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە و لە پاشان موحەمەدی عەباسیش کردوویە بەفارسی(٨).

یەکێ لەو کتێبانەی لە بارەی مێژووی کوردستانەوە لە دوادوای سەدەی پازدەهەم – سەرەتایەکانی سەدەی شازدەهەمدا برێ باس و خواسی تێدا نووسراوە، کتێبی «روضة الصفا»ی میر محەمەدی کوڕی سەیید (میرخوند)ە. ئەم کتێبە کە لە پاش مردنی میرخوند (١٤٩٧) ڕەزا قولیخانی هیدایەت درێژەی پێ داوە، برێ باس و خواسی کوردستانی، کە سەروکاریان بەمێژووی سەفەوییەکانەوە هەیە، تێدا تۆمار کراوە، (١١٢) بدلیسی بۆ نووسینی

«شەرەفنامە» با کەمیش بێ، سوودی لە کتێبی «روضة الصفا» وەرگرتووە. ئەم کتێبە لە پاش ساڵی ١٨٥٨ لە شاری لانکا و شاری بۆمبەی چەند جارێ لە چاپ دراوە.

کتێبی «حبیب السیر (٦٤)»یش کە لە ساڵەکانی ١٥٢١ – ١٥٢٤دا لەلایەن «غیاث الدین ابن خواجە همام الدین خوندمیر»ەوە نووسراوە و لەبارەی مێژووی کوردستانەوە برێ زانیاریی تێدایە، یەکێکە لە سەرچاوە فارسییەکان. ئەم کتێبە کە بریتییە لە سێ بەرگ و دەربارەی داگیرکارییەکانی مەغۆل و فەرمانڕەواییی تەیمووری لەنگ و سەرەتاکانی یەکەم سەردەمی بنەماڵەی سەفەوییەکان دەدوێ، سێیەم بەرگ دەربارەی مێژووی کوردستانیش ئەوەندەی سەروکار و پێوەندی بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەوە هەبێ زانیارییەکی بەسەر و شوێنی تێدایە، بەڵام لەمەڕ بارودۆخی کۆمەڵایەتی – ئابووریی کوردستان هیچی تێدا نییە. بدلیسی لە دانانی کتێبەکەیدا کەڵکی لە شێواز و تەرزی ئەم کتێبەش وەرگرتووە و ئەو زانیارییانەی سەروساختیان بەمێژووی کوردستانەوە هەیە، هەمووی ڕاگوێزتوونە نێو کتێبەکەی.

کتێبی «تواریخ آل عثمان» ناوی لوتفی پاشا، کە یەکێکە لە نووسیارە تورکەکانی سەدەی شازدەهەم و باسی مێژووی کوردی کردووە، یەکێ لە سەرچاوە هەرە بەنرخەکانە (١١٠). نووسیار بۆ خۆی لە دەرباری سوڵتاندا هەمەکارە بووە و لە ناو زۆر ڕووداوە گرینگەکانی ئەو سەردەمەدا ژیاوە.

ئەو زانیارییانەی لەمەڕ شەڕی چاڵدێران و شەڕوشۆڕەکانی دیکەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران کە لەسەر خاکی کوردستان لەبڕانەوە نەدەهاتن، ئەوەندەی سەروکاریان بەمێژووی کوردەوە هەبێ لە ڕاستینە هەرە بەرچاوەکانە (١١٠، ٢٢٨ – ٢٤٣). لوتفی پاشا ئەم کتێبەی لە بنەڕەتدا بۆ مێژووی بنەماڵەی عوسمانییەکانی سەدەکانی دوازدەهەم – شازدەهەم نووسیوە. نووسیار لە پاڵ مێژووی ڕووداوەکانی ئەو سەروبەندەدا برێ شیعر و چامە و پەسنیشی نووسیوە، هەروەها ناوی سەرچاوە پێشینەکانیشی تێدا

نووسیوە. ئەم کتێبە لەلایەن نەجیب عاسمەوە سەروبەر نراوە و لە چاپ دراوە. ئەم کتێبە یەکەم جارە لە مێژووناسیی کورددا کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

کتێبی «تحفەء سامی (٧٥)» کە یەکێکە لە سەرچاوە فارسییەکانی سەدەی شازدەهەم و سام میرزای کوڕی شا ئیسماعیلی سەفەوی دای ناوە (١٥١٧ – ١٥٧٥) کەم و زۆرێ لەبارەی مێژووی کوردستانەوەی زانیاری تێدایە. هەروەها لەمەڕ شاعیرانی (ناوی زێتر لە ٧٠٠ شاعیری ئازەربایجانیی تێدا باس کراوە) ئازەربایجان و ئێران دەدوێ و نێوی سەروبەندیانی بەڕیز نووسیون. ڕووداوە مێژووییەکانی لەم کتێبەدا نووسراوە، تەنیا بۆ سەرکەوتنەکانی شا ئیسماعیل و شەڕوشۆڕەکانی تەرخان کراوە (٨،٧٥).

یەک لەو کتێبانەی لە سەدەی شازدەهەمدا نووسراوە کتێبی «تاریخ جهان آرا (١٠١)»یە کە زانیارییەکی بەسەروبەر و دەوڵەمەندی تێدایە.

نووسیاری کتێبەکە قازی ئەحمەد، کوڕی موحەمەد غەفاری قەزوینییە (١٤٩٥ – ١٥٦٨). قەزوینیی مێژوونووس و نووسیاری بەناوبانگی سەروەختی خۆی بووە. شازادە و ئەمیرانی سەفەوی زۆریان ڕێز لێ گرتووە.

نووسیار، کتێبەکەی لە سالانی (١٥٦٥ – ١٥٦٨)دا دەست پێ کردووە و هەر لەو سالانەیشدا تەواوی کردووە، قەزوینی لەم کتێبەدا، لەمەڕ ئەو تیرە و هۆزە کوردانەی، بەسەر کوردستان ڕاگەیشتوون، نووسیوە. ئەو باس و خواسانەی قازی ئەحمەدی قەزوینی لەمەڕ شەڕی چالدێران و ئەو شەڕوشۆڕانەی پاش ئەو شەڕە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران، لەسەر کوردستان درێژەی کێشا، ڕێگای لە دژایەتیی ئابووری – کۆمەلایەتی و سیاسی کۆڵینەوەی ئەو سەروبەندەی بۆ لێکۆڵەوانان خۆش و هەموار کردووە. ئەمە یەک لەو کتێبە مێژووییانەیە کە شەرەفخانی بدلیسی زۆری کەڵک لێ وەرگرتوون، لەبەر ئەمە ئەو زانیارییانەی لەمەڕ مێژووی کورد، لە هەردوو کتێبەکەدا نووسراون، هەریەکن.

کتێبی دیکەی قازی ئەحمەدی قەزوینی کتێبی «تاریخ نیگارستان (١٠٠)»ە. قەزوینی ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٥٥٢دا نووسیوە، بەلام باس و خواسی

مێژووی کوردستان لەم کتێبەدا زۆر کەمە.

کتێبی دیکەی سەدەی شازدەهەم «تذکرة الطهماسب»ە (٨٣، ١٩– ٥٨). ئەم کتێبە زانیارییەکی زۆر بەکەڵکی لەمەڕ مێژووی کورد و کوردستان، بەتایبەت ئەو زانیاریيانەی بەدەم باسکردنی بارودۆخی سیاسیی ئەو سەروبەندەوە نووسراون، تێدایە. خاوەنی ئەم کتێبە بەقەوارە گچکەیە، لەبارەی ململانێ و ڕکەبەرایەتیی نێوان عوسمانی و ئێران، لەبارەی مۆڵخواردنی لەشکری عوسمانی و قزڵباش لە خاکی کوردستاندا، کە هەمیشە مەیدانی ئەم ململانێ و ڕکەبەرایەتییە بووە، لەبارەی تالانکردن و سووتاندنی شارە کوردنشینەکانەوەی زۆر بەداوێن و بەربلاوییەوە نووسیوە.

لەبەرئەوەی نووسیاری «تذکره الطهماسب» و نووسیاری «شەرەفنامە» هەردووک هاوچەرخی یەکدین، ئەو زانیاریيانەی لەسەر مێژووی کوردستان، بەتایبەت، لەسەر میرنشینی بدلیسیان نووسیوە، کوتومت لێک دی دەچن و ڕێی تێ دەچێ شەرەفخان لە «تذکرة الطهماسب»ی وەرگرتبێ. بەڕاستی ئەوەی بیەوێ لە کێشە و هەرای نێوان ئێران و عوسمانی لەسەر کوردستان، بگا و بزانێ چ جۆرە سیاسەتێ بەرانبەر بە نەتەوەی کورد بەکار براوە، دەتوانێ کەڵکێکی زۆری لێ وەرگرێ. کتێبەکە سەرچاوەیێکی زۆر بەسەروبەرە.

نووسیارێکی دیکەی سەدەی ١٥–١٦هەم، کە لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی نووسیوە بوداقی قەزوینییە. ئەم دێرۆکناسە لەم کتێبەیدا کە «جواهر الخبر»ی ناوە، زانیارییەکی چاک و پڕوپوختەی لەمەڕ مێژووی کوردستان و سەربهوردی نووسیاری «شەرەفخانی بدلیسی» نووسیوە (٤٥).

دەسنووسی ئەم سەرچاوە مێژوویینە دەوڵەمەندەی سەدەی شازدەهەم لە نموونەنامەکەی ب. دۆراندا پارێزراوە.

کتێبی «أحسن التواریخ (٥٤)»یش لە ڕووی باس و خواسی ڕووداوی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و زۆر بەکەڵکە. نووسیاری ئەم کتێبە حەسەن بەگی ڕوومڵو، لە ساڵی ١٥٣١دا لە

دایک بووە و لە دەرباری شادا پەروەردە بووە. ئەم مێژوونووسە بۆ خۆی، لەو هێرشانەدا، شاتاماسبی یەکەم، بۆ سەر گورجستان و کوردستانی بردوون بەشدار بووە. هەر لەبەر هەندێکەیشە ئەم کتێبە لەچاو سەرچاوەکانی دیکەی سەدەی شازدەهەم زانیارییەکانی دەربارەی مێژووی کوردستان دەوڵەمەندیش و ڕاستیشن.

کتێبەکە دوازدە بەرگە، بەڵام تەنیا هەر بەرگی دەیەم و یازدەیەمی بەم سەردەمە ڕاگەیشتوون و بۆمان ماونەوە. کتێبی «أحسن التواريخ» لە ساڵانی ١٩٣١– ١٩٣٤دا، چارلز سێددۆن سەروبەری ناوە و لە چاپی داوە. بەرگە دووهەمەکەی کە لە ڕووداوەکانی ساڵانی ١٤٩٥ – ١٥٧٧ دەدوێ، لەبەرئەوەی لەسەر مێژووی کوردستان پتر دەڕوا، ئێمەش لەم کاری لێکۆڵینەوەی خۆدا پترمان کەڵک لەمەیان وەرگرتووە.

کتێبی «دۆن جوانی ئێرانی»یش کە لەدوا دوا سەدەی شازدەهەم – سەرەتایەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا نووسراوە، لەمەڕ مێژووی کوردستان و شەرەفخانی بدلیسی زانیاری و باس و خواسی چاکی تێدایە. نووسیاری ئەم کتێبە ئۆروج بەگی کوڕی سوڵتان عەلی بەگی بەیاتە. ئەم پیاوە لە سەروبەندی شاهەباسی یەکەمدا (١٥٨٨ – ١٦٢٧) لە تەک حوسەین بەگی بەیاتدا چوو بۆ ئیسپانیا و لەوێ ئەم کتێبەی بەزمانی ئیسپانیۆڵی نووسیوە. کتێبەکە قەشەیەکی (ڕێمۆن) ناو دایڕشتووەتەوە و لە ساڵی ١٦٠٤دا لە شاری ڤیلیادەلید، لە ئیسپانیا، لە چاپ دراوە.

ئۆروج بەگی بەیات لەبەرئەوەی کە لە ئیسپانیا بەناوی دۆن جوانەوە ناووبانگی ڕۆیشتووە، کتێبەکەیشی هەر بەناوی «دۆن جوانی ئێرانی»یەوە ناو و شۆرەتی دەرکردووە. ئەم کتێبە، نەڕوانینە ئەوەی کە بە شێوازی گەشتنامە نووسراوە، باس و خواسێکی فرەوان و بەربڵاوی لەمەڕ شەڕی چاڵدێران و ناکۆکی و کێشە و هەرای نێوان عوسمانی و ئێران و مێژووی کورد و کوردستان تێدایە.

لە ساڵی ١٩٥٩دا مەسعوودی ڕەجەبنیا کتێبەکەی لە زمانی گینلیسییەوە

وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. «فتوحات (٨٦)»ی عەبدولفەتاح فومەینی دەربارەی ڕووداوەکانی گیلان لە سەدەی شازدەهەمدا، نووسراوە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٦١١دا نووسراوە و لەمەڕ سیاسەتی سەفەوییەکان لە گیلان و ئەو ناوە، دەدوێ.

نووسیار باسی مێژووی کوردی نەکردووە، تەنیا لەمەڕ شەرەفخانی بدلیسی کە سەردەمانێ لە تۆنیکابۆن[9] فەرمانڕەوا بووە، دەدوێ. ئەم کتێبە، هەر ب. دۆرنی ئەکادێمیک بەچاپی گەیاندووە و ناوی لێ ناوە –هەقیشی بوو– «تاریخ گیلان». ئەم کتێبە، بۆ یەکێ بیەوێ لە مێژووی گیلان بکۆڵێتەوە و تێی بگات باس و خواسێکی زۆری تێدایە.

سەرچاوەیێکی دیکەی بەپێز و بەبڕشت، «تاریخ عباسی»ی جەلالەدینی محەمەدی مونەجیمی یەزدییە کە بە فارسی نووسراوە و لەمەڕ باس و خواسی ڕووداوەکانی سەدەکانی ١٦ –١٧هەم دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە. ئەم کتێبە زۆر بە بەربڵاوییەوە، لە شا هەباس، لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە تا دوادوای فەرمانڕەواییی، دەدوێ و لەبارەی مێژووی کورد و کوردستانە، بەتایبەت هەرچییەکی پێوەندیی بە مێژووی ئێرانەوە هەبێ زۆر شتی ڕوون کردووەتەوە، ئەمە بۆ یەکەم جارە مێژووناسیی سۆڤێت کەڵک لە دەسنووسی ئەم سەرچاوەیە وەردەگرێ.

میرزا بەگ، حەسەن ئەل حوسەین گونابادیش لە کتێبی «روضة الصفوية (١١٣)»دا کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بە فارسیی نووسیوە، کاتێ دێتە سەر باسی بنەماڵەی سەفەوییان، بە درێژی دەربارەیان دەدوێ و باسی شەڕوشۆڕەکانیان دەکا و بەم بۆنەیەوە زانیارییەکی زۆری لەمەڕ کوردستان و میرنشینەکانی کورد نووسیوە. نووسەر کەم و زۆرێ لەمەڕ کێشە و هەرای عوسمانی و ئێرانی لەسەر کوردستان نووسیوە. بەڵام کتێبەکە لە بنەڕەتدا باسی ڕووداوەکانی خۆراسان دەکا.

سەرچاوەیێکی دیکەی زۆر بەنرخ کە بەزمانی فارسی نووسراوە، «تاریخ عالم آرای عباسی (٤٧)»یە کە ئیسکەندەر بەگی مونشی نووسیویە. کتێبەکە

له (١٥٦١ – ١٦٥٨)دا نووسراوه. ئەم کتێبە کە بەبۆنەی سی ساڵ فەرمانڕەوایی شاعەباسی یەکەمەوە نووسراوە بریتییە لە سێ بەرگ. کتێبەکە لەمەڕ باس و خواسی ئێران و ئازەربایجان و گورجستان و وڵاتانی دیکە نووسراوە. بەش بەحاڵی کورد و کوردستانیش زانیارییەکی فرەوان و بەربڵاوی تێدایە. برێ لەو باس و خواسەی لە «شەرەفنامە»ی بدلیسیشدا بەرچاو دەکەوێ لەم کتێبەشدا نووسراوە. چونکە هەردوو مێژوونووس هەرچییەکیان بەچاوی خۆیان دیتووە، زۆریان بە وردی نووسیوە.

ئەم سەرچاوەیە لەچاو سەرچاوەکانی دیکە، گەلێ فرەوانترە و لەمەڕ مێژووی کورد زۆری بەربڵاوتر نووسیوە، تەنانەت یەکێ بیەوێ زانیاریی تەواوی دەس کەوێ، لە دوای شەرەفنامە، دەتوانێ زۆری لێ هەڵێنجێ. ئیسکەندەر بەگی مونشی ئەم کتێبەی لە ١٦١٦دا دەست پێ کردووە و لە ١٦٢٩دا دواییی پێ هێناوە. ئەم کتێبە بۆ باس و خواسی ئەو سەردەمە سەرچاوەیێکی هەرە بەنرخە.

یەکێ لەو سەرچاوە بەنرخانەی تر کە دەربارەی مێژووی کوردستان و باس و خواسێکی بەپێز و بەسەروبەری تێدایە «جهان نما (١٠٣)»ی کاتب چەلەبییە. کتێبەکە هی سەردەمی (١٥٩٢ – ١٦٥٧)ە. ئەم کتێبە بەنرخە بەزمانی تورکی نووسراوە و لە زۆر بابەت دەدوێ، لە مێژوو، لە جوگرافیا لە ئەستێرەناسی و... هتد. کاتب چەلەبی بۆ نووسینی ئەم کتێبە زۆری کەڵک لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی وەرگرتووە (١٠٣، ٤١٠ – ٤٥٦). واتە کاتب جەلەبی یەکەمین نووسیارێکی ڕۆژهەڵاتییە کە کەڵکی لە شەرەفنامە وەک سەرچاوەیێکی مێژوویین وەرگرتووە. ئەم نووسەرە گەورەیە، لەبەرئەوەی لە دەرباری عوسمانییاندا پەروەردە بووە، دیارە ڕووداوەکانی لە یەک سەرەوە باس، کردووە و وڵاتی کوردستانی بە بەشێ لە خاکی دەوڵەتی عوسمانی لە قەڵەم داوە. بەڵام کوردستان لە هێندێ بارودۆخدا، با سەر بە دەوڵەتانی بەهێز و زەبربەدەستیش بووبێ، بووە بە وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن قەڵەمڕەوی خۆی. کاتب چەلەبی، نووسیاری بیبلیۆگرافیایەکە باسی چەندین

کتێبی بەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکی نووسراوی کردووە و ناوی «کشف الظنون (١٠٥)»ە. یەکێ لەو نووسیارانەی لە (کشف الظنون)دا ناوی هێناون شەرەفخانی بدلیسی و «شەرەفنامە»کەیەتی.

سەرچاوەیێکی دیکەی مێژووی کورد، کە بە زمانی تورکی لە سەدەی ١٧هەمدا نووسراوە «تاریخ سولاق زادە (٨٥)»ی موحەمەد حەمدی سولاق زادەیە. ئەم کتێبەیش لەمەڕ تێگەیشتنی هێندێ ڕووداو، کە سەروکاریان بە مێژووی کوردەوە هەیە کتێبێکی بەبایەخە. نووسیار لە نووسینی مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ساڵانی ١٣٠١ – ١٦٤٣دا، برێ زانیاریی لەمەڕ مێژووی کورد و کوردستان نووسیوە. ئەو زانیارییانەی لە بارەی پێشبڕکێی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران، بەتایبەت لەسەر کوردستان، زۆر بەخەسیەتن. نووسیاری ئەم کتێبە لەمەڕ شەڕوشۆڕەکانی نێوان عوسمانی و ئێران لە چاڵدێران و ئەو شەڕانەی لە پاشان، لە خاکی کوردستاندا بەردەوام بوون، لە برانەوە نەدەهاتن، زانیاریی بەربڵاوی بەداوێنی تێدایە (٨٥، ٣٧٦ – ٣٧٩). هەر لەم کتێبەدا، لەبارەی مێژووی میرنشینی بدلیسەوە، زانیاری زۆر سەرنج بزوێن دەخوێنییەوە. کتێبی (تاریخ سولاق زادە) سەردەمانێکی دوورودرێژ، هەروا بە دەسنووسی، بێ کەڵک لێ وەرگرتن مابووەوە، لە بەراییی کتێبەکەدا نووسراوە: «لەبەرئەوەی نوسخەی ئەم کتێبە بەنرخە زۆر بەدەگمەن دەست دەکەوت، بڵاوکردنەوەی ئاسان نەبوو (٨٥، ١٠)، ئەمە یەکەم جارە، لە کوردناسیدا کەڵک لەم کتێبە وەردەگیرێ، بەڵام نووسیار لە ڕوونکردنەوەی هاوسەروکارێتی و هاوپێوەندایەتیی کوردستان و عوسمانی و ئێراندا، وەک هەر مێژوونووسێکی تورکی دیکە بەلای دەربارەی عوسمانییاندا مەیلی بزووتووە.

سەرچاوەیێکی دیکەی سەدەی ١٧هەم «سیاحتنامەی ئەولیا چەلەبی (٤٨)»یە. نووسیاری ئەم کتێبە، لە گەشتێکدا، کە لە ناوەندی سەدەی ١٧هەمدا، لە کوردستان کردوویە، لەبرێ میرنشینی کورد، بەتایبەت، لە شاری بدلیسدا ماوەتەوە و کتێبەکەی لە ساڵی ١٦٤٦دا نووسیوە و دوایی پێ

هێناوە. ئەولیا چەلەبی لەبارەی مێژووی کوردستان و بدلیسەوە، هێندێ ڕاستیی لە «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسییەوە ڕاگوێزتووە. ئەم کتێبە، کە خۆی لە دەوروبەری چوار بەرگ دەدا، لە ساڵی ١٨٩٦دا، نووسیاری تورک ئەحمەد جەودەت، بۆ لەچاپدانی سەروبەری ناوە و بڵاوی کردووەتەوە.

گەڕیدەی فەرەنسی ژان باتیست تاڤێرنێ، لە ساڵەکانی ١٦٣٢ – ١٦٦٨ی سەدەی ١٧هەمدا، نۆ جاری سەفەر بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات کردووە و شەش سەفەری لەم سەفەرانەی بۆ کوردستان و ئازەربایجان و ئێران و تورکیا کردووە و لەم وڵاتانە ماوەتەوە. تاڤێرنێ لە کتێبەکەیدا کە ناوی «گەشتنامە (٧٣)»ی لێ ناوە، لەبارەی کوردستان، بەتایبەت میرنشینی بدلیسەوە زانیاریی بەسەروبەری نووسیوە. بەو پێیە نووسەر بۆ خۆی نووسیویە، لەگەڵ میری بدلیس، ئەبداڵ خان، خۆیدا چاویان بەیەک کەوتووە، دیاریی پێشکێش کردووە و دیاریی لێ وەرگرتووە (٧٣ , ٢٨١) گەڕیدەی فەرەنسەیی وا دیارە لە هێندێ لەو ڕووداوانەی لە «شەرەفنامە» نووسراون، دوواوە، بەڵام هیچ دیاردییەکی بۆ ئەوە نەکردووە کە کەڵکی لە کتێبەکەی شەرەفخان وەرگرتووە. ئێمە پێمان وایە، ئەم نووسیارە فەرەنسەییەی کەڵکی لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە، هەر ئەو کەسەیە کە «شەرەفنامە»ی بەدەسنووسی، بۆ یەکەم جار لە کوردستانەوە گەیاندووەتە ئەورووپا. چونکە ئەو ئەبداڵ خانەی کە میری بدلیس بووە و ژان باتیست تاڤێرنێ بە دیداری گەیشتووە لەگەڵ زانست و شارستانێتیدا سەروساختی زۆر خۆش بووە و کتێب و کتێب خڕکردنەوەی زۆر مەراق بووە. ئەم میرە کتێبخانەیێکی زۆر گەورە و نایابی هەبووە و بەشی زۆری کتێبەکانی دەسنووسی خۆی بوون. هەر لەبەر ئەمەیە کە تاڤێرنێی ئاشقە کتێب، وا پێ دەچێ چەند کتێبێکی لە کوردستانەوە بە دانسقە و وەک شتی ئەنتیکە و کەمیاب بۆ ئەورووپا بردبێ. لە مێژووناسیی کورددا، ئەمە یەکەم جارە سوود لە «گەشتنامە»ی تاڤێرنێ وەردەگیرێ[١٠].

جگە لەو سەرچاوە جۆراوجۆرانەی لە نوواوە باسمان کردن، لە «منشات سلاطین (٩٨)»[١١]یشدا، کە دەربارەی مێژووی کورد، لە سەدەی ١٦هەمدا،

وەک سەرچاوەیێکی مێژوویینە، بەڵگە و دەساوێژ و نامەی ڕەسمیی تێدا تۆمار کراوە، سوود وەرگیراوە.

هەروەها، بۆ ئەوەی لە تەرزی دەستووری باجگری، کە میرنشینەکانی کوردستان لەسەری دەڕۆیشتن، بەوردی بگەین، کۆمەڵە قانوون نامەیەکی دەوڵەتی عوسمانی، کە لە ١٥٤٠دا هاتوونە گۆڕێ، سوودێکی گەورەی لەم کاری لێکۆڵینەوەی ئێمەدا بووە.

ئەو مێژوونووسە بۆرجوا هاوچەرخانەی لە بنەچەکەی کورد و زمانی کورد و ئەو خاک و وڵاتەی کوردی لەسەر ژیاوە و دەژیێ و لە مێژووی کوردیان کۆڵیوەتەوە، نەهاتوون ئەو ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی لە مێژووی کورددا سەریان هەڵداوە، شی بکەنەوە، بەڵکو هاتوون ئەو ناکۆکییە سیاسییانەی مەگەر هەر لە کۆمەڵی بۆرجوا بوەشێنەوە، بەدەست و برد مەهارەتێکی تایبەت بەکۆمەڵی بۆرجوایان شی کردووەتەوە و لەبارەی مێژووی کوردستانەوە لە سەدەکانی ١٥هەم و ١٦هەمدا زانیارییەکی ئێکجار سەرپێییانەی بێ بارستیان نووسیوە و بەمە مەسەلەکەیان وا لە قەڵەم داوە کە کارەکە بڕاوەتەوە و ئیدی هیچ کێشەیێکی لەسەر نییە. بەڵام ئەوەی لە مێژووی ڕابردووی نەتەوەیێ بدوێ، دەبێ باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو نەتەوەیە بەڕاستەقانی شی بکاتەوە.

هێندێ لە مێژوونووسانی هاوچەرخی کورد لە لێکۆڵینەوەی مێژووی نەتەوەکەیاندا دوو ڕێیان گرتووەتە بەر: ئەوانە یان مەسەلە بنەڕەتە مەبدەئییەکانی مێژووی کوردیان ـــــ، ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان لەبیر خۆیان بردووەتەوە، یا لە نیگای ئەو نەتەوە فەرمانڕەوایانەی بەسەریان ڕادەگەن و گوێ بەفەرمانیانن، یا بە تەئسیری دەمارگیریی نەتەوەییەوە، مێژووی ڕاستەقینەی نەتەوەیێکیان هەڵگێڕاوەتەوە. لەو مێژوونووسە بۆرجوایانەی، بەتایبەت لەوانەی لە ڕیزی کوردە هاوچەرخەکانی ئێران هاتوونە گۆڕێ، دەتوانین چەند نموونەیێ بێنینەوە. موحەمەد مەردۆخی کوردستانی کتێبەکەی، کە بەناوی «کتاب تاریخ مردوخ

(١١٤)»ەوەی داناوە، بۆ مێژووی کوردی تەرخان کردووە. نووسیار دەڵێت: «کوردەکان لە سەدەی ١١هەم و ١٣هەمدا ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی هۆزەکی (ملوک الطوائف)یان پێک هێناوە و چی و چیی دیکەیان کردووە (١١٤، ٣١، ٢١، ٢٣ – ٢٤)، بەڵام ئەو نەک هەر دەربارەی هۆیە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە و هۆیە کۆمەڵەکی و ئابوورییەکانی بە دوو پارچەوەکرانی کوردستانی لە سەرەتایەکانی سەدەی ١٦هەمدا هەرگیز پیشان نەداوە، بگرە هۆیە سیاسییەکانیشی زۆر سەرپێییانە و بێ بارست نووسیوە، موحەمەدی مەردۆخ لە هەردوو بەرگە کتێبەکەدا، هەر لە سەدەی نۆهەمەوە تا ئەم سەردەمە، هەرچی شاعیر و نووسیار و مێژوونووس و جوگرافیانووسی کورد هەبوون، لەبارەی سەرلەبەریانی نووسیون، بەڵام ئەم پیاوە سەرەڕای ئەوە کە کەڵکی لە «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی، وەک سەرچاوەیێکی مێژووی کورد، وەرگرتووە، کەچی ناوی بەو جۆرە نەبردووە (١١٤، ١٨١ – ١٩٩). ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە شەرەفخانی لە بەرچاو کەوتبێ، چونکە شەرەفخان لە دوادوای ژیانیدا مەیلی بەلای دەرباری عوسمانییاندا بزووتووە. ئەو بە هەموو جۆرێ ویستوویە ئەوە بەخەڵک بسەلمێنێ کە هەرچی تیرە و هۆزی کوردی ئێران هەن لە بنەچەکرا فارسن. کتێبەکەی لێی نەنووسراوە لە چ ساڵێکدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە بەرگی دووهەمدا نووسیار ڕووداوەکانی تا ساڵی ١٩٣٥ درێژە پێ داوە و ڕوونی کردوونەوە.

نووسیاری کتێبی «کرد و پیوستگی نژاد تاریخی او»ی ڕەشید یاسەمی مێژووی کوردی لە سەردەمی هەرە کۆنییەوە تا وەکو سەدەی ١٥هەم نووسیوە. ئەمیش لەم کتێبەیدا، ڕەنجێکی زۆری داوە کورد لە ڕووی بنەچەک و ڕەگەزەوە بەرێتەوە سەر فارس. کوردناسی کوردی سۆڤێت، قەناتی کوردۆ، ڕەشید یاسەمیی، هەمیشە، بە پان ئێرانیست ناو بردووە (١٧). چونکە ڕەشید یاسەمی کاتێ لە مێژووی ڕابردووی نەتەوەکەی خۆی دەدوێ، هێندەی زات و ئازایەتیی بەخۆیەوە شک نەبردووە، نەتەوەکەی خۆی وەک نەتەوەیێکی جیاواز پیشان بدا.

هەرچی بۆرجوای کوردی هاوچەرخ، عەبدولعەزیز یامولکیشە لە کتێبەکەی کە بەناوی «کردستان و کرد اختلال لری»یەوەی نووسیوە، لە بنەچەک و ڕەگ و ڕەگەمای کورد و مێژووی کوردی کۆڵیوەتەوە. ئەم نووسیارە لەم کتێبەدا کە بەزمانی تورکیی نووسیویە، پاش ئەوەی برێ لە شایەکانی ئێران، بە نموونە ساسانییەکانی بە کورد لە قەڵەم داون، نووسیویە: «باو و باپیرانی حەزرەتی (محەمەد)یش (د.خ) کورد بوون. لەبەر ئەوە عەرەبەکان لەو بڕوایەدان کە لە پاشان بوون بەعەرەب (٨٩ ، ١٩)». بێگومان بیروڕایەکی وا چەوت و چێڵ لەبارەی بنەچەک و ڕەگ و ڕەگەمای نەتەوەیەکەوە، واتە هەڵگێڕانەوە و شێواندنی مێژووی ئەو نەتەوەیەیە[١٢].

ئەم نووسیارەی کە وەک مێژوونووسێکی کورد ڕەفتاری کردووە سیما مێژووییەکانی کوردیشی بەڕاست و بێ چەوت و چەوێڵی نەنووسیوە. ئەم پیاوە کە هاتووەتە سەر باس و خواسی سیاسەتی سوڵتان سەلیم لە کوردستان لە دەمەدەمی شەڕوشۆڕەکانی چاڵدێراندا، دەنووسێ: «شەرەفەدینی بدلیسی زانای کوردی بەناوبانگ (شەرەفخانی بدلیسی – م. ش) لەبەرئەوەی کە زۆری ڕک لە شیعە دەبووەوە، چل و شەش میرە کوردی خستە تەک سوپای سوڵتان سەلیم بۆ داگیرکردنی تەورێز (٨٩ ، ٤٤)». ئاشکرایە، نووسیار لە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوەدا، مەولانا ئیدریسی بدلیسیی بە شەرەفخانی خاوەنی «شەرەفنامە» زانیوە و لێی تێک چووە چونکە شەرەفەدین بەدلیسی ٢٩ ساڵ پاش شەڕی چاڵدێران لە دایک بووە (٧٦ ، ٤٤٩).

نووسیاری کتێبی «تاریخ ریشە نژاد کرد» ناوی ئیحسان نووریش هەر بەو ڕێگایەدا، نووسیارانی لە سەرەوەمان باس کردن پێدا ڕۆیشتوون، ڕۆیشتووە، ئەو کە لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد دەدوێ، دەڵێ، بەسەر و شوێنەواری زۆر لەمێژینەڕا بەدیار دەکەوێ، کە دەسەڵاتداری و فەرمانڕەواییی ئێران لەسەر شانی کوردستان بووە. هەر لەبەر ئەوە کاتێ لە ڕەگەز و ئەسڵی شاکانی ئێرانی کۆن دەکۆڵینەوە، دەبێ لە ناو سەرکردە و شاکانی ئەو هۆزەدا بیانبینینەوە (٥٠ ، ٣٢).

لەم ئیدیعایەی ئەم نووسیارە، کە هەر بە تەواوەتی لەگەڵ نووسیارەکانی دیکەدا، ئاکامێکی مەنتیقی ئاوها وەدەست دێ کە، کوردەکان لە ڕەگ و ڕەگەمادا فارس نین، بەڵکو فارسەکان بە ڕەگەز و بنەچەکە کوردن. بەڵام هەر لە پاشان، ئەمیش بیروبڕوای نووسەرەکانی دیکە دووپات دەکاتەوە، ئەوان چۆنی بۆچوون، ئەمیش هەر وای دەڵێتەوە.

بەمەدا زۆر بەڕوونی بەدیار دەکەوێ، کە مەبەستی لە بنەڕەتدا ڕای ئەم مێژوونووسە و ئەم نووسیارە بۆرجوا هاوچەرخانە ئەوەیە ئینکاری ئەوە بکەن کە کورد بە ڕەگەز و ڕەچەڵەک نەتەوەیێکی جیاوازە و هەمیشە بیانبەنەوە سەر نەتەوەی فارسی بەدەسەلات و فەرمانڕەوا. ئەمەیش بە کەیف و خوایشتی ئەو ئایدیۆلۆژییە بۆرجوا هاوچەرخەیە کە هەرچی نەتەوەیێکی چکۆڵەی لە نەتەوە فەرمانڕەواکانی بەژمارە کەمترن هەن و چارەنووسیان بە فەرمانڕواییی بۆرجوای دەسەلات بەدەستەوە بەندە تا ئێستا لە مافی خۆموختاری بێ بەهرەن بە سووک و سانایی بتوێندرێتەوە.

هەرچی مێژوونووسە عەرەبەکانن ئەوانیش هەوڵی ئەوەیانە کوردەکان بەڕەگەز بەعەرەب پیشان بدەن(١٣).

هەرچی مێژوونووس و نووسیارانی تورکی هاوچەرخن، خۆ ئەوە لە هیچ نووسینێکیاندا تووشی ناوی کورد هەرگیز نایەین و ناوهێنانی بقەیە. چونکە ئەوانە پێ لەوە نانێن نەتەوەیێکی جیاواز بەناوی کوردەوە هەبێ(٣٢).

تەنیا کتێبی «تاریخ الكرد وكوردستان»ەکەی محەمەد ئەمین زەکی، مێژوونووسی هاوچەرخی کورد، کە لە بارودۆخی کۆمەڵی بۆرجوادا بەهرەی نووسینی خەملیوە بۆ ئەوە لەبارە، لە مێژووناسیی کورددا، لە چاو خۆیدا، بە کتێبێکی بەکەڵک بژمێردرێ (١١٧).

وەک لە سەرەوە گوتمان، چ مێژوونووسانی ڕۆژهەلات و چ مێژوونووسانی ئەوروپا، بەش بە حاڵی ئاخر و ئۆخری مێژووی کورد و کوردستان، واتە، لە دوادواکانی سەدەی ١٩هەمەوە بگرە تا ئەم سەردەمە زانیاریی بەربلاو و بەداوێنیان نووسیوە، بەلام هەرچی لە بارەی مێژوویەوەیە لە سەدەکانی

ناویندا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی گەورەتر و بەرفرەوانتر هەیە لەو هەندە زانیارییانەی تا ئێستا گەڵاڵە کراون.

نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە بڕێ زانای ڕووس هەن، لە گەشاندنەوە و خەملاندنی مێژووناسیی هاوچەرخیی کورددا، ڕەنجێکی پیاوانەیان داوە و دەبێ ئەمەیان بەتایبەت بۆ یاداشت کرێ. لە مەیدانی خەملێن و گەشانەوەی کوردناسیی سۆڤێتدا، بڕێ کتێبی بەنرخی سەر بە مێژووی کورد لەم دواییانەدا لەلایەن زانایانی سۆڤێتەوە نووسراون (١١). نەتەوەی کورد، وەک ئەم زانا سۆڤێتییانە نووسیویانە ئەوە نییە کە نووسیارە بۆرجواکان نووسیویانە، بەڵکو نەتەوەی کورد لە لێکۆڵینەوەی ئەم زانایانەدا نەتەوەییکە لە نەتەوە هەرە کۆن و سەربەخۆ و تێکۆشەرەکانی ئاسیا. بەم پێیە ئەو زانا ئاسیایی و ئەوروپاییە هاوچەرخانە و بەتایبەت ئەو زانا سۆڤێتییانەی لە بنەچەکە و ڕەچەڵەکی کورد، لە زمانی کورد، لە مێژووی کورد و لە جوگرافیای کوردیان کۆڵیوەتەوە، کەڵکیان لە «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی، وەک سەرچاوەییکی لەمێژینە وەرگرتووە.

«شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی، وەک سەرچاوەییکی مێژووی کورد نوسخەی لە زۆر کون و کەلێنی دنیادا هەیە، بەڵام ئەو نوسخەیەی شەرەفخان بە دەستی خۆی نووسیویە لە ئینگیلتەرە، لە کتێبخانە بەناوبانگەکەی بۆدلیاندا پارێزراوە (١٢٩). ئەم کتێبە کە شەرەفخان بە زمانی فارسیی نووسیوە لەم دواییانەدا وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی بێگانە.

ئیدی بەم ڕەنگە، هەروەک لە سەرەوە گوتمان، بەپشتیوانیی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی وەک لە سەرچاوەیێکی لەمێژینە کەڵک وەرگرتن، نووسینی کتێبێکی نوێ دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا بوو بە کارێکی ناچاری و لە خۆڵێ هەڵبواردن بەدەر بوو. بێگومان ئەم کتێبە مێژووی تەواوی کورد نانوێنێ، چونکە بۆ بەداوێنتر لە مێژووی کورد لە سەدەکانی ناویندا کۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەم مێژووە کاری زانستانەی گەورەتر و بەپشووتری دەوێ.

١

# به‌شی یه‌که‌م

## سەربهوردی
## شەرەفخانی بدلیسی و بەهرە و هونەری

کتێبی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی، کە لە مێژووناسیی کورددا، لە سەدەی ١٥هەم و ١٦هەمدا بایەخێکی گەورەی هەیە، بۆ لە مێژووی کورد و سەر و سیما تایبەتییەکانی ئەو سەردەمانە گەیشتن، یەکەم سەرچاوەیێکە زانیاریی زۆر بەنرخ و بەکەڵکی تێدابێ، کتێبی «شەرەفنامە» لەمەڕ مێژووی ئازەربایجان و ئێرانیش لە سەدەی شازدەهەمدا زانیاریی بە سوود و بە سەروبەری تێدایە، هەر سەبارەت بەمەیشە کە بەوردی لەم کتێبە کۆڵینەوە بایەخێکی زانستانەی هەیە. نووسیاری کتێبەکە شەرەفخانی کوڕی شەمسەدینی بدلیسییە، بەڵام هێندێ نووسیار و مێژوونووس بە شەرەفەددینیشی ناو دەبەن (١٣٢ ,١١٩٨). بنەماڵەی بدلیسی لە هۆزی ڕووزەکییە(١)، ئەم هۆزە ڕووچەکی و ڕوودەکی و ڕۆژەکی و ڕووژەکیشی پێ دەگوترێ (٨٣ ,١٩ ,٤٧، ١٤١). بەڵام لەبەرئەوەی دانەری «شەرەفنامە» بۆ خۆی ڕووزەکی نووسیوە، ئێمەش پشت بەو دەبەستین و ڕووزەکی پەسند دەکەین (٧٦ ,٣٥٧). ئەم بنەماڵەیە لە هۆزێکی کوردن و لە ساڵی ١٣٨٤ەوە تا ١٨٤٩ ناوبەناو سەربەخۆ و جاروبار نیوە سەربەخۆ پشتاوپشت فەرمانڕەوای ویلایەتی بدلیس (بتلیس) بوون.

بنەماڵەکە خۆی لە ناو فەرمانڕەوا و حوکمدارانی کوردستاندا خاوەن ڕێز و دەسڕۆیییەکی گەورەبوون و فەرمانڕەواییان لەلایەن زۆرینەی شایانی ئەو سەردەمانە، هی وەک ئەمیر تەیموور (٧٧ ,٦٨٧ ,٤١ ,١٥) (١٣٩٣) و قەرەیوسفی قەرەقۆینلو و (٧٦ ,٧٢) (١٤١٧) و جێ نشینەکانی ئەمیر تەیموورەوە (١٤ , ٢٠ ,٧٦ ,١٥٥) بە فەرمانی ڕەسمی تەسدیق کراوە و بەڕەسمی ناسراوە، میرنشینی بدلیس تەنیا هەر ٢٩ ساڵ (١٤٦٦ – ١٤٩٥)

به دەست ئاق قـۆیونلووەکـانەوە بـووە، بەڵام بەتێکۆشـانێکی بێ پشـووی خەڵکەکە دووبارە ئازاد کراوە و سەربەخۆیی خۆی وەگیر کەوتووەتەوە.

دامەزرێنی دەوڵـەتی سەفەوییان لە ئازەربایجان، شاسمایلی یەکەم (١٥٠١ – ١٥٢٤) لە ساڵی ١٥٠٤دا میرنشینی بدلیسی بەڕەسمی ناسی و تەسدیقی کرد. بەڵام لە شەڕی چاڵدێراندا (١٥١٤) کە شاسمایل بەزی شەرەف بەگ، باپیری نووسیاری «شەرەفنامە» پارێزگاریی عوسمانیی قوبووڵ کرد. لە سەردەمی میرایەتیی میر شەمسەدینی کوڕیدا (١٥٣١ – ١٥٣٥) ویلایەتی بدلیس لەلایەن غازی سوڵتان سولەیمانی یەکەمەوە داگیر کرا. لەبەر ئەوە شەمسەدین بەگی بدلیسی پەنای وەبەر شاتاماسپی (١٥٢٤ – ١٥٧٦) یەکەم برد لە تەورێز و شایش زۆر بەڕێز لێنانەوە پێشوازیی لێ کرد، ماوەیێکی زۆری نەخایاند، بەشی زۆری هۆزی ڕۆژەکی کە لە ویلایەتی بدلیس بوون، لەدژ ئاغایەتیی عوسمانییان ڕاپەڕین، بەڵام ڕاپەڕینەکەیان سەرکوت کرا و ژێر کەوتن و بەشێکیان بۆ تەورێز هەڵاتن و لەگەڵ شەمسەدین بدلیسیی میریاندا یەکیان گرت. شەرەفخانی بدلیسی دەنووسێ: «هەر لە پاش ئەم ڕووداوە شەمسەدینی بدلیسی ڕێز و حورمەتی لە کن شا زێتر دەبێ و نازناوی خانی پێ دەبەخشێ و بۆ بەڕێوەبردنی چەند شوێنێکی لە ئەیالەتی ساراب و مەراغە دەنێرێ». نزیکەی ٤٠٠ کەسێ لە هۆزی ڕۆژەکی لە دەوری شەمسەدین خڕ بووبوونەوە (٧٦ ، ٤٤٦ ، ٩٧ ، ٣٧١)، شەمسەدین خان لە چەند شەڕێکی شاتاماسپی یەکەمدا هاوبەشیی کردبوو، حەسەن ڕوملوو دەنووسێ: «لە ساڵی ١٥٥٢دا، کاتێکی شاتاماسپ لەشکری وەسەر وڵاتی ڕۆمی کرد، شەمسەدین خانیش لە تەک سەرکردە قزڵباشەکاندا داگیرکردنی ناوچەکانی مووش و ئەخلاتی پێ سپێردرابوو (٥٢ ، ٣٥٦، – ٣٦٧).

شەمسەدین خان کاتێکی لە ئێران دەبێ کچی سەرکردەی قزڵباشان، ئەمیر خانی موسووڵڵوو دێنێ، ئەمیر خان وەختی خۆی لەلەی شاتاماسپی یەکەم و فەرمانڕەوای ئەیالەتی خۆراسان بووە (١١٣ ، ٢١٧ ، ٤٧ ، ١٤٠). شەمسەدین لە ناو قزڵباشەکاندا زۆری ڕێز و حورمەت لێ دەگیرا. شەرەف، نووسیاری

«شەرەفنامە» لە ساڵی ٩٤٩ی کۆچیدا، لە ٢٠ی مانگی (ذوالعقده)دا (١٥ی ڕەشەمێی ١٥٤٣) لە شارۆکەی کەرەهروودی هەرێمی قوم، لە کچی ئەمیر خانی موسوڵڵوو لە دایک بوو (٧٦، ٤٤٩، ٩٧، ٣٧٦). بدلیسی هێشتا منداڵ دەبێ، بەبێ دایک دەمێنێتەوە، باوکی پێگەیاندنی سەرەتاییی بە قازییەکانی کەرەهروود دەسپێرێ. ئەو قازییانە[2] لە پێگەیاندنی پیاوی زانا و لێهاتوودا ناوبانگی زۆریان دەرکردبوو[3]، سام میرزا دەنووسێ: «کەرەهروود لە پێگەیاندنی زانا و شاعیر و نووسیاراندا بێ مانەندە» (٧٥، ١٠٧).

ڤ. ڤیلیامینۆڤ - زەرنۆڤ دەنووسێ: «ئەم قازییانە» شاگردەکانیان بە ڕۆحی زانستپەروەری و ڕێز لە زاناگیری گۆش دەکرد، شەرەف توانیویە ئەم دوو ئاکار و خەسیەتە گەورەیە تا ئاخر و ئۆخری ژیانی بپارێزێ (٧٦، ٩).

بدلیسی دەڵێ: «لە تەمەنی منداڵیمەوە تا ئێستا سوودم لەو جۆرە زانایانە وەرگرتووە»[4] (٧٦، ٤٤٩).

بدلیسی پاش ئەوەی تەمەنی ٩ ساڵانی لە شاری کەرەهروود بە فێربوون و پەروەردەبوونەوە خەریک دەبێ، بەپێی داب و دەستووری سەردەم، دەهێندرێتە دەرباری شا. چونکە ئەو سەردەمانە لە دەربار و کۆشک و تەلاری سوڵتانەکانی عوسمانی و شا سەفەوییەکاندا، ئەمیر زادە و بەگزادەکان لەگەڵ شازادەکاندا پێکەوە پەروەردە دەکران. لە پاشان وەک کارمەندێکی هەرە بەمتمانەی دەوڵەت بۆ خزمەتکردنی دەربار هێندراوە.

بدلیسی لە دەرباری شادا، ڕشتە جۆراوجۆرەکانی زانستدا، لە یاسا و قانوون و حوقووق شناسیی ئاینی، لە شەریعەتی ئیسلام، لە مەشقکردن و خۆ لەسەر بەندوباوی شەڕوشۆڕ ڕاهێناندا دەستی بەفێربوون کرد، لە شەرحی حاڵی خۆیدا دەنووسێ، دەڵێ شا تاماسپ خۆ بە نێگارکێشییەوە خەریککردنیشی دنە دەداین و لە مەسلەحەتی دەزانی، چونکە، شا پێی وابوو نیگارکێشی زەوق و چەشکەی مەعنەویی مرۆ دەخەمڵێنێ و گەشەی پێ دەدا» (٧٦، ٤٥٠)

ئیدی بەم ڕەنگە بدلیسی تا ساڵی ١٥٥٤ لە دەربار‌دا خەریکی فێربوون و پەروەردەبوون دەبێ. میر شەمسەدینی باوکی لەبەر پیری دەست لە کاری میرایەتی هەڵدەگرێ و هۆزی ڕۆژەکی لە شا خواییشت دەکەن، شەرەفی کوڕی لە جێ بکا بە میر. لەبەر ئەوە بە فەرمانی شا بە میری دەشتی ساڵیان و مەحمورد ئاباد موغانی شیروان دادەنرێ و شێخ ئەمیری بیلباسی کە لە هۆزی ڕۆژەکییە، دەکرێ بە لەلەی (٦٧ ، ٤٥٠ ، ٩٧ ، ٣٧٦). لە چاپی پیتەربورگی «شەرەفنامە»دا وا نووسراوە کە، لەلەی شەرەفخانی بدلیسی موحەمەد شەهەنمانی قەواڵسی بوو. بەڵام هەرچی چاپەکەی قاهیرەیەتی دەنووسێ، موحەمەد شەهەنمان و قەواڵسیش و شێخ ئەمیر بیلباسیش هەردووکیان لەلەیەتیان کردووە (٧٦ ، ٤٢٠). ی. پ. پێتروٚشێڤسکی وا پیشان دەدا کە، کاتێکی شەرەفخان کرا بە فەرمانڕەوای شیروان، بە پێی دەستوور و بەندوباوی ئەو سەروبەندە، یەکێ لە پیاوماقوولانی قزڵباش کرا بە لەلەی (٢٤ ، ٣٠)، کەچی شێخ ئەمیر بیلباس لە هۆزی ڕۆژەکییە و لە ساڵانی ١٥٣٤ – ١٥٣٦دا هاتووەتە ئازەربایجان. لەبەرئەوەی پ. پێتروٚشێڤسکی لەوەدا کە ئەم پیاوەی بەیەکێ لە پیاوماقوولانی قزڵباش نووسیوە، بەهەڵە چووە، بەڵام لە پاش سێ ساڵ شێخ ئەمیری بیلباسی دەمرێ و میر شەرەف لەسەر ئەم کارە لادەبرێ. ئینجا پاش ئەوەی لەگەڵ شاتاماسپدا لە ئێلاخی خەرەگاڵ (نزیکی هەمەدانە) یەکدی دەبینن، شا دەینێرێتە سەرەنجامی فەرمانڕەوای هەمەدان موحەمەد بەگ(٥). موحەمەد بەگیش میر شەرەفی بدلیسی زۆر بەڕێزەوە قبووڵ دەکا و کیژی خۆیشی دەداتێ. بەو پێیە شاتاماسپ دەڵێ: بۆ فەراهەمکردنی بژێو و بەڕێچوونی میر شەرەف و هۆزی ڕۆژەکی کە لە دەوری خڕبوونەوە، بەشی دەسنیشان کراویان بۆ دادەنرێ. بەم جۆرە میر شەرەف سێ ساڵی تریش لە هەمەدان دەمێنێتەوە (١٥٥٧ – ١٥٦١).

میر شەرەف پاش ئەوەی لە کەرەهروود فێری زۆر شت بووبوو، ئەو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵەکییانەی لە چەندین وڵاتدا بەچاوی خۆی دیتبوونی. کارێکی زۆریان تێ کردبوو و بەرەو ئاستێکی بەقووڵی بیرکردنەوە و توانی

شیکردنەوەی تایبەتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە هەڵکشاندبوو، لەبەر ئەوە هەمەکارانی دەربار ئیتر نەدەکرا خۆیانی لێ نەبان کەن و هەق و حەساوی لەگەڵ نەکەن. لەم سەروبەندەدا شازادەی عوسمانی، بایەزید پەنا وەبەر دەرباری شای ئێرانی دێنێ. مەیل بەلای دەوڵەتی عوسمانیدا بزوانی شەرەفخان لەو وتووێژانەدا کە لە بارەی ئەم پەنا وەبەرهێنانەی بایەزیدەوە دەکرێ لە نێوان عوسمانی و ئێراندا، شاتاماسپ لە شەرەفخان بەشکەوە دەخا و دڵی لێ کرمێ دەبێ[٦]. هەر لەبەر ئەوەیشە شا جارێکی تر شەمسەدینی باوکی دەکاتەوە بە سەرەک هۆزی عەشیرەتی ڕۆژەکی و دەیکا بە میری کەرەهروود (١٥٦٠ – ١٥٦٣)، بەڵام شەمسەدین وەزیفەی میرێتی قوبووڵ ناکا و شایش سەرلەنوێ میراتییەکە بە میر شەرەف دەسپێرێتەوە و مووچە و بەراتی بۆ دادەنێ. ئیدی بەم جۆرە میر شەرەف لە قەزوێن لە خزمەت شادا دەمێنێتەوە.

بەپێی خواستی ڕۆژگار و سەروبەند، هەرچی سەرکردە و میرێکی سەر بە دەرباری شا هەبوون، دەبووا هەریەکە برێ چەکداری لە هۆز و تیرەی خۆی هەمیشە تەیار و ئامادەبایە و لە کاتی پێویست کۆمەگیان بەشا کردبا. میر شەرەفی بدلیسیش خاوەن هێزێکی چەکداری وا بوو لە هۆزی ڕۆژەکی. پاش ئەوەی خان ئەحمەدی فەرمانڕەوای گیلان (بیە – پیش Bia Pish) لە دژ فەرمانڕەوایەتیی سەفەوییان ڕادەسێ و گێلان داگیر دەکا، شەرەفخان لەگەڵ برێ سەرکردەی قزڵباشیدا بۆ بەڕێوەبردنی خاکی ئەو وڵاتە ڕادەسپێرێ (٧٦ . ٤٥١، ١٢١، ٤٦٢). شەرەفخان لەلایەن شاتاماسپی یەکەمەوە کرا بە دەسەڵاتداری تۆنیکابۆن و شا قزڵباشێکی زۆری بۆ دەستەککردنی نارد، چونکە ئەو یاخیبوونەی گێلان خان ئەحمەد بەرپای کرد، هەرنەبڕابووەوە، سوڵتان هاشمیش کە یەکێ لە لایەنگرانی خان ئەحمەد بوو، ئەویش لە ناوچەیێکی گێلان دەسەڵاتدار بوو، لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی خۆیدا هەڵی دەکردە قزڵباشان و تاڵان و بڕۆی دەکردن.

بدلیسی دەڵێ: لە ساڵی ١٥٦٨دا سوڵتان هاشم بە ١٨ هەزار سوارە و

پیادەوە هەڵی کوتایە سەر حوکمڕانی تۆنیکابۆن. میر شەرەفی فەرمانڕەوا بە یارمەتیی ٥٠٠ پیاوی لە نزیکانی خۆیەوە. بە کۆمەگی کوردەکان و ئەو سەرکردە قزڵباشانەی لە ژێر فەرماندەیدا بوون زۆربەیانی شکاند و سێ کەڵەکی لە کەللە سەریان هەڵچنی (٧٦، ٤٥١، ٤٥٢، ٧٨، ٢٤٠).

بوداقی قەزوێنی کە باسی ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی گێلانی نووسیوە، دەڵێ: «لەشکرێکی دوو هەزار کەسی هەڵیان کوتایە سەر شەرەفخانی کورد، ئەو ٤٠٠ چەکداری هێز هەبوون. هێندێکیشی کۆمەگ لە قەزوێنەوە، لەملا و لەولاوە بەفریا کەوت، شەرەفخان بەهێزێکی نزیکەی هەزار کەسییەوە شکاندنی و چوار هەزار کەسێکیشی لێ کوشتن» (٥٤، ٣٣٢).

عەبدولفەتاحی فومەینی دەڵێ: لە ئاکامی ئەو شەڕەی لە ناوچەی (بیە – پیش)ی گێڵان بەردەوام بوو، تالان و چەپاو و کوشت و کوشتاری خەڵکی بێ تاوان لە ڕادە و کێش دەرچوو، لە کاتێکی وادا دەسەلاتداری تۆنیکابۆن، شەرەفخان، ئەحمەد خانی گرت و ناردییە کن مەعسوم بەگی لاهیجان (٨٦، ٣١–٣٢).

جا بەمەدا ڕوون دەبێتەوە کە، ئەم سەرکەوتنەی میر شەرەف و قزڵباشەکان، لە ئاکامی ناڕەزاییی سەرلەبەری خەڵکەکە لە خان ئەحمەدی گێلانی و لایەنگرەکانی هاتە گۆڕێ، چونکە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی لەژێر ئەسارەت و دیلایەتیی خان ئەحمەددا بوون، سوپاکەی شاتاماسپیان بە هێزێکی ڕزگارکەر تەماشا دەکرد و بە هەموو جۆرێ یارمەتی و کۆمەگیان دەکرد، خان ئەحمەدی گێلانی و لایەنگرانی ژێر کەوتن و هێزەکانی شا سەرکەوتن.

ئیسکەندەر مونشیش ئەوەی نووسیوە کە، میر شەرەف فەرمانڕەوای تۆنیکابۆن بووە[٧] (٤٧، ١٤١)، هەرچی فومەینییە لە کتێبەکەیدا لە باسی ئەو سەرکردانەدا کە شەڕیان بۆ شەرەفیش دەکا. پاشان فومەینی کە دێتە سەر باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٤، زانیارییەکی هەڵەی ئاوهای نووسیوە: «بەفەرمانی شا عەباس، بۆ سزادانی یاخییەکان، سوڵتان قەمبەر و

کوزبەنکولوو[٨] و سوڵتان سۆفی نیعمەتوڵلا و حاکمی تۆنیکابۆن، میر شەرەف بەرەو ناوچەی (بیە) بەڕێ کەوتن». شەرەفخان لەم سەروبەندەدا، (٨٦، ١٢٨) نەک لە تۆنیکابۆن، بەڵکو لە میرنشینە پشتاوپشت بۆ بەجێ ماوەکەی خۆی، لە بدلیس بوو (٧٦، ٤٥٣، ٤٥٤).

بەم جۆرە شەرەفخان کە لە ئێران بووە، بە کەمێ ناوبڕییەوە، دەوروبەری ١٥ ساڵێکی لە ئەیالەت و ویلایەتەکانی ئێران فەرمانڕەوا بووە و ئەو دوای لە دەرباری سەفەوییاندا، بەخزمەتکردنیانەوە بەسەربردووە، ئەو خزمەت و کارامەییانەی شەرەفخان لە گێلان نواندبوونی، ڕێز لێگیرانی هێندەی دیکە لەکن شاتاماسپی یەکەم زێتر دەکا و شا بڕوا و متمانەی بە شەرەفخان ئەوەندەی دیکە قایمتر دەبێ. شەرەفخان ئەم ڕووداوەی بە شیعر ئاوها دەربڕیوە:

خاوەن بیر هاودەمی شاهانن[٩]
پەسندەی دڵی شاهانن
هەم چزوو لە جەرگی زۆرداران ڕادەکەن
هەم هەتوانی دەردی زۆر لێکراوانن
(٧٦، ٤٥٢، ١٢١، ٤٦٢)

میر شەرەف بەم شیعرە ئەوەمان تێ دەگەیێنێ کە پەیی بەدڵی شاتاماسپ بردووە و خونکاری سەفەری، بە پیاوێکی پەسندی هەڵوژێردووە و زۆری ڕێز لێ گرتووە. شەرەف حەوت ساڵ لە گێلان (١٥٦٨ – ١٥٧٦) دەمێنێتەوە. بەڵام ئاووهەوای ئەوێ لە هۆزی ڕۆژەکیی بە ئاووهەوای کوێستان ڕاهاتوو ناکەوێ و زۆریان تووشی دەرد و نەخۆشی هاتن و مردن. نووسیار دەڵێ: «هەوای گێلان زۆر ناخۆش بوو، نەخۆشیی زۆر تێدا بوو، زۆربەی پیاوی هەرە ئازای ڕۆژەکی لەوێ لەناوچوون. منی هەژار گەیلانم لەبەر بێزابوو، ئەو بێزارییە و پێشنیاری جێ هێشتنم دە شا گەیاند، لە دوای حەو ساڵ لەوێ بووم ئیزنی دەرکەوتنم بۆ هات و هاتمە قەزوێن» – (ئەمەم هەروا بە تەرجەمەکراوی لە

شـەرەفنامـەوە وەرگـرتووە – وەرگێـڕ) (٧٦ ، ٤٥٣، ٩٧ ، ٣٧٧). شـاتامـاسپ لە دووی میـر شـەرەفی نارد، هـێنایە قـەزوێن، شـا دەیویسـت میـر شـەرەف لە کن خۆی بێڵێتەوە.

«قـزڵبـاش لەنێـو خـۆیاندا دووبەرەکـییـان تێ کـەوتبـوو، میـر شـەرەف ئەم هەراوبگرەی پـێ خـۆش نەبـوو، مـانەوەی لەوێ بـەباشـی نەزانـی، لە، شـای داوا کـرد، بۆ لایەک لـە ولاتی بنێـرێ، ئەویش لە ولاتـی شـیـروانـێ، چەند جـێگەیەکـی پـێ بەخــــشـی و بـژیو و ئـازووخـــەی هـۆزی ڕۆژەکـــیـی لـە خــــەرج و باجـی مـەڵبـەندەکـانی سـەر بە شـیـروانـێ بڕییەوە. ئەو شـوێنانەش (تەراکـمـات) و (ئەرش) و (ئاقداش) و (قیالە) و (باکۆ) و (کەناراب) بوون.» میر شەرەف پاش ئەوەی هـەشت مـانگ بە دەسـەڵاتداری لە شـیـروان دەمــێنێــتـەوە (١٥٧٦) شـاتامـاسپ دەمـرێ، بـدلیـسی دەڵێ: «لە ئـەندەروون. دەبێ بەهـەرا، مـیـرزا حـەیدەر دەکـوژرێ (٧٦ ، ٤٥٣)، ئیـسـمـاعـیل مـیـرزا لە قـەڵای قـەهقـەهە دەردەکەوێ، دێتە قـەزوێن و بەناوی شـا ئیسماعیلی دووەمـەوە لەسەر تەختـی شایەتیی سەفەوییان دادەنیشێ (١٥٧٦ ، ١٥٧٨).

شـای تازەنەفـەس بۆ خاوکردنەوەی ڕک و کینەی سوننەیەتی و شیعەیەتی و شـەڕوشـۆڕی نێوان دەوڵەتی عوسـمـانی و ئێران، هـەرچی سـوننی دوورخـراوە هـەبوون. ســـەرلەنوێ دەیانگێـــڕێتـــەوە بۆ ئـەندەروون و ڕاوێژکـــاری دەس هەڵوژێریان بۆ خۆی لێ دادەنێ (١٢٥ ، ٢٦).

ئیـدی بەم جۆرە دەبینین ئەو سـەروسـاخت و نێوان خـۆشـییەی شاسـمـایلی دووەم لەگەڵ میر شـەرەفدا نواندی و ئەو سیاسـەتە لەچاو خـۆدا هـەرە نەرمەی دە بەرانبـەر سونـنییـەتی و شیـعـەیەتیدا بەکاری هـێنا، بوو بەهـۆی دڕدۆنگی و لالووتیی ئـەو ســەرکـردە قــزڵبــاشـــە دەســڕۆ و لە ڕمــێن و بـەبرەوانـەی لە ئەندەروونی سەفەوییاندا بوون، ئەمانە لە شاسـمـایلیان ڕاگەیاند: میر شـەرەف بیـری لەوە کـردووەتەوە، بـۆ چاکـەی سـوڵتـان مـیـرزای برازات تۆ لە ناوبەرێ» (٧٦ ، ٤٥٤ ، ١٢١ ، ٤٦٤). لە سـەرێکی دیکەشـەوە، لە سـۆنگەی ئەوە کە ڕەفتاری دە بەرابـەر سوننییەکان چاک بوو، هـەڕەشـەیان لە شا کرد. ئەمانە پاش ئەوەی

نامـەی بە گـەف و هەڕەشـەیان بۆ دە ژووری خـەوتنێی هـاوێشت، شـا چەند کەسێکی بە تۆمەتی سوننیگەرییەوە لە ئەندەروون دوور خستەوە (١٢٥ ، ٢٧)، شاسمایلی دووەم لە سۆنگەی ئەوە کە ٢٠ ساڵی تاڵیی زیندان چێشتبوو لە کێش بەدەر تووشی بەدینی و بێ ورەیی و دەسەڵات کزی هاتبوو و متمانە و بڕوای بەکەس نەمابوو. بدلیسی دەڵێ: «لەبەر ئەمە، پیلانی ناڕازییەکانی ئەندەروون سەری گرت و شا هێندێ لە میرەکانی سزا دا و هێندێکشیانی لە کار و دەسەڵاتداری وەلا خست» (٧٦ ، ٤٥٣-٤٥٤). بەنیازی دوورخستنەوەی میر شەرەفیش لە ئەندەروون لە (١٥٧٧دا) بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەتی نەخچەوانێی نارد.

بدلیسی لەمەڕ ئەم ڕووداوە دەڵێ: «ئەم ڕەهەنە کران و دوورخرانەوەیەم بۆ بەخێر گەڕا و بوو بە مایەی خۆشبەختی و نوخشەی سەرفرازی و مژدەی بەزێد و نیشتمان شادبوونەوەم» (٧٦ ، ٤٥٤ ، ٩٧ ، ٤٧٩).

لەم سەروبەندەدا هەرا و کێشە لە ئەندەروون و دەرباری سەفەوییاندا سەرڕێژی دەکرد. شا سمایلی دووەم کوژرابوو و سوڵتان موحەمەدی خودابەندە (١٥٧٨ – ١٥٨٧) چووبووە سەر تەختی دەسەڵاتداری. لەو زەمانەدا پەرەساندنی ململانێی نێوان دەرەبەگە تازەکوورەکان، کە سەرتۆپیان لە سەرکردە قزڵباشەکان بوون دەبوو بەمایەی بێ هێزی و کزیی فەرمانڕوایی لەناوجەرگەوە. سوڵتان موڕادی سێیەم سوودی لەم هەلە وەرگرت. بەنیازی داگیرکردنی تەورێزەوە، بەسەرکردایەتیی عوسمان پاشاوە لەشکرێ دەنێرێتە دەربەند.

بەو پێیەی ئۆروج بەگی بەیات نووسیویە، هەنگینێ فەرمانڕوای نەخچەوان، میر شەرەفیش بەهێزە چەکدارەکانییەوە لە دژ لەشکری عوسمانی وەستا (٤٦ ، ١٨٧). بەپێی «شەرەفنامە» بدلیسی هەر لەو ساڵەدا (١٥٧٨) ئازەربایجانی بەجێ هێشتووە (٧٦ ، ٤٥٤). چونکە خوسرەو پاشای حوکمڕانی وانێ بەپێی خواستی سوڵتان موڕادی سێیەم لەمێژ بوو مرخی لەوە خۆش کردبوو شەرەفخانی بدلیسی لە ئازەربایجان دوورخاتەوە و بۆ

هەڵکردنە سەر ئازەربایجان سوودی لێ وەگیر کەوێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە لە میرە کوردەکان زەینەڵ بەگی حاکمی حەکاری و حەسەن بەگی موحەمەدیی[10] ڕاسپاردبوو. بدلیسی دەڵێ: «٣ی شەشەڵانی ساڵی ٩٨٦، لە (دێکابری ١٥٧٨دا) لەگەڵ ٤٠٠ کەسدا، دووسەد کەسیان لە هۆزی ڕۆژەکی بوون، لە نەخچەوانەوە بەرەو بدلیس بەڕێ کەوتین» (٧٦ . ٤٥٤). لە پاش ٣ ڕۆژەڕێ ڕۆیشتن شەرەفخان لەگەڵ ئەو کەسانەی پێکەوەبوون گەیشتنە وانێ. لەلایەن خوسرەو پاشاوە بەهەیت و هووت و سەنسەنەوە پێشوازییان لێ کرا. فەرمانڕەوایی و شیرێکی کالان زێڕ کە لە لایەن سوڵتان مورادی سێیەمەوە بە مستەفا چاوەش درابوو و بە دیاری ناردرابوو، لەلایەن خوسرەو پاشاوە پێشکێش بە میر شەرەف کرا.

وەزیرەکانی سوڵتان، بەتایبەت موحەمەد پاشا ڕێز و قەدرزانینی خۆیان بەنامە لە میر شەرەف ڕاگەیاندبوو، مستەفا پاشای سەرداریش خەڵات و شیری زێڕکفتی خۆی بۆ ناردبوو. لەم ڕاستییانە وا بەدیار دەکەوێ کە دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی میر شەرەف لە ئازەربایجان دوورخاتەوە پارەوپوولێکی زۆری بەخەرج دابوو و کەین و بەین و کار ئامادەییەکی زۆری سەروبەرونابوو. هەرچی میر شەرەفیش بوو کە هەستی بەکزیی دەوڵەتی سەفەوی کردبوو، فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانیی پەسند کرد. ئیدی بەم جۆرە، میر شەرەفیش وەک ئەو میرە کوردانەی کە بەدوای کێشە و هەرای نێوان دوو دەوڵەت کەوتبوون، پاش ئەوەی سەردەمانێکی دووروودرێژ خزمەتی سەفەوییانی کردبوو، وازی لە ئازەربایجان هێناوە و لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا هاتووەتەوە کوردستان، بووە بە میری ویلایەتی بدلیسی پشتاوپشت بۆ بەجێماوی.

هەروەها لە نامەیێکی دیکەدا کە سوڵتان مورادی سێیەم بۆی ناردووە، نووسراوە: «شەرەفخان! سەرڕاستی و دڵسۆزی و فیداکاریی ئێوە لە دەرگای بڵندی ئێمەوە دیار و ئاشکرایە و لە بارەگای ئێمەدا قوبووڵ کراون و لە بەخششی شاهانەمان بێ بەش نین. ئەو ڕەنج و کۆششانەی لەم سەفەرە

پیرۆزەدا دەیاندەی سەرلەنوێ پلەوپایەتان لە کن ئێمە بڵندتر دەکا. لەبەر ئەوە پێویستە ئەو دلاوەرانەی لە قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایەتیدان لەگەڵ سوپای ئێمەدا یەک بگرن و ببن بەیەکێ لە سەرکردە گەورەکانم، چونکە لەو هەڵمەت و هێرشە پیاوانەیەی باب و باپیرانت بردوویانە، ئاگادارم. لەوە دڵنیام کە ئێوەش ڕاوتەگبیرتان لەگەڵ ڕاوتەگبیری سپاداری پایە بڵندەکانمادا لە بەرژەوەند و ڕاوێژی جوان جوان درێغی ناکەن» (٢٨، ٢٢٧، ٢٢٨).

لەم نامەیە دیسانەکە وا بەدیار دەکەوێ کە شەرەفخان زۆر شارەزای وڵاتی ئازەربایجان بووە و لەسەرکردایەتیدا بە دەسوبرد و بە باشار بووە و دەورێکی زۆر بەبایەخی لەناو سوپای سوڵتاندا گێڕاوە. لە ئاکامی ئەو سەفەربەرەی عوسمانییەکان بۆ سەر ئازەربایجانیان کرد شاری تەورێز لەساڵی ١٥٨٥وە تا ساڵی ١٦٠٢، واتە ١٧ ساڵ بەدەست عوسمانییەکانەوە مایەوە. لە ساڵی ١٥٨٣یشدا فەرهاد پاشای سەردار، کاتێ یەریڤانی گرت و لەوێ قەڵای ڕۆنا، شەرەفخانی بدلیسی لەگەڵ حەسەن پاشای میرمیرانی شامدا پێکەوە وەدەسهێنانی خەزێنەی تفلیس و هەموو گورجستان و سەرلەبەری ئازووقەی وڵاتەکەی پێ سپێردرا، سوڵتان مورادی سێیەم، ئەم خزمەتە چاکەی شەرەفخانی کە لەم سەفەرەدا نوواندبووی لە بەرچاو گرت و میرنشینی (مووشی)یشی کە ساڵانەی باییی ٢٠٠ هەزار ئاقچەی عوسمانی داهات هەبوو بۆ خستنە سەر میرنشینی بدلیس. بەم پێیە دەرامەتی ساڵانەی میر شەرەف گەیشتە ٤١٠ هەزار ئاقچە. نووسیار بۆ خۆی دەڵێ: «تا ئەو سەردەمە هیچ یەکێ لە بنەماڵەی ئالی عوسمانی بەزە و دەهندەییی وایان بەهیچ میرێ نەبەخشیبوو» (٦٧، ٤٥٦، ١٢١، ٤٦٥). بدلیسی شەرحی حاڵی خۆی بەم ڕستەیە دوایی دێنێ: «ئێستا کلکەی مانگی «ذوالقعدە»ی ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی - (١٥٩٤)ە. لە سای سوڵتان موحەمەدەوە (١٥٩٤ - ١٦٠٣) فەرمانڕەوایەتیی پشتاوپشت بۆ بەمیرات ماوەوەم بەدەستی خۆمەوەیە. بەڵام بۆ بەرژەوەندی شەمسەدین بەگی کوڕە گەورەم دەستم لەم کارە گەورەیە هەڵگرتووە» (٧٦، ٤٥٧، ٩٧، ٣٨١، ٧٢١، ٦٩، ٢٠٦).

جا وەک باوی نووسیارانە هیندێ پەند و ئامۆژگارییی لە کتێبی «خردنامە»ی عەبدوڕەحمانی جامی وەرگرتووە و ڕووی دەمی لە کوڕەکەی کردووە: (شیعرەکان تەرجەمەی هەژارە – وەرگێڕ).

وەرە لامەوە کۆرپە شیرینەکەم
گەشەی باغی ژین و گوڕ و تینەکەم
دڵت بێنە سەر هەست و گوێ شل کە بۆم
بەبڕوا بە دڵسۆز و خەمخۆری تۆم
هەموو پەندی من وەک دوڕ و گەوهەرە
ئەگەر ژیری گوێ بێنە گەوهەر بەرە
کە بەگوێم بکەی؟ دەبیە مەردێکی ڕەند
پەسندی و لەلای هیچ کەسێ نابیە پەند
(٧٦، ٤٥٦، ١٢١، ٤٩٧)

بدلیسی بەم شیعرانە کوڕەکەی بەرەو ئەوە دنە دەدا، ببێتە میراتگرێکی زانا و کاربەدەستێکی زەبربەدەستی دەوڵەت و بەبەهرە و هونەرمەند.

ژیان و کار و کردەوەکانی شەرەفخان، سەردەمی خوێندن و پەروەردەکرانی لێ بترازێ، دەتوانرێ، بکرێ بەدوو سەروەختەوە:

١– سەروەختی یەکەم سالانی ١٥٥٤ – ١٥٨٦ دەگرێتەوە، بدلیسی لەم سەروەختەدا، بەپێی سەروبەندی خۆی، وەک سەرکردەیێکی سەرکەوتوو و کاربەدەستێکی وشیاری دەوڵەت، بە کارامەییەوە خزمەتی شایانی سەفەوی و سوڵتانەکانی عوسمانیی کردووە. ئۆروج بەگی بەیات لە ڕیزی کەڵەسەرکردە بەناوبانگەکانی ئازەربایجانی داناوە (٤٦ . ١٨٧).

٢– سەروەختی دووەم لە ساڵی ١٥٨٦ەوە دەست پێ دەکات تا دوادواییی ژیانی. ئەم سەروەختە، سەروەختی بنەڕەتی ئیجات کاری و داهێنان و بەهرە و هونەریەتی لە ژیانیدا، نووسیار لەم سەروەختەدا «شەرەفنامە»ی کە بایەخێکی گەورەی لە ژیانی خۆی و نەتەوەکەی و جیهاندا هەیە لە

ژیانیدا نووسیوه. شەرەفخان لەم نووسینانەیدا لەمەڕ بەهرە و یارای خۆی، لەمەڕ لە ئایننۆڕی، لەمەڕ سەروساخت و هاوسەروکاریی لەگەڵ ئالی عوسمان و بنەماڵەی سەفەوییانی بە ڕاشکاوییەوە نووسیوە. فرێج دەڵێ:(١١) «شەرەفخان لەچاو سەردەمی خۆی و بەپێی ئەو ڕۆژگارە زاتێکی تەحسیل دیتەی کامڵی پێکەڵی زانای وشیاری بەدینی لەخوداترس بوو» (٩٧ . ٣٦٠).

نووسیار لە چ ساڵێکدا مردووە، ئەمە لە هیچ سەرچاوەیێکدا نەنووسراوە، بەڵام تەمەنی چەند بووە و چەند ژیاوە، ئەوە لە شەرحی حاڵەکەی خۆیدا نزیکەی ٦٠ ساڵێ دەبێ (٧٦ . ٤٤٩ . ٤٥٦).

ڤیلیانۆڤ – زەرنۆڤ، دەڵێ: ئەو پێنج بەشەی لەسەر هۆزی مەحموودی لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە لە ساڵی (١٥٩٨)دا لەلایەن نووسیارەوە بەسەرکراوەتەوە (٧٦، ١٧).

کەواتا گومان بۆ ئەوە دەچێ کە شەرەفخان ٦٠ ساڵێ ژیابێ (١٥٤٣ – ١٥٩٨).

بدلیسی کەنگێ دەستی بەنووسین کردووە (نووسینی شەرەفنامە)، ئەمە لەکن مێژوونووسانی پاش خۆی لە شێوەی ناکۆک و بێ سەروبەردا نووسراوە. بە نموونە، بەپێی نووسینەکانی ڤیلیانۆڤ پشت بە م. ڤۆلکۆڤ، گوایە شەرەفخان هەر لە پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ بدلیس (١٥٧٨) یەکسەر دەستی بەنووسینی «شەرەفنامە» کردووە (٧٦ . ١٠).

ن. فەلسەفی دەڵێ: بدلیسی لە ساڵی ١٥٨١ەوە خەریکی نووسینی بووە (١٢٥، ٢٠٤). هەرچی مێژوونووسی هاوچەرخ، شاکیر خەسباکە، لە کتێبەکەیدا دەڵێ، لە ساڵی (١٥٨٦)ەوە دەستی بەنووسینی کردووە (٨٠ . ١٥). بەڵام هەرچی شەرەفخانە، بۆ خۆی دەڵێ: «پاش ئەوەی بووە بەمیری بدلیس، لەو شەڕانەدا، کە سوڵتان مورادی سێیەم دە ساڵانی لەسەر پێوەچووە، بەشداریی کردووە و دڵسۆزی و سەرڕاستیی خۆی لە ئاست سوڵتان

بەدیارخستووە» (٧٦، ٤٥٦).

جا بەو پێیە نووسیار بۆ خۆی نووسیویە، بدلیسی بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە»ی لە ساڵی ١٥٨٦ەوە، واتە لەو سەروەختەوە، شاکیر خەسباک نووسیویە، دەست پێ کردووە. هەرچی نووسینی بەرگی دووەمییە ئەوە بەر سەروبەندی سوڵتان موحەمەدی سێیەم دەکەوێ. چونکە نووسیار، لە بەراییی ئەم بەرگەدا، بەو تەرزەی لە زاروپلی نووسیارانی ئەو سەردەمانە دەوەشێتەوە، دەڵێ: «ئەمن ڕۆژگارێکی دوورودرێژ لە ڕیزی خزمەتکارانی ئەم بنەماڵە پایە بڵندەدا بووم و بەتایبەت لەبەرئەوەی لە شاهەنشا، دادپەروەر و باوکی هەموو سەرکەوتووانی دنیا، سوڵتان موحەمەدی سێیەمەوە نزیک بووم، کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتووە سەر، شەرحی حاڵی سوڵتانی دادپەروەر، خۆیشی و ئەو شا ئێرانی و توورانییە هاوچەرخانەی خۆیشیان، لە ڕۆژی هاتنە سەر تەختی پاتشایەتییەوەیان تا ئەمڕۆکە بنووسم» (٧٨، ٣-٤).

بەم جۆرە، خامەئارایی و کتێب نیگاریی بدلیسی بەر سەروەختی هەرە بەئەزموون و پێکەڵی تەمەنی دەکەوێ. نووسیار زۆری ڕووداو، لەسەر ئەو هیمە نووسیوە کە بۆ خۆی بەچاوی خۆی دیتوونی و تێیاندا هاوبەش بووە. بەڵێ ڕاستە کتێبەکەی لە بنەڕەتدا، بەپشووی مێژوونووسینەوە نووسیوە، بەڵام لە پاڵ مێژوونووسینەوە دەستی داوەتە ئەدەبیات و هونەر ئارایش و شیعری زۆریشی نووسیوە.

بدلیسی نەخشەی دانانی «شەرەفنامە»ی بەم جۆرە کێشاوە:

١- پەسنی خودا

٢- پەسنی پێغەمبەر (د. خ).

٣- گەورەییی خوا و بایەخی قورئان.

٤- پەسنی سوڵتان موحەمەدی سێیەم.

٥- پەسنی مێژوو.

٦- شەرحی حاڵی خۆی بەکورتی.

٧- هۆی دانانی «شەرەفنامە».

٨- مەسەلەی ناولێنانی کتێبەکە.

٩- بابەت بەندیی کتێبەکە: پێشەکییەک و پاشکۆیەک:

أ- لە پێشەکیدا: ڕەگەزی کورد و ژیان و داب و نەریتیان.

ب- بەشی یەکەم، ئەو فەرمانڕەوایانەی لە کوردستان ئاڵای سەربەخۆییان هەڵکردووە و مێژووناسان لە ڕیزی پاتشایانیان نووسیون.

ج- بەشی دووەم: ئەو فەرمانڕەوایانەی زۆر بەسەربەستی ژیاون و زۆریان، زۆر جار خودبەیان بە ناوەوە خوێندراوەتەوە و بەروپشتی دراویان وێنەی خۆیانی لێ دراوە.

د- بەشی سێیەم: باسی میرانی بدلیس، کە باوباپیرانی نووسیارن.

لە پاشکۆدا بە درێژی شەرحی حاڵی نووسیار «شەرەفخان» نووسراوە. هەرچی بەرگی دووەمی «شەرەفنامە»یە، وەک پێشتر گوتمان، لەبارەی مێژووی سوڵتانەکانی ئالی عوسمان و شا ئێرانی و توورانییە هاوچەرخەکانیانەوە داندراوە.

ئیدی بەم ئاوایە، بدلیسی کاتێکی کە زۆر لە مێژبوو ئارەزووی بەدیهێنانی نووسینی مێژووی کوردستانی دەکرد، بەڵام نەیدەپەرژا، زۆری بەتاسەوە دەست پێ کرد. بدلیسی لە سەرەتاوە چەند ڕووپەڕێ، لەسەر پەسنی خوا و پێغەمبەر و بایەخی قورئان دەڕوا. ئەوجا لە سوودی مێژوو و مێژووناسی و ئاشقە مێژووناسی دەدوێ و دەڵێ: «لەبەرئەوەی تا ئێستا لەمەڕ فەرمانڕەوایانی کوردستان و سەربهورد و حاڵوباڵیان لەلایەن مێژووناسانەوە بە کتێب نەنووسراوە، وام بە بیردا هات بە ئەندازەی وزە و توانی خۆم ئەوەندەی بۆم لوا لە باس و خواسی گەورە پیاوان و خاوەن ناوان و سەرداران و خونکارانی کورد و کوردستان کۆ بکەمەوە و ئەوەی لە مێژووی عەجەماندا خۆم دیتوومە و ئەوی لە پیاوە پیرە ژیرەکانم ڕاست و بێ درۆ بیستووە و ناوی لێ بنێم: «شەرەفنامە» (٧٦، ٨، ٩٧، ٩).

نووسیار ئەو خوێندن و پەروەردەکرانەی لەو هەلومەرجەدا بۆی ڕەخساوە و لە قــووڵەوە و زۆر بـە بەربڵاوی و داوێن شـــۆڕییــەوە لەگــەڵ ڕووداوەکــانی سـەردەمی خـۆیدا ئاشنایەتی و سـەروساخت پەیداکردنـی وای لێ کردووە بۆ ناچاری فێری مێژووی لەبیرکراوی نەتەوەکەی ببێ، هەر لەبەر ئەوە، بدلیسی کە هاتووەتـە سەر بابەت هەڵوژێرتن، مێژووی نەتەوەکەی خۆی، زۆریشی هەق بووە، لە ســەرووی هەمـوو مـێـژوویەکـەوە گـرتووە و زۆری بە دڵگەرمـیـیـەوە نووسیوە.

ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زەرنۆڤ دەڵێ: «ئەم ئەرکەی بدلیسی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، هەر کەسێکی دیکە کردبای، نەک هەرکارێکی زۆر سەخت و دژوار دەبوو، بگرە لە کردنیش نەدەهات» (٧٦ ، ١١).

بدلیسی بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە»ی لە تەرزی ساڵنامەدا نووسیوە و پڕ بـە ٣١٩ ســاڵی ڕووداو (١٢٨٧ – ١٥٩٦) بـەکــورتـی نووســیــوە، بەڵام لـە ڕوونکردنەوەی هێندێ ڕووداواندا دیاردیی بۆ سەردەمانی کۆنتر کردووە.

نووسیار بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە»ی کە هەمووی لە بارەی کوردستانەوە زۆر بەداوێنتـر و پەرۆشـێکی تایبـەتیـیـەوە نووسـیـوە. هـەر وەک فـرێچ دەڵێ: «نووسیاری «شەرەفنامە»، شەرەفخانی لە خانەدانی نەتەوەی کورد هەڵکەوتوو ئاگــای لە هەمــوو داب و نەریتــێکی کـورد و بیـر و بڕوا و ئـەفـســانـەی ناو کـوردەواری بوو» (٩٧ ، ٢٢٠). بەم قـسـانـەی پرۆفـیـسـۆری ئەڵمـانی لەمــەڕ نووسـیـاری «شــەرەفنامــە» دڵمـان ئاو دەخـواتەوە، بەڵام بەکـارهێنانی وشــەی نەتەوە لە سـەردەمی شەرەفخاندا جێی خۆی نییە، چونکە لە کاتێکدا هێشتا کۆمەڵێ بۆرجوا نەهاتبێتە گۆڕێ، قسە لە نەتەوە بێهوودەیە (بیری نەتەوایەتی لە سەروبەندی دامەزراندنی هۆز و تیرە و ئاژەڵ بەخێوکردنەوە دەستی پێ کردووە. لەو سـەردەمـەدا، زمـانی نەتەوە، داب و نـەریت، ئەدەبیاتی فـۆلکلۆری و... هتد هەن – وەرگێڕ). نووسیار لەو سەردەمەدا کە دەستی بە نووسینی مێژووی کورد کردووە، لە باری ئابووری و سیاسییەوە، هەر بەتەواوەتی بە سـوڵتـانەکانـی عوسمانییەوە بەسترابوو، فرێچ دەڵێ: «نووسینی کتێبەکەی

شـەرەفخـانی بدلیسـی میلیۆنێک و چوار سەت هەزار ئاقچەی پارە تێ چووە» (٩٧، ٣٦٨).

لەم جۆرە ڕاسـتییـانە جارێکی تر بـەدیار دەکەوێ کە بدلیسی کتێبـەکەی لەپێشدا بەخوایشـتی سولّتـان موڕادی سێیـەم و پاشان بەخـوایشـتی سـولّتان مـوحـەمـەدی سێیـەم نووسـیوە، بەڵام هـەرچی شـاکیـر خەسـباکە دەڵێ، گوایە شـەرەفـخـان «شــەرەفنامـە»ی بەپێی داخـوازیی شـاعـەباسـی دووەم نووسـیـوە (٨٠ ، ١٥) ئەمـە هـەرگـیـز ڕاست نییـە، چونکە شـەرەفـخـانی بدلیـسی نەک تا سـەردەمی شـاعـەباسی دووەم، بەڵکو تا سـەرەتاکـانی سـەردەمی شـایـەتیی شاعەباسی یەکەم ژیاوە، لەم سەردەمەدا شەرەفخـان لەبەرئەوەی کە لە هـەموو سـەرێکەوە، سـەر بە سـولّتـانەکـانی عـوسـمـانی بـووە، لە هـەردوو بـەرگی کتێبەکەیدا، بە ڕاشکاوی داکۆکیی لە سەنگەری عوسمانییان کردووە.

ڕۆژهـەڵات شـناسی سـۆڤـێت، (ی. پ. پێـتـرۆشـێـڤـسکی)یش ئـەم باری لایەنگرییـەی لە عـوسـمـانییـان لە کـتـێـبـەکـەیدا نووسـیـوە (٢٤ ، ٣١). ئەم هـەڵوێستـەی شـەرەفـخـانی بدلیـسی وای کـردووە کە برێ ڕووداوی مـێـژوو، چونکە لـەگـەڵ بەرژەوەندی بنەمـاڵەی عـوسـمـانیـیـاندا گـونجـاون، لە «شـەرەفنامـە»دا بە هەڵە و ناواقیعی ڕوون کرێنەوە. بە نموونە خۆی لەوە نەبان کردووە کە لە ئاکامی سیاسەتی داگیرکاریی سولّتان سەلیمی یەکەم و هەڵپە و ئەمبەر و ئـەوبەری مەولانا ئیدریسی بدلیسی برێ لە میرنشینـەکانی کورد چۆن ڕەگـەڵ فـەرمـانڕەوایی عـوسـمـانی کـەوتوون. هـەروەها خـۆی لەوەش بوواردووە کە دەوڵەتی عوسمانی چۆن لەو شـەڕوشۆڕ و سەفـەربەرانەدا کە بۆ داگیرکردنی ئەوروپا و ئاسیا و ئافریقایان هـەڵگیرساندووە، سوودێکی زۆریان لەو مـیـرنشـینانەی کـوردسـتـان، کـە خـەڵکەکـەیان سـەرلـەبەری کـورد بوون وەرگرتووە (١٣٢، ١٢٠٦، ٥٥، ٩ - ٣٢).

تەنانـەت «شـەرەفنامـە» خـۆی لەوەش بواردووە کـە لە سـاڵـی ١٥١٤دا واتە نەخـتێ پێش شـەڕی چاڵدێران، چۆن بە فـەرمـانی سـولّتـان سـەلیـمی یەکـەم نزیکەی چل هـەزار شیـعەی وڵاتی عوسمـانی، بە دەستەجەمـعی کوژراون (٨٣،

٣٤٥، ٣٤٦).

شەرەفخان ئەم ڕاستییانەی لە «شەرەفنامە»دا نووسیبا، دیارە هەڵوێستی سیاسیی ئاشکرا دەبوو، ئەمەیش کارێ بوو نەدەکرا بیکا.

شان بەشانی شتی وا تاق و جووت و لێک ناساز کە لە «شەرەفنامە»دا نووسراون، هەندێ جار لە گێڕانەوەی ڕووداوی مێژووییەنەی دیاریدا تووشی بیروڕا و ژمارەی تاق و جووت و لێک ناجۆر دێین. بەنموونە نووسیار باسی لە ئازەربایجانەوە بۆ بدلیس چوونی لە لاپەڕە ٣٥١ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا بەم جۆرە نووسیوە: «لە سای هەوڵ و کۆششی خوسرەو پاشاوە بەخۆم و هەزار کەسەوە بۆ وڵاتی ئیسلام – بۆ زید و نیشتمانی باب و باپیرانمان پەڕینەوە». دیسان لە لاپەڕە ٤٥٤ی هەر ئەم بەرگەدا دەڵێ: «لە ٣ی مانگی شەشەلانی ساڵی ٩٨٤ی کۆچیدا لەگەڵ ٤٠٠ کەسدا، ٢٠٠ کەسیان لە هۆزی ڕۆژەکی بوون، لە نەخچەوانەوە بەرەو بدلیس بەڕێ کەوتین».

ئیدی بەم جۆرە نووسیاری شتی تاق و جووت و ناڕێک دەڵێ و ئەو کەسانەی لەم ڕووداوەدا لەگەڵیدا بوون هەر جارەی بە جۆرێ نووسیون (٢٥).

ئاشکرایە نووسەر لە ئازەربایجانەوە بەرەو بدلیس چوونی بە بەرەو وڵاتی ئیسلام چوون لە قەڵەم داوە، ئەمە هەڵوێستی لە ئاست کێشەی سوننە و شیعە کە لەو سەردەمەدا مەسەلەیێکی زۆر ناسک بووە، بە دیاردەخا و تەنیا سەرزەمینی پەیڕەو و دەستدای مەزەبی سوننی بە پیرۆز دەزانێ. بە پێی ئەمە و برێ ڕاستیی دیکە ناتوانرێ بدلیسی بە مێژوونووسێ بزاندرێ لە نێوان مەزەبی سوننە و شیعەدا بێ لایەن وەستابێ.

شەرەفخانی بدلیسیش وەک حەسەن بەگی ڕوملوو و گونابادی و عەبدولفەتاحی فومەینی و ئیسکەندەر بەگی مونشی و هاوچەرخەکانی دیکەی، ئەو جەماوەرانەی لە سیاسەتی ئاغا و دەرەبەگی زۆردار ڕاپەڕیون بە «تالانکەر» و «یاخی» ناوبردوون.

ئێمە لەبەرئەوەی، نەک بەشیکردنەوەی، بەڵکو بە وردکردنەوەی

«شـەرەفنامـە»ەوە خـەریکین لـەبارەی کـەمـوکـوورِییـەکـانیـیـەوە نادوێین. ڤ. ڤیلیامینۆڤ گوتەنی «شەرەفنامە» لە چاو سەرچاوەکانی سەدەی ناوین زۆر ڕەوان و بەسەروبەر نووسراوە.

شـەرەفـخـانی بدلیسی بەرگی یەکـەمی کـتێبـەکـەی بەم ئاوایە دوایی پێ هێناوە:

زۆر سوپاس بۆ خوا کە بەپێی خوایشتی لەگەڵ کردم
خامەم لە سەرچاوەی زانست بەخوێندەواری پاراو کرد
چیـرِۆکی فـەرمـانرِەوایانی کـوردسـتـان تەواو بوو
لەمـــە زێتـــر چی دیکە ناڵێم، وەســـەلام
(٧٦، ٤٥٩)

مێـژووناسی کـوردی سـەدەی ١٦هـەم، شـەرەفـخـانی بدلیسی پیاوێکی مەعاریفپەروەریش بوو. بۆ پەرەپێدان و خەملاندنی ڕۆشنبیری تێ کۆشاوە و لە شاری بدلیس پێنج قوتابخانەی بنیات ناوە (٧٦، ٣٤٨). ئەم قوتابخانانە لە ساڵی ١٥٩٠دا تەواو بوون و سوودیان لێ وەرگیراوە.

بدلیسی بۆ بەرەی دوارِۆژ کتێبخانەیێکی دەوڵەمەندیشی بەیادگار بەجێ هێشتووە، بەلام ئەم کتێبخانەیە لە سەروبەندی ئەبداڵ خانی نەوەی، میری بدلیس (١٦٥٦ - ١٦٦٦)دا، کە لەلایەن فـەرمانرِەوای وانێ، مەلیک ئەحمەد پاشماوە، تالان کراوە و لەگەڵ شمەکی ناومالدا بۆ تورکیا براوە (٤٨، ٢١٩، ٨٩، ٥٠). ئیتر بەمە داب و نەریتی زانستپەروەری و ئاشقە ڕۆشنبیریی شـەرەفـخـانی بدلیسی لەلایەن داگیرکـەری بیانییەوە چۆری لێ برا، بەلام «شـەرەفنامە»، ئەو شاکارە چەند نەمرە نووسیارەکەیشی هەر بەو ئەندازەیە بەنەمری دەپارێزێ.

# ئەو سەرچاوانەی شەرەفخانی بدلیسی
# لە «شەرەفنامە»دا کەڵکی لێ وەرگرتوون

شـەرەفخـانی بدلیـسی لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا، کە بۆ مێژووی کورد و کـوردسـتـانی تەرخـان کـردووە، ئەو ڕووداوانەی لە سـاڵانی ١٢٨٧ – ١٥٩٨دا ڕوویان داوە بەکـورتی ڕوون کـردوونەوە. نووسـیـار سـەرنجی بنەڕەتی لە ڕووداوە گرینگەکانی سەدەکانی ١٥ – ١٦هەم گرتووە. چونکە ئەو گۆڕانانەی لەم سەروبەندەدا لە ئێران و ئاسیای بچووک (تورکیا) هاتبوونە گۆڕێ ژیانی ئابووری – کۆمەڵەکی و سیاسیی نەتەوەی کوردی دراوسێکانی هەڵنەدەبوارد و نەدەکـرا کـوردی لێ دەوورەپەرێز بووەستێ. ئەوەتا، بدلیـسی لـە نووسـینی کتێبەکەیدا هەرچی سەروکاری بە مێژووی کوردستانەوە هەبووە: لە مێژووی وڵاتانی دراوسێی وەک ئازەربایجان و ئێران و ئاسیای بچووک و عەرەبستان کەڵکی وەرگرتووە. نووسەر ئەو ڕاستییانەی بۆ مێژووی کوردستان پێویست بووە، تەنیا لـە سـەرچـاوەکـانی مێـژووی ئەو وڵاتانـەوە فێـر دەبوو. هـەر لەبەر ئەوەیشە ئەو ڕووداوە مێژووییانەی ئەو وڵاتانە کە بۆ مێژووناسیی کوردستان لەبار و بەبایەخن لە «شەرەفنامە»دا بە کورتی ڕوون کراونەوە.

یەکەم سەرچاوە کە بدلیسی کەڵکی لێ وەرگرتووە کتێبی «روضة الصفا»ی میرخوندە. شەرەفخانی بدلیسی ئەو باسەی لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا لەبارەی بایەخی زانسـتی مـێـژووەوە نووسـراوە، لە سـەرەتـای کـتـێـبـەکـەی خـۆیدا نووسـیـوەتەوە و ئەوەی دەربڕیوە چەندی حـەز لە زانـسـتی مـێـژووە و تا چ ئەندازەیێکی لە دوو عەوداڵە (٧٦، ٥، ١٢١، ٧).

بدلیسی لە پێشەکیی «شەرەفنامە»دا لەمەڕ ڕەگ و ڕەچەڵەک ڕوونکردنەوەی نەتەوەی کورد و یەکەم زێد و سەرزەمینی ژیانیان ئەو شیعرەی «شانامە»ی فیردەوسی بە بنەڕەت دێنێتەوە کە لەمەڕ پاتشایەتیی زوحاکی گرتووە (٤٢، ٩، ٧٦، ١٢).

نووسیار پشت بە کتێبی «تاج التواریخ»ی مەولانا تاجوددینی کوردی (بە خەیرەدین ناووبانگی ڕۆیشتووە) دەڵێ، فەرهاد لە کوردی کەڵهوڕە، هەروەها پشت بەمەولانا سەعدەدین[١٢] کە لە کتێبی «ڕووداوەکانی ئالی عوسمان»دا گوتوویە، گەلی کوردی بەگەلێکی گوێڕایەڵ لە قەڵەم نەداوە، دەڵێ، نەتەوەیێکی سەرڕەقن. هەر ئەم کتێبە مێژووی عوسمانییەکانی تا سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم نووسیوە (١٠٣، ٢١١).

بدلیسی لەمەڕ ڕوونکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەی ناوی (لوڕ کەڵکی لە «زبدة التواریخ»ی[١٣] (حافظ ابرو) وەک سەرچاوەیێک وەرگرتووە.

هەروەها پشت بەکتێبی مێژووی «یافیعی»[١٤] ئیبن خەلدوون دەڵێ، خەزنەکەی ئیسماعیلییە لە ساڵی ١١٧١دا لەلایەن سەلاحەدینی ئەیووبییەوە براوە و بڕێ زانیاریی دیکەیشی نووسیوە (٧٦، ٧١ – ٧٣). بدلیسی لە کتێبی «مرآة الجنان»[١٥]دا لەمەڕ تێکچوونی شاری عەشقەلان و باری نالەباری خەڵکەکەی لە زەمانی مەلیک ئەفزەلدا کە لە سەردەمی سەلاحەدیندا حوکمداری دیمەشق بووە، نووسیوە. شەرەفخانی بدلیسی لە باسی جوغرافیای کوردستاندا سوودی لە کتێبەکەی حەمدوڵڵا موستەوفی، کە لە ساڵی ١٣٣٠دا دای ناوە، وەرگرتووە[١٦] و هەر ئەم کتێبە یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە شەرەفخان لە هەمووانی پتر کەڵک لێ وەرگرتووە. خۆ کە دێتە سەر باسی چەندوچۆنی خەرج و باج سەندن لە میرنشینەکانی کوردستان لە سەروبەندی جەنگیزخاندا، ئەوە هەر هەمووی لەم کتێبەوە ڕاگوێزتووە (٦٣، ١١٧، ١٢٩، ٣٥٣ – ٣٥٦)

نووسیاری «شەرەفنامە» ڕاستیی کوژرانی سوڵتان جەلالودینی خوارەزمیی لە کتێبی «اقبالیە»ی شێخ روکنەدینی عەلائودەولەی سەمنانی و لە کتێبی «تاریخ گزیدە»ی حەمدوڵڵای قەزوینی و لە کتێبی «تذکرة الشعرا»ی دەوڵەتشای سەمەرقەندی وەرگرتووە. بدلیسی لە یاداشتکردنی هاتنی جەلالودینی خوارەزم شادا بۆ بدلیس و ویلایەتەکانی دیکەی کوردستان هەر لەم کتێبە سوودی وەرگرتووە (٦٦، ١٤٩ – ١٦٣، ٧٦، ٣٥٢ – ٣٦٨).

شەرەفخانی بدلیسی لە باس و خواسی بدلیسدا نۆڕیویەتییە (القاموس)ی فەیروزابادی و نووسیویە: «بدلیس بەشوێنی ئاووهەوا خۆش و سازگار دەگوترێ» (١١١، ٢١٤، ٧٦، ٣٣٥ ).

نووسیاری «شەرەفنامە» هەر لەم بەشەدا باسی بڕێ پیاوی زانا دەکا کە لە ویلایەتی بدلیسدا هەڵکەوتوون. هەروەها پێوە دەچێ و قسە لە «نفحات الانس»یش وەک سەرچاوەیێک دەرانێ و دەڵێ ئەم کتێبە عەبدوڕەحمانی جامی دایناوە (٦٧، ٣٤٥). بەڵام هەرچی کاتب چەلەبییە دەڵێ دانەری ئەم کتێبە نەک عەبدوڕەحمانی جامی، بەڵکو ئەبو تاهیری کوردییە (١٠٣، ١٥). بەلای ئێمەوە بدلیسی کەڵکی لە «نفخات الانس»ی مەولانا عەبدوڕەحمانی جامیش و «نفحات»ی ئەبو تاهیری کوردیش وەرگرتووە[١٧]، بەڵام ئەو بۆ خۆی ئەمەی نەگوتووە. دانەر باسی داگیرکردنی کوردستانی لەلایەن ئەمیر تەیموورەوە لە ساڵی ١٣٩٣دا هەروەک ئەم سەرچاوانە نیشان داوە کە لە سەدەی ١٥هەمدا نووسراوە. بەڵام لە نێو ئەو هەموو سەرچاوانەدا، تەنیا هەر ناوی «مظفرنامە» دێنێ (٧٧، ٦٨٧، ٧٦، ١٢٠). بدلیسی باسی هاتنی شاڕۆخ میرزا (کوڕی ئەمیر تەیموور) بۆ کوردستان و ژێردەستکردنی بڕێ لە میرنشینەکانی کوردستانیدا هەروەک سەرچاوەکانی دیکەی سەدەی ١٥هەم پیشان داوە. بەڵام لە نێو ئەم سەرچاوانەدا تەنیا هەر «مطلع السعدین» و (١٠٨، ٤٤٩ – ٤٥٠، ٧٦، ٣٧٨) و «مجمع البحرین»ی بەسەرچاوەی کەڵک لێ وەرگیراوی خۆی داناوە.

لە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەدا، ئەو ڕووداوانەی بدلیسی ڕوونی کردوونەوە لەگەڵ بڕێ لە سەرچاوەکانی سەردەمی خۆیاندا بەراوردکران. گەلێ لە ڕووداوەکان لە ناوەڕۆکدا لێک دەچن، یا دەقاودەق وەک یەک نووسراون.

بەم ڕەنگە دەتوانین بڵێین، نووسیار لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوە مێژوویینەکاندا بەپێی بەڵگە و سەرچاوە ڕێگەی لە قسە هەڵگێڕانەوە و ڕاستی ئاوەژووکردن گرتووە و ئەویش وەک هەموو نووسیارانی سەدەی ناوین سەرتۆپی ڕووداوەکانی دەقاودەق ڕاگوێزتوون و دووپاتەی کردوونەوە. بدلیسی

کـە لە بەرگی دووەمـی کـتـێـبـەکـەیدا دێتـە سـەر نووسـینی دێرۆکی بەرەی عـوسـمـان، سـوودی لە کتێبی «تاریخ جـهان آرا»ی قـازی ئەحـمەدی غـەفـاریی قەزوێنی وەرگرتووە. نەک هـەر ئەمە بگرە مێژووی ئەو فەرمانڕەوا کوردانەی بە سـەر لوڕسـتـان ڕادەگـەیشـتن هـەر پشت بە کتێبی «تاریخ جـهان آرا» لە بەرگی یەکـەمی «شـەرەفنامـە»دا نووسـیـوە (١٨) (٧٦، ٢٠ – ٢٥، ١٠٠، ١٦٧)، بەڵام ناوی نـەهـێنـاوە و نەیگوتووە کـەڵکم لـێ وەرگـرتـووە، بدلیـسی لە نـووسـیـنی مـێژووی بەرەی عـوسـمـاندا، دەڵێ یەکەم شـارێکی بەرەی عـوسـمـانی لێ ژیاون، شاری مـەرووە. شـەرەفـخـان لەمـەڕ تاوان و کوشت و کـوشـتـارێکی مەغـوولەکان لەم شـــارەیان کـردووە، بـەدوورودرێژیی نـووسـیـوە و لـەم بارەیەوە دەڵـێ، ئەم ڕاستییانەم لە کتێبی «حبیب السیر»ی خوندەمیر ڕاگوێزتوون.

شـەرەفـخـان لە نووسینی هـەردوو بەرگی کتێبی «شـەرەفنامـە»دا، نەک کەڵکی هـەر لە سـەرچاوەکانی مێژوو وەرگرتووە، بگرە سوودی لە هونەری ئەدەبیاتیش وەرگرتـووە. بدلیسی کە لە تاوان و کوشـتاری بێ بەزەی قڕانی خەڵکی شـاری مەرو بەدەست مەغوولان، دەدوێ ئەم چوارینەیەی عومـەری خەییام دێنێتەوە:

سـەرخـۆش دڵی نایە پیاڵەیەک بشـکێنـێ
هـەر تۆزێ لـە بار و ڕێک و پێک بنـوێنـێ
خـوا ئەو هـەمـوو لاشـە ناسک و لاوچاکە
بۆ چ ڕێک ئەخـا لە داخی کێی ئەڕزێنـێ؟
(تەرجەمەی هـەژارە – وەرگێڕ) (٨٧، ١٠، ٧٨، ٧)

بدلیسی لێرەدا کوشتاری خـەڵکی شاری مەرووی لەلایەن مەغوولەکانەوە لە نیگای مـێـژووناسـێکی مـرۆدۆسـتـەوە لە قـەڵەم داوە. نووسـیـار سـوودی لە برێ دیوانی بەناووبانگی وەک «شـانامە»ی فیـردەوسی و «دیوانی» حـافزی شـیرازی و «خردنامە»ی شـاعیری تاجێکی(١٩) عەبدوڕەحمانی جامی و چەند ئەدیبێکی دیکە وەرگرتووە و کتێبەکەی لە ڕووی ناوەڕۆکیش و هونەریشـەوە پێ ئارایشت داون و دەوڵەمەند کردووە.

بدلیسی وێڕای ئەوە کە، سەرچاوەیێکی سوودی لێ وەرگرتووە، ناوی نووسیارەکەی دەهێنێ، کەچی ناوی کتێبەکەی ناهێنێ یا ناوی کتێبەکەی دەهێنێ، بەڵام ناوی نووسیارەکە ناهێنێ. لە کاتی لێکۆڵینەوەیدا هێندێ لەمانە دەسنیشان کراون و خراونە سەر باری خۆیان، وێڕای ئەمە لە کاری لێکۆڵینەوەکەماندا ئەوەیش ڕوون کرایەوە کە، تەیمووری لەنگ لە ساڵی ١٣٩٣دا لە شوێنێکدا کە (جەملیک)ی[٢٠] پێ دەڵێن (لە ماردینەوە نزیکە) باروبنەی لەشکری خستووە و هێندێ لە میرانی کوردستان بەوپەڕی تەنتەنە و سەنسەنە و هەیت و هووتەوە بۆ دیدار و چاو وێکەوتنی چوون و تەیمووری لەنگیش بەوپەڕی دڵگەرمییەوە پێشوازیی لێ کردوون. بڕێ لە ڕووداوەکانی ئەو سەروبەندانە لە سەرچاوەکانی سەدەی ١٥هەم، لە «ظفرنامە»ی شەرەفەدین عەلی یەزدی و «ظفرنامە»ی نیزامەدین شامی (٧٧، ٣٧٢، ٣٧٣، ١٢٦، ١٤٩ – ١٥٠) و (روضة الصفا)ی میرخوندندا چۆن چۆنی نووسراون لە «شەرەفنامە»ی بدلیسیشدا (١١٢، ٣٥) دەقاودەق بەو ناوەڕۆکەوە نووسراون. بەنموونە، ئەمیر تەیموور هەر لەو لەشکرگایەوە دیارییەکی بۆ خێزانەکەی کە لە سوڵتانییە بووە، ناردووە، لە ڕێگا پیاوێکی شێخ ناو دیارییەکەی لێ ساندووە. ئەم ڕووداوە لە سەرچاوەکانی ئەو سەردەمەش و «شەرەفنامە»شدا دەقاودەق وەک یەک نووسراوە. بەڵام ئەوەندە هەیە، شەرەفخان دەڵێ، ئەم شێخە کوردێ بووە لە هۆزی بەختی. بەلای ئێمەوە ئەمە ڕاست نییە. چونکە هۆزی بەختی و هۆزی ڕۆژەکی، کە شەرەفخانی بدلیسی خۆی لەمانە، نێوانیان زۆر ناخۆش بووە و هەمیشە لە کێشە و هەرادا بوون و نووسیار هەم لەم گۆشەنیگایەوە ئەو پیاوەی بە یەکێ لە هۆزی بەختییان لە قەڵەم داوە.

ئەو سەرچاوانەی، بدلیسی کەڵکی لێ وەرگرتوون، تەنیا سەرچاوەکانی سەدەکانی «١٣– ١٥» هەمن. بدلیسی زۆری لە ڕووداوەکانی سەدەی ١٦هەمی بەچاوی خۆی دیتووە و وەک خۆی دەڵێ «لە پیرانی ڕاستگۆ و جێی بڕوای وەرگرتوون» (٧٦، ٨)، لەبەر ئەوە، بدلیسی لە ناو ئەو هەموو سەرچاوانەی سەدەی ١٦هەمدا تەنیا ناوی «تاریخ جهان آرا»ی نووسیوە.

سـەدەی ١٦هەم بایەخـێکی تایبـەتی لە مـیـژووی نەتەوەی کـورددا هـەیە. چونکە هەر لە سـەرەتایەکـانی ئەم سـەدەیەوە بگرە، برێ لە مـیـرنشـینـانی سـەربەخـۆی کـورددان بەهۆی چوونە ژێر باڵی دەوڵەتی عـوسـمـانیـیـەوە، سەربەخۆییی خـۆیان لەدەست داوە و بوون بە پاشکۆی عوسـمانییەکان. بە داخـەوە، هـێندێ لەو گـۆڕانانەی لەو سـەردەمـەدا بەدەسـتی سـوڵتـانەکـانی عـوسـمـانـی هاتوونە گـۆڕێ، لە «شـەرەفنامـە»دا پڕ بـە پێـویسـتی خـۆیان بەر تیشک نەخراون.

خـۆلاسـە، بدلیسی بۆ نووسـینی «شـەرەفنامـە» کەڵکی لە برێ سـەرچاوەی مێژوو وەرگرتووە و هەر ئەو سەرچاوانەی لە کتێبەکەیدا بەدەنگ هێناوەتەوە و ئەمەشی لەخۆدا بۆ کاری وردکردنەوە و لێکۆڵینەوە زۆر لەبار و بەسوودە.

بدلیسی ئەو زانیارییانەی لەبارەی مێژووی ئازەربایجان و ئێرانی سەدەی ١٦هـەمـەوەی نووسـیون زۆر بەرچاون. چونکە ئەم زانیارییانەی لەم ڕووداوانە وەرگـرتووە کە بەچاوی خۆی دیتوونی. زانیـارییـەکی بدلیسی پشت بە برێ سەرچاوەکانی پێشینان نووسیونی، نووسیارانی ڕابردوو چۆنیان نووسیون ئەمیش هەر بەو ئاوایەی دەقاودەق ڕاگوێزتوون و دووپاتەی کردوونەوە، لەبەر ئەوە، دەشـێن بەر ڕەخنەکـاری بدرێن. چونکە بدلیـسی، لەو ڕوانگەیەوە کـە مێژووناسـە، کاتێ سوودی لە سەرچاوە پێشینەکانی خۆی وەرگرتووە، دەبوو کەموکووڕییەکانیانی دەستنیشان کردبان و بەتێبینیی خۆی لە شەن و کەوی دابان و ساخی کردبانەوە. ئەم جۆرە کەموکووڕییە، نەک هەر لە بدلیسی، لە سـەرلەبەری مـێـژووناسـانی سـەدەی ناوینیش قـەومـاوە. لەبـەر ئەمـە، ئەم کەموکوورتییانەی لە کتێبی "شەرەفنامە"دا بەرچاو دەکەون، چ پێویست بەوە ناکا و ناهێنێ، لەسەری هەڵدەینێ.

## ئەو مێژوونووسانەی لە مێژووناسیدا
## کەڵکیان لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە

بەپێی ئەو وردەکاری و لێکۆڵینەوانەی کردوومانن و بەش بەحاڵی ئەو سەرچاوە و بەڵگانەی سوودمان لێ بینیون بە دیاردەکەوێ کە مێژوونووسانی دوای شەرەفخانی بدلیسی لە بارەی مێژووی کورد و کوردستانەوە، لە سەدەی ١٥- ١٦هەمدا، سوودێکی زۆریان لە "شەرەفنامە" کە سەرچاوەیێکی دەوڵەمەندە، لەچاو سەرچاوەکانی دیکە، وەرگرتووە. بەڵام بەداخەوە ئەم مێژوونووسانە زۆر لە تەنکاوەوە خۆیان لە قەرەی مێژووی نەتەوەی کورد داوە. هۆی ئەمەیش ئەوەیە، چونکە کوردەکان لە ناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەنددا، لە دژ سیاسەتی داگیرکارانەی سوڵتانەکانی عوسمانی و شایەکانی ئێران لە هەموان سەرسەختتر و کۆڵنەدەرتر بوون، ئەو مێژوونووسانەی لە سەدەی ناویندا، مێژووی سیاسەتی داگیرکارانەی سوڵتانەکان و شاکانیان نووسیوە و بە گێز و گوڵینگەوەیان بەتان و ڕایەڵدا چوون، مێژووی نەتەوەی کورد نەیبزاوتوون و هێندەی بەپەرۆشەوە نەبوون. دەتوانرێ بگوترێ، تا پێش "شەرەفنامە" هیچ کتێبێکی تر لە بارەی مێژووی نەتەوەی کوردەوە بەدەستەوە نییە و مێژوونووسانی ئەو سەروبەندە وازیان لە نوسینی کتێبێکی وا نەبووە و ئارەزووی کارێکی وایان دەرنەبڕیووە، لەبەر ئەمە بۆ لە مێژووی کورد کۆڵینەوە، دەبوو، ناچار پەنا وەبەر ئەو سەرچاوە و بەڵگانە ببردرێ کە بە زمانی عەرەبی و فارسی و ئازەربایجانی و تورکی بە پەراگەندەیی شتێکیان لەسەر مێژووی کورد و کوردستان تێدا نووسراوە (٩٧، ٨٤)

"شەرەفنامە" بۆ بەتایبەت و بەجیاوازی فێربوونی مێژووی کورد، بەدەست ئەوانەوەی لەم دواییانەدا لێی دەکۆڵنەوە، وەک سەرچاوەیێکی بەسوود زۆر بەنرخە. ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار نووسیاری بەناوبانگی تورک، کاتب چەلەبی

(١٥٩١– ١٦٥٦) له كـتـێـبـەكـەیدا بەناوی «تاریخ مـیـر شـرف خـان البدلیسی»ەوەی نووسیوە.

کـاتب چەلەبی کتـێـبی "شـەرەفنامـە"ی بە دوو بەرگ نیـشـان داوە ، دەڵێ، «یەکێکیان هەر لە فەرمانڕەوایانی کورد دەدوێ و دووەمیان کۆواری خەبەرات و هەواڵانن» (١٠٥ – ٢٣٤).

کـاتب چەلەبی بۆ دانانی کـتـێـبی «جـهـاننمـا»کـەی کـە چل سـاڵ دوای «شـەرەفنامە»، واتە، لە ساڵی ١٦٣٥دای نووسیوە پتری سوود لە «شـەرەفنامە» وەرگرتووە (١٠١، ٤١٠ – ٤٣٠).

بەمەدا زۆر بەدیار دەکەوێ کە، کاتب چەلەبی لەناو نووسـیارانی ڕۆژهەڵاتدا یەکەم نووسیارە سوودی لە «شـەرەفنامە» وەرگرتووە.

نووسـیارێکی دیکە کە کەڵکی لە «شـەرەفنامـە» وەرگرتووە، جیـهان گـەڕی تورک ئەولیا چەلەبیی هاوچەرخی کاتب چەلەبییە، ئەم نووسیارە کە دێتە سەر باسی مـێـژووی ڕۆنانی شـاری تفلیس، دەڵێ: «بەپێی قـسـەی خـاوەنی «شـەرەفنامە» کـە یەکێکە لە مێژوونووسانی ئێران زەمین، ئەم شارە (تفلیس) لەلایەن خەزنەداری ئەسکەندەری زولقەرنەینەوە بەدروستکردن دراوە و شاری بدلیسی ئەیالەتی وانیش هەر ئەو بە دروستکردنی داوە» (٤٨٠، ٣١٥).

بدلیسی نووسـیویە، بەپێی نەقڵی ڕاست و دروست بدلیسی ناوی یەکێ لە خـولامـانی ئیـسکەندەرە. قـەڵاکـەی بدلیـسـیش و ویلایەتەکـەی بدلیـسـیش هەردووکیان هەر ئەو دروستی کردوون (٧٦، ٣٣٥).

پاشـانـەکێ ئەولیا چەلەبی لە زۆر شـوێنی کـتێبـەکەیدا ڕاسـتـیـیـەکـانی لە «شـەرەفنامە» وەرگرتـووە و نووسیویشیە کە وەک سەرچاوەیێکی مێژوو کەڵکی لێ وەرگرتووە، لەپاش ئەم دوو نووسیارەی ڕۆژهەڵات، واتە، لە ساڵی ١٦٦٩دا، نووسـیاری تورک، موحەمەد بەگ کوڕی ئەحمەد «شـەرەفنامـە»ی کردووە بە تورکی (١٣٣، ٧٠) ئیدی پاش ئەمـە، وا گـومـان دەبرێ کـە «شـەرەفنامـە» لە ڕۆژهەڵاتدا و سـەردەمـانێکی دوورودرێژ، وەک سـەرچاوەیێکی مێژوو سـوودی

لێ نەبیندراوە و بەبێ کەڵکی ماوەتەوە.

بەش بەحاڵی نووسیارانی ئەورووپایش لەوانی سوودیان لە «شەرەفنامە» وەرگرتبێ، لە سەرەتای سەدەی ١٧هەمەوە، وەک سەرچاوەیێکی مێژوو، سەرنجی بزواندوون و ئاوڕیان لێ داوەتەوە. لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ڕوون بۆوە کە لە ساڵانی ١٦٣٢ –١٦٦٨دا جیهانگەڕی فەڕەنسزی، ژان باتیست شەش جاری سەفەر بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند و نزیک کردووە. ئەم جیهانگەڕە فەڕەنسییە لەم گەشتەیدا کوردستان گەڕاوە و خۆی بەشەخسی چاوی بە ئەبداڵ خانی میری بدلیس کەوتووە.

ژان باتیست وەک خۆی نووسیویە، دیاریی پێشکێش کردووە و ئەبداڵ خانیش زۆری ڕێزلێ گرتووە (٧٤، ٣٨٢).

ژان باتیست لە کتێبی «گەشتنامە»کەیدا لەمەڕ ڕووداوێکی کە لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە، دەڵێ: «لە ئەیالەتی وان بازرگانێکی دارای دەوڵەمەند زێیەک، کە ماسیی زۆر دەبێ، لە پاشا بەکرێ دەگرێ و ڕاوکەری بۆ دێنێ ڕاوەماسی بکەن. دەڕوانن هەرچییەکی لێ ڕاودەکەن، مارە. ئیتر لەوساڵە بە پاشەوە زێیەکە جارێکی تر بە کرێ نادرێتەوە» (٧٤، ٢٨٣). هەرچی بدلیسییە لەمبارەیەوە دەڵێ، « لە مانگەکانی هاویندا، چونکە ئاوی زێیەکە کە زیادی دەکرد و ماسی لە گۆلەوە دەهاتنە ناو زێیەکەوە. خەڵکەکە بەخوایشتی خۆیان ماسییان لێ ڕاو دەکرد، لە زمانی مندا کاربەدەستانی دەوڵەت زێیەکەیان بەکرێ دەدا. بەڕێکەوت ئەو ساڵە ماسی لە گۆلەوە کەناراوی نەگرت... زێیەکەیش ئیتر بە کرێ نەدرا» (٧٦، ٣٣٥– ٣٥٦).

ژان باتیست، نەڕوانینە ئەو ڕووداوانەی کە لە کتێبەکەی بدلیسی خۆیشی و «شەرەفنانە»شدا لێک دەچن، لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەی خۆیدا ناوی کتێبەکەی ناهێنێ. چاوکەوتنی جیهانگەڕی فەڕەنسزی بە میری بدلیس و باس خواسی ڕووداوی ماسی هەر بەو ناوەڕۆکەوە، وەک ڤ. ڤیلیامینۆڤ زەرنۆڤ نووسیویە، مادامێکی دەستنووسی هەرە چاکی «شەرەفنامە» لە فەڕەنسایە (٧٦، ٢٢) ئەمە دەمانخاتە سەر ئەوە مەزەنەیە کە ژان باتیست

یەکەم ئەوروپاییییە، سوودی لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە و بۆ یەکەم جار دەسنووسەکەی بۆ فەرەنسا بردووە. تەنانەت تا بەراییییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ئینجا لە ئەوروپا دەربێلۆ لە وتارێکیدا کە بەسەردێری «تاریخ اکراد»ی نووسیوە لە «شەرەفنامە» دواوە.

ئەم نووسیارە بۆ نووسینی ئەم وتارەی، سوودی لە جەدوەلی بیبلیۆگرفیاکەی کاتب چەلەبی وەرگرتووە و تەرجەمەی هونەریی ئەوەی کاتب چەلەبی لە بارەی «شەرەفنامە»وەی نووسیوە، پێشکێش کردووە. ئیدی لەم سەردەمە بەدواوە لە ئەوروپا، کە دەسنووسەکانی «شەرەفنامە» وردە وردە بەدەست دەکەون، سەرنجی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی بە جیا خەریکی مێژووی کورد بوون، ڕادەکێشێ. ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزیی بەناووبانگ جۆن مالکۆلم لە ساڵی ١٨١٥دا کتێبی «مێژووی ئێران»ەکەی خۆی بڵاوکردەوە. ئەم ڕۆژهەڵاتناسە پشت بە «شەرەفنامە» کوردەکانی بە ئێرانی لەقەڵەم داوە (٩٧، ٨).

لە ساڵی ١٨٢٦دا بیری وەرگێڕانی «شەرەفنامە» کەوتبووە ناو ناوانەوە و سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکانی ڕادەکێشا، هەر لەو ساڵەدا ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی م. ڤۆلکۆڤ برێ زانیاریی لەمەڕ «شەرەفنامە» و نووسیارەکەی لەگەڵ وتارێکیدا، لە ژمارەی ٨ی کۆواری «ئاسیا»دا بڵاوکردەوە (١٢٣، ٢١٠).

ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زەرنۆڤ دەڵێ: «لەپاش ساڵی ١٨٢٦، ئینجا «شەرەفنامە» لە ئەوروپا بەهای زانستیی خۆی درایێ. ئەوەی گۆی ئەم شەرەفەیشی لەم مەیدانەدا بردەوە ڕووسیا و زاناکانی ڕووسیا بوون» (٧٦، ١٤).

لەو سەروبەندەدا پروفیسۆری ئامۆژگای زمانەکانی ڕۆژهەڵات لە پێتەربورگ ش. فرێن خولیای «شەرەفنامە» وەرگێڕانی کەوتە سەر. بەڵام نەخۆشیی ئەم زانایە بوو بە کۆسپ لە ڕێی بەجێ هێنانی کارێکی وادا (٧٦، ١٥).

له سـاڵی ١٨٥٦دا له پێتـەربورگ بەچاودێریی پێتـەر لێرخ کـتـێـبی لێکۆڵینەوەیێک لەمەڕ باووباپیرانی کوردەکان ئامادە کرا. بۆ دانانی ئەم کتێبە لە دەستنووسی «شەرەفنامە» وەک بەڵگە و سەرچاوە، سوود وەرگیراوە (٢٠، ٢٥).

شایانی یاداشتکردنە، لە دەسنووسە پەرش و بڵاوەکانی «شەرەفنامە» کەڵک وەرگرتن، وەک سەرچاوەیێکی مێژوو لە ناو لێکۆڵەوانی ڕۆژاوادا، سەبارەت بەمە هەرچی زووتر نووسینەوەی و ئامادەکردنی بایەخێکی زانستیی بەخۆیەوە گرت و ئیتر لەو ساوە مەسەلەی فێربوونی جوغرافیای کوردستان و مێژووی کوردستان و لە زمانی کورد کۆڵینەوە بوو بە مەسەلەیێکی هەرە پێویست و هەرە ڕاستەقانیی وا کە زانایانی ڕۆژهەلات و جیهانگەڕانی خستە کەڵکەڵە و پەرۆشەوە[٢١].

ئەم خواستەی زانست و سیاسەت لە پێش زانایانیدا قوتی کردەوە کارێکی وای کرد «شەرەفنامە» ببێ بە بابەتێکی جیاوازی لێکۆڵینەوە و هەرچی زووترە دەسنووسە پەرش و بڵاوەکانی کۆکرێنەوە و بکرێن بە کتێبێ. ئەم کارەیش ڕۆژهەلاتناسی بەناووبانگ و بەرچاو ڤ. ڤیلیامینۆڤ - زەرنۆڤ بەجێی هێنا. زەرنۆڤ لەم بارەیەوە دەڵێ: «من لەمەڕ مێژووی کورد لەو ڕێگایەوە تێ هەڵچووم زانست پێیدا دەڕوا. بڵاوکردنەوەی «شەرەفنامە»م بەکارێکی پێویست و زەروور زانی و دەستم پێ کرد» (٧٦، ٢٠).

ڤ. ڤیلیامینۆڤ - زەرنۆڤ «شەرەفنامە»ی بەزمانی فارسی سەروبەر ناو بۆ ئەوەی بەشێوەی کتێب کە بۆ زانست لەبارترە، بخاتە ژێر دەستی مێژوونووسانەوە نزیکەی ٣٠ ساڵی خشتی ئەرک پێوە کێشاوە. لەم کاری ساخکردنەوە و سەروبەرنانەدا سوودی لە چوار دەسنووسی «شەرەفنامە» وەرگرتووە. بەلام ڤ. ڤیلیامینۆڤ - زەرنۆڤ دەڵێ: لەم چوار دەسنووسانە، ئەوەی لە هەموان پتری سوود پێ بەخشیوم نوسخە دەسنوسەکەی م. خانیکۆڤ و نوسخە دەسنووسەکەی ئەنتیکەخانەی ئاسیایە لە ئەکادیمیای ئیمپراتۆر لە پێتەربورگ (٧٦، ٢٠).

ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زەرنۆڤ ئەم دەسنووسانەی هەموو پێک گرتوون و لەگەڵ یەکدییانی بەراورد کردوون و کتێبەکەی هێناوەتە سەر بارتی ڕاستەقینەی خۆی و لە ئاکامدا، ئەو خزمەتە گەورەیەی لە پێناوی زانستدا پێشکێشی کردووە، لە ساڵی ١٨٦٠دا بەوپەڕی سەرکەوتنەوەی جێبەجێ کردووە (٢).

لە پاش ڤ. ڤیلیامینۆڤ –زەرنۆڤ فەرەنسوا بەرنار شارموا بە وەرگێڕانە سەر زمانی فەرەنسزیی «شەرەفنامە»وە خەریک بووە. بەڵام ئەو لە ساڵی ١٨٦٩دا مردووە. ئینجا لە پاشان بە هەردوو بەرگەکەیەوە، لە ساڵی ١٨٧٥دا کراوە بە فەرەنسزی و لەلایەن ئەکادیمیای ئیمپراتۆرەوە، لە پێتەربورگ بڵاو کراوەتەوە.

ئیتر بەم جۆرە سەروبەرنان و ڕێکخستنەوەی «شەرەفنامە» کە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی کوردستان سەرچاوەیێکی هەرە بەسوودە، بۆ یەکەم جار ڕۆژهەڵاتە ڕووسەکان ڕەنجیان پێوە کێشاوە و بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئەم دواییانەی مێژووناسیی کورد، ئەوان هەلومەرجیان بۆ ڕەخساندووە، هەر لەبەر ئەمە، زۆربەی ڕۆژهەڵاتە هاوچەرخەکان کە دێنە سەر باسی مێژووی کورد، سەرەتای سەردەمی گەشەکردن و خەمڵاندنی، لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩هەمەوە حسێب دەکەن. یاسەمی لەم بارەیەوە دەڵێ: « لە دوای ساڵی ١٨٦٣وە لەبارەی کوردەوە زانیاریی وردترمان بەستەوەیە» (٦٩، ١٠٢).

لە ساڵانی ١٨٩٧ – ١٩١١دا جوغرافیاناسی سەرەک ئەنجوومەنی زانستیی فەرەنسزی لە ئێران، ژاک دی مۆرگان، لە بارەی جوغرافیای ئێران و ئازەربایجان و کوردستانەوە کتێبێکی دوو بەرگیی جوانی نووسیوە. نووسیار بۆ نووسینی کتێبەکەی کەڵکی وەک سەرچاوەیێک لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە (٧١، ٢٨٣).

لە ساڵی ١٩١٥دا زانای ڕۆژهەڵاتناس، ڤ. ف. مینۆرسکی کتێبەکەی لەمەڕ مێژووی کورد، لە پێتەربورگ لە چاپ دا. مینۆرسکییش لە نووسینی کتێبەکەیدا «شەرەفنامە»ی کردووە بە سەرچاوە و بەڵگەنامەی نووسینەکەی خۆی و سوودێکی زۆری لێ وەچەنگ هێناوە و لە مێژووناسیی کورددا نرخ و

بایەخی ئەم سەرچاوەیەی بە وردی هەڵسەنگاندووە (٢٢، ٩) هەر لەو ساڵەدا پرۆفیسۆری ئەکادیمیای ڕۆژهەڵاتناسیی بەرلین، فریچ، کتێبێکی بەسەردێری «کوردەکان»ەوە بڵاو کردەوە.

ئەم کتێبەی فریچ لە شێوەی شەرح و ڕوونکردنەوەی «شەرفنامە»دا نووسراوە و ناوی هێندێ تیرە و هۆزی کوردی بەڕاست و دروستی نووسیوە.

مێژوونووسی هاوچەرخی ئێرانی، عەبدولعەزیز جەواهیر کەلام لە زۆر جێگای کتێبی «آثار الشیعة الامامیة»کەیدا، کە لە ساڵی ١٩٢٨دا بڵاوی کردووەتەوە برێ ڕاستیی، پشت بە «شەرەفنامە» نووسیوە (٨٨، ٢٠٥).

لە ساڵی ١٩٣٠دا پسپۆڕی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، پرۆفیسۆر سەید موحەممەد عەلی عەونی لە قاهیرە «شەرەفنامە»ی بەفارسییەکەی لە چاپ داوە. نووسیار لە هەموو لاپەڕەیەکدا پەراوێزی بە فرەوانی بۆ لێ داوە[٢٢].

لەم سەردەمەدا «شەرەفنامە» لەلایەن فەرەجوڵڵا زەکی ئەلکوردییەوە[٢٣] دەکرێ بە عەرەبی[٢٤] وەرگێڕ لە دەقی ئەو نوسخەیەوەی وەرگێڕاوە کە ڤ ڤیلیامینۆڤ. زەرنۆڤ لە چاپی داوە. پێشەکییەکەی و ئەو پەڕاوێزە بەربڵاوانەی لە سەری نووسیون، ناوی «ئینسیکلۆپیدیای کورد»ی لێ ناوە (١٢١، ٢- ٣).

«شەرەفنامە» لەم دواییانەدا وەرگێڕدراوەتە سەر زۆر زمانانی هاوچەرخ و بۆ ئەو زانا و ئەدیبانەی ویستوویانە لە مێژووی کورد تێ بگەن، بوو بە بەڵگە و سەرچاوە. لە ساڵی ١٩٣٠دا نووسیاری هاوچەرخی کورد، بلەچ شێرکۆ، کتێبێکی بەسەردێری «القضية الكردية»وە داناوە و ڕاستییەکی زۆر لە «شەرەفنامە»وە ڕاگوێزتووەتە نێو ئەم کتێبەیەوە (٥٥، ٦-٦).

مێژوونووسی هاوچەرخی کورد، موحەمەد ئەمین زەکیش زۆری کەڵک لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە.

مێژوونووسی هاوچەرخی ئێرانی، عەلی ئەسغەر شەمیمی هەمەدانی، لە ساڵی ١٩٣٢دا کتێبێکی بەسەردێری «کوردستان»ەوە لە چاپ داوە. لە

بەشێکی زۆری ئەم کتێبەدا گەلێ ڕاستیی پشت بە «شەرەفنامە» پیشان داوە.

ئەم مێژوونووسەیش هەر هەڵپەی ئەوە بووە کورد بەرێتەوە سەر فارس[٢٥]. هەروەها لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامدا، لە باسی مێژووی ئێران و کوردستاندا برێ ڕاستی، پشت بە «شەرەفنامە» پیشان دراون (١٣٢، ١٢٠٦) و ئەمەیش بۆ لێکۆڵەرەوان زۆر بەسوودە.

لە ساڵی ١٩٣٢دا ئا. پوکشپانین ئەو کتێبەی لە بارەی کوردەکانی ئازەربایجانی سۆڤێتەوەی نووسیوە یەکەم زانیارییەکانی پشت بە «شەرەفنامە» نووسیوە، ئەو کوردانەی لە ناوچەی قەرەباخ دەژین «شەرەفنامە» بەناوی «بیست و چواران»ەوەیانی ناوبردووە (٧٦، ٣٢– ٣٩، ٥٧,١١).

موحەمەد مەردۆخ کوردستانی لە کتێبی «تاریخ مردوخ»ەکەیدا زۆری شت لە «شەرەفنامە» ڕاگوێزتووە.

کوردناسی سۆڤیت ع. ش. شامیلۆڤیش لە ساڵی ١٩٣٦دا لە دانانی کتێبەکەیدا سوودێکی چاکی، وەک سەرچاوەیێکی مێژوو لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە.

ئەکادێمی ئـ. عەلی زادە لە زانایانی سۆڤێت، لە باسی مێژووی دەوڵەتی شیروان و شیروانەکاندا، پشت بە «شەرەفنامە» کۆمەڵێ ڕاستیی دەربڕیوە (٧، ٥).

ی. پ. پێترۆ شێڤسکی لە کارە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی سەر بە مێژووی ئازەربایجاندا، «شەرەفنامە»ی بەسەرچاوەیێکی مێژووی گرانبەها داناوە و سوودی زۆری لێ وەرگرتووە. پاش ئەوەی سەربەهوردی بدلیسیی بە کورتی نووسیوە، دەڵێ، بدلیسی لە سەردەمی شاتاماسپی یەکەم و شاسمایلی دووەمدا چەندین کاری جۆربەجۆری دەوڵەتی پێ سپێردراوە و هەر لە سۆنگەی ئەمەوە زۆر شارەزای ئازەربایجان بووە و تەنیا لەمەڕ ڕووداوەکانی مێژووی ئازەربایجان لە سەدەی ١٦هەمدا، زانیاریی زۆر بەنرخی نووسیوە (٢٥، ٣٠٤).

لەبەر ئەوە، «شەرەفنامە»ی بدلیسی، نەک هەر تەنیا بۆ مێژووی کوردستان بگرە بۆ مێژووی ئازەربایجان و ئێرانیش دەشێ بە سەرچاوەیێکی بەسوود دابندرێ. مێژوونووسی کورد موحەمەد ئەمین زەکی لە نووسینی کتێبی «الدول والامارت الكردية في عهد الاسلام»دا (١١٩) کە لە ساڵی ١٩٤٥دا و لە کتێبی «مشاهير الكرد و كردستان في عهد الاسلام»دا کە لە ساڵی ١٩٤٧دا (١١٨)، بڵاوی کردوونەوە، ڕاستییەکی زۆری لە «شەرەفنامە»وە نەقڵ کردووە. ئەمین زەکی لە دانانی کتێبی «تاريخ السليمانية»دا کە لە ساڵی ١٩٥١دا لە چاپی داوە (١٢٠)، دیسان «شەرفنامە»ی بەسەرچاوەی نووسینەکەی داناوە و زۆری سوود لێ وەرگرتووە.

مێژووناسی هاوچەرخ م. جمیل لە وەرگێڕانی کتێبی «الشرفنامة (٤٢)» کەیدا[٢٦] کە لە ساڵی ١٩٥٣دا لە چاپی داوە «شەرەفنامە»ی بە بەربڵاوی و فرەوانییەوە شەرح کردووە[٢٧].

زانای ڕۆژهەڵاتناس ڤ. ف. مینۆرسکی لە ساڵی ١٩٥٣دا کتێبێکی بەناوی «تەشکیلاتی ئیداریی دەوڵەتی سەفەوی»یەوە بەزمانی ئینگلیسی بڵاوکردووتەوە، بۆ ئەم کتێبە سوودی چاکی لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە و لە ڕیزی سەرچاوە گرانبەهایەکانی سەدەی ١٦هەمدای داناوە (١١٦، ٧١).

مێژوونووسی هاوچەرخ ئێرانی، ڕەشید یاسەمی بەنەتەوە کورد، بۆ نووسینی کتێبی «کورد و پێوەندییە مێژووییەکانی باووباپیرانی»ی برێ ڕاستیی سەر بە مێژووی کوردستانی لە «شەرەفنامە»وە وەرگرتووە. یاسەمی بۆ ئیسپاتکردنی ئەوە کورد، گۆیا بەرەگەز فارسن، پشت بە «شەرەفنامە» دەڵێ: «یەکێ لەو نەقڵ و ڕێوایەتانەی کە کورد ئێرانی نەژادن، قسەکانی «شەرەفنامە»یە کە گوایە ناودارانی مێژووییەی ئێران کوردن» (٦٧، ١١٧).

یاسەمیش هەمەدانی ئاسایی، بە ئێرانیکردنی کوردەکانی لەبەر ئەوەیە کە گۆیا خەباتی گەلی کورد بۆ دابینکردنی مافە دیموکراتییەکانیان بۆ یەکێتیی خاکی ئێران زەرەر و زیانی هەیە و ئەم کتێبەیشی بەو بۆنەیەوە نووسیوە[٢٨].

ئیحسان نووریش بۆ کتێبی «تاریخ ڕیشەء نژاد کرد»ەکەی تەماشای «شەرەفنامە»ی کردووە و زۆری سوود لێ وەرگرتووە (٥٠، ٤٧).

هەروەها نەسروڵلا فەلسەفی کە یەکێکە لە لێکۆڵەرەوانی ئێران لە دانانی کتێبی «ژیانی عەباسی یەکەم»دا لە ساڵی ١٩٥٦دا ڕاستینی زۆری لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە و بەکورتی بە سەرهاتی نووسیارەکەیشی نووسیوە (١٢٥، ٢٤٠).

دەستەی پێداچوونەوەی کتێبی «نەتەوەکانی ئاسیای بەرایی» کە لە لایەن ئەکادیمیای سۆڤێتییەوە بڵاو کراوەتەوە «شەرەفنامە»ی بە سەرچاوەیێکی باوەڕ پێکراو داناوە و زۆریشی سوود لێ وەرگرتووە و نووسیارەکەی بە «ساڵنامەگەری کورد، شەرەفەدین» ناوهێناوە.

ف. نیکیتین، کە لە ساڵی ١٩٥٦دا کتێبی «کورد»ی بە فەڕەنسزی نووسیوە، سوودی چاکی لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە(٢٣). نیکیتین لەم کتێبەیدا، لەمەڕ مێژووی جوغرافیای کوردستان و ڕەگەزی کورد و داب و نەریتیان زانیاریی سەرنج بزوێنی نووسیوە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٥٨دا لە چاپ دراوە، هێندێ زانیاریی سەر بە دەوڵەتی سەفەوییان لە سەدەی ١٦هەمدا، پشت بە «شەرەفنامە» نووسراون (٣٤).

م. خ. نیعمەتۆڤا لە ساڵی ١٩٥٩دا کە کتێبی «تێگەیشتنی مێژووی شیروان لە سەدەی ١٤ –١٦هەمدا»ی (٣٩) نووسیوە کەڵکی لە «شەرەفنامە»ی بدلیسی، وەک سەرچاوەیێکی مێژوو وەرگرتووە.

مێژوونووسی کورد – شاکیر خەسباک[٢٩] لە ساڵی ١٩٥٩دا کە کتێبی «الكرد والمسألة الكردية»ی نوسیوە، چەند ڕاستییەکی سەر بە مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدای، پشت بە «شەرەفنامە»ی بدلیسی نووسیوە (٨٠، ٢٥).

بە تێکڕایی، بڕێ مێژوونووسی بۆرجوای هاوچەرخ کە بە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەند لە سەدەی ١٦هەمدا – وە خەریک بوون کەڵکیان لە «شەرەفنامە» وەک سەرچاوەیێکی مێژوو وەرگرتووە.

ئەو ڕاستییە مێژووییەنانەی لە هەردوو بەرگی «شەرەفنامە»ەوە وەگیراون، بەزۆری لە کتێبی نووسەر و زانایانی سۆڤێتدا بەرچاو دەکەون. س. ئاشوور بەیلی لە کتێبەکەی خۆیدا ناوی «شەرەفنامە»ی بەتایبەت هێناوە ئەوەی دەربڕیوە کە سوودی لە تەرجەمە فەرەنسزییەکەی «شەرفنامە»ی بدلیسی وەرگرتووە (١٠، ٣٢٢).

ئا. ئـ. ڕەحمانی، بۆ نووسینی کتێبی «تاریخ عالم آرای عباسی» وەک سەرچاوەی مێژووی ئازەربایجان کە لە ساڵی ١٩٦٠دا بڵاو کراوەتەوە سوودی لە هەردوو بەرگەکەی «شەرەفنامە» وەک سەرچاوەیێکی مێژوو، وەرگرتووە، نووسیار لە تۆمارکردنی سەرچاوە سەرەکییەکاندا، بۆ نووسینی مێژووی ئاخروئۆخری سەدەی ١٦هەم «شەرەفنامە»ی لە ڕیزی یەکەمدا نووسیوە و بە کورتی بەسەرهاتی شەرەفخانی بدلیسیی نووسیوە (٢٨).

ئۆ. ئـ. ئەفەندییۆڤ لە کتێبی «دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئازەربایجان، لە سەدەی ١٦هەمدا» کە لە ساڵی ١٩٦١دا بڵاوی کردووەتەوە پشت بە «شەرەفنامە»ی نووسیوە: ئەم کتێبە بۆ ئەوانەی بەسەردەمی سەفەوییەوە خەریکن، لە ڕووی وەسفکردنی دەوڵەتی قزڵباشەوە، زۆر بەسوودە و ڕووداوەکانی ئەو سەروبەندەی بە مەوزوعییانە وەسف کردووە (٣٣).

هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤێت. ئۆ ل. ڤیلچێڤسکی لە کتێبی (کورد)یدا کە لە ساڵی ١٩٦١دا لە چاپی داوە بڕێ شتی دەربارەی مێژووی کورد و شارستانێتیی کورد لە «شەرەفنامە»ەوە وەرگرتووە (١٣، ٩٨ -١٥٩).

لە نووسینی کتێبە هەڵوژێردەکەی شاعیری بەنامێی کورد، حەیران خانمی کیژی کەریم خانی دونبولی (دملی [وەرگێڕ]) (١١٩، ٢٣٣)، سەر بەکییە هۆزی کوردە؟ ئەمە بەهۆی «شەرەفنامە»وە دیاری کراوە (٧٦، ٣١١ – ٣١٧، ٣٧، ٥).

مێژووناسی سۆڤێتی، م. ب. ڕۆدینکۆ لە بارەی مێژووی کوردەوە، کە دێتە سەر دەسنووسەکانی «شەرەفنامە» بەکورتی سەربەوردی بدلیسیی نووسیوە

(١٦٨٩ – ١٧٤٨)(٢٩، ١١٥). کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بدلیسی لە ساڵی ١٥٤٣دا لە دایک بووە. هەرچی مردنێتی هیچ شتێکی لە بارەوە نەزاندراوە. بە تێکڕایی، م. ب ڕۆدینکۆ لە کتێبەکەیدا دیاردیی بۆ لەدایکبوونی بدلیسی، وەک لە سەرچاوەکانی تردا نووسراوە، نەکردووە.

زانای سۆڤێتی ج. ئیبراهیمۆڤ بۆ نووسینی کتێبی «دەوڵەتی دەرەبەگ لە خاکی ئازەربایجاندا لە سەدەی ١٥هەمدا»یەکەی کە لە ساڵی ١٩٦٢دا بڵاوکراوەتەوە، سوودی لە «شەرەفنامە»ی بدلیسی وەک سەرچاوەیێکی مێژوو وەرگرتووە و برێ ڕاستیی دیاری کراوی لێ هەڵێنجاوە (١٦).

هـ. زەڕین زادە بۆ نووسینی «وشەی ئازەربایجانی لە زمانی فارسیدا»یەکەی کەڵکی لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە (٣٨).

ن. ئا. خالفین لەو کتێبەیدا کە لە ساڵی ١٩٦٣دا لە چاپ دراوە ئەو کورتە زانیارییەی لەمەڕ مێژووی کوردی نووسیوە، لە سەدەی ١٦هەمدا، لە «شەرەفنامە»ی بدلیسییەوەی وەرگرتووە (٣٠). نووسیار ئەم کتێبەی لە ئەسڵدا دەربارەی ڕووداوەکانی لوڕستان لە سەدەی ١٩هەمدا، نووسیوە.

نووسیاری عەرەب (محمد رشيد الفيل)یش لە ساڵی ١٩٦٥دا کتێبی «کورد لە نیگای زانستەوە»کەی لە پێش هەموو شتێکدا «شەرەفنامە»ی کردووە بە سەرچاوەی خۆی و هەروەها لە بارەی وڵاتی کورد و ژمارەی کوردیشی نووسیوە.

ج. جەلیل لە ساڵی ١٩٦٦ کتێبێکی بە سەردێری «ڕاپەڕینی کورد لە ساڵی ١٨٨٠دا » نووسیوە. نووسیاری کوردی سۆڤێتی مێژووی ڕابردووی کوردی بە کورتی لە «شەرفنامە»وە ڕاگۆیزتووە. ج . جەلیل لەم کتێبەدا باسی بارودۆخی کورد و ڕاپەڕینەکانی کوردی لە ئێران و تورکیا، لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩هەمدا کردووە (١٤. ١٣).

هەروەها نووسیاری کتێبی «کوردی قەفقاز» ئـ. ف. ئاریستۆڤ ئەو کورتە زانیارییەی کە لەمەڕ میرنیشینەکانی کورد لە سەدەی ناوەندای نووسیوە، لە

«شـەرەفنامـە»ی وەرگرتووە. نووسیـار ئەم ڕاستییانەی باسیـان دەکا لە بەرگی یەکـەمی «شـەرەفنامـە»دا وەرگرتووە، کـەچـی ئەم بەرگـەی (٨، ٨– ٢٢) بەناوی بەرگی یەکـەمی «سـاڵنامـە»وە نووسـیوە. «شەرەفنـامـە» کتـێبـێکی پڕ زانیـاریی دەوڵەمەندی تەواو و پێکەڵـی سەربەخۆی مێژووی کورد و کوردستـانە، هـەرچی بەرگی دووەمـەکەیەتی، بەڵێ ڕاسـتە، لەو ڕووەوە کـە ڕووداوەکانی بە پێـی ساڵ و ڕۆژگـار تێدا بە ڕیز نـووسـراون، دەشێ بە «سـاڵنامـە» ناو ببـرێ و لە نیگای لێکۆڵینەوە، وا ڕاستە ئەم بەرگەیان وا نێو بندرێ.

ئیدی بەم ئاوایە بە دیار کـەوت کە پتر لە ٥٠ زانا و مێژووناس و نووسیاری سۆڤـێت و بۆرجوا، لە کاری لێکۆڵینەوە لە مەیدانە جـۆربەجۆرەکانی زانسـتدا، «شـەرەفنامـە»ی شـەرەفخـانی بدلیسـییـان بە سـەرچاوەیێکی مـێژوو داناوە و زۆریان سـوود لێ وەرگـرتـووە. ئەم زانا و مـێـژووناس و نـووسـیـارانە بەزۆری ئەوانـەن کـە لە مـێژوو و جـوغرافـیـا و ڕەگـەز و زمـانـی کوردیان کـۆڵیـوەتەوە. ئەوەشـمـان نابێ لە بیر بچێ کە بـڕێ لە مێژووناس و نووسیارانی هـاوچەرخی دیکـەیش کـە بەمێژووی ئازەربایجان و ئێران و سەفەوییەکانەوە خـەریک بوون پتریان کەڵک لەم سـەرچاوە دەوڵەمەندە وەرگرتووە.

لە لێکۆڵینەوە و نووسـینی کـورد و کوردسـتـانـدا لە سـەدەی ١٥– ١٦هـەمـدا مەسـەلەیێ هـەیـە سـەرنج زۆر دەبزوێنێ، ئەویش ئەوەیە کە داخـوا مـێژووناسـان، چ لە هـاوسـەردەمـانـی شـەرەفـخـانی بدلیـسـی چ ئەوانی پاش ئـەو هـاتوون و سـوودیان لە «شـەرەفنامـە»کـەی وەرگـرتـووە، چۆنیـان نۆڕیوەتـە بدلیـسـی و کتێبەکەی و هـەڵوێستیان دەربارەی چۆن بووە؟

ئۆروج بەگ بەیات، کـە لە هـاوچەرخی نووسیـاری «شـەرەفنامـە»یە، بدلیسـیی نەک بە مێژووناس، بەڵکو بەفەرمانڕەوا و حوکمـڕانی نەخچەوان و (٤٩، ١٨٧) نووسـیـاری «فـتوحـات»، ئـ. فومـەینی بە فەرمـانڕەوای تۆنیکابۆنی داوەتە قـەڵەم (٨٦، ٢١).

هـەرچی ئیسـکەندەر مـونشـیـیـە نووسـیـاری «شـەرەفنـامـە»، بدلیسـیی بە ئەمیـرزادەیێکی لە ئەندەروونی شـاتاماسپی یەکـەمدا پەروەردەکراو و فێرکراو

له قەڵەم دەدا (٧٤. ١٤١)، چونکە مێژووناسە ئازەربایجانی و ئێرانییەکانی هاوچەرخی شەرەفخانی بدلیسی، لەڕاستیدا، شەرەفخانیان بە فەرمانڕەوا و حوکمڕانی شیروان و تۆنیکابۆن و نەخچەوان لە سەردەمی شاتاماسپی یەکەم و شاسمایلی دووەمدا – دەناسی.

هەر لە ناوەندی سەردەمی ١٧هەم بەم لاوە، نووسیاری «شەرەفنامە» وەک مێژووناسێ سەرنجی زانایانی ڕاکێشا، هەر لە سۆنگەی ئەمە، کاتب چەلەبی، شەرەفخانی بە «شەرەفخانی مێژووناس» و (١٠٣ ، ١٤١) ئەولیا چەلەبیی بە «مێژووناسی ئێران زەمین» ناو بردووە (٤٨، ٣١٥).

لە ساڵی ١٦٦٩ «شەرەفنامە»ی بدلیسی بۆ یەکەم جار کراوە بەتورکی. بەڵام سەبارەت بەگۆڕانی خەسیەتی باری سیاسیی ڕۆژگار، دەوڵەتی عوسمانی بەجارێ شووڵی لە سیاسەتی وشەی کورد و کوردستان بەتاڵکردنەوە هەڵکێشا و بەتەواوەتی خۆی لێ نەبان کرد.

هەرچی مێژوونووسە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکە بوون، ڤ. ڤیلیامینۆڤ زەرنۆڤ گوتەنی، سەبارەت بەوە کە بە ئەندازەی پێویست بە پەرۆشی مێژووی کوردەوە نەبوون، نوسخەی «شەرەفنامە» لە ڕۆژهەڵات کەم بڵاوبوونەوە (٧٦، ١٢) و ئەم سەرچاوە مێژووییەنە نەک هەر بە کتێبی سەروبەر نەنرا، بگرە سەردەمانێکی دوورودرێژ ناوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نەهات و بەرد خرابووە سەری.

بەوپێیە، ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زەرنۆڤ نووسیویە، ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیسی، ج. مالکۆلم، یەکەم ئەوروپایی بووە، خێوی نووسخەیێکی «شەرەفنامە» بووبێ. کەچی ئەویش لەمەڕ بڵاوکردنەوەی خۆی لە قەرەی نەداوە و هەروا بێناز ماوەتەوە. هەر وەک لە پێشەوە گوتمان، هەر ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسەکان بوون کتێبی «شەرەفنامە» و نووسیارەکەی، شەرەفخانی بدلیسییان بە جیهان ناساند.

ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زەرنۆڤ دەڵێ: «شەرەفخانی بدلیسی لە ساڵی ١٨٢٦ەوە ئیتر لە ئەوروپا لەکن ڕووناکبیران بە برەو و ڕمێن کەوت و بە بەهای خۆی گەیشت» (٧٦، ١٤).

له دوادوای سـەدەی ٢٠ەمـدا «شـەرەفنامـە» بەچەندین زمـان (فـارسی و تورکی و کـوردی و فـەرەنسزی و عـەرەبی...) کـەڵکێکی زۆری بـە نووسـیـار و مـێژوونووسـان بەخـشـیـوە. ئەو ڕۆژهـەڵاتناسـە ئەوروپاییـیـانـەی لە مـێـژوو و جوغرافیـا و زمـانی کوردیان کۆڵیـوەتەوە ئەم سـەرچاوە مێژووییـنە جوانەی ڕۆژهـەڵاتیـان کـرد بـە بـنـەڕەتی لێکۆڵینەوەیان. بـەڵام ئەو سـەروبەندە، «شـەرەفنامـە» لە ڕۆژهـەڵات هێمـان هەر بێناز بوو و سوودی لێ وەرنەدەگیرا. تەنیا مـەگەر برێ لەو نووسیـارە ئێرانی و عەرەبە بە نەتەوە کوردانە نەبن، کە بەپێی سیـاسـەت و هـەلومـەرجی ڕۆژگـار دەسـتـیـان بە سـوود لە «شـەرەفنامـە» وەرگرتن کردووە.

هـەرچی نووسیارە تورکەکانن، خۆ ئەوە ببڕای ببڕای لە هیچ نووسینێکیاندا «شـەرەفنامە» و ناوی نووسـیـاری «شـەرەفنامە»یان بە قـەڵەمدا نایە و خۆیان لێ کەڕ کردووە. پیاو هـەق بڵێ لە سـەردەمـی دەسـەڵاتی سۆڤێتدا «شـەرەفنامە» تا بڵێی پتری سوود لێ بیندراوە.

ئەو سـۆڤـیـتـیـیـانـەی کەڵکیـان لە «شـەرەفنامـە» وەرگرتووە، بە پێـچـەوانـەی مـێـژوونـووسـە بـۆرجـواکـان، بیـروبڕوا و هـەڵوێسـتـی خـۆیـان، دەربارەی «شـەرەفنامـە» و نووسـیـارەکـەی، با بە کـورتیش بێ، بەڕاشکاوی دەربڕیوە و ئەوەیان بە ئاشکرا و بێ چەند و چۆن، ڕوون کردووتەوە کە شـەرەفـخـان لە چ نەتەوەیەکە و مـێژوونووسی کێهـە گەلە و بەمە داکۆکی لەوە دەکـەن کە نەتەوەی کـورد نەتـەوەیێکی جـیـاواز و خـاوەن مـێـژووی خـۆیەتی. هـەرچـەندە ڕەشـیـد یاسـەمی شـەرەفـخـانی بە مێژوونووسی کورد لە قـەڵەم داوە (٦٩، ١٣٥)، بـەڵام هیچ مێژوونووسێکی ئێرانیی دیکە متەقیان لەم بارەوە نەکردووە.

ی. ب. پیـتـرۆشـێـڤـسکی وای پیـشـان داوە کـە: «شـەرەفـخـانی بـدلیـسی لەبەرئەوەی شـارەزای ئـازەربایجان بوو دەکرێ لە ڕیزی مـێژوونووسـانی ئێران دابندرێ» (٢٥، ٣٠٣). کـەچی عەبدولعـەزیز جەواهیـر کەلام لە مێژوونووسـانی ئێران، لەو کتێبەیدا کە ناوی «کتابخانهء عموم معارف»ی لێ ناوە، ناوی برێ لەو نووسـیـارانەی کـە بەزانسـتـە جـۆراوجـۆرەکـانەوە خـەریک بوون هێناوە

زانیارییەکی زۆری لەمەڕ تەنانەت هاوچەرخەکانی بدلیسیشەوە نووسیوە، بەڵام هەرگیز خۆی لە قەرەی «شەرەفنامە» نەداوە (٩٢، ٤٤٤).

ئیتر پشت بەم ڕاستییانە، شەرەفخانێ کە بە مێژوونووسێکی ئێرانی نەدرابێتە قەڵەم و بە نەتەوە کورد بووبێ و مەبەستی سەرەکیی ئەوە بووبێ مێژووی نەتەوەکەی خۆی بنووسێ و ئەمە ئامانجی بنەڕەتی بووبێ، لە ڕووی زانستیش و لە ڕووی مەنتیقیشەوە ڕاستتر ئەوەبوو بە یەکەم مێژوونووسی کوردی سەدەی ١٦هەم لەقەڵەم بدرایە.

## دەوری "شەرەفنامە" لە مێژووناسیی کورددا

یەکەم زانیاری لەبارەی ئەوەوە کە کورد لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی ئاسیایە، جگە لە ساڵنامە و تاتەنووسەکانی ئاشوورستان (٦٩. ٤٩)، لە کتێبەکەی گزەنەفۆن، مێژوونووسی گەورەی یۆناندا، کە لە سەدەی چوارەمی پێش لەدایکبوونی عیسادا نووسیویە. بەرچاو دەکەوێ. گزەنەفۆن لە "ئاناباسیس"ەکەیدا، کە ناوی کتێبەکەیەتی، لەمەڕ خاکی کوردان و کەڵەمێردی و گەڕناسییانی نووسیوە.

ئەوەی پێش لەدایکبوونی عیسا لەمەڕ کوردان زانیاریی فرەوانتر و بەداوێنتری نووسیبێ، مێژوونووس و جوغرافیاناسی بەناووبانگ و ناسراوی یۆنان، سترابۆن بووە (٦٩، ١٠٩) لەوان بەم لاوە زانیاری لەبارەی کورد و کوردستانەوە کەم و زۆر لە سەرچاوە ئازەربایجانی و فارسی و عەرەبی و تورکییەکاندا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەمانە هیچیان هێندەی «شەرەفنامە» بەنرخ نین. چونکە نووسیاری «شەرەفنامە» بۆ خۆی کوردستانی لە بەشی هەرە زۆری مێژوونووسان چاتر ناسیوە.

بدلیسی هەر لە ڕۆژگاری لە وڵات دوور کەوتنیەوە کەڵکەڵەی بیر لە زێد و نیشتمان کردنەوەی کەوتووتە سەر و زۆر بەوردی دووی هەموو ڕووداوێکی وڵاتەکەی کەوتووە و بۆ بەجیانووسینی مێژوویێکی کورد لە هەل و دەرفەتی لەبار گەڕاوە، هەر لەبەر ئەمە، زۆر لە مێژووناسانی دنیا، هەقیشیان بووە، ئەویان بە مێژوونووسی کورد داناوە و کتێبەکەشیان بە یەکەم مێژووی کورد لە قەڵەم داوە. «شەرەفنامە»ی بدلیسی کتێبێکی بە جیا بۆ مێژووی کورد نووسراوی پڕ بە باڵای ئەو تۆیە کە لەپاش سەدەی ١٦هەم بەم لاوە، لە مێژووناسیی کورددا، بەها و برەوێکی زانستانەی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە و دەورێکی تا بڵێی گەورەی گێڕاوە. ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زەڕنۆڤ، لەمەڕ

دەورگێڕانی ئەم کتێبە لە مێژووناسیی کورددا نووسیویە:

«ئەم کتێبە کە مێژووی کوردستانی ئاڵقە بە ئاڵقە و گەو بە گەو بەدوو یەکدا هەڵوێزنیوە و خێوی بەها و بایەخێکی زانستانەیە، ئەمە نزیکەی ٣٠٠ ساڵە (١٥٩٦ – ١٨٠٦) هەیە. لەو سەروبەندەوە تا ئێستا، لە ڕۆژهەڵات کتێبێکی دیکەی بەو جۆرە نەنووسراوە لە تەک ئەمدا لە تای ترازوویەک بخرێ (٧٦، ١١).

ئەم بڕوایەی کە زانای ڕووسی بەناووبانگ، سەد ساڵ لەمەوپێش دەری بڕیوە هێشتا برەو و بەهای خۆی لەدەست نەداوە، چونکە زاناکانی ئەم سەروبەندەی دوایی، هێشتا نەیانتوانیوە کتێبێکی دیکەی وەک «شەرەفنامە» بە بایەخ بۆ مێژووی کورد بدۆزنەوە و بیهێننە گۆڕێ.

پیتەر لێرخ، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس، کە لە ساڵی ١٨٥٠ – ١٨٥٦دا کەڵکی لە دەستنووسەکەی «شەرەفنامە» وەرگرتووە، لەمەڕ نرخ و برەوی «شەرەفنامە» لە مێژووی کورددا نووسیویە:

«یەکێ لەو دەسنووسانەی کە لە پێتەختەکەماندا خڕ کراوەتەوە و بۆ پاتشای مەزنمان زۆر بەبایەخە «شەرەفنامە»یە کە بۆ مێژووی کورد بە سەرچاوەیێکی جوان دادەنرێ (٢٠، ٥– ٦). ڤ. ف. مینۆرسکی کاتێ لە باسی «شەرەفنامە»دا کە بۆ مێژووی کورد و کوردستان زۆر بەبەهایە، نووسیویە: «شەرەفنامە» ساڵنامەیەکە مێژوو و جوغرافیای میرنشینە کوردەکانی ئاخروئۆخری سەدەی ١٦هەم بەدیار دەخا» (٢٢، ٢٨).

مینۆرسکی وا دیارە بەرگی یەکەمی «شەرفنامە»ی بەهەڵە، بە ساڵنامە نێو بردووە. ئەوی ڕاستی بێ، بەرگی دووەم ساڵنامەیە، نەک بەرگی یەکەم. بەرگی یەکەم پڕاوپڕ بۆ مێژووی میرنشینە کوردەکان تەرخان کراوە و لە باسی مێژووی کورد و کوردستان و تیرە و هۆز و ناودارانی کورد بەو لاوە لە هی دیکە نەدواوە (١٠٥ – ٢٣٤).

هێرمان ئێتە، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانیایی نووسیویە: «(شەرەفنامە)، یا

(کتێبی مێژووی کوردستان)ەکەی شەرەفخانی بدلیسی بۆ شارەزابوونی مێژووی کورد زۆر بە نرخە» (٥٠، ٢٩١).

ئا. بۆ گشتیان نووسیویە: «(شەرەفنامە) بۆ لە مێژووی کورد گەیشتن یەکە دەستاوێژە» (١١، ٥٧).

فرێچ لە کتێبەکەیدا کە بەسەردێری «کوردەکان»ەوەی نووسیوە لە مەڕ بایەخ و نرخی «شەرەفنامە» لە کوردناسیدای نووسیوە، دەڵێ: «بۆ شارەزابوون لە مێژووی ژیانی تایبەتی میرنشینە کوردەکان ئەوەندەی لە مێژووی نەتەوەکانی دیکەدا باس کراون بەش ناکا، ئەسڵی کارەکە ئەوەیە بایەخ بەو مێژووە بدرێ کە کورد بۆ خۆی نووسیویە، بۆ ئەمەیش لە، «شەرفنامە» بەولاوە چاتر نییە (٩٧، ٨٢).

ئیدی بەم ئاوایە، جارێکی دیکە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ڕۆژهەڵاتناس و زانا و ئەورووپاییانەی سوودیان لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە، ئەم بەڵگە و دەستاوێژە لە مێژینەیان زۆر چاک هەڵسەنگاندووە و نرخیان داوەتێ و بۆ لە مێژووی کورد شارەزابوون، هێندەی بە بەرەوەبێ و هەڵگرێ قسەیان لێ کردووە و لەسەریان نووسیوە، بەش بەحاڵی ئەمە، م. جەمیل نووسیویە: «بەو پێیە زانا ئەورووپاییەکان خۆیان ددانی پێدا دەنێن «شەرەفنامە» کتێبێکی زۆر بە بەهایە، بەڵام لەبەر کەمتەرخەمی و دڵساردیی ئەو کەسانەی بەدەرزی مێژووەوە خەریکن ئەم کتێبە تا ئەم دوا دواییانەش بە کەم زمان تەرجەمە کراوە» (١٢١).

«شەرەفنامە»ی شەرفخانی بدلیسی نەک هەر سەرنجی زانایانی ڕۆژاوا، بگرە سەرنجی زانا و مێژووناسی ڕۆژهەڵاتیشی ڕاکێشاوە، بە نموونە لەو نووسخەیەیدا کە موحەمەد عەلی عەونی ئامادەی کردووە و لەسەر ئەرکی فەرجوڵڵا زەکی کوردی، لە قاهیرە لە چاپ دراوە، نووسراوە: «مەبەست ئەوەبوو مێژووی تیرە و هۆزە کوردەکان و ئەم شەخسییەتە گەورەیەی ئاسیا «بدلیسی – ش. م.» بە خوێندەواران بناسرێن... دیارە هەر لەبەر ئەمەیش بوو لە بڵاوکردنەوەی بەرگی دووەمی «شەرەفنامە» چاوپۆشیمان کرد و بۆ هەلێکی

دیکەمان هێشتەوە» (٦٧، ١١٧). ئەو مێژوونووسە بۆرجوا کوردانەی تا ئێستا کەڵکیان لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە، بایەخ و دەوری ئەم کتێبەیان لە مێژووناسیدا بەشێوەی تایبەتکار دەربڕیوە. مێژووناسانی کورد لەگەڵ بەدیار خستنی بەهای ئیجابیی «شەرەفنامە»دا ناوی نووسیارەکەشیان لە ڕیزی ڕۆژهەڵاتناسە هەرە بەناوبانگەکاندا نووسیوە (١١٧، ١٢٠).

شاکیر خەسباک لە کتێبەکەیدا کاتێ دێتە سەر باسی پلەوپایەی «شەرەفنامە» لە زانستی مێژووناسیدا، نووسیویە: «شەرەفنامە» یەکەم سەرچاوەیێکە کە بە بەربڵاوییەوە لەمەڕ کورد دوواوە» (٨٠، ٦).

مێژوونووسی هاوچەرخ ر. یاسەمی لە کتێبەکەیدا نووسیاری «شەرفنامە» لە ڕیزی زانایانی کورددا دادەنێ (٦٩، ١٣٥).

ئەو زانا سۆڤێتییانەی «شەرەفنامە»یان  بە سەرچاوەیێکی مێژوو داناوە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە، زۆریان لە بارەی پلەوپایە و دەوری ئەم کتێبەوە لە مێژووناسیی کورددا نووسیوە. ع. ش. شامليۆڤ لەمەڕ «شەرەفنامە» دەڵێ: «(شەرەفنامە)ی شەرەفەدین یەکە سەرچاوەی سەدەی ١٦هەمە» (٣١– ٣). ئی . پ. پێترۆشێفسکی نووسیاری «شەرەفنامە»ی بە تاکە مێژوونووسی سەدەی ١٦هەم نێو هێناوە (٢٥، ٣٠٥). ئا. ئـ. ڕەحمانی، لە کتێبەکەیدا «شەرەفنامە»ی بە جوانترین سەرچاوەی مێژووی سەدەی ١٦هەمی ئازەربایجان داناوە (٢٨، ٥٦).

ئـ. ۆ. ئەفەندیێڤ وای بەدیارخستووە کە «شەرەفنامە» سەرچاوەیێکی زۆری پێش خۆی لە خۆدا نوواندووە. لەم سەرچاوەیەدا زانیاریی سەیر سەیر و بەداوێن و هەمەبابەتی لە بارەی مێژووی ئازەربایجانەوە لە سەدەی ١٦هەمدا تێدایە (٣٣, ١٩).

م. ب ڕۆدینکۆ، پاش ئەوەی کورتە زانیارییەکی لە بارەی شەرەفخانەوە نووسیوە دەڵێ، (شەرەفنامە)ی شەرفخان کە کتێبە بەناووبانگە مێژوویینەکەیەتی لە ساڵی ١٥٩٦دا نووسیویە (٢٩, ١١٥).

ن. ئا. خالفین دەڵێ: (شەرەفنامە) بۆ مێژوو و شارستانێتیی نەتەوەی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، یەکەم سەرچاوەیە.(٣٠)

نووسیاری ئەمریکا دانا ئادەم شمیدت لە کتێبی «گەشتێ بەنێو کەڵەمێردانیدا»یەکەیدا شەرەفخانی بدلیسیی بە مێژوونووسی کوردی بە ناووبانگی سەدەی شازدەهەم لە قەڵەم داوە و لە بایەخ و بەهای «شەرەفنامە» دواوە (١٣٤).

لە کتێبی «یادگاری شاکارە ئەدەبییەکانی ڕۆژهەڵات»دا کە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٥٦دا بڵاوی کردووەتەوە، نووسراوە: (شەرەفنامە) کە لە دوادوای سەدەی شازدەهەمدا شەرەفخانی بدلیسی نووسیویە، تاکە سەرچاوەی مێژووی کورردە لە سەدەکانی ناوەندا (١٨, ٢٧)».

دەسنووسی ئەم کتێبە بە نرخە بە زمانی فارسی و تورکی لە بڕێ کتێبخانە مەرکەزییەکانی دنیادا هەڵگیراوە. هەروەها چەند نوسخەیێکی دیکەی ئەم کتێبە لە مۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە. چەند نووسخەیێکی لەبەرگیراوی «شەرفنامە» – یەکێکیان هینەکەی حەسەن بەگی یەزدی (١٩٤٥)، دووەمیان ئەوەکەی حەسەنی کوڕی حاجی موحەمەدی شێروانی (٦٦٩) و سێییەمیان هینەکەی عەبدولجەواد موحەمەد تاهیر (١٨١٦) دەتوانین بە نموونە بهێنینەوە (٢٠, ١٣٣).

لە بەشی دەسنووسەکانی زمانی فارسی، لە کتێبخانەی جەماوەری دەوڵەت کە بەناوی س. شیدرینەوە نێونراوە، لەناو کەتەلۆگی م. خانیکۆڤدا، دەسنووسی (شەرەفنامە) هەیە. هەر ئەو نوسخەیە لە ساڵی ١٨٣٦دا بەدەسخەتی موحەمەد ڕەزا کوڕی سەبر عەلی نووسراوەتەوە. نووسخەیێکی دیکەی «شەرەفنامە» لە ڤیانا، ئەگەر وەک ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زەڕنۆڤ، بڵێین لە کن جەنابی د. ر بارد بووە» (٢٢, ٧٦).

هەروەها نووسخەیێکی دیکەشی لە بەشی دەسنووسی فارسیدا لە

کتێبخانەی میللیی پاریسدا پارێزراوە (١٣١, ٣٠٤, ٥).

بەپێی نووسینی ڕۆژهەڵاتناسی ئاڵمان هێرمان ئێتە نوسخەیێکی «شەرەفنامە» بەدەسخەتی شەرەفخانی بدلیسی خۆی، لە کتێبخانەی بۆدلیانی بەناووبانگدا لە ئینگلتەرە پارێزراوە (١٢٢, ٢٩١).

ئەوەی پێویستە لەبیر نەکرێ، «شەرەفنامە» پێش ئەوەی نوسخەی دیکەی لەبەر نوسخە فارسییەکەی بگیرێتەوە لە ساڵی ١٦٦٩دا موحەمەد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگ میرزا کردوویە بە تورکی و هەر ئەم نوسخەیەی ئەویش لە بەریتانیایە (١٣٣).


نوسخەیێکی دیکەی دەسنووسی «شەرەفنامە» میرزا مەحمود ناوێ لە ساڵی ١٨٥٨دا کردوویە بە کوردی (٢٩, ١١٥). پاشتر، دەسخەتەکانی کراون بە فەرەنسزی و ئەڵمانی و عەرەبی.

نوسخەی دەستخەتی بەئازەربایجانی وەرگێڕدراوی «شەرەفنامە»، لە ئارشیفی ئامۆژگای مێژوو لە زانستگای زانستەکان، لە ئازەربابجانی سۆڤێت هەڵگیراوە. بەڕووسی وەرگێڕدراوی، لە ساڵی ١٩٦٧دا ئـ. ی. ڤاسیلیێڤا کردوویە بە ڕووسی و لە چاپی داوە (٥٢, ١٤٥).

ئەم کتێبە بەنرخە، کە دەنگ بەمێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەند دەداتەوە، نووسیاری ئێرانی موحەمەد عەباس لە ساڵی ١٩٦٤دا سەرلەنوێ لە چاپی داوەتەوە. ئەم ڕاستییانە جگە لە ئیسپاتکردنی بایەخی دەورێکی «شەرەفنامە» لە مێژووناسیدا دەیگێڕێ و ئەو پلەوپایە زانستانەیەی بەباڵای بڕاوە، دانەرەکەیشی، شەرەفخانی بدلیسی وەک شەخسیەتێکی مێژوویینە خستووتە بەرچاو. بڕێ مێژوونووس و دانەری هاوچەرخ کە لە ڕەنگ و ڕووی مێژووی کوردیان کۆڵیوەتەوە، شەرفخانی بدلیسییان بە مێژوونووسی کوردی بەناووبانگی سەدەی شازدەهەم لەقەڵەم داوە (٣٢, ٢٦).

ئیتر بەم جۆرە جارێکی دیکە ڕوون دەبێتەوە کە کتێبی «شەرەفنامە» کتێبێکی ئەوتۆیە ڕەنگی بە مێژووی کورد و کوردستان داوەتەوە و کتێبێکی

مێژووی زانستانەی وایە لە ڕیزی پێشەوەی کتێبە زانستییەکاندا جێگەی خۆی دەگرێ. هەروەها لە ڕووی زانیاریی مێژووییەی سەدەی ١٦هەمی ئازەربایجان و ئێران و تورکیایشەوە «شەرەفنامە» زۆر بەنرخە و لە سەرچاوەکانی دیکە زۆر بەبایەخترە و هەر لەبەر ئەمەیشە بەیەکەم سەرچاوەدانانی لەم بارەیەوە بۆ مێژووی کورد و کوردستان و وڵاتە دراوسێیەکانی یەکە کتێبی مێژووە.



قەڵای حەسەنکێف

٢

# بەشی دووەم

## بارودۆخی کوردستان و
## گەلی کورد
## لە سەدەی ١٦هەمدا

# کورد و کوردستان

برِێ لەو مێژوونووس و زانایانەی لە مێژووی گەلی کورردیان کۆڵیوەتەوە لە بارەی بنەچەکە و ڕەچەڵەک و داب و نەریت و ئاینبینیی نەتەوەی کورد و باری هەڵکەوتی جوغرافیاییی کوردستانەوە، با لێک جیاوازیش بن، زانیاریی بە سەروبەریان نووسیوە.

ئێمەیش لەم بەشەدا، لە بنەڕەتی ئەو کەرەستانەی تا ئێستا بەدەستمان هێناون و پشت بە «شەرەفنامە» وامان بەسوود زانی لەبارەی بنەچەکە و ڕەچەڵەک و داب و نەریت و ئاینبینیی نەتەوەی کورد و باری هەڵکەوتی جوغرافیاییی کوردستانەوە کورتە زانیارییەکی بەسەروبەر پێشکێش بکەین.

کورد چۆن و کەنگێ پەیدابوون؟ فیردەوسی لە (شاهنامە)کەیدا ڕۆمانتیکانەی نووسیوە، دەڵێ: «ئەژدەهاک، پێنجەمین پادشای پێشدادییان کە لە پاش جەمشید تەخت و تاجی ئێران و توران تووشی نەخۆشیی تاعوون دەبێ، دوو دەماری وەکو ماری لەسەر شان دەڕوێن»(1) (٤٢, ٩). بدلیسیش ئەم ڕووداوەی وەکو خۆی نووسیوە.

فیردەوسی لەم ئەفسانەیەدا کە بەشعری نووسیوە، دەڵێ: «بۆ چارەکردنی ئەم نەخۆشییە حەکیمەکانی دەڵێن، تەنیا دەرمانێکی چارەی ئەم نەخۆشییە بکا ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێ خواردنی لە مێشکی دوو لاو بۆ دروست بکرێ و دەرخواردی بدرێ، پادشایش بەجێهێنانی ئەم کارە بە ئەرمائیل و کەرمائیلی وەزیری ئەسپارد، بەڵام وەزیرەکان چونکە بەبەزە و مرۆپەروەر بوون، هەموو ڕۆژێ، لەبری مێشکی یەکێ لەلاوەکان، مێشکی بەرخێکیان تێکەڵ بە مێشکی یەکێکیان دەکرد و بەم جۆرە خواردنیان بۆ پادشا دروست دەکرد و بەمەرجێ لە وڵاتەکەی خۆی دوور کەوێتەوە یەکێ لە لاوەکانیان ئازاد دەکرد.

فیردەوسی دەڵێ: «ئەو لاوانەی لە سەربڕین ڕزگاردەبوون خۆیان لە کەژ و

کـێـوان وەدەشـێـرد و لـەوێ خـاوخـێـزانیـان لێ دەکـەوتەوە و بـەم شـێـوەیە پەیدابوونی بنچەکەی کورد دەست پێ دەکا (٤٢, ٩).

بەم جـۆرە زۆرینـەی ئەو مـێـژوونووسـانەیش کـە لە ڕەچەڵەک و بنـەچەکـەی کوردیان کۆڵیوەتەوە و «شەرەفنامـە»یش و سەرچاوەکانی دیکەیش ئەمەیان بۆ پەیدابوونی نەتەوەی کورد بە بنەڕەت داناوە (٧٦, ١٢، ١٠٣, ٤٤٩).

مـێژوونووسـانی ئەم دواییـیانەش بۆ پتـر چەسپاندنی بنەڕەتـی ئەم نەقڵـە، دەڵێـن خـەڵکی دەمـاوەند تا ئـێـسـتـاش، بەبۆنـەی لە زوڵم و زۆری زوحـاک ڕزگـاربوونیـانەوە، هەمـوو سـاڵێ لـە ٣١ی مـانگی ئابدا جـێـژن دەکـەن و بەم جێژنە دەڵێن جێژنی کورد (٩٧, ١٠, ٦٩, ١١٦).

تێکڕا، لـەمـەڕ ڕەچـەڵەک و بنەچەکـەی کـورد هـێند نـەقڵ و ریوایـەتی لێک جیاواز هەن، تەنانەت مێژوونووسان، بۆ خۆشیـان ئەم مەسەلەیەیان بۆ یەک لا نەبووەتەوە و بە ئاکامێکی بنەبڕ نەگەیشتوون (٦٩، ٢٦، ٢٣، ٦٥).

بەڵام مـەسـەلەی ئەوە کـە نەتـەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە هەرە کۆنـەکانی ئاسیا و بەناوی کاردۆخەوە ناسراوە، ئەمە ئێکسێنێفۆن، مێژوونووسی یۆنانی لە کتێبەکەیدا کە ناوی (ئاناباسیس)ە و لە ٤٤١ەمین ساڵی پێش لەدایکبوونی عیـسـادا دای نـاوە، نووسـیـویە: هێندێ مـێـژوونووس لـەسـەر ئەو بڕوایـەن کـە کوردەکان لە ساڵی ٦٠٧ی پێش لە دایکبوونی عیسـادا لەگـەڵ میـدییـەکاندا هەڵیان کردووتە سەر ئاشوورییەکان (٧٢، ٧، ٨٩، ١٥، ٢٦).

لەمـەڕ وڵاتی کورد، ئێکسـێنیـفۆنیش و سـترابۆنی جـوغرافیـازانی یۆنانیش، زانیـارییـان داوە. سـتـرابۆن نووسـیـویە: وڵاتی کـاردۆ مـووش و دیاربـەکـرە (بڕوانە: ٦٩). بدلیـسی دەڵێ، (کـاردۆ) ناوەکـەی قـەڵای (سـووی)یە لە ناوچەی بدلیس (٧٦، ٤٠٢٤)، هـەروەهـا ئۆروج بـەگی بەیات لە کـتـێـبـەکـەیدا دەڵێ ناوچەی (کاردۆ) لە کوردستانە (٤٧، ١٠٥).

بەم جۆرە، ئەوانـەی لە مـێژووی کوردیـان کۆڵیـوەتەوە، لەو بـارەوە کـە کـورد هـەر لە کۆنەوە لە کـاردۆ، لە داوێنی چیاکانی زاگرۆش (کـوردسـتـان)دا ژیاون و

لەویّ بە پەزەوانـی و شـوانکارەیی و وەرزێرییـەوە خـەریک بوون، زانیـارییـەکی زۆریان داوە. بەتێکڕایی، وشـەی کـورد کە لـە وشـەی (کـاردۆ) یا (گـاردو)ەوە وەرگیراوە، لە بنەڕەتدا بە واتای پاسەوان هاتووە (٧٦، ١٣).

بدلیـسی لە «شـەرەفنامـە»کەیدا تیـرە و هۆزی کوردی کـە لە ڕووی زمـان و نەریت و داوودەستوورەوە لێک جیاوازن، کردووە بە چوار گرۆوە: (١- کرمانج، ٢- لوڕ، ٣- کەلهوڕ، ٤- گۆران).

شـەرەفخـان تیـرە و هۆزەکانی کـوردی بە ئازا و چاونـەترس و دەسبـڵاو و دڵاوا و گویّ بەفەرمانی دایک و باوک و مێوانپەروەر و نان و نمەک قەدرزان لە قەڵەم داون (٧٦، ١٣، -١٥).

برێ لێکۆڵەوانـی دیکە کـوردیان بە مـــرۆپـەروەر، بەڵام لـە ڕاست دژمـن بە سەرڕەق و نەبەز پیشـان داوە، کورد موسوڵمـانن. موحەممەد پێغـەمبەریان لەلا چاترین مـــرۆیـە، لەســـەر نوێژکــردن و زەکـــاتدان و حـــەجکردن ســـوورن. «شـەرەفنامـە» لەمەڕ ئاینی کورد بەتایبەت دەدوێ و ئەوەیش دەڵێ کە هۆزگەلی بەسیـان و بوختی و داسنی و خـالیـدی و دومبـولی سـەر بـەیەزیدین و زۆریان ڕک لە موسڵمانەکان دەبێتەوە. (٤٤٩,١٠٣,١٤,٧٦).

ڕێبازی سونیگەری و شیعـەگەری لە نێو کورددا زۆر بڵاون. تەنانـەت کوردی کـوردسـتـانی تورکـیـا سـەرلەبەریان و کـوردی ئێـران و عـێـراق و سـوورییـە دەتوانین بڵێین زۆربەیان سـونین. بەپێی نووسینی هێندێ لێکۆڵەوان ئێستـایش لەناو کورددا یـەزیدی و قادری و ریفاعی و خـاوەن ڕێبازی دیکە هـەن و ئـەمانە هـەریەکەیان بەجیـاجیا پیرێ سەرۆکـایەتیی دەکا و پەیڕەوانی بێ سێ و دوو لە فەرمـانی دەرناچن، هـەمیشـە گویّ بەفەرمانین (١٩,٩٣,١٢,٩٧). ئەو خـاکەی کـوردی لەسـەر دەژی، سـەردەمـانێکی دوورودرێژ، مـێـژوونووسـانی ئێـران و عەرەب بەنێوی جۆراوجۆری واوەیان نێو بردووە ئێمە لە سەرچاوەکاندا ئیدی تووشـی نایێـین. بەڵام لە نـاوەندی سـەدەی ١٢هـەمـدا سـوڵتـان سـەنجـەری سـەلجـووقی بۆ ئەوەی سـەرسنووری ویلایـەتەکـانی نێـوان ئازەربایجـان و لوڕســتــان، لەمــانـە هەمــەدان و دینـەوەر و کـرمــاشــان دیاری بکا و بـەشی

ڕۆژهەڵات بە کرماشانەوە ببەستێ، بەشێکی لە کوردستان بە سەربەخۆ جارِدا و هەر بەناوی ئەو خەڵکەوەیشی لێی دەژیان نێو نا و لە پاش ئەمە لە دەساوێژ و قۆچانی ڕەسمیی دەوڵەتی سەلجووقیدا ناوی کوردستان نووسرا و شاری بەهاریش(٢) بوو بە پێتەختی و سوڵتان سلێمانی برای سوڵتان سەنجەری سەلجووقی لە سالآنی ١١٦١دا بوو بە پادشای ئەو شارە (١١٧, ٥) ئیدی بەم ڕەنگە دێرۆکنووسی ئێرانی حەمدوڵلای قەزوینی ناوی کوردستانی بۆ یەکەم جار لە کتێبەکەیدا نووسی و چەسپاندی (٦٣، ١٢٧، ١٢٩).

بەلیسی لە دیاریکردنی سەرسنوورەکانی کوردستاندا نووسیویە: «وڵاتی کوردستان لە هورمزەوە کە لە گوێ دەریای هیندەوە دەست پێ دەکا، ڕاست تا ویلایەتەکانی مەرعەش و مەلاتییە هەڵدکشێ، لە باکورەوە لەگەڵ فارس و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و لە باشوورەوە لەگەڵ دیاربەکر و مووسڵ و عێراقی عەرەبدا هاوسنوورە» (٧٦, ١٣ –١٤, ٤٤٩).

کاتب چەلەبیش سنووری کوردستانی لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی ١٦٤٦دا نووسیوە وا نەخشە کێشاوە کە لە باکورەوە لەگەڵ ئەرزەڕۆم و لە باشوورەوە لەگەڵ بەسرە و کەنداوی بەسرەدا یەک دەگرنەوە (٤٨، ١٥، ٥، ١٠١).

جوگرافیاناسی ئێرانیی هاوچەرخ عەلی ڕەزم ئارا نووسیویە، کوردستان بەپێی خەڵکەکەی هەرێمێکی گەورە و فرەوانە. ڕەزم ئارا درێژاییی کوردستانی بە (١٠٠٠) کیلۆمەتر و پانایی بە (٤٠٠) کیلۆمەتر داناوە (٩٣، ٤).

بەم جۆرە بێ، شیکردنەوەی سنووری کوردستان لەلایەن لێکۆڵەوانی ئەم دواییانەوە هێند لێک جیاواز و تاق و جووت نین.

کوردستان بەپێی باری هەڵکەوتی جوگرافیای خۆی وڵاتێکی کوێستانییە و لەسەر یەکێ لە ڕێگاکانی بازرگانی و ستراتیجیی هەرە گرینگ هەڵکەوتووە. ئەم گرینگییەی باری هەڵکەوتی جوگرافیاییی کوردستان لە ڕادەیەکدا بوو شارە مەرکەزییەکانی وەکو ئەستەمبووڵ و بەغدا و تەورێز و تاران و

شارەکانی نێوان مۆزەپۆتامیا و[٣] ئی دیکە لە ڕێگای کوردستانەوە دەنگیان بە یەک دەگەیشت و پێوەندییان لەگەڵ یەکدیدا دەگرت. بەپێی نووسینی فۆن هاممەر گرتنی ڕێگاکانی کوردستان و مۆزەپۆتامیا لەساڵی ١٣٩٤دا لەلایەن تەیمووری لەنگەوە بەداگیرکردنی گورجستان و ئەرمەنستان گەڕا (٩٩).

هەر لە سۆنگەی ئەمەیە خەڵکی کوردستان بە درێژاییی سەدەکان تووشی داگیرکران و تالآن و بڕۆی بێ پشوو و دوانەبڕاوە هاتووە و بێ ناوبڕ، ناچار دەگژ داگیرکەرانی بیانی ڕاچووە و هەمیشە لە تێکگیران و شەڕوشۆڕدا بووە.

عەلی ڕەزم ئارا نووسیویە، لە سەروبەندی شەڕوشۆڕەکانی ڕۆم (بیزانس) و عەجەمدا کوردستان کۆسپێیکی گەورە بووە لە پێش دژمن و بووە بەهۆی ژێرکەوتنی ڕۆمی، سەبارەت بەوە کە لە سەروبەندی فەتحی ئیسلامیدا ئەم بارودۆخە هەر وەکو خۆی بوو، عەرەبەکان ناچاربوون لە باکورەوە بۆ باشوور بگەڕێنەوە (٨,٩٣). هەر سەبارەت بەمەیشە کوردەکان، لە وڵاتگرییی ئیسلامیدا، لەچاو نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکە ئازاریان پتر چێشت و تووشی زەرەر و زیان و تالآن و بڕۆی زێتر بوون. ئیبنولئەسیر دەڵێ: «کاتێ لە ساڵی ١٦هەمی کۆچی (٦٣٧ز)دا کوردستان گیرا، تۆ لەوە گەڕێ کە کوردەکان بە ڕواڵەت موسوڵمان بووبوون، کورد لە دژ داگیرکەر ڕادەپەڕی و ڕاپەڕینی کورد هەمیشە پێوەدەچوو و نەدەبڕایەوە. (٤٥، ٢٢، ٢٢٩). تەنانەت داگیرکەر هەر هێندەی زانیبا ماڵە کوردێ لە شارێ، یا لە گوندێ هەیە ئیتر ئەوە بەس بوو بیکا بەبیانوو، ئەو شارە، یا ئەو گوندە بە تالآن بەرێ.

بە قسەی دیرۆکنووسان کاتێ عەرەبە موسوڵمانەکان ئازەربایجانیان گرت، مەرزەوانی ئازەربایجان کە لە شاری ئەردەبیل دادەنیشت، پوول و پارەیێکی زۆری بە عەرەبەکان داوە بەمە کوردی سەرلەبەر لە قەلارکردن ڕزگار کردووە (٦٩، ١٧٧، ٥٠، ١٠٠).

عەرەبەکان خۆشیان لەگەڵ تیرە و هۆزە کوردەکاندا سەروساختی ژن و ژنخوازی و خزمایەتییان گرت و بەمە توانییان کوردە سەرکێشەکان دەمکوت کەن. بەپێی نووسینی ئیبن خەلەکان دوا خەلیفەی ئەمەوییەکان مەروان،

دایکی کوردە (٤٥، ٢٢٩، ٧٦، ٥٥).

تەنانەت سیاسەتی سەرلەبەر قڕکردن بەکارهێنان پیاوە پێشکەوتخوازەکانی ئەو سەردەمەی بە توندی تووڕە دەکرد. حافزی شیرازی دەڵێ:

مزن دم ز حکمت که در وقت مرگ

ارسطو دهد جان چو بیچاره کرد

بەکوردییەکەی: «دەم لە فەلسەفە و ژیری مەدە، ئەرەستوو، لە سەرەمەرگدا وەک کوردی بێچارە گیان دەدا».

کورد لە سەدەکانی ١١ –١٣دا ئیمپراتۆییەتێکی خێڵەکیی گەورەیان دامەزراندووە. بەپێی «شەرەفنامە» بنەماڵە و خانەدانی کورد لە دیاربەکر، لە جزیر، لە دینەوەر، لە شارەزوور(٤). لە لوڕستان و پاشانەکێ لە شام، لە میسر و لە ئەیالەتەکانی فارسدا فەرمانڕەوایی سەربەخۆیان دامەزراندووە. (٧٦، ١٩، ٦٠). جگە لەم فەرمانڕەواییانە لەو سەردەمانەدا نزیکەی ٤٦ وردە میرنشینی کوردیش هەبوون.

چ لەو سەردەمە و چ لە بەراییی سەدەی ١٦هەمدا پشتاوپشت بە میراتگیریی موڵکایەتیی زەویوزار و مافی میرنشینی لە نێوان تیرە و هۆزەکانی کورددا بوە هۆی بەش بەش کرانی کوردستان و هەر بەشەی ببێ بە دەرەبەگایەتییەکی چکۆڵە و ئەمەیش خۆی لە خۆیدا دەبوو بە کۆسپ و لەمپەر لە پێش گەشەکردن و خەملین و فراژووبوونی ئابووری کوردستان. ئەو شەڕوشۆڕانەی بەدرێژاییی سەدەکان لە نێوان دەرەبەگە خێڵەکییەکاندا لە بڕانەوە نەدەهاتن دەرفەتی هاتنە گۆڕێی کوردستانێکی یەک پارچە و پتەوی لە دەست کورد دا و بەم ئاوایە ئەو ئیمپراتۆرییەتە هۆزەکییە کوردەوارییانەی، هۆز و تیرە کوردەکان هێنایانە گۆڕێ، خێوی هێزێکی ئەوتۆ نەبوو خۆی لە هێرش و دەسبزێویی بیانییان پێ بپارێزێ و زۆری نەخایاند لە ڕێز وەدەرهات و لە ساڵانی ١١٤١ – ١١٧٢دا سەلجووقییەکان کوردستانیان داگیر کرد.

کوردستـان سـەبارەت بەو گرینگییەی لە ڕووی باری هەڵکەوتی جوگرافیایی و سـتـراتیـجـیـیـەوە هـەیەتـی، لەلایەن خـوارەزم شـاکـان و ئـەتابەگـەکـانی ئازەربایـجـان و لە نێـوەندی سـەدەی ١٣هـەمـدا لەلایەن مـەغـوولەکـانەوە بەر هێرش و داگیرکران کەوتووە.

لەبەرئەمە شاری بەهار گرینگیی پێشووی لە چەنگ دا و لە بەراییی سەدەی ١٤هەمدا سوڵتان ئاباد، شاری چەمچەماڵ بوو بەمەڵبەندی کوردستان. لە سەروبەندی داگیرکارییەکانی مەغوولدا دەسبزێویکەرانی بیانی دیسانەکە لەگەڵ بەربەرەکانێ و ڕاپەڕینی پیاوانەی نەتەوەی کورددا ڕووبەڕوو بوون. بەو پێیە لە (زەفەرنامە) و (شەرفنامە)دا نووسراوە میری هەکاری، عیزەدین، لە قـەڵای شـیـرواندا بەرانبـەر بە لەشکری تەیموور لەنگ بەربەرەکانێـیـەکی سەرسەختانە و مەردانەی نواندووە (٧٦, ٩٠، ٧٧، ٤٢٢).

لە سەرەتای سەدەی ١٥هەمدا فەرمانڕەوایی قەرەقۆیونلووەکان دەستی پێ کرد. فۆما مێتسۆپسکی و بدلیسی وایان پیشان داوە کە لە ساڵی ١٤٠٥دا قەرەیوسفی قەرەقۆیونلوو پەنای وەبەر میری بدلیسێ، میرشەمسەدین هێناوە و میر شەمسەدینیش، چەندی لەدەست هاتووە کۆمەگی کردووە و بەدەنگییەوە چووە (٤١, ٢٢). ئیـدی لە پاش ئـەمـە قـەرەیوسف هێـزێکی گـەورەی کـۆکـردووەتەوە و بڕێ لە ئەیالەتەکانی کـوردسـتـان و ئازەربایجـانی داگـیـر کردەووە. لەپاش مردنیشی، میرزا شاروخ، جێگری تەیموور لەنگ، لە ساڵی ١٤٢٠دا بڕێ لە میرنشینەکانی کوردستانی کرد بە دەستدا و گوێ بەفەرمانی خۆی (١٠٨، ٤٤٧، ٤٤٩).

سەروبەندی هەرە نالەبار و سەخت بۆ نەتەوەی کورد لەگەڵ فەرمانڕەوایی ئاق قۆیونلووەکاندا دەستی پێ کردووە. یەکەم نوێنەری ئەم فەرمانڕەواییە توور عەلی بەگی ئاق قۆیونلووی سەر بە تیرەی بایەندوور، سەبارەت بەوە کە لە بەراییی سـەدەی ١٥هەمـدا لە وڵات داگـیـرکـارییـەکـانی تەیموور لەنگدا هاوبەش بوو، تەیموور دیاربەکـری بەشـێـوەی تیـول[٥] دابوویێ. ئەم توور عەلییەش تیرەی تورکمانی هێنا، لەم وڵاتەی هێوراندن و ڕەگی پێ داکوتان.

له ساڵی ١٤٥٣دا حەسەن بەگ (ئوزوون حەسەن) له قەڵای ئامێد (دیاربەکر) چووه سەر تەختی فەرمانڕەوایی. حەسەن بەگ له ماوەیێکی کورتدا خاکی بەشێکی کوردستان و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و عێراقی عەجەم و عێراقی عەرەب و فارسی خستە سەر قەڵەمڕەوی خۆی. له سەروبەندی فەرمانڕەوایی ئەودا بڕێ له میرنشینەکانی کوردستانیش داگیرکران. ئوزوون حەسەن ئەو میرنشینانەی داگیر دەکرد و دەیسووتاندن. بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبارەیەوه دەدوێن، میری میرنشینی ئەرزنجان مەلیک خەڵەف، وێڕای ئەوەی بێ هیچ بەربەرەکانێ و سەرپێچییێک خۆی بەدەستەوه دا و به ١٠ باتمان(٦) زێڕ و ٥٠ باتمان زێو ئەوجا توانی ئەو میرنشینه له وێرانکران ڕزگار کا (٤٣، ٢٤١، ٢٤٢).

لەبەر بێ هێزی و کزبوونی فەرمانڕەوایی ئاق قۆیونلووەکان له سەروبەندی جێنشینەکانی ئوزوون حەسەندا کوردستان دیسان کەوتووەتەوه بەر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی حوکوومەتی میسر و حوکوومەتی عوسمانی و بەم جۆره کوردستان له سەدەی ١٥هەمەوه له چەنگاڵی داگیرکەرێکەوه بۆ چەنگاڵی داگیرکەرێکی دیکه ئەم دەست و ئەو دەستی پێ کراوه و بارودۆخی ئابووریی هێندەی دیکه پەرێشان بووه و تێدا چووه، بەڵام هەر لەو سەروبەندەدا نەتەوەی کورد که لەتاو شاڵاو و وشاری بێ پسانەوەی بیانی و شەڕوشۆڕی نێوخۆ له پەل و پێ کەوتبوو، بڕستی لێ بڕابوو، له سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا دراوسێی دەوڵەتێکی بەهێزی وەکو دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی بوو. لەم سەروبەندەشدا میرایەتیی میرنشینەکان و موڵکایەتیی زەویوزار له نێو هەموو تیره و هۆزەکانی کورددا پشتاوپشت له باب و باپیرەوه بۆ کوڕ و نەوه و نەوی چڕک و سۆره و تۆره بەمیرات دەمایەوه. پشتیوانەی کۆمەڵایەتیی میرنشینەکان کەسانی سەر بەتیره و هۆزەکانی کورد بوو. هەرچی بنەڕەتی ئابووریشیان بوو، ئەوه موڵکایەتیی زەویوزاری ورده ئاغا و موڵکایەتیی تایبەکار و ئەو داوودەستووری وەبەرهەمهێنانه بوو که لەسەر ئەم بنەڕەته ڕانرابوو. کەسانی تیره و هۆزەکان بڕێ ئەرکی جۆراوجۆریان بۆ میرەکان له

ستۆ دەگرت و لە سەفەربەر و شەڕوشۆڕیاندا هاوبەشییان دەکرد. شەڕ بۆ ئاغا و دەرەبەگ لە نێو کوردان بووبوو بە خوو و پیشەیێکی هەمیشەگی و لە بەندوباو نەدەکەوت. میرانی کورد دە بەرانبەر دەوڵەتی بەهێز ملیان دەدا و دەبوون بەپێشکارێکی شەڕکەر و دە بەرابەر دەوڵەتی کز و لاواز سەرپێچییان دەکرد و هەستیان بەوە دەکرد کە هەر یەکە بۆ خۆی فەرمانڕەوایێکی سەربەخۆیە. بەو پێیەی بدلیسی نووسیویە، ئەو تیرە و هۆزە کوردانەی بە ژمارە لەوانی دیکە زۆرتر و بەهێزترن بە عەشیرەت نێو دەبرێن (١٨,٧٦).

لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا چەند عەشیرەتێکی بەهێز و لە چاوخۆیاندا سەربەخۆ لە کوردستان هەبوون. عەلائودەولە زولقەدەری[٧] تورکمان، کە مەڵبەندەکەی ئەیالەتی مەرعەش بوو و زۆربەی میرە کوردەکانی لەژێر دەستدا بوون یەکێ لەمانە بوو و یەکی دیکەشیان ساریمی کوڕی سەیفوودین، سەرەک هۆزی موکری بوو کە مەڵبەندەکەی سابلاخ (ساوجبلاق –ماهاباد) بوو. لە ڕابردوودا چۆن بوون لەم سەردەمەشدا میرانی کورد لە نێو خۆدا ناکۆک و ناتەبا بوون و ئەم کێشە و ناتەباییە بووبوو بە کۆسپێکی گەورە و هەڵەمووتێکی سەخت لە ڕێی یەکگرتنێکی سیاسیی کوردستاندا. بدلیسی لەم بارەیەوە نووسیویە دەڵێ: (هەریەکە لە لایەکەوە بۆ خۆی ئالای سەربەخۆیی هەڵکردبوو و لەسەر دوند و ترۆپکی کەژ و کێوان دەژیا... لە خودا بەیەک زانین[٨] بەولاوە هیچ جۆرە یەکێتییەکی دیکەیان لە نێواندا نییە» (٧٦، ١٦– ١٧، ١٠٣، ٤٥٠).

ئیتر بەم ڕەنگە میرانی کورد کە لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا هێشتا لە ڕووی سیاسییەوە تەواو ڕەگیان دانەکوتابوو، بۆ خۆ لە دەستبزێویی دیکە پاراستن، دەبوو پاڵیان بە یەکێ لەو دەوڵەتە بەهێزانەی دراوسێیانەوە بدایە. هەرچی میرە سوونیی مەزەبەکان بوون ئەوە دەبوو ئارەزووی بەلای عوسمانیدا داتاشین زێتر بکەن، بەڵام دۆستایەتیی دێرین و هاوئەمەگیی نێوان گەلی کورد و گەلی ئازەربایجان وای لە زۆربەی کورد کرد بوو ئارەزووی پتر پشت بە دەوڵەتی سەفەوی بەستنی زێتر دەکردن (٧,٢٢).

چونکە نەتەوەی کورد بۆ خۆپاراستن لە شالاوی بیانییان بەچاوی ئومێدەوەی دەڕوانییە دەوڵەتی سەفەوی کە لە خاکی ئازەربایجاندا دامەزرابوو، بەڵام سیاسەتی هەڵەی شاسمایلی یەکەم لە کوردستاندا ئەم ئومێدەی لەبار برد، یەکەم شالاوی شا بۆ سەر کوردستان بەداگیرکردنی ناوچەی سابڵاغ (ساوجبلاق) دەستی پێ کرد.

شاسمایلی یەکەم لە ساڵی ١٥٠٥دا بەسەرکردایەتیی چەند سەرکردەیەکی قزڵباشی وەکو دورموش خان شاملوو و عەبدی بەگ شاملوو و ساریەلی موهوردار تەکەلوو و بەیرام بەگ قارەمانلوو و خەلیفە بەگ لەشکرێکی گەورەی نارده سەر ساریم و بەگژیدا چوو، بەڵام لەم سەردەمەدا ساریم بەگ سەرکەوت و سەربەخۆیی خۆی پاراست. بەپێی باس و خواسی سەرچاوەکانی ئەو سەروبەندە قزڵباشەکان لەم شەڕەدا زۆریان لەناو چوون و لەو سەرکردانەی پێشتر نێومان هێنان تەنیا هەر دورموش خان شاملوو و بەیرام بەگ (٥٩، ٩٠) و خەلیفەبەگ بەسەری سەلامەت دەرچوون و گەڕانەوە.

نووسیاری کتێبی «حبیب السیر» کە دێتە سەرباسی ئەم ڕووداوە سیاسەتی داگیرکاریی شاسمایلی یەکەم لە هەق کوردستان بەژێر لێوەوە دەکا و دەنووسێک «لەبەرئەوەی ساریم لەگەڵ جەردە و ڕێگرە کوردەکاندا پێکەوە خەریکی ڕێگری و جەردەیی بوو، شا لەشکری وەسەر کرد. ساریم هەڵات و ژمارەیێکی زۆر لە کوردە بێ دینەکان کوژران و لەشکری شایش بە تالانێکی زۆرەوە گەڕایەوە». (١١٢، ٤٢).

گونابادی دەنووسێ: «لە نێوان لەشکری شا و دلاوەرانی کورددا شەڕێکی توندوتیژ ڕووی دا. ساریم بۆ ئەوەی خۆ لە دەسبزێویی قزڵباشان بپارێزێ چووە پاڵ سەلیم خانی یەکەم» (٧٦، ٢٨٩).

ئێمە قسەکەی بدلیسی بەڕاست و دروستتر دەزانین، چونکە ئەم، شەڕ و هەرای نێوان دەوڵەتی سەفەوی و کوردەکانی لە کتێبەکەیدا وردتر نووسیوە و ناکۆکی و هەرا و بگرە و بەردەی ئەو سەروبەندە ڕوونتر ئاشکرا کردووە.

لێکۆڵەوانی هاوچەخی ئێرانی ڕەزا پازۆکی[٩] کە لە ڕووداوەکانی ١٥٠٧ – ١٥٠٨ دەدوێ و دەڵێ: ساریم فەرمانڕەوای کوردستان بووە و لە ساڵی ١٥٠٧دا بە دەستی قزڵباشان کوژراوە. بەڵام بەو پێیەی سەرچاوەکانی مێژوو بەدیاری دەخەن ئەم قسەیە ڕاست نییە (٧٠, ٢٨٥).

وەک لە پێشترەوە گوتمان، لە بەراییی سەدەی ١٦هەمدا یەکێ لەو فەرمانڕەوا بەهێزانەی بەسەر بەشێکی گەورەی کوردستاندا ڕادەگەیشت عەلائودەولەی زولقەدەر بوو. ئەم بنەماڵەیە لە ساڵی ١٣٣٩وە تا ساڵی ١٥١٥ فەرمانڕەواییی مەرعەش و ئولبوستان و خەرپووت و ئامێد و ئورفە و زۆر ئەیالەتی دیکەی بەدەستەوە بوو و سەرۆکایەتیی هەشتا هەزار ماڵی تیرەی زولقەدەر و تیرە و هۆزێکی کورد بوو. دوا نوێنەری ئەم بنەماڵەیە، عەلائودەولە، لەگەڵ دەوڵەتی میسر و دەوڵەتی عوسمانیدا کە کوردستانیان لە نێوان قەڵەمڕەوی خۆیاندا بەش کردبوو، سیاسەتێکی زیرەکانەی بەکاردەهێنا و بەمە سەربەخۆییی خۆیشی دەپاراست و لە ڕووی مادیشەوە سوودی لێ وەردەگرتن. بەنموونە، وەک ئیسکەندەر مونشی نووسیویە، کاتێ نوێنەری ڕۆم دەهاتە کنی، چەند پێشکارێکی خۆی دەست نیشان دەکردن و بەرگی میسرییانەی پێ لەبەر دەکردن و بە نوێنەرانی ڕۆمی دەگوت: «نوێنەری میسری هاتووە، لە دژی ئێوە داوای کۆمەگ و یارمەتیم لێ دەکەن. بەڵام من لەبەرئەوەی دۆستی سوڵتانم، خواستی وا قووبووڵ ناکەم» (٤٧، ٣٣). هەر کە نوێنەری میسریشی دەهاتنە کن هەر بەو جۆرەی ڕەفتار لەگەڵ دەکردن. لەبەرئەوە عەلائودەولە زولقەدەر گوایە گوتوویە، (من دوو باڵداری زێڕم هەن، یەکێکیان هێلکەی زێڕ و ئەوی دیکەیان هێلکەی زیوم بۆ دەکەن» (٤٧, ٣).

ئیدی بەم ڕەنگە توان و دەسەڵاتی ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی ساند و پتر لە حەفتا میرە کوردی لەخۆ خڕکردەوە و هەموو بوون بەدەستدا و گوێ بەفەرمانی. سوتان مورادی ئاق قۆیونلوو لە شەڕدا لەگەڵ شاسمایلی سەفەویی یەکەمدا بەزیبوو، لە ساڵی ١٥٠٦دا دێتە ئەیالەتی مەرعەش و کیژی عەلائودەولە دەخوازێ و دەبێ بەزاوای، لە پاشان لەشکری تورکمان و لەشکری

عەلائودەولە یەک دەگرن و هێزێکی گەورە پێک دێنن.

عـەلائودەولـە سـوود لەم هێـزە گـەورەیـە وەردەگـرێ و مـیـرنشـینەکـانی کوردەواریی دیکەش بەویلایەتی مووسڵەوە وەسەر قەڵەمڕەوی خۆ دەخا.

ئەوجا نۆرە هاتبووە سەر ویلایەتی دیاربەکر، دەیویست ئەویش بگرێ، بەڵام لە ساڵی ١٥٠٧دا فەرمانڕەوای ئەیالەتی دیاربەکر، ئەمیر بەگی مووسوڵڵوی تورکمان دەچێتە پاڵ شاسمایلی یەکەم بەرانبەر بەمە، شایش نازناوی خانی پێ دەبەخشێ. پاشانەکێ دەیکا بە لەلەی تاهماسپ میرزا و فەرمانڕەواییی ویلایەتی خۆراسانی پێ دەبەخشێ (١١٣, ٢٩٣). بەڵام قەڵای دیاربەکر هێشتا هەر بەدەست عـەلائودەولەوە دەمـێـنێ ئەمـیش ناکـاتە نامـەردی خـۆی بۆ هەڵکردنە سەر دیاربەکر ئامادە و تەیار دەکا. بەڵام شاسمایل هەرکە بەمە دەزانێ لە سـاڵی ١٥٠٧دا لەشکر دەنێـرێتـە سـەر عـەلائودەولە. لەشکری هەردوولا لە ئەلبـوسـتـان بەرەنگاری یەک دەبن. لەپاش سێ ڕۆژە شـەڕی خوێناوی و کوشت و کوشتارێکی زۆر قزڵباشەکان لە قەڵاکەی دیاربەکر بەولاوە نەیانتوانی هیچی تر لە لەشکری عەلائودەولە داگیرکەن.

بڕێ لە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە کە دێنە سەر باسی ئەم شەڕە، دەڵێن، شـەڕەکـە هێند بەسـام و خـوێناوی بـووە، سـەرلەبەری خـاکی ئەلبـوسـتـان بەخوێنی گەشی کوژراوان سوور بووە (١١٢، ٤٣– ٤٥).

عەلائودەولە بەو هێندەی لە لەشکرەکەی مابووەوە بەرەو مەرعەش کشایەوە. شاسمایلی یەکەم ئەیالەتی دیاربەکری بەرەوڕووی محەمەد خانی ئوستاجلوو کـردەوە، بەڵام سـەری بـۆ فـەرمـانڕەواییی مـیـرنشـینی قـەرە حـەمـیـدی لای دیاربەکـر، قـایتـمـاز بەگ دانەنەواند(١٠)، هەڵسـتـا قـەڵاکـەی ئامـێدی، کـە بەدەسـتـیـیـەوە بوو، قـایم کـرد. بەڵام لەو شـەڕەدا کـە لەگـەڵ مـحـەمـەد خـانی ئوستاجلوویدا کرد بەزی.

حەسەن بەگی ڕوومڵوو دەنووسێ: «تەنیا لە شـەڕەکەی قەڵای ئامێددا پتر لە حـەوت هەزار کـەس کـوژرا (٥٩, ٩٤). لەم بەزینە بـەپاشـەوە قـایتـمـاز بەگی

مـووسـولّوو لەگـەڵ فـەرمـانڕەوای مـەرعـەش، عـەلائودەولـەی زولقـەدەردا ڕێک کـەوت، قـاسم بەگی بەنێـوی سـاروقـەپلان ناوبانگ ڕۆیشـتـووی کـوڕی عەلائودەولەی زولقەدەر کرا بەسەرکردەی لەشکرێکی دە هەزار کەسی. قاسم بەگ لە زستانی ساڵی ١٥٠٧دا هەڵی کردە سەر دیاربەکر. لەم شەڕەشدا دیسـان هەر مـحـەمـەد خـان سـەرکـەوت و قـاسم بەگ و قـایتـماز بەگی مووسووڵلوو هەردووکیان کوژران. ئیتر بەم چەشنە شاری قەرەحەمید و قەڵاکەی لەلایەن محەمەد خانی ئوستاجلووەوە داگیرکرا.

حـەسـەن بەگی ڕوومـلّـوو دەڵێ: «لەم شـەڕەدا بەرانبـەر بە لەشکرێکی دە هەزار کەسیی قاسم بەگ لەشکرێکی تەنیا دوو هەزار کەسیی محەمەد خانی ئوستـاجلوو شـەڕی کـرد و سـەریش کـەوت (٥٩، ٩٥ –٩٦). بدلیسی هۆی زاڵبوون و سەرکەوتنی محەمەد خانی ئوستاجلووی لە کتێبەکەیدا بەم ڕەنگە لێک داوەتەوە: «مـحـەمـەد خـانی ئوستـاجلوو لەگـەڵ سەرۆکی هۆزی کـوردی سـولەیمانی، دیادین (ضیـاء الدین)دا بوو بە خـزم. لەبەر ئەوە هۆزی کـوردی سـولەیمانی دیاربکریان بەهێـزی شـیـر پاراست و سـارۆقـەپلان کـوژرا (٢٦٥, ٧٦)».

وا پێ دەچێ ئەوەی لەم شـەڕوشـۆڕانەدا کە لە خـاکی کوردسـتـاندا ڕوویان داوە کوژراون پتر هەر لە کوردەکە بوون.

قـازی ئەحـمـەدی قـەزوینی دەنووسێ: «پاش ئەم ژێر کـەوتنە عـەلائودەولەی زولقەدەر لەشکرێکی چواردە هەزار کەسیی خڕ کردەوە و کوێر شاروخی کوڕە گـەورەی و ئەحـمـەد بەگی کـوڕە چکۆلەی کـرد بە سـەرکـردەی ئەم لـەشکرە. عەلائودەولە ئەم لەشکرە گەورە و گرانـەی دیسان هەر بۆ سەر دیاربەکر نارد، بەڵام بـەزی و ژێر کـەوت» (١٠١، ٢٧٠– ٧١). عـەلائودەولـە تا سـاڵی ١٥١٥ سـەربەخـۆیی خـۆی پاراست. بەڵام هەر لەو سـاڵەدا کـە خـاکی کـوردسـتـان لەلایەن سولّتات سەلیمەوە داگیرکرا، لە تێکگیرانێکدا کوژرا و سەری تێدا چوو (٤٨, ١٤٦، ١٠٢، ١١٩).

شاسـمایلی یەکەم ئەیالەتی دیاربەکر و بڕێ لە قەڵا و میرنشینەکانی سەر

بەم ئەیالەتەی داگیر کرد، بەڵام هەر بەوەندەوە نەگیرسایەوە، هەڵستا، میرنشینی ئەگیل و میرنشینی مووسڵ و میرنشینی سەنجەر و میرنشینی ماردین و میرنشینی ئەرزنجان و میرنشینی ئەرجیش و برێ میرنشینی دیکەی، یەک لەدوای یەک بەشەڕ و خوێنرێژی داگیر کرد.

شا بۆ داگیرکردنی میرنشینی چەمەشکەزەک لەشکرێکی بە سەرکردایەتیی نوور عەلی خەلیفەوە بەڕێ خست بەڵام حاجی ڕۆستەم بەگی میری چەمەشکەزەک هیچ جۆرە بەربەرەکانییەکی دەبەرابەردا پیشان نەدا و میرنشینەکەی جوان و زەریف بەدەست قزڵباشەکانەوە دا، ئەم نوور عەلی خەلیفەیە وەختی خۆی خواستی سوڵتان بایزیدی لە دژی سەفەوییەکان بەدواوە دابوو و بەگوێی نەکردبوو، شاسمایلیش جگە لە فەرمانڕەواییی ئەرزنجان، فەرمانڕەواییی چەمەشکەزەکیشی پێ بەخشی و پاشانەکێ میرنشینی عیتاقیش لە ئەحمەد بەگ بەزۆر داگیر کرا.

شا بۆ داگیرکردنی میرنشینی جزیر سێ جاری لەشکر لەسەر کرد، بەڵام لە هەر سێ جارەکەدا بۆڕی خوارد و بەزی.

بەو پێیەی باسی لە «شەرەفنامە»دا هاتووە، میر شەرەفی میری جزیر هەر لە یەکەم تێکگیراندا، هەزار و حەوت سەد کەس لە لەشکری شاسمایل دەکوژێ و بەدیل دەگرێ (٧٦ , ١٢٤)، بەڵام لەپاش مردنی میر شەرەف شا عەلی بەگی برای چووە پاڵ شاسمایل.

شاسمایل کاتێ میرانی کوردی تەنگاو کرد (ساڵی ١٥٠٥) دوازدە میرە کوردی بە شان و شکۆ بەنیازی مل بۆ شا کەچکردن و پەیڕەوی لێکردنی، بەدیاریی گەورە و گرانبایییەوە بەرەو خووی و تەورێز بەڕێ کەوتن. بدلیسی دەنووسێ: «میرانی کوردستان هەر کە گەیشتنە تەورێز بە فەرمانی شا هەموو لە کۆت و زنجیر دران و لە زیندان هاوێژران» (٧٦، ١٢).

هەر لەو ساڵەدا یازدە میرە کوردی دیکە، دیسان بەڕێ کەوتن، چوون و گوێ بە فەرمانی و پەیڕەویکردنی خۆیان لە شا ڕاگەیێنن، کەچی ئەمانیش

هەر بە دەردی دوازدە میرەکەی دی چوون و چارنووسیان لە چارەنووسی وان زێتر نەبوو. هێندێ لەم میرانە تەنیا لە شەڕەکەی چاڵدێراندا هەلیان بۆ ڕەخسا (١٥١٤) و توانییان هەڵێن و بۆ کوردستان بگەڕێنەوە.

ئیدی شاسمایل خاکی میرنشینی ئەو میرانەی دەزیندانێی هاوێشتبوون نەک هەر سەر تۆپی داگیرکردن، بگرە سەرتۆپیشیانی بەسەر سەرکردە قزڵباشەکاندا بەشییەوە. بەو پێیەی بدلیسی نووسیویە: «ئەیالەتی جزیری بە ئۆلاش بەگی برای محەمەد خانی ئوستاجلوو و میرنشینی ئەگیلی بە مەنسوور بەگ و ویلایەتی بدلیسی لە پێشان بە کورد بەگ و لە پاشان بەعەوەز بەگ دا» (٧٦، ١٢٥– ٤١٦).

سیاسەتی خراپ و چەوت و چێڵی شاسمایلی سەفەویی یەکەم لە کوردستاندا لە سەرێکەوە و تەخشان و پەخشانکردنی خاکی کوردستان بەسەر سەرکردەکانی قزڵباشدا لە سەرێکی دیکەوە و ئاکار و کردەوەی ناهەنجاری ئەم سەرکردە قزڵباشانە لەگەڵ کورددا لەلایەکی دیکەوە ناکۆکی و کێشەی ئاینی و مەزبیی نێوان کورد و قزڵباشی هێندەی دیکە خەستوخۆڵتر کرد و ئەمانە سەرپاکیان بوون بەهۆی نارەزاییی خەڵکی کوردستان لە دژ فەرمانڕەوایی سەفەوییان.

هەرلە هەلومەرجێکی ئاوهادا بوو کە باری سیاسی لە کوردستاندا بۆ دەوڵەتی عوسمانی بەخێر گەڕا و لە بەرژەوەندی وی شکایەوە. برێ لە میرانی کورد ئیدی دڵیان لە دەرباری سەفەوی شکا و مەیلیان پتر بەلای بارەگای سوڵتانی عوسمانیدا بزووت. لەم ڕووداوەدا بەدەماریی مەزەبیی کوردیش و عوسمانییەکانیش دەورێکی گەورەی گێڕا.

ئەو ئاکامەی پێشتر باسمان کرد، بدلیسی لە کتێبەکەیدا ئاوهای نووسیوە: «ئەو میرە کوردانەی لە تاو زوڵم و زۆری قزڵباشان گیانیان هاتبووە کونە لووتیان، بوون بە دەستەدا و گوێ بە فەرمانی سوڵتان سەلیم» (٧٦ , ٢٢٥).

دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی گورج سوود لەم بارودۆخە وەرگرێ، مەولانا

ئیدریسی بدلیسیی بۆ کوردستان نارد و ئەرکی دڵدانەوە و بەلای سوڵتاندا ڕاکێشانی میرانی کوردی پێ سپارد. مەولانا[١١] ئیدریسی بە ڕەچڵەک کورد مەلایەکی چاک و خوێندەوارێکی ژیر و زیرەکی سەروبەندی خۆی بوو و وەختی خۆی میرزای (کاتب) ئاق قویوونلووەکان بوو و لە ناو میرانی کورددا خاوەن دەسەڵاتێکی گەورە بوو و کەسی لە قسە دەرنەدەچوو. هەر لەبەر ئەمەیش بوو، هەرچی چاوڕاوێکی بۆ چاکەی سوڵتان کرد سەری گرت و بۆی بەخێر گەڕا و لە سەرێکی دیکەشەوە هێندێ لە میرانی کورد، هەر بۆ ئەوەی بتوانن مافی پشتاوپشت بۆ مانەوەی میرنشینەکانیان بپارێزن بوون بە پیاوی سوڵتان و بەلای ئەویاندا داتاشی. ئەوان وایان دەزانی سوڵتان هەتاتایە مافی پشتاوپشت بۆ مانەوەی میرنشینەکانیان بۆ دەپارێزێ. تەنانەت هێندێ لە میرەکان سەبارەت بەوەی کە میرنشینەکانیان لە ڕادەبەدەر خۆش دەویست، ئەوە بوو لە پاشان بوون بە پێشەوای ئەو خەباتانەی لە پێناوی سەربەخۆییدا دەیانکرد. (١٥٣٠– ١٥٨٥).

بە پێی زانیارییەکی لە (شەرەفنامە)دا نووسراوە، لەو سەردەمەدا پتر لە بیست میرە کورد بەهۆی مەولانا ئیدریسی بدلیسییەوە، نامەیان بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم ناردووە و ڕایان گیاندووەتێ کە ئامادەن، بین بە دەستدا و گوێ بەفەرمانی ئەو (٧٦، ٤١٦). جگە لەمە حوکوومەتی سوڵتان بە بەڵێن و گفتی پارەوپوول و پلەوپایە پێ بەخشین هێندێ میرە کوردی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. پاش سەروبەرنانی ئەم خۆ ئامادەکردنە لە کوردستان سوڵتان سەلیمی یەکەم لە دژ حوکوومەتی سەفەوییان ڕەپ و ڕاست دەستی بەشەڕ کرد. بەپێی نووسینی هێندێ مێژوونووس ٤٦ میرە کورد بەهێزی چەکداری خۆیانەوە لەم سەفەربەر و شەڕەی سوڵتاندا هاوبەشییان کردووە (٨٩, ٤٤).

سوڵتان سەلیمی یەکەم لە ساڵی ١٥١٤دا هەڵی کردە سەر ئازەربایجان و ئەرمەنستان و لە دەشتی چاڵدێراندا شاسمایلی سەفەویی بەزاند. بدلیسی دەنووسێ، ئەم هێرشە بۆ سەر ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەپێی خواست و ئارەزووی میرانی کورد ڕووی داوە (٧٦, ٤١٦)، بەڵام هۆی ڕاستەقینەی دەبێ

له توندوتیژبوونی ناکۆکییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەمدا بدۆزرێتەوە، نەک لە خواست و ئارەزووی چەند میرێکی کورددا.

پاش ئەم سەرکەوتنە لە شەڕی چاڵدێراندا سوڵتانی عوسمانی دەسەڵاتی هێندەی دیکە هەوراز چوو و پەرەی سەند. بدلیسی دەنووسێ: «دەسەڵاتی قزڵباشەکان لە دوای شەڕی چاڵدێران لە کوردستاندا کزبوو. کوردستان و دیاربەکر وەگیر سوڵتانەکانی عوسمانی کەوتن (٧٦، ٢٦٧). چونکە سوڵتان سەلیم لە پێش هەموو شتێکدا هاتە سەر بڕیاری چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان، کاتێ لە سەفەربەری ئازەربایجان گەڕایەوە مەولانا ئیدریسی بدلیسی بەناوی میرانی کوردەوە لە سوڵتانی عوسمانی ڕاگەیاند، کە میرەکان دەیانەوێ میرنشینە پشتاوپشت بۆ بەجێ ماوەکانیان لە قزڵباشەکان بستێننەوە و میرمیرانێ لە ناو ئەم میرانەدا دابندرێ. مەولانا جگە لەمە ئەویشی پیشان دا کە، «هۆز و تیرەی کورد لە نێو یەکدا ناتەبان و دانوویان پێکەوە ناکوڵێ و مل بۆ یەک ناخەوێنن. وا چاکە سوڵتان یەکێ لە پیاوانی خۆی بەسەریانەوە بکا بە میرمیران» بە پێی «شەرەفنامە» سوڵتان بەمە قایل بوو و محەمەد ئاغای باش چاوشی (بەبیقلی محەمەد ئاغا مەشهورە) کرد بە میرمیرانی دیاربەکر و سەرەک فەرماندەی سوپای کوردستان (٧٦، ٤١٧) و لە پاشان نازناوی پاشایەتیی پێ بەخشی، قازی ئەحمەدی قەزوینی کاتێکی دێتە سەر باسی تێکگیران و شەڕوشۆڕەکانی پاش شەڕی چاڵدێران دەنووسێ: «موستەوفیی تورکمانیان کە بە بیقلی چاوش بەنامێیە بۆ گرتنی دیاربەکر نارد» (١ , ١، ٢٤٧).

بەم جۆرە شەڕی عوسمانی و ئێران کە لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا ڕووی دا لە خاکی کوردستاندا هەر نەکوژایەوە. ئەو میرە کوردانەی وەختی خۆی میرایەتیی پشتاوپشت بۆ ماوەوەی خۆیان لەدەست چووبوو، یا لە دەوڵەتی سەفەوی لالووت و نارازی بوون، لەم شەڕانەدا بەکارتر و گەرمتر بوون. سوڵتان سەلیمی یەکەم سەرکردایەتیی تێکڕای شەڕی کوردستانی لە ئەستۆی محەمەد پاشا و مەولانا ئیدریس خست و کارەکەی بەرەوڕووی ئەم

دوو کەسە کردەوە.

سـوولاق زادە دەنووسێ: پاش لە تەورێز گـەڕانەوەی سـوڵتـان، مـەولانا ئیدریسی مێژوونووس و خێرخوای بنەماڵەی بەرەی عوسمانیی چووبووە دڵەوە و سـەرنجی بزواندبوو... بۆ ئەوەی مـیـرانـی کـورد بکا بـەدەسـتـدا و گـوێ بەفـەرمـانـی پادشـای ڕەچەڵک بڵیند بەرەو ویلایەتی کـوردسـتـان بـەڕێ کـەوت (٨٥، ٣٧٨ – ٣٧٩). بەم چەشنـە پاشمـاوەی شـەڕی چاڵدێران لە کوردسـتـان هەر بەردەوام بوو.

نووسیاری کتێبی «مێژووی کورد و کوردستان» موحەمەد ئەمین زەکی لە بارەی مەحەمەد ئوستاجلوو، فەرمانڕەوای دیاربەکرەوە دەنووسێ، دەڵێ، لە پاش شـەڕی چاڵدێران هاتووەتە ویلایەتی دیاربەکـر (١١٧. ١٧٦). بەلاّم لە سەرچاوەکانیاندا وا بەدیار دەخرێ کە لەبەرئەوەی محەمەد خانی ئوستاجلوو لە شەڕی چاڵدێران دەکوژرێ، شاسمایلی یەکەمی سەفەوی لە ساڵی ١٥١٤دا قـەرەخانی برای ئوستـاجلوو دەکا بە فـەرمـانڕەوای ویلایەتی دیاربەکر و لە شەڕی کوردستاندا ئەو دەبێ بە سەرکردەی لەشکری قزڵباش (٨٥، ٣٧٨).

قـەرەخـان کـاتێ دەیەوێ بە لەشکرێکی پێنج (٥) هەزار کـەسـیـیـەوە لە قزڵباشان بچێتە ناو دیاربەکردەوە خەڵکەکەی لێ ڕادەپەڕن، پێشی لێ دەگرن، چونکە دیاربەکر ئیدی بووبوو بەدەستـدا (تابع)ی حوکوومـەتی عوسـمـانی. قەرەخـان خۆی لە ویلایەتی ماردین قایم کـرد و لەوێوە دەستی بە هـەڵکردنە سەر دژمن کرد.

لەشکری هەردوولا لە (قۆچ حەسار)ی نزیکی نسێیبن بەگژیەکدا چوون و بەشەڕهاتن. بدلیسی دەنووسێ: «لەم شەڕەدا تاج ئەحمەد و قاسم ئەنداکی و میر شا حوسەینی کەیسانی و میر سەیفەدین و عومەر جاندار لە هۆزی ڕۆژەکی... کوژران» (٧٦، ٤١٧)، بەپێی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی، کـوردێکی زۆر لەم شـەڕەدا برینداربوون و بەدیل گـیـران، لە برێ لە ویلایەتەکانی کوردستاندا شەڕ زۆر بەتوندوتیژی هەر بەردەوام بوو. تەنانەت قەلاّی ئەرجیش لە ساڵێ پتر لە لایەن قزڵباشەکانەوە بە گەمارۆدراوی مایەوە.

بەپێی سەرچاوەکان، لە سەروبەندی ئەو گەمارۆدانەدا پتر لە پازدە هەزار کەس لە شەڕکەرانی کورد و لەشکری عوسمانی تێدا چوون، داکۆکی لێکردنی قەڵای ماردین بەرەورووی سلێمان خانی ئوستاجلوو «برای قەرەخانە» کرابووەوە. شاری ماردین چەندین جار دەستاودەستی پێ کرا، بەڵام قزڵباشەکان خۆیان بەدەستەوە نەدا و شەڕ لە کوردستاندا هەر درێژەی کێشا. هەر لەبەر ئەمەیشە سوڵتان سەلیم لەساڵی ١٥١٦دا بۆ داگیرکردنی میرنشینەکانی کوردستان بەتەواوەتی وەخۆ کەوت. شادی پاشا، سەرکردەی سپای ئەنەدۆڵی بۆ ماردین و فەرمانڕەوای تەرابزوون، مستەفا پاشای بە لەشکرێکی دە هەزار کەسییەوە بۆ سەر ئەرزنجان نارد.

حەسەن بەگی ڕۆملوو دەنووسێ: «فەرمانڕەوای چەمەشکەزەک، نوور عەلی خەلیفە لە ناوچەی ئەرزنجاندا دەگەڵ مستەفا پاشا بەشەر هات. لەم شەڕەدا مستەفا پاشا سەرکەوت و نوور عەلی خەلیفە کوژرا» (٥٩، ١٥٤). خەلیفە بەدەستی مستەفا پاشا نەکوژرا، بگرە بەدەستی ئەو کوردانەی پیرحوسەینیان سەرۆک بوو، کوژرا (٧٦، ١٦٧ – ١٦٨).

بەلای ئێمەوە ئەم قسەیەی بدلیسیی بە هەموو کون و کەلێنی مێژووی کورد شارەزاتر، لە ڕاستییەوە نزیکترە.

لە ناوەندی سەدەی ١٦هەمدا بڕێ میرنشینی بەشی باکور – ڕۆژاوای کوردستان بەلای دەوڵەتی عوسمانییاندا لایان دا، چونکە لە ناوچە و هەرێمی ئەو بەشەدا فەرمانڕەوای مەرعەش عەلائودەولە زولقەدەر کە بۆ عوسمانییان جێی مەترسی بوو، لە لایەن سپای عوسمانییەوە ژێر کەوتبوو. واتە لەو ناوچانەدا هێزێکی وا نەمابوو شان لە شانی حوکوومەتی عوسمانی بدا. پاش داگیرکردنی ویلایەتی دیاربەکر و ویلایەتی ئەرزنجان و ویلایەتی مەرعەش سوڵتان سەلیمی یەکەم بەدەستی مەولانا ئیدریسی بدلیسی خەڵات و پاداشتی بە بەها و نیشانەی شانازی (فەخری)ی بۆ ئەو میرە کوردانەی لە شەڕەکانی دیاربەکردا هاوبەش بووبوون، نارد. سوڵتان لەم فەرمانە ڕەسمییەیدا کە بەم بۆنەیەوەی ناردبوو، گرتنی دیاربەکر و بەدیلگیرانی گەلی

کورد بە خزمەتێکی گەورەی مەولانا ئیدریسی بدلیسی بە عوسمانییان لە قەڵەم داوە. بەڵام شەڕی ماردین هەر بەردەوام بوو. لەبەر ناکۆکیی نێوان شادی پاشا و محەمەد پاشا، شادی پاشا دەستی لە گرتنی ماردین هەڵگرت و بۆ ئەنەدۆڵ گەڕایەوە. قەرەخان ئەمەی بەهەل زانی، قەڵای ماردینی هێندەی دیکە تەقەت کرد. مەولانا کە بارودۆخەکەی بەم جۆرە دیت، خۆی گەیاندە سوڵتان و داوای هێزی تازەکوورەی کرد. م. سوولاق زادە دەنووسێ: «سوڵتان دلاوەرێکی ئەحمەد ناوی لەگەڵ دلاوەرێکی دیکەی ڕوومدا بە کۆمەگەوە نارد» (٧٦، ٨، ١٦٧– ١٦٨). ئیسکەندەر مونشی دەنووسێ: «لە مانگەکانی هاوینی ساڵی ١٥١٦دا لەشکرێکی بیست هەزار کەسیی عوسمانی بەسەرکردایەتیی خوسرەو پاشاوە بە کۆمەگەوە هات» (٤٧، ٤٣)، ئەم هێزە لەگەڵ لەشکرەکەی محەمەد پاشادا یەکیان گرت و لە ناوچەی ماردین شەڕێکی هەرە سەخت ڕووی دا. ئێسکەندەر مونشی لەسەر قسان دەڕوا و دەڵێ: «لەم شەڕەدا قەرەخان کوژرا، ڕێز و سانی لەشکری قزڵباش شیرازەی تێک چوو و سپای عوسمانی سەرکەوت» (٧٦، ٤٧، ٤٣– ٤٦). شاری ماردین گیرا، بەڵام قەڵاکەی ناوشار خۆی بەدەستەوە نەدا. سوڵتان سەلیمی یەکەم پاش ئەو، شاری حەڵەب، دیمەشقی داگیر کرد، سپایەکی گەورە و گرانی بە تۆپخانەی قورسەوە بۆ کوردستان بەڕێ خست ئیدی بەم جۆرە قەڵاکەی ماردینیش گیرا، بەڵام بەقسەی مێژوونووسی تورک، ئەحمەد ڕاسم، قەڵای ماردین تا ساڵی ١٥٢٥یش هەر بەدەست ئێرانییەکانەوە بووە (٥٣، ٢٦٨). ئەو سەرچاوانەی لە پێشترەوەمان نێو بردن، ئەم قسەیەی ئەحمەد ڕاسیم بەدرۆ دەخەنەوە.

لە پاش گرتنی قەڵای ماردین و ئورفە و شەنگر و حەسەن کێف و مووسڵ و بڕێ میرنشین و قەڵای دیکەی کورد بوون بە دەستدا و گوێ بەفەرمانی حوکوومەتی عوسمانی. بدلیسی دەنووسێ: «پاش سەرکەوتنەکەی چاڵدێران سوڵتان سەلیمی یەکەم بوو بە خێوی دیاربەکر و ناوچەکانی چەپاخچوور و ئاقچەقەڵا و زاک و مەنەشکوردیشی هاویشتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی» (٧٦، ٢٥٧).

بدلیسی لەمەڕ شەڕ و هەرای عوسمانی و ئێران لەسەر کوردستان زۆر کەم دەدوێ تەنانەت ئەو لە کتێبەکەیدا ئەوەیشی نەنووسیوە، ئەم شەڕە کەی دوایی هاتووە. بەڵام لە یەکەم تێککگیراندا کوژرانی قەرەخانی نووسیوە. ئیسکەندەر مونشی و برێ لە مێژوونووس و لێکۆڵەوانی دیکە دەڵێن، شەڕی کوردستان دوو ساڵی خایاندووە. ئەمانە هەموو بخەینە ئەولاوە، بدلیسی سەرەڕای برێ زانیاریی بەکەڵک و بە کاکڵ و دەوڵەمەند کە لە بارەی ڕووداوەکانی کوردستانەوەی نووسیون، ناوبەناو لە قافی خۆیدا سیاسەتی عوسمانی لە ژێر لێوەوە ئاشکرا دەکا.

ئیتر بەم جۆرە شەڕە پێشبڕکێی نێوان عوسمانی و ئێران لە ساڵی ١٥١٤ و ١٥١٥دا بۆ دگیرکردنی کوردستان و لەسەر کوردستان بەسەرکەوتنی عوسمانییەکان شکایەوە و دوایی هات. سوڵتان سەلیمی یەکەم بەم بۆنەیەوە، بە هۆی مەولانا ئیدریسی بدلیسییەوە ٥٠٠ خەڵات و ١٧ ئاڵای بۆ میرە کوردەکان نارد، ئیدریسی بدلیسی خۆیشی شیرێکی کالان زێڕی لە فەرەنسا بۆ بەڕادان درا و دیارییەکی ١٢ هەزار دۆقە(١٢) بایی زۆر بەنرخی بە پاداشت پێ بەخشرا. سوولاق زادە لە باسی شەڕی ئەو ساڵانەدا دەڵێ: «دژمنە بەدزاتەکان (قزڵباشەکان – ش. م) نەیانتوانی خۆیان لەبەر دلاوەرانی کورد ڕاگرن و هەموو هەڵاتن، پاشانەکێ مەولانا ئیدریسی بدلیسی هەزار فلۆری و(١٣) فەرمانێکی شانازیی لەلایەن سوڵتانەوە بۆ نێردرا و بۆ سەرا بانگ کرا، بەڵام لەبەرئەوەی کە شەڕ هێشتا نەبڕابووەوە، بۆ سەرا نەچوو) (٨٥، ٣٨٠ – ٣٨١). مەولانا ئیدریس لەوەدا کە نیشتمانەکەی خۆی خستە ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتی عوسمانییەوە و کردی بە ئاڵقە لە گوێی سوڵتان و هێندەی سەرڕاستی و دۆستایەتی لە ڕاست عوسمانییان نواندبوو، سوڵتان سەلیمی یەکەم کاغەزی سپیی مۆرکراوی بۆ دەنارد، خۆی چیی خوایشت بوو ئەوەی تێدا دەنووسی. هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە مەولانا ئیدریسی بدلیسی لە پاش شەڕی کوردستان لەلایەن سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە بە نوێنەری ڕەسمیی سوڵتان ناسرا و بەپێی ئەم بەندانەی خوارەوە پەیمانی لەگەڵ

میرانی کورددا بەست:

١- میرانی کورد جاران چۆن بوون لەمەوپاشیش هەر بەو جۆرە پشتاوپشت بەسەر میرنشینەکانی خۆیان ڕادەگەن و و بەڕێوەیان دەبەن، بەڵام ناتوانن فەرمانڕەوایی سەربەخۆ دامەزرێنن. بەپێی داوودەستوری کۆن و بەندوباوی باب و باپیران هەریەک لە میرانی کورد لە تخووبی قەڵەمڕەو و چوارچێوەی میرایەتیی خۆیدا دەتوانێ حوکم بڕانێ و نوێنەر بۆ کن میرانی دیکە بنێرێ.

٢- میرانی کورد دەبوو لەگەڵ هێزە چەکدارەکانیاندا پێکەوە لە هەموو شەڕ و سەفەربەرەکانی حوکوومەتی عوسمانیدا هاوبەش بان و لە بەرژەوەند و قازانجی وی شەڕیان کردبا. بەرانبەر بەمە، حوکوومەتی عوسمانیش دەبوا میرانی کوردی لە هەموو دەسبزێوی و گەڕ و گێچەڵێکی بیانی پاراستبا.

٣- دەبوا هەموو میرە کوردێ ساڵانە پارەیێکی دیاریکراوی بە ناوی دیارییەوە، بە خەزێنەی سوڵتان پێشکێش کردبا (١٤، ٤، ١٢١، ٤٣٦ - ٤٣٧). میرانی کورد دەبوا لە کاروباری ناوخۆدا سەربەخۆ و لە کاروباری دەرەکیدا سەیری دەمی حوکوومەتی عوسمانییان کردبا و قسە قسەی حوکوومەتی عوسمانی بوو.

ئیدی بەم جۆرە بە کۆمەگ و یاریی مەولانا ئیدریسی بدلیسی کوردستان بوو بەدەستدای حوکوومەتی عوسمانی و مافی پشتاوپشت بۆ مانەوەی میرایەتی هەروەکو خۆی مایەوە و بوو بە کۆسپ و لەمپەر لە پێش دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتووی یەک دەسەڵات و یەک قەڵەمڕەو(١٤). ویلایەتی دیاربەکر کرا بە شەش فەرمانڕەوایی و ١٩ وەجاخ(١٥) (٩٨، ٣٠٠ - ٣٠٢). یازدە سەنجاق(١٦) لەمانە ڕاستەوخۆ بە حوکوومەتی عوسمانییەوە بەستران و هەشت وەجاخیشیان بە ڕواڵەت سەربەخۆ و ئازاد مانەوە. ئەولیا چەلەبی دەنووسێ: «جگە لە دیاربەکر ٤٠ قەڵای سەر بەدیاربەکریش لەلایەن سوڵتان سەلیمەوە داگیرکرا» (٤٨, ١٤٦).

ئیتر بەم ئاوایە هەمان دەستووری دابەشکردن تەنیا هەر بۆ دیاربەکر نەکرا، بگرە ویلایەتی وانیش کرا بە ٣٧ وەجاخ و جیا کرایەوە و هەریەکە بوو بە فەرمانڕەوایەتییەکی سەر بە سەرای سوڵتان. یەکێ لەمانە:

١- فەرمانڕەواییی حەکاری بوو: ئەم میرنشینە دەبوا هەمیشە هێزێکی دە هەزار کەسیی لە ژێر فەرماندا بوایە و لە کاتی شەڕ هەڵگیرساندا بە پەنجا هەزار کەس گەیاندرابا.

٢- فەرمانڕەواییی بدلیس دووەمیان بوو: ئەمیش دەبوو هێزی چەکداری خۆی وەک میرنشینی حەکاری پێک هێنابا.

٣- فەرمانڕەواییی مەحموودی: ئەم میرنیشینەیش دەبوا هێزێکی چەکداری شەش هەزار کەسیی هەمیشە ئامادە و تەیار بوایە.

٤- میرنشینی پنیانیشی دراوسێی میرنشینی مەحموودی: ئەمیش دەبوو هەمیشە هێزێکی چەکداری ٦ هەزار کەسیی لە ژێر فەرماندا ئامادە و تەیار بوایە (٩٨، ٣٠٢). جگە لەمە بۆ لە مەترسی پاراستنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی چەند تیرە و هۆزێکی کورد بۆ سەر سنوورەکانی ئازەربایجان کۆچ پێکران. پ. ی. ئاڤریانۆڤ دەنووسێ: « ئەم تیرە و هۆزانە کاربەدەستی ئینزیباتییان لە خۆیان دانا و بە مەرجێ خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی بکەن، لە خەرج و باج و سەرانە ئازاد دەکران» (٢,٩ -٣). ئەولیا چەلەبی دەنووسێ: «لە پاش ئەم تەخشان و پەخشان و دابەشکارییە ئەوەی بۆ دەوڵەتی سەفەوی مابووەوە تەنیا قووتوور و دووزی و جوولانی و دونبولی بوون (٤٨). کەچی بەپێی «ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام» تەنیا کوردی کرماشان بۆ دەوڵەتی سەفەوی مابووەوە (١٣٢، ١٢٠٧) . ئیدی بەم ڕەنگە داگیرکردنی کوردستان و بۆ یەکەم جار لە نێوان حوکوومەتی و عوسمانی و ئێراندا دابەشکرانی بە جارێ کارەکەی بڕاندەوە. لەم شەڕەی کوردستاندا ٤٢ هەزار سەربازی تورک لە ژێر فەرماندەی گشتی محەمەد پاشا و چوار پاشای دیکەی تورکدا، بە هەزاران تۆپ و تفەنگەوە کە بۆ ئەو سەردەمانەی ڕۆژهەلات بایەخێکی

مردن و ژیانی هەبوو هاوبەشییان کردوو. بەپێی نووسینی ئەحمەد ڕاسیم لە ساڵی ١٥١٦دا لەشکرێکی چل هەزار کەسی لە ژێر فەرماندەی سەنعان (سینان؟) پاشادا هاتبووە ناو دیاربەکرەوە (٥٣، ٢٧٣).

جگە لەو میرە کوردە جیاجیایانەی لە دژ قزڵباشان شەڕیان دەکرد، میرە کوردێکی زۆر بەسەرۆکایەتیی مەولانا ئیدریسی بدلیسی و ئەبولەواهیبی کوڕی و نزیکەی ٣٥ هەزار جەنگاوەری کورد شەڕیان دەکرد.

لەم شەڕەی کوردستان بەشکردنەدا لەلایەن دەوڵەتی سەفەوییەوە قەرەخان ئوستاجلوو و ئۆلاش بەگی برای و سلێمان خانی برای و عەوەز بەگی برای هاوبەشییان دەکرد. لەمەڕ ژمارەی شەڕکەرانی قزڵباش زانیارییەکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە. بەڵام بەپێی نووسینی مێژوونووسان زۆربەی کوژراوان کورد بوون.

لەو ڕاستییانە وا بەدیار دەکەوێ کە یەکێ لە هۆیەکانی قڕانی جەنگاوەرانی کورد وەستایانە بەکارهێنانی چەکە ئاگردارەکانی لەشکری عوسمانی و بەدەستوور و پێڕۆی شەڕ ئاشنایەتی و شارەزاییی سەربازان و لە شەڕە هەرە سەخت و گرانەکاندا کورد وەپێش خستن بووە.

سەرەنجام شەڕی کوردستان بەو هێزە گەورەیەی حوکوومەتی عوسمانی و هاوبەشی تێداکردنی ئەو میرە کوردانەی لە دەوڵەتی سەفەوی لالووت و ناڕازی بوون و بەسەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی یەکەم دوایی هات.

بە پێی زانیارییەکی کە لە «مونشەئاتی سەلاتین»دا نووسراوە، بیقلی محەمەد پاشا سەری قەرەخانی لەگەڵ کاغەزێکدا، بەم بۆنەیەوە بۆ سوڵتان سەلیم نارد. لەو کاغەزەدا نووسیبووی: «لەگەڵ میرانی کورددا یەکدڵیمان کرد و بەسەر دژمندا سەرکەوتین و ئەمەیش سەری قەرەخانە کە لەگەڵ چەند جەنگاوەرێکدا بۆ بارەگاتان دەنێردرێ. هیوامان وایە سەری دژمنان هەمیشە لەژێر پێلەقەتاندا بێ» (٩٨، ٤١٨ - ٤١٩).

سوڵتان سەلیمی یەکەم ئەیالەتی دیاربەکری کرد بە مەڵبەند و بەجیا سپای

کوردستانی پێک هێنا. سەرکردایەتیی سپا و میرمیرانێتیی ویلایەتەکان بە پاشاکانی عوسمانی دران.

ئەم پاشایانە بەرانبەر بە کورد مافی هەموو شتێکیان هەبوو. ئەم سەرکەوتنەی دەوڵەتی عوسمانی بوو بەهۆی دابەشکرانی کوردستان و بناخەی بەشەڕی قورس ڕووبەڕووبوونەوەی دامەزراند... کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕی درێژخایەنی نێوان عوسمانی و ئێران. ئەو پەیمانەی لە نێوان میرانی کورد و سوڵتان سەلیمی یەکەمدا بەسترا لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی غازیدا (١٥١٩ – ٢٠ – ١٥٦٦) بە سەروبەرەوە لەبیر کرا. ئەو میرە کوردانەی مافی سەربەخۆیی نێوخۆییان هەبوو یەک لە دوای یەک لە مافی پشتاوپشت بۆ مانەوەی میرایەتییان بێبەش کران. گەلی کورد ناچار کران بچنە ژێر باری خەرج و باجدان بە نەجیوزادانی عوسمانی و سەرومڕ گیرفان و بەریک پڕکردنیان. دەگژ یەکداچوون و شەڕوشۆڕی ناوخۆی نێوان تیرە و هۆزەکانی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا بە فیت و دەست تێوەردانی عوسمانی و ئێران پەرەی ساند.

ئەو پاشا عوسمانییانەی لە کوردستان ئاغایەتییان دەکرد، بۆ بەگژیەگداکردنی تیرە و هۆزەکانی کورد کەڵکیان لە زۆر ڕێگای جۆراوجۆر وەردەگرت و بەم ڕەنگە تۆوی دووبەرکی و ناکۆکییان لە نێوان نەتەوەیێکی برای یەک و هاوخوێندا چاند و لەدژ یەکدییان بە شەڕدان، بەنموونە لە ساڵی ١٥٨٦دا فەرهاد پاشای وەزیر بەدەستی ئەنقەست هۆزی دونبولی و مەحموودیی بەگژیەکدا کرد. بدلیسی دەنووسێ: «لەو شەڕەدا لە هەشتا کەس پتر کوژران» (٧٦، ٣١٦ – ٣١٧). نەزەر بەگی سەرۆکی هۆزی دونبولیش لەم شەڕەدا کوژرا. قلیچ بەگی برای هەرچەندە لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە شکاتیشی کرد، بەڵام هیچی بۆ بە هیچ نەکرا. بدلیسی نووسیویە: «ئەو کاتی شکاتەکە خرابووە پێش چاو منیش تێیدا هاوبەشیم دەکرد. فەرهاد پاشا بۆ دیزە بەدەرخۆنەکردنی کارەکە ناوبژیی لێ دەکردن و ئاشتی دەکردنەوە». (٧٦، ٣١٧)

به تێکڕایی، له پاش بۆ یەکەم جار دابەشکرانی کوردستان (١٥١٤) ئەم جۆره ڕووداوانه له مێژووی کورددا بووبوون به شتێکی خواسایی. سیاسەتی خراپی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی هەردووکیان بەرانبەر به گەلی کورد لەلایەن شاکانی ئێرانیش و سوڵتانەکانی عوسمانییەوەیش هەر وەکو خۆی بەردەوام بوو. هەر لەبەر ئەمەیش بوو ئەم سیاسەتەی که له سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوه دەستی پێ کردبوو، سەرۆکه کوردەکانی له پێناوی مافی سەربەخۆییی خۆیاندا خستە سەر خەباتێ کە ساڵای ساڵ پێوه چوو و نەبڕایەوه.

## سەروساختی سەفەوییەکان لەگەڵ کورددا[١٧]

لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا، باری ئابووری - کۆمەڵایەتی و سیاسی لە وڵاتی ئێرانی دراوسێی کوردستاندا تا بڵێی تووش و نالەبار بوو. وڵاتی ئێران بەش بەش کرابوو، هەر بەشەی بووبوو بە وردە دەربەگایەتییێک بۆ خۆی. ئەو شەڕوشۆڕانەی لە نێوان ئەم دەرەبەگایەتییانەدا ڕوویان دەدا نەک هەر بووبوون بە کۆسپ لە پێش یەکگرتنێکی سیاسیی وڵاتەکە، بگرە پێوەندیی نێوخۆی وڵاتەکەیشی کرژ و تووش و دژوار دەکرد و گەشەکردنی بازرگانیی گۆج دەکرد. شار و گوند لە ئاکامی شەڕوشۆڕی نێوخۆی دەرەبەگایەتی بەتاڵان و بڕۆ دەچوون، خەڵکی وڵات ساف لە ساف ڕووت دەکرانەوە. بەم پێیەش ژیان و گوزەرانی زەحمەتکێشانی شار و گوندیش تا دەهات تووش و دژوارتر دەبوو. نارەزایی تێکڕای خەڵک لە دژ فەرمانڕەوایی ئاق قۆیونلووان پتری پەرە دەستاند. لەم سەروبەندەدا فەرمانڕەوایی ئاق قۆیونلووان نەیدەتوانی دوایی بەم بارە نالەبارە بێنێ، چونکە ئەو فەرمانڕەواییە تەنیا هەر ناوەکەی مابووەوە.

بەم ڕەنگە، دەق لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا کاری لە ڕووی سیاسییەوە یەکخستنی وڵات و دەوڵەتێکی مەرکەزیی یەکگرتوو هێنانە گۆڕێ وەک ناچارییەکی مێژووینە زەق و زۆپ لە پێشێ قوت بووبووەوە. هەر لە ڕۆژگارێکی وا تووش و چەتووندا بوو کە شاسمایلی سەفەویی یەکەم کەوتە سەر کەڵکەڵەی لە ئازەربایجان دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ. شاسمایل لە باوکەوە، خۆی بەسۆرە و تۆرەی ئیمامی عەلی و پێشەوای شیعە و لە دایکەوە دایکی شاسمایل، عالەم شا بەییم (بەگم) کچی حەسەن بەگی ئاق قۆیونلوو بوو، خۆی بە میراتگری ڕاستەقانیی بنەماڵەی ئاق قۆیونلووان دادەنا. شاسمایل لە پێناوی هێنانەگۆڕێی دەوڵەتێکی تازەکوورەی بەهێز دەستی بە تێکۆشان و خەبات کرد و لە ساڵی ١٤٩٩دا لەگەڵ هاودەست و پەیڕەوانیدا

هاتنە شاری ئەردەبیل. لە پاش ساڵێک، بەیارمەتی و کۆمەکی حەوت هەزار دەروێشەوە، شیروان شا فەرووخی یەساری بەزاند. هەر لەو ساڵەدا لە پاش شەڕوشۆڕێکی خوێناوی توانیی باکۆیش باوێتە سەر قەڵەمڕەوی خۆی. ئەو لەو شەڕەدا کە لە گوندی شەروور ڕووی دا ئەڵوەند میرزای ئاق قۆیونلووی بەزاند و سەروەت و سامانێکی لە ڕەوەئەسپ و ماین و پەز و مالات و ڕەشەوڵاخ و نەختینەی زۆر وەدەست هێنا. ئەڵوەند میرزای بەزیو هەر هێندەی بۆ لووا هەڵێتە ئەرزنجان. شاسمایلی سەفەوی لە ساڵی ١٥٠١دا چووە ناو تەورێزەوە و بەوپەڕی تەنتەنە و هەیت و هووتەوە بانگی شاهیەتیی خۆی ڕاهێشت.

ئیدی بەم جۆرە ئەوەبوو دەوڵەتی سەفەوی لە ئازەربایجان هاتە گۆڕێ و ئەم دەوڵەتە یەکسەر مەزەبی شیعەی کرد بە ئاینی ڕەسمیی خۆی و لەم ڕووەوە فەرمانی بەڕەسمی زانینی لەلایەن شای سەفەوییەوە بۆ دەرچوو. شاسمایلی یەکەم لەم دەوڵەت دامەزراندنەدا تیرە و هۆزە تورک زمانەکانی ئوستاجلوو و شاملوو و تەکەلوو و زولقەدەر و ئەفشار و قاچار (قاجار)ی بەیارمەتی و کۆمەگەوە هاتن و هەر ئەمانە سپای قزڵباشیان پێک هێنا. ئەم تیرە و هۆزانە لە هەموو وڵات داگیرکارییەکانی شادا هاوبەشییان دەکرد و هەریەکەیان لەسەر یەکێ لەو وڵاتانەی داگیر دەکران بەسەرۆک دادەندرا. ئەم سپای قزڵباشە کە لەلایەن شاسمایلی یەکەمەوە دامەزرێندرابوو هێزەکەی لە بنەڕەتدا لە لەشکری پیادە و بە زۆری سوارەی تیر و کەوان و شیر و نێز و تەورزین و نەجاخ و مەتاڵ بەدەست پێک هاتبوو.

بەم تەرزە، شاسمایلی سەفەویی یەکەم لەم سپا گەورە شەڕکەرە و لەو سۆفی و دەروێشانەی، کە بۆ لە ئێران و ئازەربایجان دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی خڕ کردبوونەوە کەڵکی وەرگرت. بدلیسی دەنووسێ: «شیعەکان هەر کە ناوبانگ و ئازایەتیی شاسمایلیان بیستەوە لە سووریە و لە تورکیا و لە کوردستانەوە لێشاویان هێنا، هەموو لە ژێر ئالای سەفەوییەکاندا خڕ بوونەوە و یەکیان گرت» (٧٦, ٦٩). شاسمایل پشت بەم هێزە گەورە لە ڕووی

شەڕەنگێزی و بیروبڕواپتەوی و ورەبەرزییەوە چەکدارە، لە ساڵی ١٥٠٢دا لەو شەڕەدا کە لە نزیک هەمەدانەوە ڕووی دا سوڵتان مورادی ئاق قۆیوونلووی بەزاند، بەپێی زانیاریی سەرچاوەکان دە هەزار کەس لە ئاق قۆیوونلووەکان لەم شەڕەدا کوژران و زۆریشان لێ بەدیل گیران (٥٩، ٦٨، ١٣، ٨٣).

شاسمایلی یەکەم لە ساڵی ١٥١٠دا لە شەڕێکدا کە لەگەڵ ئوێز بەگ شێبەک خانیدا (شەیبانی خانیشی پێ دەگوترێ) کرد بەسەرکەوت و شێبەک خانی بەزاند و لەگەڵ داگیرکردنی خۆراساندا، شارەکانی مەرو و بەڵخ و هەراتیشی داگیر کرد.

بەم جۆرە شاسمایلی یەکەم لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا بەسەر برێ دەرەبەگدا کە لە ئازەربایجان و ئێراندا ڕەگیان داکوتابوو زاڵ بوو و سەرکەوت. هەرچی زەویوزارێکی وەدەست هێنابوو، هەمووی بەشێوەی تیوول لە سەرکردەکانی قزڵباش بەش کرد. شەست کەس لەو ٧٤ میرانی ویلایەت و ئەیالەتانەی کە لە ناوەندی سەدەی ١٦هەمەوە بوون بەدەستدا و گوێ بەفەرمانی سەفەوییەکان ئازەربایجانی بوون. شاسمایلی یەکەم لە ساڵی ١٥٠٤دا کاغەزی بۆ سوڵتان بایەزیدی دووەم دەنووسی و داوای لێ دەکرد، ڕێگا لەو دەروێشانەی لە سۆرە و تۆرەی سەفەوییانن و بۆ زیارەتی ئەردەبیل دێن نەگرن. لەم بارەیەوە لە «مونشەئاتی سەلاتین»دا نووسراوە: «سوڵتان بایەزیدیش وەڵامی شاسمایلی دەدایەوە کە مەبەستی زۆر لەو دەروێشانەی بەتەمای زیارەتی ئەردەبیلن، زیارەت نییە، بگرە مەبەستیان لە سەربازی هەڵاتنە، ئەگەر بۆ ئازەربایجان هاتنیان هەروا بۆ پێنج و دوو ڕۆژێ بێ قەی ناکا» (٩٨، ٣٤٥ – ٣٤٦). ئەم کاغەز بۆ یەکدی ناردنەی شاسمایلی سەفەوی و سوڵتان بایەزید بوو بە سەرەتای ئەو شەڕوشۆڕە گەورە و خوێناوی و تێکگیرانە مەزەبییانەی کە لە دوارۆژدا ڕوویان دا. شیعەکانی وڵاتی عوسمانی لەم کارەی شاسمایلی سەفەوی بەخۆکەوتن و گیانیان گەشایەوە و ورە و زاتیان بزووت و لە دژ فەرمانڕەواییی سوڵتان سەرەڕۆییان کرد و ڕاست بوونەوە.

شا بۆ ئەوەی شیعەکانی سەربەخۆی بۆ ئازەربایجان بێنێ، نوور عەلی خەلیفەی ڕوومڵووی بۆ ئەو ناوچانە نارد. خەلیفە هەرکە گەیشتە هەرێمی قەرە حەسار چوار هەزار سواری لەو شیعانەی لە دژ سوڵتان ڕاپەڕیبوون لەگەڵ ماڵ و خێزانەکانیاندا کەوتنە یەک و یەکیان گرت (٥٩ ، ١٣٥) . خەلیفە لە گەڕانەوەدا برێ لە ویلایەتەکانی، لەمانە ئەرزنجان و مەلاتیە و خونس و زۆری دیکەی تالان کرد (٥٩, ١٣٥) . ئیدی هەر لەو دەمەوە، واتە لە ساڵی ١٥٠٦ەوە شا شالاوی ولات داگیرکردنی لە سنووری ئازەربایجان و ئێران ترازاند و خۆی بۆ داگیرکردنی ولاتی کوردستان و ئەرمەنستان و گورجستان و عیراقی عەرەب ئامادە کرد. شا بۆ یەکەم جار ملی لە داگیرکردنی کوردستان نا، چونکە خۆی بە خاوەنی هەق بەدەست و ڕاستەقانیی برێ لەو ویلایەتانەی کورد کە لەلایەن ئاق قۆیوونلووەکانەوە داگیر کرابوو دەزانی.

تالانکردنی ویلایەتەکانی کوردستان بەدەست قزڵباشان یەکەم دەستوەشاندنی دەوڵەتی سەفەوی بوو کە گەلی کورد بەچاوی ئومێدەوە تەماشا دەکرد و وای لێ چاوەڕوان نەبوو. هەر لە پاش ئەوە شاسمایلی سەفەوی میرنشینەکانی کوردستانی یەک لە دوای یەک داگیر کرد و بە سەرکردە قزڵباشەکانی سپاردن (٧٦, ١٢٤ ـ ٤٠٧) . بە پێی سەرچاوەکان، شاسمایلی سەفەوی لە سەرەتای حوکمڕانییدا (لە ساڵانی ١٥٠٠ ـ ١٥١٠) خۆی بە برێ داگیرکارییەوە خەریک کردوو و لە پێنج شەڕی گەورەدا بەسەر کەوتووە (٨, ٧٥) . هەر لەم سەروبەندەدا، شاسمایلی سەفەوی جگە لە ولاتی ئازەربایجان و ئێران بەشێکی زۆری کوردستان و بەغدایشی داگیر کردووە (٣٩٢, ٩٢). لەم سیاسەتەی شاسمایل گەلی کورد لەچاو گەلەکانی دیکە پتری زەرەر و زیان لێ کەوتووە.

کارل مارکس شاسمایلی سەفەویی یەکەمی بە حوکمڕانێکی داگیرکەر لە قەڵەم دەدا و دەنووسێ: «ئەو، لە ماوەی چواردە ساڵ حوکمڕانییدا چواردە ئەیالەتی گرتووە» (١, ٢٠٦) . ئەم سیاسەتەی شایەکانی سەفەوی لەسەر دەڕۆیشتن تا دوادوای سەدەی ١٦هەم پێوە چووە و بەردەوام بووە. ئێستەکەندەر

مونشی دەنووسێ: « شاسمایلی دووەم هەر یەکە لە میرانی تیرە و هۆزەکان ناوچەیێکی پێ دەبەخشی و بۆ کوردستانی دەنارد. بە نموونە ویلایەتی ئەلەشگەری بە سوولاق حوسەین تەکەلوو بەخشی و بۆ کوردستانی نارد» (٢١٢،٧٦). ئەم مەیلە لە شاسمایلی یەکەمدا زۆر خەست و خۆڵتر بوو. هەر لەبەر ئەمەیشە لە سەرەتای فەرمانڕەواییدا بە هێزی چەک دەستی بە داگیرکردنی کوردستان کرد. بدلیسی دەنووسێ: «ئەو ویلایەتی دیاربەکر و مووسڵ و سنجاری داگیر کرد. بۆ داگیرکردنی ویلایەتی جزیریش لەشکری نارد» (٧٦ , ١٢٤). ئیدی بەم ئاوایە، شاسمایلی سەفەویی یەکەم کە خۆی بەیەکەم داکۆکی لێکەر و لەسەرکەرەوەی شیعە دەزانی، بۆ بەربەرەکانێی سوڵتانەکانی عوسمانی، مەبەستی بەزۆر داگیرکردنی خاکی کوردستان و بە ناوە گوایە لە یاخی (مێژوونووسانی سەردەم کوردی لە نیشتمانی خۆ داکۆکیکەریان بە یاخی ناو دەبرد) خاوێنکردنەوەی ئەم وڵاتەی هێنایە پێشەوە.

١- بە پێی بیروبڕوای ڕەشید یاسەمی مەبەست لەم سیاسەتەی شا ئەوە بوو، ئەو دەستووری خێڵەکییەی کورد لەناو بدا (٦٩ , ٢٠٣). بەڵام لە ڕاستیدا شا دەیویست بەهەر نرخێ بێ فەرمانڕەواییی خۆی بپارێزێ و لە داگیرکردنی کوردستان سیاسەتی داگیرکاری خۆی بچەسپێنێ، نەک پایدۆست بەڕێژیمی میرایەتیی خێڵەکیی کورد بدات. هەر لەبەر ئەمەیش بوو هەردوو دەوڵەتە داگیرکەرەکە ڕووبەڕووی بەربەرەکانێی جیدیی گەلی کورد دەبوون.

٢- لە سەرێکی ترەوە، چ دەوڵەتی سەفەوی و چ دەوڵەتی عوسمانی نەک هەر مەبەستیان ئەوەبوو بناخەی دەستووری میرایەتیی هۆزەکی کوردان لەبەر یەک هەڵتەکێنن، بگرە سیاسەتی خاکی کوردستان بە نەجیوزادەی خۆدان و لەناوبردنی گەلی کوردیان بەکار دەهێنا، کوردیان وەدەر دەنا و پیاوی خۆیان لە جێیان دادەنا.

ئیتر بەم جۆرە ئەو سیاسەتەی سەفەوییەکان لە سەرەتای سەدەی

١٦هەمەوە لەسەری دەرۆیشتن هیچ ئاکامێکی چاکی بۆ سەفەوییەکان لێ نەکەوتەوە. هەرچی سوڵتان عوسمانییە لەم هەلومەرجە کەڵک وەدەست هێنەکان بوون و هەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی بەدەک و دەهۆ و فێڵبازانەیان بەکارهێنا و خۆیان بە پاسەوانی گەلی کورد و لەسەر هەڵدەی کورد و بە یەکەم لایەنگری مەزهەبی سوننی لە قەڵەم دا. لەدوای ئەمە کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕ و مۆڵگای پێشبڕکێی مەزەبیی هەردوو دەوڵەتەکە، بە تێکڕایی، سەروکاری شاسمایلی یەکەم لەگەڵ کورددا تا بڵێی خراپ و ناهەموار بوو.

لە پاش شەڕی چاڵدێران (١٥١٤) بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست سەفەوییەکانەوە و بەشی ڕۆژئاوایشی بەدەست دەوڵەتی عوسمانییەوە مانەوە (٣٠, ١٠).

شاسمایلی سەفەوی ئەیالەتی ئەردەڵانی کرد بە مەڵبەندی تێدا کۆکردنەوەی خەرج و باجێ کە لە میرانی کورد کۆ دەکرایەوە و نێوی لێ نا (خەزێنەی ئەردەڵان). شا سپایێکی جیاوازییشی لە کورد پێک هێنا و نێوی سپای کوردستانی لێ نا. دەبوا سپای کوردستان لە شەڕە هەرە گەورە و سەختەکاندا بەشداریی کردبا. بەو جۆرەی حەسەنی ڕوملوو نووسیویە، ئەو سپای کوردستانەی بۆ بەزاندنی ئاغا محەمەدی ڕوو ئەفسوون کە لە دژ فەرمانڕەواییی سەفەوییەکان ڕاست بووبووەوە ناردرا بوو (٥٩, ١٧٣) بەسەرکەوتنەوە گەڕابووەوە.

ئیتر شاسمایلی سەفەویی یەکەم، بەمە بنەمای بەستنەوەی سەرپاکی دەرەبەگەیەتییەکان بەیەک مەڵبەندەوە و لە ڕووی سیاسییەوە یەکخستنی وڵاتەکە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەرکەزیی ڕۆنا. ئەمەش لەچاو سەردەمی خۆی هەنگاوێ بوو بەرەوپێش نرا. بەڵام بە دووروودرێژی دەوامکردنی ئەو شەڕوشۆڕانەی لە دەرەوەی وڵاتەکەدا، واتە، لە عیراقی عەرەب و ئەرمەنستان و گورجستان و بە تایبەت کوردستاندا و تالان و چەپاودانی خەڵکی ئەم وڵاتانە لەلایەن قزڵباشەکانەوە لایەنی هەرە خراپی سیاسەتی دەوڵەتی شاسمایلی سەفەویی یەکەم بوو. ئەم سیاسەتە دوای مەرگیشی، میراتگرانی

هەر بەو پێودانەی لەسەر ڕۆیشتن و بەردەوام بوون.

برێ لەو سەرکەوتنە گەورانەی شاسمایلی یەکەم لە تەمەنی لاوێتیدای وەدەست هێنابوون ئارەزووی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە و بەربڵاو دروستکردنی تێدا هێنابووە گۆڕێ. بۆ بەجێهێنانی ئەم نیازەش تەنیا هەر ئەوەبوو پشت بە شیعە ببەستێ کە بە یەکە هێزی دەزانی، هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە لە بەراییی فەرمانڕەواییدا، (١٥٠٤) لەسەر «بەگوێ نەکردنی» ئاین و مەزەب خەڵکێکی زۆری لە شاری تەورێز بە هەڵاواسین داوە. شاسمایلی سەفەوی یەکەم هێند لە خۆی بایی بوو بە لەشکرێکی کەمەوە بە بێ هیچ خۆسازکردنێ بە گژ لە شکرێکی دوو سەت هەزار کەسیی عوسمانیدا چوو و لە ئاکامدا بەزی و بە ژێر کەوت. کاتێکیش سپای عوسمانلی شاری تەورێزیان چۆڵ کرد، شا هاتە ناو تەورێزەوە و خەڵکەکەی گوایە، لەبەرئەوەی بەربەرەکانێی عوسمانییان نەکردبوو، سزادان (١١٣, ١٨١).

لەبەر هەندێکە، شاسمایلی سەفەوی لەو سیاسەتەیدا کە بەرانبەر بە کوردستانی بەکار هێنا ڕێگای بە ڕوودانی هێندێ هەڵە دا و سەرەنجام سەرۆک هۆزەکانی کورد لەگەڵ عوسمانییەکاندا یەکیان گرت و پڕوپاڵانتە لە دژی سەفەوییەکان پەرەی سەند.

بەکارهێنانی سیاسەتی چەوت و چێڵ و خراپی شا لە دژ سەرۆک هۆزەکانی کورد لە سەرای سوڵتانی نزیک خستنەوە و بەمە بناخەی ئەو شەڕانەی لە کوردستاندا درێژەیان کێشا دامەزرا (٧٦, ٤١٦).

ئیدی بەم تەرزە هەردوو دەوڵەتەکە، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تیرە و هۆزەکانی کوردیان لەیەک ڕاست کردەوە و بە گژیەکدیاندا کردن. ئەم سیاسەتە لە سەردەمی (١٥٢٣ـ ٢٤ـ ١٥٧٦) شا تاماسپی یەکەمدا بە شێوەیێکی توندوتیژ دەوامی کرد. هەر لەبەر ئەمەیش لە سەرەتایەکانی فەرمانڕەواییی ئەودا، چ لە ناو وڵاتەکەی خۆیاندا و چ لە دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە برێ یاخی بوون لەدژ سەفەوییەکان ڕوویان دا. هەر لەو سەردەمەدا میر زولفوقاری سەرۆکی هۆزی کەڵهوڕی کورد بە کۆمەک و

یارمەتیی ئەو کوردە شەڕکەرانەی لە دەوروبەری لوڕستان بوون قەڵای بەغدای گرت و فەرمانڕەوایییێکی سەربەخۆی کوردی لێ دەمەزراند (٨٣, ١٠ـ ١٢). بەڵام لە ساڵی ١٥٢٩دا لەلایەن شاتاماسپەوە بەزی و بەژێر کەوت.

بەگوێرەی زانیاریی سەرچاوەکان، هەر لەو ساڵەدا ئوێلمە تەکەلوو، بەگلەربەگی تەورێز بە لەشکرێکی حەوت هەزار سوارەوە لە دژ شاتاماسپ ڕاست بووەوە و خەزێنەکەی شای لە شاری تەورێزەوە وەدەست هێنا و ماڵ و سامانی دارا و دەوڵەمەندەکانی سەرلەبەر مووسادەرە دەکرد. بەڵام لەبەرئەوەی زۆری پێ نەچوو لەشکری شا بەسەریدا زاڵ بوو، ناچار بەرەو ئەیالەتی وان هەڵات و گوێ بەفەرمانیی خۆی لە سوڵتان ڕاگەیاند (٨٣, ١٢, ١٨, ٧٦, ٤١٨). ئەم جۆرە ڕووداوانە پێوەندیی نێوان عوسمانی و ئێرانی پتر توندوتیژ و گرژتر کرد، هەر لەبەر ئەمە، تەنیا لە سەردەمی فەرمانڕەواییی شا تاماسپی یەکەمدا دەوڵەتی عوسمانی چوار جاری هەڵکردووەتەوە سەر ئازربایجان. چ لە سەروبەندی شەڕ و چ لە وچاندانێکی کاتەکیدا نەتەوەکانی کورد و ئەرمەنی و گورجی لەلایەن ئەم دوو دەوڵەتە داگیرکەرەوە تاڵان و بڕۆ کراون و وڵاتەکانیان بوون بە مەیدانی شەڕوشۆڕ.

لە ساڵانی ١٥٣٢ ـ ١٥٣٤دا کاتێ سوڵتان سولەیمانی غازی یەکەم هێرش و دووەم هێرشی بۆ سەر ئازەربایجان کرد ئەو قزڵباشانەی وەدووی لەشکری دژمن کەوتبوون و ڕاویان دەنان، چوونە نێو کوردستانەوە. بەپێی زانیاریی سەرچاوەکان شەڕەکە لە نێوان هەردوو لەشکرەکەدا بۆ یەکەم جار لە ویلایەتی ئەرجیش دەستی پێ کرد. حەسەنی ڕووملوو دەنووسێ: «لەم شەڕەدا سینان پاشا کوژرا و قزڵباشەکان قەڵاکەی ئەرجیشیان گرت و بە کوڕەکەی ئەحمەد سوڵتان سۆفی سپێردرا» (٥٩،٢٦٠, ٧٤, ٦٩).

شا تاماسپی یەکەم لە ساڵی ١٥٣٣دا بە لەشکرێکی پێنج هەزار و چوار سەت کەسییەوە چوونە ناو کوردستانەوە و گرتنی میرنشینەکانی عادیل جەواز و ئەرجیشی لە کتێبەکەیدا نووسیوە (٨٣, ٣٤, ٣٩). هەر لەو سەروبەندەدا ویلایەتەکانی کوردستان یەک لە دوای یەک تاڵان کران.

به گوێرەی «شەرەفنامە»، لە ساڵی ١٥٣٤دا شا تاماسپ ویلایەتەکانی ئەخلات و مووش و برێ ویلایەتی دیکەی کورد لە لایەن بەدرخان ئوستاجلووەوە تاڵان کراون (٤٤٢,٧٦). بەڵام لەشکرەکانی شا تووشی بەربەرەکانێی توندوتیژی گەلی کورد هاتوون. هەر لەبەر هەندێکەیش شەڕکەرانی لە زێد و نیشتمانی خۆ داکۆکیکەری ئازای کورد بەوپەڕی دڵڕەقییەوە مەحکەمە دەکران و دیوانیان بۆ دەگیرا. بدلیسی دەنووسێ، کاتێکی شا تاماسپ لە ساڵی ١٥٣٤دا قەڵایەکەی ئەرجیشی گرت، شەست کەس لەوانەی داکۆکییان لە قەڵایەکە کرد و لە دژ لەشکری شا ڕاپەڕین، لە تیرەی بەختی بریندار کران و بەدیل گیران. بەوپەڕی بێ بەزەییەوە، شا فەرمانی پێست گوروون و بە ئازار و ئەشکەنجەوە کوشتنیانی داوە (٤٤٢,٧٦).

ئەم هەموو ئەشکەنجە و ئازاردانە نەیدەتوانی بوونی نەتەوە و نژادی کورد لە نێو بەرێ. بەپێی زانیارییەکی لە «شەرەفنامەدا» نووسراوە، شاتاماسپی یەکەم بۆ ئەوەی بابانەکان بکا بە پیاوی خۆی سێ جاری لەگەڵدا بەشەڕ هاتوون، بەڵام لە هەموو جارێکدا بەزیوە و ژێرکەوتووە (٢٨٣,٧٦). حەسەن ڕوملوو دەڵێ: « شا تاماسپی یەکەم لە ساڵی ١٥٣٩دا بەهرام میرزای بۆ تاڵانکردنی کوردستان نارد. کوردستان تاڵان کرا و قزڵباشەکان بە تاڵانی گەورە و گرانەوە بۆ تەورێز گەڕانەوە» (٢٩٣,٥٩). هەر لەو ساڵەدا شاتاماسپ ویلایەتەکانی عادیلەجەواز و ئەرجیش و ئەخلاتی تاڵان کرد و قەڵای بارگیری گەمارۆ دا و پاش مانگێ گەمارۆدان قەڵایەکەی گرت و بە دیوانی ئەمیر مەعسووم بەگی سەفەویی سپارد (٢٣٣,٧٦ ـ ٢٣٤).

ئیتر بەم ئاوایە، بەدرێژاییی سەدەی ١٦هەم و پاش ئەو سەروبەندەش سیاسەتی تاڵانکردنی گەلی کورد و بەرباد و پەرێشانکردنی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی سەفەوییەوە مێژوونووسانی دەرباریش ددانی پێدا دەنێن.

حەسەن ڕوملوو دەڵێ: «قزڵباشەکان بە فەرمانی شا تاماسپ هەر فیتنەکارێکی تورکیان، لەهەر جێگایێ وەگیر کەوتبا بێ سێ و دوو دەبوا

بیکوژن» (٥٩، ٣٠٦). یەکێ لە هۆیەکانی ئەم سیاسەتە خراپەی شا کە لە هەق گەلی کوردی بەکاری دەهێنا ئەوەبوو چونکە سوننی مەزەب بوون. چونکە ئەو ڕۆژگارە، شاکانی سەفەویش و سوڵتانەکانی عوسمانیش ئەو شەڕی داگیرکارییەی لە دژ یەکدییان دەکرد نێوی «جیهاد»یان لێ نابوو.

هەر لەبەر ئەوەش بوو قزڵباشەکان کوشتنی کورد و تالآن و بڕۆکردنیان بە فەرمانێکی ئاینی دەزانی. وێڕای ئەمەیش هەردوو دەوڵەتەکە ئەم سیاسەتەیان بەرانبەر بە نەتەوەی ئەرمەنیش و گورجیش درێژە پێ دەدا و لەسەری دەڕۆیشتن، تەنیا هەر لە ساڵی ١٥٤٠ ـ ١٥٥٤ شاتاماسپ چوار جارانی هەڵکوتایە سەر گورجستان. حەسەن ڕووملوو دەنووسێ: «لە کاتی هەڵکردنەسەر و هێرشبردندا ئەو گورجییانەی پەنایان بۆ کەژ و کێو و کەنیسەکان بردبوو، هەرچییەکیان هەبوو و نەبوو لەلایەن لەشکری ئیسلامەوە تالآن کرا و چەندین هەزار کەس لە گورجیی کافر بۆ جەهەندم نێردران» (٥٩، ٣٥٢).

ئیدی بەم جۆرە، ئەم شەڕانەی لە دژ گەلەکانی کورد و ئەمەنی و گورجی دەست پێ کرابوون هەرچەندە بە ناوی دین و مەزەبەوە پەردەپۆش دەکران، بەلآم لە بنەڕەتدا خزمەتی نیازی داگیرکاری و تالآنکارییان دەکرد.

لە ساڵی ١٥٤٨دا کاتێ سوڵتان سولەیمانی غازی سێ جارانی هەڵکردە سەر ئازەربایجان دیسان کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕ. ئەیالەتی دیاربەکر بوو بە مۆڵگەی سپای دەوڵەتی عوسمانی و ئەیالەتی ئەرزنجانیش بوو بە مۆڵگەی قزڵباشەکان. ئەم لەشکرە داگیرکەرانەی لەم شوێنانەدا مۆڵیان خواردبوو میرنشینە کوردەکانیان یەک لەدوای یەک تالآن و بڕۆ دەکرد. بەگوێرەی سەرچاوەکان هەر لە کاتی ئەو شەڕ و شالآو هێنانەدا ئەو دەستە قزڵباشانەی ئیسماعیل میرزا و سوڵتان قاجاری گوێگجە سەرکردایەتییان دەکردن لە ناوچە و هەرێمەکانی ئەرزەڕۆم و فارسدا، لە حەوت هەزار کەسیان پتر کوشتبوو. حەسەن ڕوومڵوو دەڵێ: «ئەم کوژراوانە پێنج هەزار کەسیان پتر لەو کوردە کرێکار و سنعاتکارانە بوون کە بە زۆری زۆردارەکی لە ویلایەتە

جیاوازەکانی کوردستانەوەیان خرکردبوونەوە و بەگەڵ سپا خرابوون. لەو سەردەمەدا شاقولی ئەفشار کە تالانکردنی ویلایەتی ئەخلاتی پێ سپێردرابوو، پێنج هەزار ئەسپ و هەزار سەرمەڕ و پەنجا هەزار سەر مانگای بەتالان هێنابوو» (٧٣،٤٧ , ٣٣١،٥٩).

شا تاماسپی یەکەم ددان بە تالان و برۆکردنی میرنشینە کوردەکان لەلایەن قزلباشەکانەوەدا دەنێ و دەنووسێ : « بۆ ڕاوەماسی دەچووین، لە رێگا تووشی بیست کەسی پیادە هاتین، لێمان پرسین، کێن، گوتیان، خەڵکی خونسین، میرنشینەکەمان بە جۆرێ تالان کراوە، ئەگەر لەوێ مابایینەوە لە برسان دەمردین. ئەوەتا بۆ دیاربەکر دەچین. شا دەنووسێ، بۆ حاڵیان گریام و بێزم لە سەوەوکاری ئەم کردەوانە هاتەوە کە ئەلقاس میرزا بوو» (٥٨ , ٨٣).

ئیدی بەم ڕەنگە لە سۆنگەی ئەوەی نەتەوەی کورد دراوسێی دوو دەوڵەتی گەورە و داگیرکەر بوو کارەکە تەنیا بە تێداچوونی سەر و تالانکردنی سەروەت و سامانەکەی نەدەبڕایەوە، بگرە ولاتەکەشی وێران و بەرباد دەکرا و داری بەسەر بەردیەوە نەدەما . حەسەن ڕووملوو دەنووسێ: «خۆ ویلایەتی ئەرزنجان هەر بەجارێ لە ژێر سمی ئەسپی لەشکری شادا کاول و خاپوور کرا ، شارەکە ئاگری تێ بەردرا و تالان کرا و خاکی ئەو ولاتە بەبای فەنا درا » (٥٩ , ٣٣٤). هێندێ لە مێژوونووسانی سەردەم بەکۆمەڵ قەلارکردنی کورد و ساف لەساف تالان و برۆکردنی ولاتەکە و بەوپەڕی وێرانی و پەریشانی گەیاندنی بە نموومەی کەڵەمێردایەتی و قارەمانیەتیی سپای شا و سوڵتان لە قەڵەم دەدا .

حەسەن ڕووملوو لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٥٤٨ دەنووسێ، «شا لەشکری کردە سەر ویلایەتەکانی ئەخلات و گوێزەل دەرە و عادیلجەواز و خۆیشی هەڵی کردە سەر مووش و وای وێران کرد ئاسەوارێ لە خانووبەرە و دەغڵ و دان نەما » (٥٩ , ٣٣٣). هەر لەو ڕۆژگارەدا ویلایەتی خەرپووتیش تالان کراوە. ئیتر بەم جۆرە کوردی بەزۆر بۆ نێو ڕیزی لەشکری هەردوو دەوڵەت ڕاکێشراو دەبوو بە گوڕی و گاوگەردوونی شەڕی داگیرکاری و خاکی کوردستانیش بەتالان و برۆ دەچوو.

له ئاکامی ئەوەی پاش شەڕی چاڵدێران سەرۆکەکانی تیرە و هۆزە کوردەکان کەوتنە ژێر تەئسیری عوسمانی و ئێرانەوە گەلێکی برا و هاوخوێن بوون بە دوژمنی باب کوشتەی یەکتر. لە ساڵی ١٥٥١دا بەفیتی حوکوومەتی سوڵتان هۆزی مەحموودی بەسەر هۆزی دونبولیی ناوچەی خوویدا دەدەن و سەرۆکی هۆزی دونبولی حاجی بەگی دونبولی دکوژرێ.

شاتاماسپیش بۆ وەلامدانەوەی ئەمە مەعسووم بەگی سەفەوی و شەمسەدین خانی بدلیسی بۆ تالانکردنی کوردستان دەنێرێ. حەسەن ڕوملوو دەنووسێ: «لە کاتی ئەم هێرشەدا ویلایەتەکانی ئەرجیش و بارگیری و مووش و ئەخلات و عادیلەجەواز، سەرلەبەر تالان کراون و لە چوار سەت کەس زێتر کورد کوژران» حەسەن ڕوملوو درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: «تەنیا هەر لە ویلایەتی ئەخلات سی هەزار سەرمەڕ و دە هەزار سەرمانگا و گامێش و هەزار ئەسپ بە تالان هێندراون» (٥٩, ٣٥٨).

لە ساڵی ١٥٥٢دا تالانکردنی کوردستان دیسان دووبارە بووەوە. بە گوێرەی نووسینی حەسەن ڕوملوو، هەر لەو ساڵەدا شا تاماسپ شازادەی ئێرانی بۆ تالانکردنی ویلایەتە کوردەوارییەکان ناردووە. لە ئاکامی شالاوبردندا کوردێکی زۆر کوژران و هەرچییەکیان هەبووە و نەبووە چەپاو دراوە و بەتالان ڕۆیشتووە. مێژوونووسی نێوبراو دەنووسێ: «قزڵباشەکان بەمێگەلەمەڕێکی زۆر و ڕەوە ئەسپێکی فرە و تالانییەکی ترەوە گەڕانەوە» (٥٩, ٣٧٢).

قازی ئەحمەدی قەزوینیش کاتێ دێتە سەر باسی ڕووداوەکانی ئەو سالانەی کوردستان، لەبارەی گرتنی قەلای ئەخلات و گەمارۆدانی قەلای ئەرجیش لەلایەن لەشکری شاوەی نووسیوە (١٠٠, ٣١٠). لە ساڵی ١٥٥٢دا سوڵتان سولەیمانی غازی بۆ چوارەم جار هێرشکردنە سەر ئازەربایجان خۆی ئامادە کرد. شا تاماسپ هەر کە بەم خەبەرەی زانی بۆ ئەوەی شەڕەکە بخاتە کوردستانەوە، لە ساڵی ١٥٥٣دا هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە. شا ویلایەتی ئەخلاتی کرد بە مۆڵگەی سپاکەی و لێرەوە هەڵی دەکوتایە سەر

ویلایەتەکانی دیکەی کوردستان. بەپێی نووسینی حەسەن ڕوملوو، بەفەرمانی شا ویلایەتەکانی وان و بۆستان و بدلیس و عادیلەجەواز و ئەرجیش و مووش بەدەست قزلباشان تالان کراون و سەرلەبەر ئاگریان تێ بەردراون (٥٩, ٣٧٦, ٤٧, ٧٦).

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، سەرەڕای ئەم هەموو کوشتن و بڕین و وڵات داگیرکردن و تالان و بڕۆکردنەی کورد لەلایەن هەردوو دەوڵەتی دراوسێوە بڕێ لە مێژوونووسانی سەرا و دەرباری چەرخ و سەردەم هێشتا کوردیان بە ڕێگر و تالانکەر و دز و جەردە لە قەڵەم داوە (١١٣, ٤٣٠). کەچی شەمسی تەبریزی ئاوهای نووسیوە:

دزد دیدم کو کند دزدی ولی

دزد مارا بین کە او دزدید کرد

بە کوردییەکەی :

دزم دیوە دزی بکا، بەڵام تۆ تەماشای

دزەکەی ئێمە کە: ئەو کوردیشی دزی

جا چ پێوەندیی عوسمانی و چ پێوەندیی سەفەوییەکان بە گەلی کوردەوە شێوەیێکی هێند ناقولای گرتبوو، حوکوومەتی سوڵتان ئەو سەرەک هۆزە کوردانەی پاراستنی سەر سنوورەکانی عوسمانی ـ ئێرانیان پێ سپێردرابوو، نازناوی پاشای دابوونێ و پاشایەکانی سەفەویش هەر ئەوانەی ئەم کارەیان بۆ ئەوان دەکرد نازناوی سوڵتانیان دابوونێ و بەمە گاڵتەیان بەیەک دەکرد. بە پێی بڕوای ئەمانە گوایە کورد نە شایان، نە سوڵتانیان لێ هەڵدەکەوێ، بەڵام مێژوو بۆ خۆی شایەتی ئەوەیە کە سیما و ڕەنگ و ڕووی گەورە گەورە لە نەتەوەی کورد هەڵکەوتوون. خۆلاسە، پێوەندیی دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی هەر لەسەر هەمان تاس و حەمام گیرسابووەوە و هەر بەو جۆرە بەکار دەهێندرا.

لە پاشانیش هەر ئەم سیاسەتەی بێ گۆڕان دەوامی دەکرد. لە سەردەمی

شاسمایلی دووەم (١٥٧٦ ـ ١٥٧٨) شا سوڵتان محەمەد (١٥٧٨ ـ ١٥٨٧)دا ناکۆکیی نێوان سەرکردە قزڵباشەکان توندوتیژ بوو و مەترسیی لەت و پەتبوونی وڵاتەکە بە چەند وردە دەرەبەگایەتییەکەوە زیادی کرد.

سەرەک هۆزانی کوردیش کەڵکیان لەم بارودۆخە وەرگرت. هێندێکیان لە پێناوی سەربەخۆییدا دەستیان بە خەبات دەکرد و هێندێکیشیان دەبوون بە پەیڕەو و پیاوی دەوڵەتی عوسمانی.

بدلیسی دەنووسێ: « لە سەردەمی شا سوڵتان محەمەددا فەرمانڕەواییی سەفەوییەکان دایە کزی و بێ هێزی، لە ساڵی ١٥٨٣دا ئەمیر بەگی سەرۆکی هۆزی موکریش وەک میرانی کوردستان و لوڕستان و ئەردەڵان بوو بە دەستدا و گوێ بەفەرمانی سوڵتان مورادی سێیەم» (٧٦ , ٢٩١). لەم سەروبەندەدا بڕێ ناوچە و هەرێمی ئازەربایجان لەلایەن سپای عوسمانییەوە داگیر کرابوون.

بە پێی بیر و بڕوای یەکێ لە مێژوونووسانی سەردەم، ئیسکەندەر مونشی، سوڵتان مورادی سێیەم گوایە بە فیت و دنەی سەرەک هۆزە کوردەکان هێرشی بردووەتە سەر ئازەربایجان. مێژوونووسی نێوبراو دەنووسێ: «هێندێ کوردی مایەفیتنە و شۆفار، لەمانە غازی قڕان و شاقولی بولبولان و هی دیکە بەو بەندوباوەی کە تایبەت بە خاوەن زەویوزارە، کەڵکیان لە بارودۆخی کات و شوێن وەردەگرت» (٤٧ , ٢٣١). بەڵام بەلای ئێمەوە هێرشەکەی سوڵتان مورادی سێیەمیش بۆ سەر ئازەربایجان، وەک هێرش و شەڕوشۆڕەکانی پێشوو، هەر لە ئاکامی ڕکەبەری و پێشبڕکێی هەردوو دەوڵەتەکەوە سەری هەڵداوە، ئەوەی پێویستە بگوترێ، لەو شەڕەدا زۆربەی کورد بە تەواوەتی چووبوونە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی و لە دژی سەفەوییەکان شەڕیان دەکرد. هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە لە ساڵی ١٥٨٥دا لە شەڕەکەی شارۆکەی سەعد ئابادی لای تەورێز و چڵدیری لای شیروان کوردێکی زۆر کوژران.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی شا عەباسی سەفەویی یەکەمدا (١٥٨٧ ـ ١٦٢٨) سیاسەتی پێشوو لە هەق کورد بە جۆرێکی دیکە بوو. لە سەرێکەوە بۆ

پاراستنی خاکی خۆی لە شالاوی ئوێزبەگەکان ١٥ هەزار ماڵە کوردی بۆ خۆراسان کۆچ پێ کردن و لە سەرێکی دیکەوە لەگەڵ سەرەک هۆزە کوردەکاندا سەروساختی خزمایەتیی (زەڕین کولاهی خوشکی شا عەباس دراوە بە بەگزادەی ئەردەلان، خان ئەحمەد. بڕوانە «١١٤ـ١٠٠ ـ ١٠١») بنیات نا و لە بەرانبەر دەسبزێویی عوسمانییەکاندا داکۆکیی لێ دەکردن و لەسەری دەکردنەوە، چونکە شاکانی سەفەویش و سوڵتانەکانی عوسمانیش لەوە چاک گەیشتبوون کە کوردەکان لە شایێک، یا لە سوڵتانێکی (دادپەروەر) دەگەڕێن هەر بۆیەش ئەوان لە هێندێ بار و حاڵەتاندا سەرۆک هۆزە کوردەکانیان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا و پتریان وشار و شالاو بۆ دەهێنان.

ئیتر بەم جۆرە گەلی کوردی بەر وشار و شالاوی دوو دەوڵەتی دراوسێ کەوتوو، لە شەڕەکانی عوسمانی و ئێرانیدا کە بە درێژاییی سەدەی ١٦هەم دەوامی کرد زەرەر و زیانی لە ئەندازە بەدەر کردووە و کوشتارێکی زۆری داوە. هەر ئەو شەڕانە بۆ خەڵکی ئازەربایجانیش ماڵوێرانی و فەلاکەتێکی گەورە و گران بووە. سەبارەت بەوە کە بڕێ ویلایەتی ئازەربایجان بەر وشار و شالاوی عوسمانییەکان کەوتوون هەر بەجارێ بەرباد بوون و ئاسەواریان نەماوە. بدلیسی دەنووسێ: «لە سەردەمی شا سوڵتان محەمەددا سوڵتان عەلیی سەرۆکی هۆزی دونبولی بەسەر ئەو هۆزەدا ڕادەگەیشت، بەڵام لەبەر شەڕ و هەرا، ئەم ناوچانە (ناوچەکانی خووی ـ ش.م) هیچ خەرج و باجێکی لێ وەدەست نەدەهات. سوڵتان عەلی لەو خەرج و باجەی لە دۆڵی ئەلەگەزی نەخچەوان و ناوچەکانی شەروور وەدەست دەهات کۆمەک دەکرا» (٣١٥ ,٧٦).

لە شالاوبردنی عوسمانییەکاندا بۆ سەر ئازەربایجان تاوانی لە ئەندازە بەدەر ڕووی داوە. تەنانەت لە سەروکاتی سوڵتان موڕادی سێیەمدا ١٥ هەزار کەس لە خەڵکی تەورێز لە یەک ڕۆژدا لە ناوبران (٢٧٦ ,٧٨). هەر لە سەروبەندی ئەو داگیرکرانەدا بڕێ لە شار و گوندی ئازەربایجان لەلایەن عوسمانییەکانەوە بەڕێوەدەبران. ئەمانە داوای خەرج و باجێکی زۆریان لەم شار و گوندانە دەکرد. بدلیسی دەنووسێ: «لە ئاکامی تالانکردنی مەراغە

بەدەست عوسمانییەکان و کۆچ و ڕەوکردنی خەڵکەکە بۆ شوێنانی دیکە لە جیاتی هەموو ساڵێ ١٥ خەروار زێڕ، تەنها خەروارێ خڕ دەکرایەوە» (٢٩٤, ٧٦).

ئیدی بەم جۆرە شەڕی ئێران و عوسمانیی درێژخایێن نەک هەر گەشەکردنی ژیانی ئابووری کورد، بگرە هی خەڵکی ئازەربایجانیشی شەل و گۆج دەکرد و هەر بەجارێ تێکی دەشێواند و تووشی نەهاتیی دەکرد. بێگومان ژیانی کوردەکان لەو سەردەمەدا زۆر خراپ و نالەبارتر بووە.

وێڕای ئەم هەموو ڕووداوە مێژووییە و سیاسییانەی باسمان کردن باری ژیانی ئەو کوردانەی بووبوون بە دەستدا و گوێ بە فەرمانی سەفەوییەکان، لەچاو ئەو کوردانەی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون دەتوانین بڵێین هێندە نالەبار و گران نەبوو، هۆی ئەمەیش ئەوە بوو کە میرانی کورد خزمایەتییان لەگەڵ شاکانی سەفەوییدا پێک هێنابوو. بە نموونە، ژنەکەی میری حەسەن کێف، مەلیک خەلیل خوشکی شاسمایلی یەکەم و یەکێ لە ژنەکانی شاتاماسپی یەکەم خوشکی یەکێ لە میرانی کورد و خوشکی شا عەباسی یەکەم، زەڕین کولاە ژنی فەرمانڕەوای ئەردەڵان، خان ئەحمەد خان بوو (١١٤ ـ ١٠٠, ١٠١). ئەم پێوەندی و خزمایەتییەی نێوان خەڵکی کورد و خەڵکی ئازەری، کەم و زۆرێ کارێکی چاک و ئیجابیی لە مەسەلەی دۆستایەتی و وەفاداریدا دەکرد.

بە گوێرەی زانیاریی سەرچاوەکان شکانی بنەماڵەی سەفەوی لە هێندێ حاڵاتدا لە خاکی ئازەربایجان میرنشینیان بۆ کورد تەرخان کردووە و بۆ بەڕێوەبردنی ئەیالەت و ویلایەتی دیکەی ئێرانی کوردیان دادەنا (٧٦, ٤٤٠ ـ ٤٥٠). بێگومان کارێکی وا لەلایەن عوسمانییەکانەوە هەرگیز نەدیتراوە و کەسیش نەیگوتووە.

# سەروساختی عوسمانییەکان لەگەڵ کورددا

لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا نوێنەری هەشتەمینی بنەماڵەی عوسمانی سوڵتان بایەزیدی یەکەم، کەلە ئاسیای بچووکدا فەرمانڕەوایی دەکرد، درێژەی بەو سیاسەتە دەدا کە بۆ پێکەوەنانی ئیمپراتۆرییەتێکی بەربڵاو بەکاری دەبرد. بنەمای ئابووریی ئەو فەرمانڕەواییەی، سوڵتان سەرۆکایەتیی دەکرد، ئەو نیشتەنییە گوندی و شارییە زەحمەتکێشانە پێکیان دەهێنا کە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە دەچەوسێنرانەوە. هەرچی بنەما کۆمەڵایەتیەکەشی بوو، ئەوە خاوەن زەویوزار: ئەو پیاوە گەورە دەرەبەگە جەنگاوەر و چینی ڕۆحانییەی سەروو و نەجیوزادانە بوون کە پشتیان بەو چەوساندنەوەیە ئەستوور بوو، پشتیوانەی جەنگیی دەوڵەتی عوسمانی جگە لەو زەحمەتکێشانەی ژیانی کۆچەرایەتییان بەسەر دەبرد هاونیشتمانی تورکی بەزۆرەملێ بۆ ڕیزی سپا هێندراو و خەڵکی ژێر دەست و دیلی ویلایەتەکان بوو.

سوڵتان بۆ خۆی هەمەکارەی سەرانسەری وڵات بوو و دەسەڵاتی لە هەموو سنووری بەدەر بوو. بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەت و ئەیالەتەکان فەرمانڕەوای خاوەن زەویوزاری گەورەی دادەنا و نازناوی پاشایەتیی دەدانێ. لە دەربارەی سوڵتاندا سەرەک وەزیر (وزیر اعظم)ی بە پلەی هەرە گەورەی وەزیفە دەژمێردرا. لەبەر ئەوە هەموو وەزیر و پاشاکانی سوڵتان لە هەموو شەڕەکانی حوکوومەتدا بەشدارییان دەکرد. سوڵتانە تورکەکان کە خێوی ئەوپەڕی دەسەڵات و حوکمڕانی بوون لەسەر سیاسەتێکی تا بڵێی دڵڕەقانەی زۆردارانە دەڕۆیشتن، تەنانەت هەر کاتێکیان ئارەزوو لێ بووایە سەری سەرەک وەزیریشیان دەپەڕاند (٥٧٢,٧٣، ٥٧,١٢٨). بە پێی زانیارییەکی لە سەرچاوەکاندا نووسراون سوڵتانی وا لە ڕیزی سوڵتانەکانی عوسمانیدا هەڵکەوتووە نۆزدە برای خۆی لە ڕۆژێکدا تاساندوون (٧٨ ، ٥٥١,٥٣,٣٠١).

ئیدی بەم جۆرە لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا، جگە لە دەوڵەتی سەفەوی، حوکوومەتی بە دەسەڵاتی عوسمانیش لە بەشی ڕۆژاوای باکوری کوردستانی لە هەموو سەرێکەوە کز و لاوازدا هەر خۆی حەساوبوو. عوسمانییەکان لە مێژبوو بەنیازی دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەوە بوون، بۆ بەدیهێنانی ئەم نیازەشیان، کوردستان سەرنجی زۆر ڕادەکێشان، چونکە کوردستان جگە لەوە کە لە شەڕی داگیرکاریی سوڵتانەکاندا هاوبەش بوونی میرانی کوردی بە زەویوزار دابین دەکرد، هەروەها بەرانبەر بە حوکوومەتی سەفەوی خاوەن دەسڕۆیییەکی مادی و مەعنەویش بوو. وەک لەپێشەوە باسمان کرد ئەم دەسڕۆیی و ئیمکاناتەی لە کوردستاندا هەبوون سەرنجی دەوڵەتی سەفەویی دراوسێیشی ڕادەکێشا. جگە لەمانە بە نیازی داگیرکردنی ئەرمەنستان و گورجستانیشەوە چاوی بڕیبووە ئازەربایجانیش. چونکە لە سەدەی ١٦هەمدا ئاوریشمی ئازەربایجانیش وەک پەز و خوری و بەرهەمی دیکەی کوردستان لەو کەرەستە خاوانە بوون بازاڕەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایان دەوڵەمەند کردبوو، لە سەرێکی دیکەشەوە حوکوومەتی عوسمانی دەیویست ئاغایەتیی ڕێگاوبانەکانی بازرگانی و شەڕوشۆڕی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا وەدەستەخۆ گرێ.

ئیدی بەم ڕەنگە ئەم پێشبڕکێیە، یا هی دیکەی نێوان دوو دەوڵەتە گەورەکە هەر لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە کوردستانی خستە بارێکی پڕ مەترسی و نالەبارەوە. سوڵتان بایەزیدی دووەم لە پێشان بەرانبەر بە کوردستان سیاسەتێکی بە دەک و دەهۆی نەرمی بەکارهێنا. ئەم بەپێچەوانەی شاسمایلی یەکەمەوە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد دەستی لە سیاسەتی چەک بەکارهێنان هەڵگرت. بۆ ئەوەی سەرلەبەری سەرۆک و میرەکانی تیرە و هۆزە سوننی مەزەبەکانی کورد بەلای خۆدا ڕاکێشێ، خۆی بەمیراتگری ئیسلامەتی و داکۆکی لێکەری مەزەبی سوننی لە قەڵەم دەدا.

حوکوومەتی سوڵتان، بۆ داگیرکردنی کوردستان نیازی ڕاستەقانیی خۆی بە دروشمی ئاینییەوە پێچا و بڕیاری دا کەڵک لەو میرە کوردانە وەرگرێ کە

لە دەوڵەتی سەفەوی لالووت و ناڕازی بوون. بەپێی کتێبی (مونشەئاتی سەلاتین) ئەو کاغەزەی سوڵتان بایەزید لە ساڵی ١٥٠٣دا بۆ میری چەمشکەزەک، حاجی ڕۆستەم بەگی ناردووە جارێکی دیکە ئەم ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە. لەم کاغەزەدا نووسراوە: «حاجی بەگ، سڵاو! دوای سڵاو، ئەم نامەیەی لەلایەن پادشاوەتان بۆ نێردراوە بخوێننەوە و بزانن قزڵباشەکان، ماوەیێکی دووروودرێژ لەگەڵ سەرکردەکانی دەوڵەتی بایندوردا ملیان لە دوژمنایەتی دەنا و دەستدرێژییان دەکردە سەر پایەی بڵیندمان. وا ئەلئەقران کەیوان و چاوەشمان بۆ ویلایەتی ئێوە نارد. هەموو ڕاستییەکان لە ئێوە ڕوون و ئاشکران، بەم نامەیە ئاگادارتان دەکەم کە هەر ڕووداوێکی لەبارەی ئەو ناوەوەی دەزانن هەمووی لەم دوو کەسە بگەیێنن و بزانن کە ئەم کارەی ئێوە دەبێ بە مایەی بەزەیی شاهانەی ئێمە». (٩٨, ٣٥٣).

حاجی ڕۆستەم بەگ بەم داخوازەی سوڵتان ڕازی نەبوو، لە ساڵی ١٥٠٩دا میرنشینەکەی خۆی دا بەدەست شاسمایلی سەفەوییەوە. سوڵتان بایەزیدی دووەم، بۆ لەدژ دەوڵەتی سەفەوی بزواندنی میر و سەرەک هۆزانی کورد، مەولانا ئیدریسی بدلیسیی، بۆ بەجێ هێنانی ئەم نیازە، بە پێناوێکی زۆر لەبار زانی. بەم نیازەوە مەولانا ئیدریس بۆ دەرباری سوڵتان بانگ کرا و بەناوی مێژوونووسی دەوڵەتی عوسمانی لە دەرباری سوڵتاندا دامەزرا (١٢٣ , ٥٣٠). لە ڕاستیشدا ئەم پیاوە یەکسەر بۆ کوردستان ڕەوانە کرا و لە بەرژەوەندی حوکوومەتی عوسمانی زۆر بە جەختەوە دەستی بەکار کرد.

ئیدی بەم ئاوایە کوردستان بووە مەڵبەندی چاوڕاو و پڕوپاڵانتەی ئاینی و مەیدانی شەڕی سارد لە نێوان پادشای دوو دەوڵەتی سیاسەت دژ بەیەکدی. لەم سەروبەندەدا سوڵتان بایەزیدی دووەم مرد. سوڵتان سەلیمی کوڕە چکۆلەی بە یارمەتیی سپاوە برا گەورەکانی هەموو کوشتن و خۆی چووە سەر تەختی پادشایەتی (٥٧, ١٢٨) (١٥١٢ ـ ١٥٢٠). ئەم پادشایە لەبەر ئەوەی لە دەربارەی خۆدا بەوپەڕی دڵڕەقی و بێ بەزەیییەوە هەموو کارێکی لە قازانج و بەرژەوەندی خۆی جێبەجێ کردووە بە نازناوی (یاوز) ناوبانگی دەرکردووە (٥٧, ١٢٨).

سولّتان سەلیمی یەکەم هەر لەسەر ئەو سیاسەتە ڕۆیشت کە باوکی لەدژ کورد لە سەری دەڕۆیشت. خۆ ڕەنگ نەبوو کەسێ بۆرە مەیلێکی بە لای مەزەبی شیعەدا بزوابا، هەر یەکسەر باسی سەری بوو و پێستی دەگوورا. سوولاق زادە جەخت لەسەر ئەمە دەکا، دەڵێ: «هەرکە سولّتان چووە سەر تەخت، یەکسەر ڕاوێژکارانی دەوڵەتی خڕکردەوە، پێی گوتن: «ئەوەتا شاسمایل کە بووە بەکیسرای عەجەم، بووە بە خاوەنی هەموو ئێران زەمین و عێراقی عەرەب و ئازەربایجان و گەنجەو شیروان و گێلان و مازەندەران و تەبەرستان و گشت کوردستان، بەتایبەت ویلایەتەکانی گورجستانی سەرلەبەر خستوونە ژێر دەستی خۆیەوە. لەبەر ئەمە دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا تیرەی شیعە سەرپاکیان لەناو بەرین  و دنیا لە گەڕیان ڕزگار کەین» (٣٥٩,٨٥). فەرمانی دا هەرچی شیعەی خاکی دەوڵەتی عوسمانی هەن، لە تەمەنی حەوتساڵییەوە تا حەفتا ساڵی، یا بکوژرێن یا زیندان کرێن. بە پێی ئەم فەرمانە بە تۆمەتی شیعەگەرێتییەوە چل هەزار کەس کوژران و ئەوانەی ماشنەوە نێو چاوانیان داخ کردن و بۆ بەشی ئەوروپایان ڕادان (٩٨, ٣٩٥, ٥٣, ٢٥٨).

ئۆرووج بەگی بەیات دەنووسێ: «سولّتان سەلیم بە فەرمانی ڕەسمی، هەموو جۆرە هاوپێوەندی گرتنێکی ڕەعیەتی خۆی لەگەڵ ڕەعیەتی شاسمایل قەدەغە کرد و مەزەبی شیعەگەریی بە شتێکی لە یاسا بەدەر و شیعەی بەکافر جاڕداوە» (٤٦, ١٤٨).

ئیدی بەم ڕەنگە سولّتان سەلیم ناوەوەی وڵاتی عوسمانیی لە لایەنگرانی شیعە پاک کردەوە و کاری چاوڕاو و پڕوپاگانتەی لە ناو میر و سەرەک هۆزە کوردەکاندا تەواو کرد. سولّتان نامەیێکی بۆ شاسمایل نارد، داوای هێندێ لەو شوێنانەی قزڵباشەکان گرتبوویان لێ کردەوە، بەڵام شاسمایل وەڵامی بەباشە نەدایەوە. سولّتان سەلیمیش ئەمەی کرد بە بیانوو و یەکسەر هەڵی کردە سەر ئازەربایجان. کارل مارکس نووسیویە: « لەم شەڕەدا سەرپاکی عوسمانییەکان هاوبەشییان دەکرد» (١, ٢٠٦).

بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو لە دوو سەد هەزار شەڕکەر پتر لەم شەڕەدا

هاوبەشـیـیـان کردووە (٥٩ , ١٤٣ , ١١٣ , ١٨٠). لەم هێـرشـەدا بەزۆری مـیـر و سـەرۆکە کوردەکان بە هێزی چەکداری خۆوە هـاوبەشییـان دەکرد. سـوڵتـان سەلیم هێزەکانی خۆی بە چەکی ئاگردار ئامادە کردبوو. لە ساڵی ١٥١٤دا لە خـاکی کوردسـتـانەوە هەڵی کووتایە سـەر ئازەربایجـان، بەڵام لەشکرە غـەیرە نیـزامـیـیـەکانی بـەتایبـەت لـە کوردەکـان، نەیاندەویست شـەڕ لەگـەڵ خـەڵکی ئازەربایجاندا بکەن. بەپێی مێژوونووسانی تورک لەم شەڕەدا لەشکری غەیرە نیزامیی سـوڵتان مانیان گرت، نەچوونە پێشێ. بەم مانگرتنە سـوڵتان هەمدەم پاشـا و ئیسکەندەر پاشـا و باڵیـەمـەز عوسـمان ئاغای سـەگبـان باشی کە لە پیـاوە گەورە نزیکەکانـی خـۆی بوون، کـوشـتن (٣٧٨ , ٨٥٠). پاشـان سـوڵتـان سـەلیم لە بەردەم لەشکرەکەیدا ڕادەوەستێ، دەڵێ: «من وا لە پێشـەوە دەڕۆم، ئەوەی پیـاوە وەدووم کـەوێ!» و ئەسـپی خـۆ تاو دەدا (٥٣ , ٢٦١ , ١٢٨ , ٥٧). لە سـاڵی ١٥١٤دا لەشکری عـوسـمـانی لە دووری ١٤٠ کـیلۆمـەتریی تـەورێز، لە جـێگایەکدا، چاڵدێرانی پێ دەڵێن، لەگەڵ لەشـکری شـادا ڕووبەڕووی یەکـدی وەسـتـان. شـەڕێکی تـوندوتیـژ لـە نێـوان هـەردوو لـەشکردا دەسـتی پـێ کـرد. گـونـابادی لە باسـی ئەم شـەڕەدا کـە بۆ ئەو سـەروبـەندە زۆر سـامـناک بووە، دەنووسێ: «لەبەر ئەوەی لەشکری ڕۆم (عـوسـمـانی ـ ش.م) زۆر لە کێش بەدەر بووە، لە تروو‌کـەیەکـدا پێنج شـەش هـەزار تفـەنگ بـەجارێ ئاگـردەدرا و لەتاو دووکەڵ دنیا دەبوو بە شـەوەزەنگ» (١١٣ , ١٧١). لەبەر ئەمە قزڵباشـەکان کە زۆر مـەردانە و بە جەرگـەوە دەگژ دژمن ڕادەچوون و شـەڕیان دەکرد، بەرانبـەر بە چەکی ئاگردار نەیانتوانی خۆ ڕاگرن، ناچار کشانەوە.

بەپێی نووسینی حەسـەنی ڕووملوو، لە هـەردوولا پێنج هـەزار کـەس کوژراون و زۆریشـان لێ بەدیل گـیـراون. حـوسـەین بەگی لەلەی شـاسـمـایلی یەکـەم و محەمـەد خانی ئوستـاجلوو، فەرمانڕەوای دیاربەکریش لە نێـو ئەم کوژراوانەدا بوون (٥٩ , ١٤٩).

پاش سـەرکـەوتنەکەی چاڵدێران لەشکری عوسـمـانی یەکڕاست هەڵی کردە سـەر شـای تەورێز. پاش ئەوەی شـەش ڕۆژی تێـدا مـایەوە، چۆڵی کـرد و

گەڕایەوە، چونکە سوڵتان بڕیاری دابوو خاکی کوردستان و حەڵەب و شام و میسریش بگرێ. بەپێی قسەی مێژوونووسی تورک سەلیم سابت داگیرکردنی ئەم وڵاتانە تا ساڵی ١٥١٨ ئینجا بڕاوەتەوە. (١٣, ٧٤).

پاش ئەوەی کوردستان بوو بە دەسدا و پەیڕەوی فەرمانڕەواییی سوڵتانی عوسمانی، جگە لەوە سەرلەبەری تیرە و هۆزەکانی کورد لە سپای عوسمانیدا هاوبەشییان دەکرد، سپای کوردستانیش بە جیا، ساز کرا. هەروەها لە هەمان کاتیشدا ئەیالەتی دیاربەکر کە هەرچی خەرج و باجێکی لە کوردستان بۆ حوکوومەتی عوسمانی کۆ دەکرایەوە لەوێ دادەنرا، نێونرا خەزێنەی دیاربەکر.

ئیدی بەم جۆرە دەبوا سپای کوردستان لە هەموو شەڕوشۆڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هاوبەشیی کردبا و هەمیشە لە ڕێزی پێشەوەی قوشوونی عوسمانیدا بووایە. هەر لەو سەروبەندەدا حوکوومەتی سوڵتان جگە لە داگیرکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەورووپایش، لەگەڵ یۆنانستان و ئاوستریا و مەجارستان و سربستان و ئیتالیا و ئەڵمانیا و ڕووسیاشدا شەڕی دەکرد. هۆردووی عوسمانی کەڵکی لە چەکی ئاگردار، کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بەدەگمەن دەدیترا، وەرگرت و توانیی چەند بەشێ لە خاکی ڕۆژهەڵاتی نێوەند و نزیک داگیرکا. بەڵام ئەو شەڕوشۆڕە دووروودرێژانەی کە حوکوومەتی عوسمانی لەگەڵ شاکانی سەفەویدا دەیکرد، ئەورووپای تا ڕادەیێ لە مەترسیی عوسمانی ڕزگار کرد. کەواتا دەتوانین بڵێین کورد لە سەرلەبەری شەڕوشۆڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هاوبەشیی کردووە.

بەپێی نووسینی هێندێ مێژوونووس، هەر لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە شەڕی عوسمانی هەڵگیرساوە و شەڕێ نەبووە خوێنی کوردی تێدا نەڕژابێ. سەرباریش هێندێ مێژوونووسی تورک وا ئیدیعا دەکەن کە ئەو هەموو شەڕوشۆڕە خوێناوییانە کە ٢٠٠ ساڵی خایاندووە و بە ناوی شیعە و سوننییەوە درێژەی پێ دراوە بۆ داگیرکاری وڵاتی خەڵک نەبووە، بگرە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکە بووە. جەهانگیری کوڕی زەینەڵ دەڵێ، سوڵتان سەلیم

کە لە ئەورپا ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەی ئیسلامیی دامەزراندووە، نیازی ئەوەبوو کوردستان و ئازەربایجان لە بن دەسەڵاتی فارس و عەجەم ڕزگار کا (٧٢, ١١٤ ـ ١١٥). بەڵام مێژووی گەلی کورد ڕاستیی ئەوەی چاک ئاشکرا کرد کە سوڵتانەکانی عوسمانی ئەو ڕزگاریخوازییەیان بۆ ئەو میللەتانە چۆن جێبەجێ کرد، تەڕ جێبەجێیان کرد!

بەڕاستی شەڕوشۆڕەکانی سەدەی ١٦هەمی عوسمانی ـ ئێران بەپێی سرشتیان شێوەیەکی دیکەی ئەو شەڕوشۆڕانەی دەربەگەکانی ئەوروپا بوون کە لە سەدەی ١١ ـ١٣دا بە ناوی خاچپەرستییەوە دەیانکرد.

لە پاش مەرگی سوڵتان سەلیمی یەکەم سوڵتان سولەیمان غازی کوڕی (١٥١٩ ـ ١٥٦٦) هەر لەسەر ئەو سیاسەتەی باوکی ڕۆیشت. سوڵتان سلێمان لە سەروبەندی سەڵتەنەتی خۆیدا چوار جاری هەڵکردە سەر ئازەربایجان و لە هەموو هەڵکردنە سەر و شەڕوشۆڕەکاندا خاکی کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕ. لە سەردەمی سوڵتان سلێمان غازیدا لە ڕووی ئابووری و سیاسی و مەعنەوییەوە تەنگ پێ هەڵچنینی سیاسی و ئابووریی کورد هێندەی دیکە زیادی کرد. ئەو ڕێککەوتنەی بەناوی خودموختاری بۆ کوردستان بڕیار درابوو، هەر بەجارێ لەبیر کرا و میرنشینەکانی کورد بە ئاشکرا دەستدرێژییان کرایە سەر. بەپێی زانیارییەکی لە «شەرەفنامە» دا نووسراوە هەر لە ساڵی ١٥١٨ ڕا ئەیالەتی کلس داگیر کرا و خرایە سەر زەویوزاری تایبەکاری سوڵتان (٧٦, ٢٤٧).

لە ساڵی ١٥٣١دا سوڵتان سولەیمانی غازی لەشکرێکی پەنجا هەزار کەسیی بەسەرکردایەتیی فیل پاشای فەرمانڕەوای دیاربەکر و ئوێلمە تەکەلوو بۆ سەر میرنشینی بدلیس نارد، داگیری بکا. لە ئاکامی سێ ساڵ شەڕی بێ پشوودان شەرەفخانی میری بدلیس کوژرا و بە هەزاران خێزان و بنەماڵەی کوردی تێدا چوون، بەڵام میرنشینی بدلیس بەدەستی میر شەمسەدینی کوڕی میر شەرەفەدینەوە مایەوە. لە ساڵی ١٥٣٥دا سوڵتان سولەیمان غازی ئەو میرنشینەی بە تەڵەکەبازی و دەک و دەهۆ لە دەست کردەوە و داگیری کرد و

به دەست ئوێلمە تەکەلووەوەی دا. میر شەمسەدینیش نەیکردە نامەردی یەکڕاست چووە پاڵ شا تاماسپی یەکەم (٤٤٣,٧٦). سوڵتان سولەیمانی غازی سوبحان بەگی میری میرنشینی چەپاخچووری کوشت و میرنشینەکەی دا بەیەکێ لە نەجیوزادانی عوسمانی. سوڵتان هێندێ سەرەک هۆز و تیرە کوردی بە بڕوبیانووی سەیر و سەمەرەوە وەگیر دەهێنان و زەویوزارەکانیانی لێ داگیر دەکردن. بدلیسی دەنووسێ :«سوڵتان هاشم بەگی سەرۆکی تیرەی ڕزقی بە هێندێ بیانووی جۆراوجۆرەوە کوشت و میرنشینەکەی بە زۆری زۆردارەکی لێ داگیر کرد و دای بە یەکێ لە نەجیوزادانی عوسمانی» (٢٤٧,٧٦).

لەبەر ئەمە نەتەوەی کورد لە دژ ئەم زوڵم و زۆر و بێدادییەی سوڵتان ڕادەپەڕی و دەستی دەدایە چەک، یا دەگژ فەرمانڕەواییی عوسمان ڕادەچوو و ملی لە خەبات و بەربەرەکانێ دەنا، یا ناچار زێد و نیشتمانی باب و باپیری خۆی بەجێ دەهێشت. بدلیسی دەنووسێ :« سوڵتان سولەیمانی غازی میرنشینی ئاگاکیسی داگیر کرد و بە نەجیوزادانی عوسمانیی بەخشی، ئەرکەمەز بەگی میراتگری ڕاستەقینەی ئەم میرنشینە لەداخان سوێی بووەوە و شێت بوو. بەهائودینیش وڵاتی خۆی بەجێ هێشت، چوو بۆ عەرەبستان» (٢٢٠,٧٦).

سوڵتانەکانی عوسمانی پارە و پوول و دیاری و بەرتیلێکی زۆریان لە میرە کوردەکان وەردەگرت و فەرمانڕەواییی میرنشینێکیان، لەوانی پارە و بەرتیلیان لێ وەردەگرتن، بە چوار پێنج کەسان دەبەخشی و بەم کارە دزێوە چەپەڵە میر و سەرەک تیرە و هۆزەکانی کوردەکانیان لێکدی بە دژمن دەکردن و تۆوی کینە و ڕک و ئاژاوەیان لە نێواندا دەچاندن و دەگژ یەکدییان ڕادەکردن. بە نموونە، لە سەدەی ١٦هەمدا عوسمانییەکان گوندی میناری سەر بە میرنشینی گردگانیان بەم جۆرە فرۆشت و لە ئاکامدا ئەمە بوو بە مایەی شەڕی تیرەگەری و دووبەرەکی و دوژمنایەتیی نێوان ناسر بەگ و شاقولی بەگ. بەڵام شاقولی بەگ چوو بۆ ئەستەمبووڵ و دەمی سوڵتانی بە

پارە و پوولێکی زۆر و دیاریی زەوەندە شیرین کرد و بەسەر ناسر بەگدا زاڵ بوو. بدلیسی لەم بارەیەوە دەنووسێ: «سوڵتان، ناسر بەگ و سێ کەسی لە هاوڕێیانی کوشت و بۆ ئەوەی خەڵکی پێ چاوترسێن کا لاشەکانیانی لەسەر دوریانان هەڵواسی» (٧٦، ٢٤٢، ٢٤٣).

سەرەنجام، سوڵتان سولەیمانی غازی لە ساڵی ١٥٣٣دا هەڵی کردە سەر ئازەربایجان و لە ساڵی ١٥٣٤دا بەغدای گرت و ئیدی بەم جۆرە خاکی کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕوشۆڕ و سەرلەبەری تیرە و هۆزی کورد تالان و بڕۆ کران. ئیتر بەم چەشنە شەڕی نێوان عوسمانی و ئێران بۆ نەتەوەی کورد پڕ مەینەتیترین ڕووداو بوو. کێ سوودی لەم شەڕوشۆڕە وەرگرت؟ لە نەجیوزادەی عوسمانی و قزڵباش و ناوبەناویش چەند سەرەک هۆزێکی کورد بەولاوە کەسی دیکە سوودی لەم شەڕانە وەرنەدەگرت. ئەمانە لەسەر حیسابی خوێنی زەحمەتکێشانی کورد گیرفانیان پڕ دەکرد و دەبوون بە خێوی سەروەت و سامان. وەک بدلیسی بەدیاری دەخا، بەدر بەگی فەرمانڕەوای جزیر لەو هەموو هێرش و داگیرکارییانەدا کە سوڵتان غازی لە ساڵی ١٥٣٣دا بۆ سەر تەورێز و بەغدا و وانی کردن هاوبەش بووە. خەرجی ڕۆژانەی دیوەخانی (٥٠٠) درهەم (١٨) و خەرجی چاشت و شێوی (١٠٠) درهەم بووە (٧٦، ١٢٧). دیارە ئەم هەموو خەرجە قورس و گرانە بە تالانی و چەپاوی شەڕوشۆڕ و ڕەنجی شانی زەحمەتکێشان پڕ دەکرایەوە.

بەم چەشنە لە سەرچاوەکاندا بەدیار دەکەوێ کە سەدەی ١٦هەم لە مێژووی نەتەوەی کورددا دەست پێکرانی سەردەمی هەرە قورس و گرانی لە کورددرانە. هەر لەم چەرخە بەپاشەوە میرنشینەکانی کورد کە سەربەخۆی تەواویش نەبوون، بەجارێ سەربەخۆییان لەدەست دا. مەگەر چەند تیرە و هۆزێکی کورد نەبن کە بە کوشت و کوشتار و قڕانێکی گەورە و سەربزێوی و سەرکێشییەکی زۆرەوە توانیبێتیان بۆ ماوەیێ سەبەخۆ بژین.

نەک هەر کوردستان، بگرە ئەرمەنستانیش و گورجستانیش چەندین جار بەر شالاوی عوسمانی و ئێران کەوتوون و تالان و بڕۆ کراون. لە ساڵی

١٥٤٣دا مووسا پاشای فەرمانڕەوای ئەرزەڕۆم هەڵی کردە سەر گورجستان، بڕێ گوند و شارۆکەی ئەو وڵاتەی سووتاند و وێرانی کرد و گەڕایەوە» (٣٠٦, ٥٩). خەڵکی گورجستان بۆ پاراستنی سەربەخۆییی وڵاتەکەیان بەر شاڵاو و دڕندەییێتیی بێ ئامانی عوسمانییان دەکەوتن.

بەپێی سەرچاوەکان لەساڵی ١٥٤٩دا ئیسکەندەر پاشای فەرمانڕەوای وان بە لەشکری کوردستانەوە هێرشی بردە سەر یەریڤان و شار و دێهاتێکی زۆری تاڵان کرد و سووتاند و ورد و باریک بۆی گەڕاوە (٥٩, ٣٤٢).

بەم چەشنە، بەتەواوەتی بەدیار دەکەوێ کە دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران جگە لە تاڵان و بڕۆکردنی وڵاتانی ئەو نەتەوانەی کە لەچاو خۆدا کەمتر بوون، تەنانەت بوونی بوون ئاساییی ئەو نەتەوانەشیان دوا دەبڕییەوە و داریان بەسەر پەردوویانەوە نەدەهێشتن. هەرکە شەڕوشۆڕی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە داگیرکەرە، کاتەکی، پشوویەکی دەدا، تیرە و هۆزی کورد دەرفەتیان لێک دێنا و دەگژ یەک ڕاچوون و تێک بەردەبوون.

بەدرێژاییی سەدەی ١٦هەم هەر تیرە و هۆزێکی کورد لەدژ فەرمانڕەواییی سەفەوی بوایە و دژمنایەتی لەگەڵ کردبا ئەوە لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە پێشوازیی لێ دەکرا و ڕێزی لێ دەگیرا و بگرە پاداشت و خەڵاتی گەورەشی دەدرایێ و هەر تیرە و هۆزێکی کوردیش لەدژ فەرمانڕەواییی بنەماڵەی عوسمانی بوایە و دژمنایەتیی لەگەڵ کردبا ئەوە لەلایەن سەفەوییەکانەوە پێشوازیی لێ دەکرا و دەستی ڕێزی بۆ لەسەر سینگ دادەنرا و پاداشت و خەڵاتی گەورەی پێشکێش دەکرا. «شەرەفنامە» دەنووسێ: «سوڵتان سولەیمانی غازی بۆ دابینکردنی کاروباری محەمەد خانی سەرۆکی هۆزی مەحموودی کە ڕووی لە شا تاماسپی یەکەم وەرگێڕابوو و بووبوو بە پیاوی، ڕۆژانە (١٠٠) ئاقچەی بۆ بڕیبووەوە» (٧٦, ٣٠٤).

لە ساڵی ١٥٤١دا سوڵتان سولەیمان هەڵدەکوتێتە سەر هۆزی موکریی سەر بە شا تاماسپی یەکەم. لە سەردەمی ئەم هێرشەدا ئەیالەتی ئەردەڵان تاڵان دەکرێ و ماڵ و خێزانێکی زۆر لە کوردان بێ خان و مان دەمێننەوە و

پەرێشـان دەبن. ئیـدی بەم جـۆرە، دەبینی مـێـژووی کـورد پڕە لەم ڕووداوە براکوژی و ماڵوێرانییانە.

ئەم بارودۆخـە درێژخایەنـە زەوینەی بۆ ئەوە خۆش کـردووە کە نەتـەوەیێکی هەرە کۆنی ڕۆژهەڵاتی وەکو کورد بکەوێتە ژێر باری دیلێتییەوە.

لە ساڵی ١٥٥٢دا حەسەن بەگی سەرۆکی هۆزی مەحموودی، حاجی بەگی دونبولیی بەفیتی سولّتان کوشت و سوڵتان شیرێکی کالان زێڕی بە پاداشت پێ بەخـشی. بدلیسی دەنووسێ: «سوڵتان لە پاداشتی ئەمەدا لە پاوەنانەی سێ هەزار سەر پەز و ئاژەڵی هۆزی مەحموودی خۆش بوو» (٣٠٧, ٧٦).

کەواتا سیاسەتی سوڵتان ئەوەبوو نەتەوەیێکی هاوخوێن و برای یەکی دەگژ یەکدی ڕادەکرد و منەتی ئەوەی بەسـەردا دەکرد لە خاکی وڵاتەکەی خـۆیدا مـافی پەز و ئاژەڵ لەوەڕاندنی داوەتێ و ئەم مـافـەی بە پاداشـت و خـەڵات بۆ دەدایە قەڵەم! سـوڵتـان سولەیمانی غـازی بۆ داگیرکردنی ئەیالەتی ئەردەڵان چوار شەڕی خوێناویی هەڵایساند. بدلیسی دەنووسێ: «ئەو، لە پاش ١٩ ساڵ ئەوجـا توانیی، لە سـاڵی ١٥٦١دا ئەیالەتی ئەردەڵان بخاتە سـەر قەڵەمڕەوی خۆی» (٧٦, ٨٤ ـ٨٧).

حوکوومـەتی سوڵتان بۆ پێ ڕەوابینینی مافی مـیرایەتیی پشـتـاوپشت بە مـیرات بۆ بەجێـماوی مـیـرە کوردەکـان لە پێشـان ئەم مـیـرە کـوردانەی بە لەشکرەکـانیـانەوە بـۆ سـەر دەوڵەتی سـەفـەوی دەناردن و شـەڕی پـێ دەکـردن، ئەگـەر لە شـەڕدا سـەرکـەوتبـان ئەوە ئەوسـا مـافی مـیـرایەتـیی بەخـەڵات پێ دەبەخشین. لە سـاڵی ١٥٦٣دا ئیسکەندەر پاشـای وەزیر میـرنشینی حەکاریی بە زەینەڵ بەگ نـەبەخـشـی تـا نەچووە سـەر کـوردی ئازەربایجـان و تـالآنی نەکـردن. زەینەڵ بەگ لـە ناوچەی سـەڵمـاس لەگـەڵ بـایەندور بـەگی بـرایدا بەگژیەکدا چوون. لە پاش شـەڕێکی کـە لە نێـوان دوو برادا ڕووی دا بایەندور بەگ ژێر کـەوت و بەزی. ژمـارەیێکی زۆر لە کـورد کـوژران و بە دیل گـیـران. بدلیـسـی لەم بارەوە دەنووسێ: «زەینەڵ بە تالآنیـیـەکی زۆر و زەوەنـدەوە هاتە کن وەزیر و بەم جۆرە کرا بە میری حەکاری» (١٠٢, ١٠١, ٧٦).

ژیانێکی تا ڕادەیێ ئارام و بێ شەڕوشۆڕ بۆ نەتەوەی کورد لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی دووەمدا (١٥٦٦ ـ ١٥٧٤) فەراهەم بووە. چونکە لە سەردەمی ئەودا ئاگری شەڕوشۆڕی نێوان عوسمانی و ئێران خامۆش بووەوە و هیچ شەڕێ ڕووی نەدا، بەلام لە سەروبەندی سوڵتان مورادی سێیەمدا سەرلەنوێ ئاگری شەڕی نێوان عوسمانی و ئێران هەلایسایەوە و بە تێکڕایی کورد قڕانکردن دەستی پێ کردەوە.

سوڵتان مورادی سێیەم هەلی لە کزی و کەنەفتیی دەوڵەتی سەفەوی وەچەنگ هێنا، کوردەکانی ئازەربایجانی لە دژ سەفەوییەکان ڕاست کردەوە، ئەرکی بەجێهێنانی ئەم کارەشی لە ئەستۆی خوسرەو پاشای میرمیرانی ویلایەتی وان خست، پاشان هەڵی کوتایە سەر ناوچەکانی سەڵماس و خووی و ورمیێ سەر بە ئازەربایجان، پاشانیش تیرە و هۆزە کوردەکانی دەوروبەری سوڵدووز و میاندواو و مەراغەی لە دژ دەوڵەتی ئێران ڕاست کردەوە.

هەر لەو ساڵەدا زەینەڵ بەگ، میری حەکاری، دووبارە بۆ تالان و بڕۆکردنی کوردی ئازەربایجان بەڕێ خرایەوە. زەینەڵ بەگ ناوچەکانی مەرەند و گەرگەر و زوونووس تالان دەکا و لە پاشان بەدەستی قزڵباشەکان دەکوژرێ. بەپێی «شەرەفنامە» زەکەرییای کوڕی بۆ وەدەست هێنانەوەی مافی میرایەتیی پشتاوپشت بۆ بەجێماوی خۆی پارە و پوڵێکی لە ژمارە بەدەری بەحوکوومەتی عوسمانی داوە» (٧٦, ١٠٤).

مونشەئاتی سەلاتین دەڵێ: «سوڵتان موراد خانی سێیەم ئەم شەڕکەرانەی بەو فەرمانڕەوا خاوەن لەشکرە کوردانەشەوە کە بەهێزی چەکداری خۆیانەوە لە شەڕی ڕۆژهەلاتدا هاوبەشییان کردبوو، قەدر گرتووە» (٩٨, ٩٠, ٩١).

ئیدی بەم جۆرە سوڵتانەکانی عوسمانی بڕیارنامەکەی سوڵتان سەلیمی یەکەمیان بەتاڵ کردەوە و پلە و پایەی میرایەتی کە دەبوو بەمیرات لە بابەوە بۆ کوڕ مابایەوە بە پارە و پوڵێکی زۆر، یا بەمیراتگرەکە خۆی، یا بە نەجیوزادەیێ لە نەجیوزادەکانی عوسمانییان دەدا.

هەر لەبەر ئەمە بوو کە میرمیران و میری برێ لە ئەیالەت و ویلایەتەکانی کوردستان لە ناوەندی سەدەی ١٦هەمدا لە پاشاکانی عوسمانی بوون.

بدلیسی دەنووسێ: «عەلی پاشای میرمیرانی مووسڵ بۆ وێدانەوەی میرنشینی حەزۆ بە محەمەد بەگی میراتگری ڕاستەقینەی خۆی دیارییەکی زۆری لێ ساند، بەڵان ئەو دیارییانە چاوی پاشای تێر نەکرد» (٧٦, ٢٠٥ ـ ٢٠٦). خوسرەو پاشای میرمیرانی ئەیالەتی وان، مەلیک سولەیمانی میری حەسەن کێفی ناچار کرد دەست لە مافی میرایەتیی پشتاوپشت بۆ بەجێماوی خۆی هەڵگرێ. بدلیسی دەنووسێ: «میرنشینی ڕوهای بە حەوت سەت هەزار ئاقچە دایێ، بەڵام لە پاشان ئەویشی لە دەست کردەوە» ( ٧٦, ١٦٠).

هێندێ جار کاربەدەستانی عوسمانی پارە و پوولێکی زۆریان لە سەرەک هۆزەکانی کورد دەستاند و هیچ جۆرە کۆمەکێکیان پێ نەدەکردن. بدلیسی دەڵێ: «حەسەن، میری خێزان، گوندە جوان و بەهاتەکانی ویلایەتەکەی و خاکی بە میرات بۆ بەجێماوی خۆی فرۆشت. حەسەن، ئەو پارە و دراوەی لەم وڵات فرۆتنە وەچنگ کەوت، هەمووی بۆ هەمەکارە و نەجیوزادانی عوسمانی خەرج کرد، بەڵام وێڕای ئەو هەمەوو بەرتیلەیش هیچی بۆ بە هیچ نەکرا» (٢١٦ـ٢١٧).

هێندێ لە سەرۆک تیرە و هۆز و میرە کورد، بۆ خۆ لەکن سوڵتانی عوسمانی شیرنکردن و خۆ لە ڕک و شاڵاو ڕزگارکردن دەچوون هەڵیان دەکردە ناوچە کورد نشینەکانی ئازەربایجان و هەرچییەکیان بە تاڵان دەهێنا دەیانکرد بە دیاریی دەستیان و زاری سوڵتانیان پێ چەور دەکرد. لە ساڵی ١٥٨١دا سوڵتان موڕادی سێیەم دەیویست سزای سلێمانی میری سەرخان بدا. سلێمانیش کە بەمەی زانی نەیکردە نامەردی، هەڵستا، چوو بەسەر گوند و دێهاتی قزڵباشەکانیدا دا. بدلیسی لەم بارەیەوە دەنووسێ: « بەو دیل و سامانە زۆرەی بە دەرباری سوڵتانی پێشکێش کرد، سوڵتان لێی خۆش بوو» (٧٦, ٢٧٩, ٢٨٠) .

ئیدی بەم جۆرە، ئەم ڕاستییانە جارێکی دیکەش پێوەندی خراپ و سەلبیی

سوڵتان لەگەڵ نەتەوەی کورددا، بەڕوونی ئیسپات دەکا. سەرەڕای ئەمانەش، سوڵتان بەڕەسمی داگیرکردن و زەوتکردنی ئەیالەت و ویلایەتە بە بڕشت و بەپیتەکانی کوردستان، خەرج و باجی بڕێ زەویوزاری بەقۆچانی بۆ خۆی خستە لاوە. بەپێی نووسینی بدلیسی: «دەبوو خەرج و باجی سەرلەبەری ئەو کافرانەی لە ناوچەکانی مەیا فارقین و جەسقەدا دەژیان بە سوڵتان درابا» (٢٤٧, ٧٦). خەرج و باجی ئەم جۆرە ناوچە بەقۆچانانە نەک بە عەینییات، دەبوو بە پارە و دراوی نەختینە پڕکرابایەوە (٣٥٤, ٧٦).

ئەم شەڕوشۆڕانەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران کە لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە دەستیان پێ کردبوو، تەنیا بە ماڵوێرانیی کوردستان و ئەرمەنستان و گورجستان نەدەوەستا، ژیانی ئابووریی زەحمەتکێشانی هەردوو دەوڵەتی شەڕکەریشی خانەوێران دەکرد. چونکە هەموو قورساییی شەڕەکان دەکەوتە سەر شانی جەماوەری خەڵکەکە، هەر لەبەر ئەمەیشە خەڵکی وەڕەز و بێزار لەو بارودۆخە نالەبارە، لەدژ حوکوومەت یاخی دەبوو، دەستی لێ دەدایە چەک و تەنانەت دەستی بۆ خراپەکاری و تیرۆریش درێژ دەکرد.

وەزیر خانی نووسیاری تورک دەنووسێ: «لەساڵی ١٥٦٨دا محەمەد پاشای سوقوڵڵوو شێتێکی پەتیارە کوشتی. لە پاش ئەمە بارودۆخ هێندەی دیکە شێوا و بۆ وەسەرباری خۆ هێنانەوەی خەزێنەی دەوڵەت هیچی وای تێدا نەمابوو شتێکی پێ بەشتێ بکرێ (١٢٨, ٧٧). بەڵام نووسیاری تورک پیاوکوژەکەی بە ڕیاکارییەوە، بە شێت لەقەڵەم داوە.

لە ڕەوتی ڕووداوان وا بە دیار دەکەوێ کە سەرەک وەزیر بەدەست نیشتمانپەروەران کوژراوە، نەک بە دەستی شێتێکی پەتیارە، چونکە لەو سەروبەندەدا، جگە لەسەر بزێوی و بزووتنەوەی خەڵکەکە خۆی، لە نێو سپاشدا سەربزێوی و یاخیبوون لە دژ میری ڕووی دابوو (٥٣, ٤٣٢ ـ ٤٣٣). وەزیر خان کە باسی شەڕی نێوان عوسمانی و ئێرانی سەدەی ١٦هەم دەکا دەنووسێ: «ئەم شەڕە ئەنجامەکەی بەپێچەوانە گەڕا، سەدان عوسمانی لە

خـۆڕایی و بە بەلاش و بێ  سـۆنگە کـوژران و خـەزێنەی دەوڵەت هیـچی تێـدا نەما» (١٢٨, ٩٣).

سـپای عـوسـمـانی لەتاو فـەلاکـەتێکی سـەرانسـەری وڵاتـی گرتبـووەوە، بە ئاشـکرا و ڕاشـکاوی لە شـــەڕکـردن دەسـتـی سـارد ببـووەوە و نەدەپـەڕژایە سەرکوتکردن و لەنێوبردنـی یاخیبوون و سەربزێوی. سولّتان مورادی سێیەم لە سـاڵی ١٥٨٣دا مـیـرانی کـوردسـتـانی بـە فـەرمـاندەی حـەسـەن پاشـا بۆ تاڵانکردنی خـەزێنەی تیـفلێسـێ ناردووە. بدلیـسی کـە بۆ خـۆی لەم شـەڕ و تاڵانکارییـەدا هـاوبەش بووە دەنووسـێ: «لەشکری گـورجی گـەلـێ زۆرتر بوو، کـەچی وێڕای ئەوەش گـورجـییـەکـان سـەرکـەوتن» (٧٦, ٢٧٠ ـ ٢٧١). ئەم قسەیەی نووسیاری «شەرەفنامە» ڕاستیی ئەوەی لە سەرەوە گوتمان جارێکی دیکە دەچەسپێنێ و ئیسپاتی دەکا. بە گوێرەی هێندێ نووسینی نووسـیارانی تورک، لە سـەروەختـی سولّتـان مورادی سێیـەمدا هەر لە نێو ڕیزی سپـادا دە جار سەرپێچی و یاخیبوون ڕووی داوە (٥٨, ٤٣٣ ـ ٤٣٦). هـەرچی سەردەمی سـولّتـان مـحـەمـەدی سێـیـەمـە (١٥٩٤ـ ٩٥ ـ٦٦٣) خـۆ ئەوە لە ویلایەتەکـانی دەوڵەتی عوسـمانی و هەرچی وڵاتێکی عوسمانی داگیری کردبوو، سەربزێوی و یاخـیـبـوون بووبوو بە شـتـێکی باو و هەر بابایێ هـەڵدەسـتـا، بڕێ خـەڵکی وەدووی خۆی دەدا و لە عوسمانی ڕاست دەبۆوە. سولّتان بۆ سەرکوتکردنی ئەو یاخـیـبـوون و لـێ ڕاسـینانە لـەشکری گـەورە و گـرانی دەنارد، بـەڵام هیچ ئەنجامێکی بەخوایشتی خۆی لێ وەگیر نەدەکەوت. سەلیم سابیت دەنووسێ: «لەشکر لەبەرئەوەی بەدڵ و گـیـان لەدژ یاخـیـیـان شـەڕیان نەدەکـرد، سـپـای ئیـسـلام ژێر کـەوت» (١٦, ٧٤). ئەحـمـەد ڕاسـیم دەنـووسێ: «لەو ڕۆژەدا کـە سـولّتـان مـحـەمـەدی سـێیـەم چووە سـەر تەختی پاتشـایەتیی عوسـمـانی، بۆ چاوترسـاندن ، خـەڵکێکی زۆری ئیـعدام کـرد و زۆریشی لـێ دەست پەڕاندن» نووسـیاری تورک درێژە بە قسـەکانـی دەدا، دەڵێ: «بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکە سیاسەتی نێوخۆ، ئەمەی دەویست» (٥٣, ٤٥٦).

هەر لـە سـەرەتـای سـەدەی شـازدەهـەمـەوە بگرە، شـان بە شـانی ئەو

سەربزێوی و یاخیبوونانەی لە دژ دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران ڕوویان دەدا، تیرە و هۆزەکانی کوردیش بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادیی خۆیان دەستیان دابووە خەبات و تێکۆشان. لەم خەباتەدا، تەنانەت دەستیان دایە چەکیش. بڕێ لەم سەربزێوی و یاخیبوونی تیرە و هۆزە کوردانە کە لەم سەردەمەدا ڕوویان دا، بوون بە بنەمای بزووتنەوەی ئەو ڕزگاریخوازییە میللییەی کە لە سەدەکانی پاش ئەو ساوە تا ئێستا هەر بەردەوامە و نە بڕاوەتەوە و ڕێگایان بۆ خۆش کرد.

سەروکاری خراپ و سەلبیی حوکوومەتی عوسمانی لەگەڵ نەتەوەی کورددا، لەلایەن پیاوانی پێشکەوتنخوازی تورکەوە، بەوپەڕی توڕەییییەوە ڕەخنەی لێ دەگیرا. زیا پاشا (١٩) لە شیعرێکیدا بەسەردێڕی «ئەی کوردی زۆر لێکراو»ەوە دەینووسی:

به ڕوو تێکردن و ڕوو وەرگێڕانی دنیا پشت مەبەستە
چەمبەری دەوران هەر بە بارێکدا ناخولێتەوە
ڕۆژێ دێ لە خشتە دەرچێ
زۆردار ئاخرییەکەی گرفتاری زۆردارییەک هەر دەبێ
هەڵبەتە خانەی ئەو مانە هەر وێران دەبێ
(٩٨، ٩٤).

# ڕاپەڕینی خێڵەکیی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا

برێ ڕووداو کە هەر لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە لە ژیانی گەلی کورددا ڕوویان دا، ئەم نەتەوەیەی تووشی شەڕ و هەرایێکی سەخت کرد. هەر لە پاش شەڕی چاڵدێران (١٥١٤) کوردستان کرا بە دوو بەشەوە. برێ میرنشینی کورد سەربەخۆییی خۆیان بەڕەسمی لە دەست دا. سەر بە دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویکردنی کوردستان خۆشبەختی و بەختەوەریی بۆ کورد نەهێنا. بەپێچەوانەوە، گەشەکردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەم گەلەی بە جارێ شێواند و خاکی کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕوشۆڕی دوورودرێژ و گەلی کورد بوو بە هێزی مادی و مەعنەویی ئەم شەڕوشۆڕانە. مێژوونووسانی سەردەمی بدلیسی خۆیشی وای بەدیار دەخەن کە لە شەڕوشۆڕی نێوان عوسمانی و سەفەویدا برێ ویلایەتی کورد سووتێندران و تاڵان کران (١٠٠, ٢٩٠، ٣٠١, ٥٩, ٣٥٦, ٣٧٠).

خەرج و باج و سەرانە و موڵکانەیێکی زۆر قورس و گران بەسەر کورددا سەپێندرابوو. دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی نەتەوەیێکی هاوخوێن و برای یەکدییان لێکدی ڕاست دەکردەوە و ئاگری دژمنایەتیی نێوانیان خۆش دەکرد. پشت بەو ڕاستییانەی لە سەرچاوەکاندا نووسراون، بە درێژاییی سەدەی ١٦هەم تەنیا هەر لە شەڕوشۆڕەکانی عوسمانی و ئێران و شەڕی تیرەگەریی نێوخۆ نزیکەی ١١٢ هەزار کورد پتر لە نێو چوون، بدلیسی کە بۆ خۆی دان بەم بارە نالەبارە لە توان و تاو بەدەرەدا دەنێ، ژیانی میرە کوردێکی جانفولاد (جانپۆلاد ـ وەرگێڕ) ناو بە نموونە دێنێتەوە، دەنووسێ: «تا ئاخر و ئۆخری تەمەنی لە ٧٠ کوڕ تەنێ هەر (١٠) کوڕی بە سەرسەلامەتی ماونەوە» (٢٠) (٧٦, ٢٢٥). ئەم ژمارەیە با زۆریشی فوو تێ کرابێ وا دەگەیێنێ کە زۆربەی ئەو خەڵکە لەو شەڕانەدا بۆ نەتەوەی کورد هیچ مەعنایەکی نەبوو، لە ناوچوون.

ئیدی بەم جۆرە، لەم ڕاستییانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە ئاکامی دەست تێوەردانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لە کوردستاندا هێزی بەشەری کەم بووەتەوە و باری ئابووری بە جارێک تێک چووە و مانی مان ئاسایی نەتەوەی کورد کەوتووەتە مەترسییەکی گەورەوە. یەکێ لەو ڕووداوانەی لە سەدەی ١٦هەمدا ورەی بە گیانی کوردەواری بەردابوو سەرەڕۆیی و کەللەشەقیی کاربەدەستان و هەمەکارەی سوڵتان و شا بەکۆمەڵ و بە دەسەجەمعی کورد قەلارکردن بوو. بەپێی سەرچاوەکان لە سەردەمی سوڵتان موورادی سێیەمدا لە جیاتی تورکێ کە بەدەست کوردێ کوژرا بوو سەت نەجیوزادەی کورد ئیعدام کراوە. بدلیسی دەنووسێ: «سەرلەبەری ماڵ و سامانی ئەوانەی ئیعدام کران وەسەر خەزێنەی سوڵتان خرا» (٧٦, ١٣٤). ئەوەی ڕاستی بێ، کورد لە سەدەی ١٦هەمدا دەبوو بەگوڕیی ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی و بەئاگری ئەم ناکۆکی و کێشە و هەرایەوە دەسووتا. بە نموونە شا تاماسپی یەکەم هەر کە لە بەلای عوسمانیدا مەیل و بزوانی تیرەی دونبولی وەگومان کەوت ٤٠٠ کەسی بەیەک قەڵەم لەم تیرەیە، بە ئەحمەد بەگ و سمایل بەگ و جەعفەر بەگیشەوە کوشت. بدلیسی دەنووسێ: «٣٠ کەسی دیکەش، لەوانی لە دەرباری شادا خزمەتیان دەکرد، کوژران»[٢١] (٧٦, ٣١٣). ئیدی بەم جۆرە لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا بەبن دیلێتیی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی کەوتنی کورد مێژووی ئەم نەتەوەیەی بەم جۆرە ڕووداوە خوێناوییانە تژی کرد. هەر لەم سەردەمەدا دەست لە چارەنووسی کورد تێوەردانی عوسمانی و سەفەوی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتری پەرە دەستاند پاڵی بە سەرلەبەری تیرە و هۆزە کوردەکانەوە دەنا لە دژ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بۆ سەربەخۆییی خۆیان دەست دەنە خەبات و تێکۆشان. هەروەک ڕابردوو ئەم بزووتنەوانەی سەدەی ١٦هەمیش کە کورد لە دژ دەست تێوەردانی بیانی دەیکرد و هێندەی یاخیبوونی گوندییان گرینگ بوون. دیسان هەر سەرەک هۆز و تیرەکانی کورد ڕێبەرییان دەکرد و ئەوان چاوساغی بوون.

له سـەرەتای سـەدەی ١٦هەمـدا بۆ یەکـەم جـار یاخـیـبـوونەکـەی هۆزی مـەلیکیش ڕووی دا، چونکە نوور عـەلی خـەلیفـە، کە لە سـاڵی ١٥٠٦دا لە لایەن شاسـمایلی یەکـەمەوە بەفـەرمـانڕەوای چەمەشکەزەک و سـەرکردەی قزڵباشان دەمـەزرێندرا بوو لەگـەڵ هۆزی مـەلکیشدا بەو زەبروزەنگ و بێ بەزەییـتییـەوە هەڵدەسـووڕا. ئەم کـابرایە هەمـیشـە خـەریکی ئەوەبوو کوشت و کـوشـتـاری دەسـەجـەمـعـیی دەنایەوە و هـەر ناوچە و هـەرێمێ بەدەنگ هـاتبـا یەکـسـەر دەیسووتاند و وێرانی دەکرد. تەنانەت خەڵکێکی زۆر لە کوردی چەمەشکەزەک کـە لێی بەدەنگ هـاتبـوون و ملیـان بـۆ نەدەدا، بۆ نـاوچەی خـۆراسـان دوور خـرابوونـەوە (٢٢) (٦٧ , ٣٨٣). لەبەر ئەمـە هۆزی مـەلکیش بـۆ دوایی بـە سەرەڕۆییی نوور عەلی خەلیفە هێنان دەستی دایە چەک. یاخییەکان داوای لە میـرایەتیی چەمەشکەزەک خستنی نوور عەلی خـەلیفـە و سـەرلەنوێ دانانەوەی سـەرۆکی پێشـووی هۆزەکە، ڕۆسـتـەم بەگـیـان دەکـرد. بۆ بەجێـهێنانی ئەم خـواسـتـەش بڕیاریـان دا ڕۆسـتـەم بەگ بۆ کـوردسـتـان بانگ کـەن و بۆ ئەم مەبەستە نوێنەریان بۆ عێراق و ئیسفەهـان نارد.

بدلیـسی دەنووسێ: «دەست پێکرانی شـەڕی چاڵدێران ئەم بزووتنەوەی یاخـیـبـوونەی دامـرکـاندەوە (٧٦ , ١٦٤ , ١٦٥). بەڵام ئەم یاخـیـبـوونـە کـە لە سەرەتای سـەدەی ١٦هەمدا دەسـتـی پێ کردبوو، بوو بەسـەرەتـای ئەو خـەباتەی کە لە دژ بیـانییان پێوەچوو و بەردەوام بوو. لە پاش ئەمە یاخیبوونی خێڵەکی لە دژ هـەردوو دەوڵەتی خـۆ لە چارەنووسی کورد هـەڵقورتێن دوای نەبڕایەوە و بێ ناوبڕ هـەر پێوەچـوو. بزووتنەوەی یاخـیـبـوون لە پاش یەکـەم دابـەشکرانی کـوردسـتـان (١٥١٤) پتـری پەرەسـاند و زێتـری گـوڕ گـرت. بە تایبـەت لە سـەروبەندی سـوڵتـان سلێـمـانی غـازیدا[٢٣] (٣٤) (١٥١٩ – ١٥٦٦) چەند یاخیبوونێکی خێڵەکی ڕووی دا. یەکێ لەمانە یاخیبوونی ڕووزەکییەکان بوو.

میرنشـینی بدلیس لە ساڵی ١٥٣٥دا لە لایەن سـوڵتـان سلێمـانی غازییـەوە داگیـر کـرا. بـەڵام هـۆزی ڕووزەکیش وەک سـەرتۆپی هـۆز و تیـرە کـوردەکـانی سـەر بەم میرنشینە سـەری بۆ فەرمانڕەوایی دانەنەواند و نەبوو بە دەستدای و



د. شەمسی محەمەد (١٠)

کار گەیشتە دەستدانە چەک و شەڕ و تێکگیران. یاخییەکان لەم شەڕ و تێکگیرانەدا کە سێ ساڵی خایاند داوای لە میرنشینی وەدەرنانی کاربەدەستانی عوسمانی و سەبەخۆییی خێڵەکییان دەکرد. سوڵتان بۆ سەرکوتکردنی ئەم سەربزێوی و یاخیبوونە گەلێ میرە کوردی بۆ شەڕ تەیار و سەفەربەر کرد، بەڵام بەهیچ ئاکامێ نەگەیشت، چونکە گەلی کورد لەو سەفەربەرەدا بەڕاستی و بەدڵ لەگەڵ یاخییەکاندا شەڕیان نەدەکرد و هەر کە هەلێکیان بۆ هەڵدەکەوت یەکسەر دەچوونە پاڵ یاخییەکان. لەبەر ئەمە سوڵتان سلێمانی غازی دەستی لە سیاسەتی بە تۆبزی و زۆر لێکردنی یاخییەکان هەڵگرت و بۆ لە خشتەبردنیان دەستی دایە دەک و دەهۆ گێڕان و کەڵەکبازی.

بدلیسی دەنووسێ: «سوڵتانی لە سیاسەتی زۆرداری بەکارهێناندا دۆڕاو لە سەرێکەوە بە هۆی بەهائەدین میری حەزۆوە(٢٤) خەبەری بۆ یاخییەکان نارد گۆیا لێیان خۆش دەبێ و لە سەرێکی دیکەوە بەڵێن و گفتێکی چەوری بە ئیبراهیم بەگ و قاسمی سەرکردەی یاخییەکان دا و(٢٥) بەم جۆرە قەڵای بدلیس داگیر کرا» (٧٦, ٣٦٠, ٣٦١).

لە ساڵی ١٥٣٨دا بە داگیرکردنی قەڵای بدلیس بزووتنەوەی سەربزێوی و یاخیبوون دایە باری کزی و دامرکایەوە. سوڵتان لە بری وەی لە یاخییەکان خۆش بێ بەوپەڕی دڵڕەقییەوەی سزادان. بەپێی زانیارییەکی کە لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە، ٤٠٠ کەس لە هۆزی ڕووزەکی لەو یاخیبوونەدا هاوبەشییان کردبوو، زێد و نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشت و بۆ ئازەربایجان کۆچیان کرد و خۆیان لە سزای سوڵتان رزگار کرد (٧٦, ٤٤٣). بەڵام یاخییێکی زۆر بە فەرمانی سوڵتان لە سێدارە دران و میرنشینی بدلیس بەبن باری دیلێتیی عوسمانییان کەوت. پاش یاخیبوونی هۆزی ڕووزەکی سەربزێوی و یاخیبوونی تیرە و هۆزە کوردەکان هەر پێوە دەچوو و نەدەبڕایەوە. هەر چەند کورد تەنگەتاوکردنی کاربەدەستانی شا و سوڵتان توندوتیژ دەبوو، بزووتنەوەی خەبات و بەربەرەکانێیش بەو پێیە پەرەی دەستاند و توندوتیژتر دەبوو. بەتایبەت خەرج و باج و میرانەیێکی لە سەدەی

١٦هەمدا وەردەگیرا بەجارێ بڕستی لە میرانی کورد بڕیبوو، هەر سەرەک هۆزێ خەرج و باج پێدرانی لە کێشدا نەبووایە بێ سێ و دوو هەڵدەواسرا و سوڵتان دەستی بەسەر موڵک و سامانیەوە دەگرت و لێی داگیر دەکرد. هەر لەبەر ئەمە لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٦هەمدا بەربەرەکانێ لەدژ خەرج و باج ساندنی گران و لە توان بەدەر بزووتنەوەی یاخیبوونی بۆ سەربەخۆیی بەهێز کرد. بزووتنەوەی ئەم سەردەمە تیرە و هۆزە کوردەکانی ئێرانیشی گرتبووەوە. لە ساڵی ١٥٦٤دا شا تاماسپی یەکەم ساڵانە. داوای ١٠ هەزار سەر هێستری لە میری لوڕستانی گەورە(٢٦) دەکرد. هەروەها ئەم خواستەشی بەرەوڕووی محەمەد بەگی میری لوڕستانی بچوکیش کردبووەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە محەمەدی بەگ نەیدەتوانی ئەم خەرج و باجە گرانە بۆ شا پڕکاتەوە سەد کەس لە نەجیوزادانی لوڕستان زیندان کران. قازی ئەحمەدی قەزوینی دەنووسێ: «محەمەدی جوامێرێکی وابوو، زیارەتکەران کە بە لوڕستاندا تێ دەپەڕین کۆمەگ و یارمەتییان هەمیشە لەو دەستاند، بەڵام لە ساڵی ١٥٦٤دا گیرا و لە قەڵای ئەڵەمووت لە زیندان خرا (١٠٠ ـ ١٧٤). ئیدی بەم جۆرە ئەم ڕووداوە بوو بەمایەی ورووژانی نێو هۆزەکان و لە ئاکامدا، دەستدانە چەک و ڕاپەڕین. خەڵکەکە وایان بیر دەکردەوە کە ئەگەر خەرج و باج لەسەر میرنشینەکەیان سووک کرێ، ئەوانیش ژیان و گوزەرانیان بەش بەحاڵی خۆیان خۆش دەبێ. هەر لەبەر ئەمە لەدژی ئەو خەرج و باج گرانەی بەسەر میرنشینەکەیاندا سەپێندرابوو، زۆر بەجەرگەوە خەباتیان دەکرد.

کاتێ محەمەدی بەگ لەگەڵ نەجیوزادەکانی لوڕستاندا پێکەوە لە قەڵای ئەڵەمووت زیندان کرا، هەر سێ کوڕەکانی جەهانگیر و شاوێردی و عەلی خان لە ناوچەی خوڕەم ئاباددا دەستیان بە خەباتی چکدارانە کرد. زۆربەی تیرە و هۆزەکانی لوڕ لەم بزووتنەوەیەدا هاوبەشییان کرد. سەرلەبەری خەڵکەکە داوای بەردانی محەمەدی بەگ و هاوڕێیانیان دەکرد و لە هەمەدان و ئیسفەهان و ناوچەکانی دیکەدا پەلاماری کاربەدەستانی شایان دەدا و دەیانکوشتن.

هەر لەو سەروبەندەدا، لە گێلانیش، یاخیبوون لە دژی سەفەوییەکان سەری هەڵدابوو. لەبەر ئەمە شا تاماسپی یەکەم لە پەرەساندن و تەنینەوەی یاخیبوونی لورستان ترسی لێ نیشت و بۆ سەرکوتکردنی ئەم بزووتنەوەیە تەواو بەخۆ کەوت، بەڵام پەنای بۆ تەگبیر و چارەسەرێ برد، دادی نەدا و هیچ سوودێکی لێ وەگیر نەکەوت. بدلیسی دەنووسێ: «شارۆستەمی فەرمانڕەوای لورستان و سەرکردە و میرە قزڵباشەکانی تری سەرسنوورەکان بۆ لەنێوبردنی مەترسیی یاخیبوونەکە هەوڵێکی زۆریان دا، بەڵام بێ ئاکام بوو» (٧٦, ٥٠). سەبارەت بەمە کاربەدەستانی دەربار و شارۆستەم بەگ لە شایان گەیاند، یەکە ڕێگای دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکە ئەوەیە کە محەمەدی بەگ و هاوڕێیانی لە زیندان ئازاد کرێن. ئیدی بەم جۆرە شا فەرمانی لە زیندان ئازادکرانی محەمەدی بەگ و هاوڕێیانی دا و بەمە سەربزێوی و یاخیبوونەکەی لورستانی سەرکوت کرد و کوژاندەوە.

لە ئاکامی ئەم یاخیبوونەدا محەمەدی بەگ لەو خەرج و باجە قورس و گرانەی کە دەبوو بۆ خەزێنەی شای پڕکاتەوە ئازاد بوو و کرا بە میری سەربەخۆی لورستانیش. بدلیسی دەنووسێ: «محەمەدی بەگ بە لە خۆڕازیکردنی شاتاماسپی یەکەم و پاشان شاسمایلی دووەم، خەرج و باجی کەم دەدا و بەمە سەربەخۆییی خۆی پاراست» (٧٦, ٥٢). لە سەدەی ١٦هەمدا تیرە و هۆزە کوردەکانی سەر بە عوسمانی و سەفەوی لەدژ زوڵم و نیزامی خەرج و باج ئەستێنی خەباتیان دەکرد و لە هێندێ حاڵەتدا لەم خەباتەدا یەکیشیان دەگرت. ئیسکەندەر مونشی دەنووسێ: «کورد هەر کە هەست بە مەترسی دژمن دەکەن دەگەڵ یەکدی ڕێک دەکەون و یەک دەگرن، بەڵام هەر کە ئەم مەترسییە لە گۆڕێدا نەما دەبنەوە دژمنی گیانی یەک و شیر و تیر لێک دەسوون» (٤٧, ٧٨١).

بە پێی زانیاریی سەرچاوەکان لە ساڵانی ٣٢ – ٣٨ی سەدەی ١٦هەمدا، لە بەشە کوردستانی عوسمانیدا سەربزێوی و ڕاپەڕینی کورد لە نوێوە سەری هەڵداوەتەوە.

لەسەر ئەوەی زیائەدین، سەرۆکی پێشووی هۆزی سلێمانی کە لە میافارقین دەژیان لەگەڵ محەمەد ئووستاجلووی سەرکردەی قزڵباشان کە فەرمانڕەوای دیاربەکر بوو، خزمایەتی و دۆستایەتیی دامەزراند، سوڵتان سەلیم کوردستانی داگیر کرد و ولاتەکەی سەرلەبەر بوو بە مڵکی تایبەکاری سوڵتان. لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی غازیدا خەرج و باجێکی لە کێش بەدەر بەسەر ئەو هۆزەدا، کە لەو میرنشینە دەژیان، سەپێندرا. سوڵتان ئەرکی کۆکردنەوەی ئەو خەرج و باجانەی لە ئەستۆی بالوول بەگی میری میافارقین هاوێشت، بەلام بالوول بەگ نەیتوانی ئەو خەرج و باجانە کۆکاتەوە و بە خەزێنەی دیاربەکری بسپێرێ.

بدلیسی دەنووسێ: «لە ئاکامی ئەو هێرشانەی تورکەکان دەیانکردە سەر خاکی عەجەم، هۆزی سلێمانی تووشی بارێکی تووش و نالەبار بوون. سەردەمێکی دوورودرێژ بوو، لەتاو خەرج و باج و سەرانەی سوڵتان ناچار هەموو کۆچیان کرد» (٢٦٧,٧٦ , ٢٧٠).

ئەم تیرە و هۆزە کوردانە میرنشینەکانی خۆیان بە میرنشینەکانی خۆیان بەجێ هێشت، هەموو ڕوویان لە سەرسنوورەکانی ئازەربایجان کرد، چونکە ئەوانەی لەو سەرسنوورانە دەژیان باری خەرج و باج لێ ساندرانیان لە هی دیکە تا ئەندازەیێ سووکتر بوو. ئیدی بەم ڕەنگە هۆزی سلێمانی هیچ خەرج و باجێکیان بە سوڵتان نەدا. خەبات و تێکۆشان لە دژ خەرج و باجی قورس و گرانی لە وزەبەدەر، ویلایەتەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە. پاش هۆزی سلێمانی هۆزەکانی دیکەیش ئەستۆی خۆیان لە هەموو جۆرە ڕەسمی خەرج و باج دانێ قوتار کرد. شاسوار ناوێ جڵەوی ئەو خەباتەی وەدەستەخۆ گرت. شاسوار بۆ خۆی میر لیوای قەلای بایەزید بوو[٢٧]. بدلیسی دەنووسێ: «شاسوار لە هەزار سواری پتر لە هۆزی سلێمانی و هۆزەکانی دیکە لە دەوری خۆ خڕ کردەوە و قەرەپوولێکی خەرج و باج بە سوڵتان نەدا» (٧٦ , ٢٧٠).

بەهلوول بەگ نێردرا، بچێ خەرج و باجی ئەو ناوچانە خڕ کاتەوە و بە

خەزێنەی دیاربەکری بسپێرێ. بەڵام هۆزی سلێمانی ملیان بۆ نەدا و کار بەدەست دانە چەک و تەقە و لێکدان گەیشت. سەرەنجام بالوول بەگ کوژرا و خەرج و باجیش خڕ نەکرایەوە. پاش کوژرانی بالوول بەگ ئەمیر خانی کوڕی جڵەوی سەرکردایەتیی هۆزەکەی وەدەستە خۆ گرت. بەڵام ئەمیش لەگەڵ هۆزەکەیدا خراپ ڕەفتاری کرد و بزووتنەوەی سەربزێوی و یاخیبوون لە نێو هۆزەکەدا بەهەڵاواسینی ئەمیر خان و لایەنگرانی پێشی لە بزووتنەوەی یاخیبوونەکە گرت و دای مرکاندەوە.

سوڵتان عومەر بەگی برای ئەمیر خانی کرد بە میری میافارقین. بدلیسی دەنووسێ: «دەبوو عومەر بەگ هەموو ساڵێ چوار خەروار(٢٨) زێڕ و چەندین خەرج و باجی دیکەی بە خەزێنەی دیاربەکر دابا» (٧٦, ٢٧١). بەڵام بە فەرمانی سوڵتان محەمەدی سێیەم میرنشینی میافارقین لەدەست عومەر بەگ، کە میراتگری ڕاستەقینەی میرنشینەکە بوو، دەرهێندرا و بە ئیبراهیم بەگی ئاقساق درا. پاش ئەم ڕووداوە عومەر بەگ بە کۆمەک و یارمەتی برێ لە میرانی کورد هەوڵی دا خەرج و باجەکانی سوڵتان بۆ خۆی کۆکاتەوە، بەڵام هیچی پێ نەکرا. لە پاشان بە هێزی چەکدارەکانی خۆیەوە لە دژ سوڵتان ڕاپەڕی. بەڵام سەبارەت بەوە کە هێزەکەی کەم بوو، ملی لە خراپەکاری ناو لەبەر ئەمە بدلیسی بە ڕێگر و تالانکەری لە قەڵەم داوە (٧٦, ٢٧١).

یەکێ لە سەربزێوی و یاخیبوونانەی لەو سەروبەندەدا ڕوویان داوە، سەربزێوی و یاخیبوونەکەی هۆزی بوختییە کە بۆ خۆیان سەر بە فەرمانڕەواییی عوسمانی بوون. ئەم یاخیبوونە لە بنەڕەتدا لەدژ ئەو میرە ڕووی داوە کە سوڵتانی عوسمانی بەزۆرەملێ و تۆبزێ بەسەر هۆزەکەیدا سەپاندبووی.

بەپێی زانیاری سەرچاوەکان فەرهاد پاشای وەزیر لە ساڵی ١٥٨٢دا ١١٢هەزار فلوورینی لە میر عەزیز ناوێ ساند و کردی بە میری جزیر، بەڵام هۆزی بوختی لەبەرئەوەی میر ناسری میراتگری ڕاستەقانیی میرنشینەکەیان دەویست، لە فەرهاد پاشایان ڕاگەیاند، کە بەپێی فەرمانی سوڵتان سلێمانی

غازی هۆزەکان دەبێ خۆیان میر بۆ خۆیان هەڵبژێرن و گوتیان: «ئێمە میر عەزیزمان ناگەرەکە، بگرە میر ناسرمان گەرەکە».

بدلیسی دەنووسێ: « وەزیر لەم قسانە ڕکی هەڵستا و یەکسەر فەرمانی کوشتنی میر ناسری دا » (٧١ - ١٣٦).

تیرە و هۆزە کوردەکانی جزیر سەرلەبەر لەم ڕووداوە تووڕە بوون. پاشان هەر سێ براکانی میر ناسر، میر شەرف و عیزەدین و میر ئەبداڵ دەستیان دایە خەباتی چەکدارانە و هۆزی بوختی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەستیان دایە چەک و خەباتکردن. تیرە و هۆزەکان، دەرکردنی میر عەزیز کە بە دەسکێنیی فەرهاد پاشا سەروبەر نرابوو و کرابوو بە میری جزیر، تۆڵەساندنەوەی میر ناسریان لە پێشەخۆ دانا. هۆزی بوختی بڕێ شار و گوندی سەر بە ئەیالەتی جزیریان بە هێزی چەک گرت و وەسەر قەڵەمڕەوی خۆیانیان خستن. میر عەزیز کە بارودۆخەکەی بەو ئاوایە دیت یەکسەر بۆ ئەستەمبووڵ هەڵات. بەڵام لایەنگرانی میر عەزیز لە شەڕی خۆیان سارد نەبوونەوە. شەڕەکە چل ڕۆژی خایاند و بە سەرکەوتنی هۆزی بوختی شکایەوە. ئەم ڕووداوە سوڵتان موورادی سێیەمی زۆر تووڕە کرد. سوڵتان لەشکرێکی گەورەوگرانی لە میرانی کوردستان بە سەرکردایەتیی حوسەین پاشای میر میرانی ئەیالەتی مووسڵەوە بۆ سەر جزیر نارد و بەیاناتێکی زۆری بۆ دان، کە دەبێ بەهەر نرخێ بێ، ئەیالەتەکە گۆیا لە دەستدرێژکەران ڕزگار بکەن. بدلیسی دەنووسێ: « سوڵتان بۆ ئەوەی دەرزی پەند و عیبرەت بەوانەی سواری سەری خۆیان بوون و ئاڵای یاخیبوونیان هەڵکردووە، بۆ دادا، حوسەین پاشای ڕاسپارد سزای میر شەرف و براکانی بدا » (٧٦, ١٣٩). بەڵام لەم شەڕەشدا دیسانەکە هەر میر عەزیز و لایەنگرانی بەزین و ژێرکەوتن، بگرە میر عەزیز بۆ خۆی کوژرا. ئیدی بەو ئاوایە سەربزێوی و یاخیبوون درێژەی کێشا و پێوە چوو. میر شەرف بوو بە فەرمانڕەوای جزیر و بەمە سەربزێوییەکەی هۆزی بوختی بە سەرکەوتنەوە دوایی هات. یەکێ لەو میرە کوردانەی کە خاکی پشتاوپشت بۆ بەجێماوی لە دەست چوو لە سەدەی

١٦هەمدا میر سەیفەدینی سەرۆکی تیرەی یەزیدی بوو.

میر سەیفەدین لەلایەن سولّتان غازییەوە میرنشینەکەی لێ داگیر کرابوو. ئەمیش نەیکردە نامەردی لە دژ حوسەین بەگ کە کرابوو بە میری ویلایەتی سوهران، ڕاپەڕی. سەبارەت بەوە سەرپاکی ئەندامانی تیرەکەی لەگەڵیدا یەک دڵ و یەک گیان بوون یاخی بوو و بەکۆمەکی تیرەکەیەوە دەگژ حوسەین بەگی سەرۆکی تیرەی داسنی ڕاچوو و بەزاندی. لەم شەڕەدا لە ٥٠٠ کەس پتر لە تیرەی داسنی کوژران. سولّتانی عوسمانی ئەم ڕووداوەی پێ ناخۆش بوو، دیسانەوە بۆ سزادانی ئەو کوردانەی ئازادانە دەبزووتن لەشکری لەسەر کردن. بدلیسی دەنووسێ: « سولّتان لەگەڵ میرانی کوردستاندا پێکەوە وەدووی میر سەیفەدین کەوتن، هەولّی دا ویلایەتی سوهران داگیرکا، بەلاّم ئاکامێکی چاکی لێ وەچەنگ نەکەوت» (٧٦, ٢٧٥ـ ٢٧٦).

میر سەیفەدین توانیی سەربەخۆیی میرنشینەکەی بپارێزێ و بوو بە سەرۆکی تیرەکەی. ئەو یاخیبوون و سەربزێوییانەی لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە دەستیان پێ کردبوو سەرتۆپی ئەندامانی تیرەو و هۆزەکانی کورد هاوبەشییان تێدا دەکرد. ئەم سەربزێوی و ڕاپەڕینانە هێندێ جار بە سەرکەوتن و هێندێ جار بە بەزین و ژێرکەوتنەوە بە ئاکام دەگەیشتن. بەلاّم یاخییەکان لە سەرێکەوە سەربەخۆیی میرنشینەکانیان بۆ خۆیان مسۆگەر دەکرد و لەسەرێکی دیکەوە هەلومەرجیان بۆ ملهوڕی و هەر کە بۆ خۆیەتیی هەمە کارە و کاربەدەستانی هەردوو دەولّەتی عوسمانی و سەفەوی خۆش دەکرد.

بەپێی سەرچاوەکان، لە سەدەکانی ١٦ـ ١٧ بڕێ میرنشین لە کوردستان توانیویانە سەربەستیی خۆیان بپارێزن و ئازاد بژین. تەنانەت هەڵۆخانی میری ئەردەلاّن لە سالّی ١٥٨٨دا میرنشینێکی ئازاد و سەربەخۆی دامەزراندووە. بدلیسی دەنووسێ: «هەڵۆخان سەربەستانە و ئازاد ئەمێستاکەش بەبێ کۆسپ و تەگەرە فەرمانڕەواییی خۆی بەڕێوە دەبا» (٧٦, ٨٩).

لەسەر داخوازی گەلی کورد ئیبراهیم پاشای میر میرانی دیاربەکر لە دەوروبەری ساڵی ١٥٩٣دا زیندان کرا و لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی سێیەمدا کوژرا. بدلیسی دەنووسێ: «سوڵتان محەمەدی سێیەم بۆ ترساندنی دژمنەکانی، لە مەیدانی ئەستەمبووڵ هەڵی واسی»(٢٩) (٧٦, ٢٤٩).

ئیتر بەم ڕەنگە سەربزێوی و یاخیبوونەکانی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا جەماوەری خەڵک بە دڵ و بەگیانەوە هاوبەشییان تێدا دەکرد، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەم یاخیبوونانە سەرەک هۆز و تیرە کوردەکان سوودیان لێ وەردەگرتن و بە قازانجی ئەوان دەگەڕان. ئەم بزووتنەوەی سەربزێوییانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی مەرکەزیی کوردستان نەبوو، بگرە بۆ بە جیا جیا پاراستنی سەربەخۆییی میرنشینەکان سوودیان لێ وەردەگیرا. جگە لەمەش ئەم یاخیبوونانە بە بتوونی و تێکڕا لە هەموو میرنشینەکاندا لە یەک کاتدا و بە ڕێکوپێکی ڕوویان نەدەدا، بگرە بە وچان و ناوبەناوێکی دووری یەک لێرە و یەک لەوێ و پەڕاگەندە ڕوویان دەدا. هەر لەبەر ئەمەشە سوڵتانەکانی عوسمانی بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەیان زۆر جار هەر سوودیان لە میرە کوردەکان خۆیان و هێزەکانیان وەردەگرت (٧٦, ١٣٩ ـ ٢٧٦ـ ٣٦١).

بۆ سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین و سەربزێویی تیرە و هۆزە کوردەکان پاشاکانی عوسمانی زۆر دڵڕەقانەتر ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردن. بەپێی نووسینی هێندێ مێژوونووس، موراد پاشای قویوچی، بۆیە «قویوچی»یان پێ گوتووە، چونکە لاشەی کوردەکانی بەسەدان هەڵ دەداشتە هەڵدێران و بەدەها بیری لێ دەکردن (٨٩, ٤٦).

بەم ئاوایە، لایەنی هەرە بەرچاوی ئەو سەربزێوی و یاخیبوونە خێڵەکییانەی کورد لەدژ دەست تێوەردان و خۆ لە کاروباری کورد هەڵقوتاندنی عوسمانی و سەفەوی لە سەدەی ١٦هەمدا لەوەدایە کە هەست و خوستی خەبات لە پێناوی سەربەخۆییی نەتەوەی کورد هێندەی دیکە بەگڕتر کرد و بوو بەبنەڕەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد.



جزيرا بۆتان و مەم و زين

٣

# بەشی سێیەم

## میرنشینی بدلیس
## بەپێی شەرەفنامە
## لە سەدەکانی ١٥، ١٦دا

لەم بەشەدا بەکورتی لە میرنشینەکانی کورد، بەتایبەتی میرنشینی بدلیس لە سەدەی ١٥ـ ١٦هەمدا، دەدوێین. هەروەها جگە لەمە، لە هەڵکەوتی باری جوغرافیاییی میرنشینەکە و خەڵکەکەی و مێژووی سیاسی و پێڕۆی بەڕێوەبەربەریەتی و رۆشنبیری و شارستانێتیشی دەکۆڵینەوە.

## کورتەباسێ دەربارەی میرنشینەکانی کورد

وەک لێی کۆڵدراوەتەوە، کورد شاشیان هەبووە و فەرمانڕەوای گەورە و بە دەسەڵاتیشیان هەبوون. بێ گومان شا و فەرمانڕەواکانیان لەو جۆرە شا و فەرمانڕەوا خاوەن مافە گەورانە نەبوون دەسەڵاتیان بەسەر دەوڵەتی مەرکەزیی کوردستاندا ڕۆیشتبێ، بەڵکو فەرمانڕەواگەلێ بوون دەسەڵاتی پاتشایەکی سەربەخۆ، یان نیوە سەربەخۆیان بووە و بەس.

هەر لەو سەروبەندانەدا «لە سەدەکانی ١٠ ـ ١٢دا» ئەم شانشینانە نەک تەنیا هەر لە خاکی کوردستان، بگرە لە خاکی کوردستانیش و میسریش و سووریاشدا دامەزراون. قازی ئەحمەدی قەزوینی لەبارەی ئەم شانشینانەی بە شێوەیێکی فرەوانتر کۆڵیوەتەوە و زانیاریی بەربڵاوتری نووسیوە (١٠١, ١٦٧ ـ ١٧٤). بدلیسی لکی یەکەمی «شەرفنامە» ی کە بریتییە لە پێنج بەش بۆ ئەم شانشینانە تەرخان کردووە (٧٦, ١٩ ـ ٨١). قەزوینی کە لەم باسە دەدوێ لەبەرئەوەی پتری پشت بە «روضة الصفا» و «جهان آرا» بەستووە، ڕووداوەکان کوتومت لێک دەچن. بدلیسی لکی دووەمی کتێبەکەی بۆ ئەو فەرمانڕەوایانە تەرخان کردووە کە لە هێندێ بارودۆخدا خودبەیان بەنێوەوە خوێندراوەتەوە و دراوی زێڕیان بەنێوەوە لێ دراوە (٧٦, ٨٢ ـ ١٤٩).

بدلیسی لکی سێیەمی کتێبەکەی کردووە بەسێ بە شەوە. بەشی یەکەمیان ٩ فەسڵە و لەبارەی میرەکانی دیکەی کوردستان زانیاریی بەنرخی تێدایە (٧٦, ١٤٩ ـ ٢٦٩). نووسیار بەشی دووەمی هەر ئەو لکەی کردووە بە دوو فەسڵەوە و لەم فەسڵانەدا مێژووی میرنشینەکانی کوردی بە شێوەیێکی بەرفرەوان ڕوون کردووەتەوە (٧٦, ٢٧٠ ـ ٣٢١).

بدلیسی لە لکی سێیەمی بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە»دا باسی مێژووی کوردی ئێران دەکا (٧٦, ٣٢٢ ـ ٣٢٤). ئیتر بەم جۆرە بدلیسی لە کتێبەکەیدا،

لەمەڕ شا و فەرمانڕەوا و میرانی کورد زانیاریی زۆر بەسوود دەنووسێ. شەرەفخان زۆربەی ئەمانە بە ڕەگ و ڕەگەما دەباتەوە سەر عەرەبان. ئەم ئیددیعایەش لەگەڵ تەبیعەتی ئەو ڕۆژگارەدا زۆر دەگونجێ. چونکە ئەو نەجیوزادانەی پێش فەتحی ئیسلامی خۆیان بە ڕەچەڵەک دەبردەوە سەر شاکانی ئێران و پاش فەتحی ئیسلامی خۆیان بە سەرکردە ولاتگرە عەرەبەکانەوە دەبەست کەم نەبوون. هێندێ لەو نەجیوزادانەی شانازییان بەم خۆ پێوە هەڵاواسینەوە دەکرد هەر لە ناوەندی سەدەی ١٦هەمەوە مەیلیان بە لای بەرەی عوسمانیدا بزووت و هەر لەبەر ئەمە دەبینی نازناوی وەکو پاشا و ئەفەندی و ئی دی لەنێو نەجیوزادانی کورددا هاتە گۆڕێ.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە بنەماڵەیێکی کوردی بەڕەگ و ڕەچەڵەک کورد خۆی بە عەرەبەوە یا عەجەمەوە یا تورکەوە هەڵاواسیبێ ئەمە لەوە بەولاوە نەبووە کە لە نەتەوەکەی خۆی لاری بووە. ئەم بارودۆخە بۆ ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەی کورد کە لەسەر سیاسەتی تواندنەوەی کورد کە بە ژمارە لە خۆیان کەمتر بوون لەناو بۆتەی نەتەوەکەی خۆیاندا بارودۆخێکی لەبار بووە. چونکە ئەو مێژوونووسە بۆرجوازییانەی سوودیان لەم مەیل بزوانە وەرگرتووە، کورد، کە مێژوویان لە پێش لەدایکبوونی عیسایشەوە ڕوون و ئاشکرایە، بە ڕەچەڵەک جارێ دەبەنەوە سەر فارس و جارێ دەیانکەن بە عارەب و جارێ دەیانکەن بە تورکی چیایی. هەر لەبەر ئەمەیشە ئەو مێژوونووسە هاوچەرخانەی لە ڕەچەڵەکی کوردیان کۆڵیوەتەوە هێشتا نەکەوتوونە سەر یەک ڕاستەڕێ، تەنانەت بدلیسی خۆیشی کە لە کار تێکردنی سەردەم و بیر و بڕوای مێژوونووسانی عەرەب و ئێران رزگار نەبووە و نەیتوانیوە لە بارەی نەتەوەکەی خۆیەوە بیر و بڕوایەکی بنەبڕ و بێ کێشە و یەکلا دەربڕێ (٧٦, ١٢-١٣).

مێژووی میرنشینەکانی کورد کە بەپێی «شەرەفنامە» بەکورتی لەسەری دەدوێین، ڕاستت دەوێ بۆ خۆی لێکۆڵینەوەیێکی زانستانەی بەجیای دەوێ. جا هەر لەبەر ئەمەیشە کە تەنیا بەوەندە دادەکەوین و مێژووی فەرمانڕەوایانی

که باو و باپیرانی نووسیاری «شەرەفنامە»، شەرەفخانی بدلیسی لەوانن، بەپێی «شەرەفنامە» شی دەکەینەوە و لێی دەکۆڵینەوە، چونکە بدلیسی خۆی لەمەڕ بارودۆخی خۆڕسکی هەمان میرنشین، لەمەڕ خەڵکەکەی، لەمەڕ مێژووی سیاسی، لەمەڕ شکڵ و شێوەی موڵکداری و خەرج و باج، کەم و زۆر دواوە. شەرەفخان، لەبارەی هونەر و هونەرکاریی میرنشینی بدلیسەوە کە لەگەڵ میرنشینەکانی دیکەدا جیاوازە، لەبارەی بازرگانییەوەی، لەبارەی رۆشنبیری و شارستانێتییەوەی زانیاری چاکی نووسیوە و لکی چوارەمی کتێبەکەی بۆ باسی هەمان میرنشین تەرخان کردووە.

# میرنشینی بدلیس له سەدەی ١٥. ١٦دا

## هەڵکەوتی باری جوغرافیایی و خەڵکەکەی

شـاری بـدلیس کـە لـە باشـووری ڕۆژاوای گـۆلی وان هـەڵکەوتـووە، یەکـێکە لە شارە هەرە کۆنەکان. بەو جۆرەی بدلیسی نووسیویە، لە پێشان لە گوێ چۆمی وان قـــەڵای بـدلیس ڕۆنـراوە و لە پـاشـــان بـەهـەر چوار دەوری قـــەڵاکـــەدا شارەکەیش ڕۆنراوە (٧٦, ٣٣٥, ٤٨, ٣١٥). فەیرووزابادی دەڵێ: «بدلیس ناوی شـــارێکی جـوانـە لە نزیک ئەخـــلات» (١١١, ٢١٥). شـــەمـــســـەدین ســـامی نووســـیـــویە: «شـــاری بدلیس کـە لـە کـوردســـتـــانە لە ســـەردەمی ناوەنددا ســـەردەمـــانێکی دوور مـەڵبـەندی فـەرمـانڕەواییـیـەکی چکۆلەی کـورد بووە. لەبەرئەوەی دەوروبـەری باخ و شـیناییـیـە شـارەکە زۆر گـەورە و فرەوان دێتـە پێش چاو. بدلیس هەوای خۆش و ئاوی سازگار و سارده» (٨١, ١٢٣٩).

حـاجی زەینەلعابیدینی شیروانی دەنووسێ: «شاری بدلیس کە لە ڕۆژاوای ئەخلاتە لەبەر ئەوە کە لە نێوان دوو چیادا هەڵکەوتووە، خانووبەرەکانی لێکدی بەرز و نزمتر دێنە پێش چاو. لەم شارەدا نزیکەی پێنچ هەزار خانووی دڵگیر لە بەردی داتـاشـراو هەڵنراوە و ئەم خـانووانە ســەرنجی پیـاو ڕادەکـێـشێ» (٥٨, ١٣٢).

لەمـەڕ ئاو و هەوا و تەبیـاتی بدلیس بڕێ نـووسیـار، با کـەمیش بن، دوواون. بدلیـسی دەڵێ: «بدلیس لە نێـوان ئازەربایجـان و دیاربەکـر و ئەرمـەنسـتـاندا دەربەندێکی ئەوتۆیە کـە بەشـێکی زۆری حـاجـیـیـەکـانی ئاسـیـا و بازرگـان و گـــەڕیدەکـــانی ئەوروپا و گـــەڕیدەیێکی زۆری دنیـــا دەبێ لـەوێوە تێ پەڕن» (٧٦, ٣٣٩).

شـاری بدلیس لە باکـوورەوە لەگـەڵ چۆمـی مـوراد و لە باشــوورەوە لەگـەڵ چۆمی دیجلە و لە ڕۆژاواوە لەگەڵ چۆمی فورات و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ گۆلی

وان کەوشەنیان لێک دەگەڕێتەوە. چۆمی ڕەببات کە بەناوەندی شاری بدلیسدا دەڕوا دیمەنێکی جوانی تایبەکاری دەداتێ. فەرمانڕەوایانی ئەم شارە کە لە ١٩ گەڕەک پێک هاتووە خانووبەرەیێکی کۆمەڵەکیی زۆریان تێدا ڕۆناوە. میرنشینی بدلیس کە لە سەدەکانی ناوەنددا مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی بووە چەند میرنشینێکی لە دەوری خۆی خڕ کردبووەوە و بووبوون بە یەک. بدلیسی دەنووسێ: «میرنشینی بوختی و میرنشینی نیوە سەربەخۆی ئەخلاتیش لە پاشان لەگەڵ بدلیسدا یەکیان گرت» (٣٥١،٧٦). بەڵام لە ئاکامی بوومەلەرزە بەسامەکەی ساڵی ١٢٤٦ و پاشان هێرشی مەغوول و شەڕ و هەرای نێوان عوسمانی و ئێران لە سەدەی ١٦هەمدا ئەخلات تێک چووە و لەبەریەک هەڵتەکاوە.

«شەرەفنامە» وای بەدیار دەخا کە: «ئیستاکەش هەر شوێنێکی ئەخلاتی کۆن هەڵدەکەندرێ، ئاسەوارێکی کە لە ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمانە دەدوێ، بە دیار دەکەوێ» (٣٥٣،٧٦) ئیتر بەم جۆرە ئەخلاتیش بووە بە یەکێ لەو شارە کۆنانەی کە سەر بە میرنشینی بدلیس بوون. ناوچەیێکی دیکەی سەر بەمیرنشینی بدلیس وڵاتی مووشە.

مووش یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکان. بدلیسی نووسیویە: « باو و باپیرانی من کە لێرە فەرمانڕەواییان کردووە... لەسەر چیاکان قەڵایێکی نوێیان ڕۆنابوو» (٣٥٣،٧٦). مووش ڕاستانی چاک و نەورایی باش و لێرەواری دەوڵەمەندیشی زۆرن. بەوەی کە چۆمی فورات بە باکووری ڕاستانەکانی مووش و قەرەسوو بە ناوەندیدا دەڕۆن، ئەمە دیمەنێکی خۆکردی جوانی پێ بەخشیوە.

یەکێ لە ناوچەکانی دیکەی بدلیس ناوچەی خنۆسە. خنۆس زۆزان و کوێستانی زۆر جوانی هەن. بەپێی کتێبەکەی کاتب چەلەبی ناوچەی خنۆس یەکێ بووە لە ناوچەکانی سەر بە میرنشینی بدلیس (٤١٥،١٠٣). لە خنۆس گۆلێ هەیە، حەوت کیلۆمەتر درێژە، گۆلی شلوێی پێ دەڵێن (٣٥٥،٧٦). بێ لەمە، دوو کانیاوی بە کوڵی جوانیش لە جوانیی خۆکردی ئەم شارە زێدە

دەکـــەن و هێندەی دیکەی دەڕازێننەوە. بوخـــتـــیش و خنۆســـیش لە ڕووی دەسکەوتخێزی و بڕشتەوە بایەخێکی گەورەیان هەبووە.

بڕێ لەو مێژوونووسانەی لە مێژووی بدلیسیان کۆڵیوەتەوە، لەمانە قازی ئەحمەدی قەزوینی و گونابادی کە هاوچەرخی بدلیسی بوون، نووسیویانە کە مـــیـــرنشـــینی عـــیـــمـــادییـــەش ســـەر بە ویلایەتی بدلیس بووە (١٠١, ٢٨٦, ١١٣, ٢٤٩). ئەم میرنشینە کۆنترین شاری کوردستانە.

حەمدوڵڵای موستەوفی دەنووسێ: « ئەم شارە عیمادودەولەی دەیلەمی سەرلەنوێ ڕۆی ناوەتەوە و نێوی عیمادییەی لێ ناوە» (٦٣, ٤٥). بدلیسی لە «شەرەفنامە»کەیدا بەشێکی تایبەتی بۆ میرنشینی عیمادییە تەرخان کردووە و تا سەردەمی خۆی (دوا دوای سەدەی ١٦هەم) مێژووی میرنشینی ناوبراوی نووسیوە. بێگومان زانیارییەکی لە «شەرەفنامە»دا کە یەکە کتێبی مێژووی کوردە نووسراوە دەبێ بە ڕاست لە قەڵەم بدرێ. بەم جۆرە، جگە لە بڕێ لە شارۆکە و گوند کە لە سەدەی ١٥ـ ١٦هەمدا سەر بە میرنشینی بدلیس بوون میرنشینە گرینگەکانی وەکو ئەخلات و مووش و خنۆس. دەتوانین بڵێین هەر سەر بە بدلیس بوون.

بەپێی زانیارییێکی لە «شەرەفنامە»دا تۆمار کراوە، هەر لەم سەروبەندەدا قەڵا گرینگەکانی وەکو ئەخلات و بدلیس و مووش و ئۆنیک و ئەختەمار و کەفەندووز و کەلهۆک و فەیرووز و سەلم و گولخار و تانیک و سوولی[1] لە ژێر دەستی میرنشینی بدلیسدا بوون (٧٦, ٤٢٤). لە ژێر دەست فەرمانڕەوایی میرانی بدلیسدا بوونی ئەم قەڵایانە بۆ ئەو سەروبەندە لە مێژووی ئەم میرنشینەدا زۆر گرینگ بوون.

### خەڵکەکە

خەڵکی میرنشینی بدلیس لە چاو خۆیدا تا ڕادەیێ لە ڕەگەزی جۆراوجۆر پێک هاتبوو. لەم وڵاتە ماڵە ئاسووری و ئەرمەنییێکی زۆر بەرچاو دەکەوتن. بەڵام زۆربەی خەڵکەکە لە تیرە و هۆزەکانی کورد پێک هاتبوون. «شەرفنامە»

دەڵێ: «چوار هەزاری خەڵکەکەی میرنشینی بدلیس ئەرمەنی بوون»[٢] (٣٤١ , ٧٦).

بەپێی « شەرفنامە» بیست و چوار بنەچەکەی هۆزی کورد لە میرنشینی بدلیس دەژیان. (٣٦١ , ٧٦). بەم پێیە ئەگەر هەر هۆزێ، دوو هەزار کەسی بەرکەوێ دەتوانین بڵێین ئەو سەردەمە تەنیا میرنشینی بدلیس ٤٨ هەزار کەسی تێدا ژیاوە. بەڵام بەپێی قسەی شەمسەدین سامی کە لە پاشان نووسیویە، ئەم میرنشینە ١٧٢ گوند و سێ هەزار کەس بوو و سێ یەکێکی ئەم خەڵکەیش ئەرمەنی بوون[٣] (١٢٣ , ٨١).

بەم پێیە زانیارییێکی «شەرەفنامە» لەمەڕ ژمارەی خەڵکەکەوەی نووسیوە لەگەڵ زانیارییەکەی « قاموس الاعلام»ەکەی شەمسەدین سامیدا جیاوازە. بەلای ئێمەوە هەردوو نووسیار ڕاستیان نووسیوە. بەڵام ئەوەی ئەم جیاوازەییەی هێناوەتە گۆڕێ ڕووداوی کۆمەڵایەتی و سیاسین. واتە هەروەک لە میرنشینەکانی دیکەی کورددا ڕووی داوە، میرنشینی بدلیسیش هەر لە پاش وەژێر دەسەڵات کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی ژمارەی خەڵکەکە وردە وردە ڕووی کردووەتە کەم و کورتی و داوێتییە باری کزی. هۆی بنەڕەتی ئەمەیش دەبێ لە شەڕوشۆڕەکانی نێوان عوسمانی و ئێراندا بدۆزینەوە.

هۆزی هەرە بە هێزی کوردی میرنشینی بدلیس هۆزی ڕووزەکی بوو و هەر لەبەر ئەمیشە کە ئەم هۆزە دەورێکی زۆر گەورەی لە مێژووی ئەم میرنشینەدا گێڕاوە.

بدلیسی دەنووسێ: «ئەو شا بەهێزانەی کەوتبوونە سەر کەڵکەڵەی داگیرکردنی کوردستان دەبوو لە پێشان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی بدلیس و هۆزی ڕووزەکیدا بەشەڕ بێن، چونکە بەبێ وەژێربارهێنانی هۆزی ڕووزەکی هیچ هۆزێکی دیکەی کوردیان بۆ نەدەهاتە ژێربار و هەموو کر و کۆششێکیان خەیاڵی خاو بوو» (٣٦٠ , ٧٦). خەبات و بەربەرەکانێی کوردی بدلیس لە ساڵی ١٤٧٩ـ١٤٨١دا لەدژ فەرمانڕەوایانی ئاق قۆیونلوو و لە ساڵی ١٥٣٥ ـ ١٥٨٣دا لەدژ دەسەڵات و ئاغایەتیی عوسمانی کردوویانە دەشێ بە نموونەی ئازایەتی

و خۆڕاگریی هۆزی ڕووزەکی لە قەڵەم بدرێ.

لە «شـەرەفنامـە»دا نووسـراوە: «هێنـدەی بەردی قـەڵای بدلیس سـەری هۆزی ڕووزەکی بڕدراوە» (٧٦ , ٣٦٠). لەبەر ئەمە فەرمـانڕەواییی بدلیس سەبارەت بە زۆریی هۆزی ڕووزەکی لە سـەرێکەوە و ئازایەتی و مێرخـاسـی و گـەڕناسـییـان لە سەرێکی دیکەوە، بەدێژاییی سەدەکان هەر بەدەست میرانی ئەم هۆزە ئازا و نەبەزەوە بووە.

## مێژووی سیاسیی بدلیس

بەپێی نووسـینی بدلیسـی ڕدێن سـپییانی ڕووزەکی عیزەدین و زیائەدین کە هەرتکیـان برابوون و بەنژاد، بنـەچەکـەی کـیـسـرا[٤] بوون، لە ئـەخـلاتەوە بۆ بدلیس بانگ کـراون (٧٦ , ٣٦٠) عـیـزەدین دەبێ بە فـەرمـانڕەوای بدلیس و زیائەدین دەبێ بە فـەرمانڕەوای حـەزۆ، کە ساسـۆنیشـی پێ دەگـوترێ. بەڵام لە پاشـان زیائەدین بـە فڕوفێڵ فـەرمـانڕەواییی بدلیس داگیر دەکا و عیزەدینی برای دەنێرێ بۆ حـەزۆ. بە بنەچەکە چوونەوە سـەر کیسـرای فـەرمـانڕەوایانی بدلیس لە «شـەرەفنامە»دا بە ڕاشکاوی بەرچاو دەکەوێ (٧٦ , ٣٦٢).

پاش مـردنی زیائەدین، پاشـمـاوەکـانی دوا بـەدوای یەک فـەرمـانڕەواییی بدلیـسـیـان کـردووە. نووسـیـاری «شـەرەفنامـە» دەنووسـێ: «هەر لە پاش ١١٠ سـاڵ بدلیس بەدەست ئەو بنـەمـاڵەیەوە نەمـاوە و کـەوتووەتە دەسـتـی بیـانی» (٧٦ , ٣٦٢). چونکە مـیـرنشـینی بدلیـسـیش وەک مـیـرنشـینەکـانی دیکەی کوردسـتـان کـەوتووەتە ژێر دەسـەڵاتی سـەلجـووقـیـیـەکـانەوە. بدلیسـی دەڵێ: «ئەوانەی لە مێژوودا نێویان نـووسراوە و بەرچاوم کـەوتبن ١٨ کـەسن و لە ٤٥ ساڵ پترە فەرمانڕەوایی دەکەن» (٧٦ , ٣٦٤).

دەوڵەتشای سـەمەرقەندی دەڵێ: «سـوڵتـان جەلالەدینی خوارەزمشـا بـەرانبەر لەشکری مـەغـوول بـەزی و هاتە ئازەربـایجـان و لێـرەش هەڵی نەکـرد، چووە بدلیس و لەوێ کـیـژی مـەلیک ئـەشـرەفی هـێنا»[٥] (٦٦ , ١٦٢)، بدلیـسـیش لە کتێبـەکەی خۆیدا هـەر ئەم ڕووداوەی وەک دەوڵەتشـای سـەمەرقـەندی نووسیووە

و دەڵێ: «کە سوڵتان جەلالەدین لە ساڵی ١٢٢٥دا هاتە بدلیس، ئەوسا مەلیک ئەشرەف فەرمانڕەوا بوو» (٧٦, ٣٦٩, ٩٧, ٣٣٤).

مەلیک پێش ئەوەی ببێ بەفەرمانڕەوای بدلیس ژیاوە و بووە بەسەرلەشکری ئەییوبییەکان. ئەم پیاوە بێ ئەوەی سەر بە هیچ شایەک بێ بۆ چەنانێ سەربەخۆ فەرمانڕەوایی کردووە و پاشان مردووە. لە پاش وی مەلیک مەجدەدینی برای ئەرکی میرایەتیی لە ئەستۆی خۆ گرتووە، بدلیسی دەنووسێ: «لە پاش وی (لە پاش مەلیک مەجدەدین) کوڕەکانی یەک لە دوای یەک فەرمانڕەواییيان کردووە و تا سەروبەندی ئەمیر تەیمووری کویرەکان کەسیان تخون نەکەوتووە» (٧٦, ٣٧٢). لەم سەردەمەدا ڕووداوێکی ئەوتۆ لە میرنشینی بدلیس کە شایانی نووسین بێ ڕووی نەداوە.

دوای مەلیک مەجدەدین باسی فەرمانڕەوایيی عیزەدین و ئەمیر ئەبوبەکر و میر شێخ شەرەف و پاشان میر زیائەدینی هاوچەرخی تەیمووری لەنگ کە بەدیداری یەکدی گەیشتوون دوا بەدوای یەک لە «شەرەفنامە»دا تۆمار کراوە. بەڵام بەگوێرەی هێندێ سەرچاوەی دیکەی ئەو سەردەمە فەرمانڕەوای بدلیس لە سەردەمی تەیمووری لەنگدا میر زیائەدین نییە، بگرە حاجی شەرەفە و ئەم بەدیداری تەیمووری لەنگ گەیشتووە.

شەرەفەدین عەلی یەزدی کە باسی لە ساڵی ١٣٩٣دا بۆ وڵاتی کوردستان هاتنی تەیمووری لەنگ دەکا، دەڵێ: «حاجی شەرەف، فەرمانڕەوای بدلیس کە لە سەرانسەری کوردستاندا بە سەرڕاستی و یەکڕەنگی ناووبانگی ڕۆیشتبوو بە دیداری تەیمووری لەنگ گەیشت و ئەسپی چاک و ڕەسەنی بەدیاری پێشکێش کرد. تەیموریش پاداشت و خەڵاتی خۆی دایە و بدلیسی لەگەڵ بەشەکانی دیکەیدا سەرلەنوێ بە خۆی دایەوە»[٦] (٧٧, ٦٨٧).

مێژوونووسێکی زۆری ئەو سەردەمە (نظام الدین شامی و بوداق قزوینی) هەمان ڕووداویان لە کتێبەکانیاندا وەکو خۆی نووسیوە (١٢٦, ١٥٢, ١٥٤, ٢١٦). بە نموونە ف. میتسۆپسکیش دەڵێ: « میر شەرەف هات بۆ کن تەیموور و بەوپەڕی ڕێزەوەی پێشواز لێ کرد و سوڵحنامە و ڕێک

کەوتننامەی دایە و بەمە سەرانسەری وڵاتەکە سەرسووک و ئاسوودە بوو» (١٤, ٤١).

بدلیسی دەڵێ: «حاجی شەرەف کلیلی قەڵای بدلیس و ئەخلات و مووش و قەڵاکانی دیکەی برد، چوو بۆ دیداری تەیموور لەنگ و دیاریی گرانبایی پێشکێش کرد. تەیمووریش پێشوازیێکی گەرمی لێ کرد و بە خەڵات و بەراتێکی زۆرەوەی ڕێز لێ ناو چەند ناوچەیێکی دیکەی بۆ هاویشتە سەر میرنشینەکەی، لەم بارەوە فەرمانێکیشی بۆ دەکرد» (٣٧٢, ٧٦).

لە «شەرەفنامە» دا نووسراوە ئەم فەرمانە تا ساڵی ١٥٣٣یش پارێزراوە. بدلیسی دەنووسێ: «لە میرنشینی بدلیسدا هەرا و هوریا و ئاژاوە ڕووی دا، لە ساڵی ١٥٣٣دا شەرەفخان کوژرا، شەمسەدین خانی کوڕی کە لەگەڵ ڕووزەکییەکاندا بەرەو ئێران چوون فەرمانەکەی تەیموور لەنگ و چەند فەرمانێکی شاکانی تریش لەم هەرا و هوریایەدا لە ناو چوون (٣٧٣, ٧٦). بەم جۆرە لە بارەی چاوپێکەوتن و بەدیداری یەک گەیشتنەکەی میر زیائەدین و تەیموور لەنگ نە لە «شەرەفنامە»دا و نە لە سەرچاوەیێکی دیکەدا تووشی هیچ باس و خواسێ نایەین، تەنانەت ئەو مێژوونووسانەی لە پاشان هاتوون و باسی مێژووی کوردستانیان نووسیوە دەڵێن ئەوەی چاوی بە تەیموور لەنگ کەوتووە حاجی شەرەفی فەرمانڕەوای بدلیس بووە (٣٣٥, ٧٦).

بەم پێیە، گومان لەوەدا نییە کە حاجی شەرەف فەرمانڕەوای بدلیس بووە، بەڵام بە دیداری تەیموور لەنگ گەیشتنەکەی جێی گومانە، چونکە وەک لە پێشەوە گوتمان فەرمانڕەوای بدلیس لەو سەردەمەدا حاجی شەرەفی کوڕی زیائەدین بووە ئەمەیش بۆ بەڵگە لە «شەرەفنامە»ش و سەرچاوەکانی دیکەشدا کراوە. حاجی شەرەف بەوپەڕی ژیری و دووربینییەوە ئەمەی لە پێش چاوگرتووە و لەگەڵ دژمنێکی بەهێز و دەسەڵاتداردا ڕێک کەوتووە و بەمە توانیویە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ.

پاش حاجی شەرەف مەلیک شەمسەدینی کوڕی (لە دەوروبەری ١٣٩٩ ـ ١٤٢٥دا) بووە بە جێگری باوکی و چووەتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی

بدلیس. سەردەمی مەلیک شەمسەدین لە مێژووی میرشینی بدلیسدا بە سەرسووکی و کپییەوە بەسەر نەچووە. لە سەردەمی تەیموور لەنگدا قەرەیوسفی قەرەقۆیونلووی قاچاخ پاش مەرگی تەیموور، لە ساڵی ١٤٠٥دا لەگەڵ هاوپەیمان و پەیڕەوانی خۆیدا لە پێشان هەڵاتووە بۆ دیاربەکر و پاشان پەنای وەبەر فەرمانڕەوای بدلیس، مەلیک شەمسەدین بردووە. بەپێی نووسینی ف. مێتسۆپسکی مەلیک شەمسەدین بە نان و نمەکەوەی پێشوازی لێ کردووە و بەچەک و ئەسپ و هێستر و هەموو پێداویستێکی شەڕ ئامادە و تەیاری کردووە (٤١, ٢٢ ـ ٢٣).

خوندەمیر دەنووسێ: «کاتێکی قەرەیوسف بۆ دیاربەکر هات، لەگەڵ فەرمانڕەوای ئەخلات و بیلبیس(٧) (بدلیس ش.م) مەلیک شەمسەدیندا دۆستایەتیی گرت و بوو بەخزمی. مەلیک شەمسەدین کچی قەرەیوسفی هێنا» (٦٤, ٤٦١).

بدلیسی دەنووسێ: «قەرەیوسف کیژی خۆی لە مەلیک شەمسەدین مارە بڕی. مەلیک شەمسەدینیش ناوچەی پاسین و ئۆنیکی خستە ژێر دەستی» (٧٦, ٣٧٦, ٩٧, ٣٣٦).

ئیدی بەم تەرزە پاش ئەوە کە قەرەیوسف بڕێ هێزی لە دەوری خۆ خڕ کردەوە لە ساڵی ١٤٠٦دا هەڵی کوتایە سەر قەڵای چوخور سەعد کە بە دەست ئەبوبەکری نەوەی تەیموور لەنگەوە بوو. لەو شەڕەدا قەرەیوسف سەرکەوت و جگە لەم قەڵایە قەڵاکانی مەرەند و نەخچەوان و شەروور و ماکۆیشی داگیر کرد.

بە گوێرەی نووسینی فۆن هاممەر فەرمانڕەواییی بنەماڵەی قەرەقۆیوونلووەکان لە ساڵی ١٣٧٥ەوە تا ساڵی ١٤٦٧ درێژی بووە (٩٩, ١٧). پشت بەزانیاریی سەرچاوەکان هەر چەندی هێز و دەسەڵاتی قەرەیوسف پەرەی دەستاند و بە ڕمێن و برەوتر دەبوو ڕێز و دەسەڵاتی شەمسەدینیش پەرەی دەستاند و مەیدانی قەڵەمڕەوی میرنشینەکەی هێندەی دیکە بەربڵاوتر و فرەوانتر دەبوو. عەبدڕەزاقی سەمەرقەندی لەم بارەوە دەنووسێ: «میر

شەرەفەدین و میرانی شوێنەکانی دیکە لەگەڵ قەرەیوسفدا ڕەفتاریان دەکرد» (١٠٨, ١٧٢). بدلیسی دەنووسێ: «دۆستایەتی و نێوان تەباییی میر شەمسەدین و قەرەیوسف بەڕادەیێ گەیشتبوو قەرەیوسف بە - کوڕم - ی نێو دەبرد» (٣٧٦, ٧٦, ٩٧, ٣٣٧).

ئیدی بەم جۆرە ئەم دەست تێکەڵی و ڕێک کەوتن و نێوان خۆشییە لە دژ بنەماڵەی تەیموور تا دەهات بنچەسپتر و پتەوتر دەبوو. کە قەرەیوسف بوو بە شا هەرێمەکانی مووش و ئەخلاتیشی بە سیورغال(٨) وەسەر میرنشینی بدلیس خست و بە فەرمانی ڕەسمیش چەسپاندی:

## ڕەنووسی فەرمان

«فرزەندانی زۆر خۆشەویست خوای بەرز بەمنتان بێڵێ - سەردەستان و سەرپەلان و سەرلقان و سەرهەنگان و سەرداران و ئەمیران و گزیران و سەروەران و کوێخایان و ئاغایان و مەلیکانی کوردستان و بۆرە پیاگ و دەشتەوان و بارزگان و سەرناسانی دانیشتوانی بدلیس و ئەخلات و مووش و خەنووس و دەوروبەریان و ئەوانەش کە سەر بەوانن، با بزانن: کە بێ هیچ ڕۆدەروایسی دڵسۆزی بێ کەمایەسی و یەکڕەنگی، بێ تڵتە و خڵتە و فیداکاری ڕیشەداری کوڕی گەورە و پایەبەرز و بەئاوەز و چاکەحەز و دەفریاڕەسی بێدەسان و پێکهێنەری مەبەسانم میری میرەکانی عەجەم: میر شەمسەدینی سەربڵند لە ئەندازە بەدەر بووە - لە خوام دەوێ هەرگیز پایەی نەوی نەوێ و هەتا قیامەت سەلامەت بێ چی ئاواتە دەستی کەوێ - ئێمەش لەلای خۆمانەوە بۆ پاداشتی شایانی ئەو بە ئەرکی خۆمانمان زانی کە وەک ڕۆژانی ڕابراو جەنابی میری ناوبراو بەهەموو جۆر چاودێری و بەزەمین پێ بەخشینی زۆر بیبەینە سەرووی ئامپایان. لەو بارەوە دڵی نەرمی پڕ بەزەییی شاهانەمان جاریێ وەکو دەمخۆشکەرە ئەم فەرمانەمانی دەڵاند: مەزنایەتی و میرایەتی و دەسەڵات و باج و پیتاکی دیوانی بدلیس و ئەخلات و خەنوس و مووش و دژ و قەڵاکانی تر و زیادە پارچەی سەرخراو و پاژەزمینی لاوەیی

دەپاڵ خـزاو و ڕەپاڵ نراو کـە دەپێـشـداش هەر هی خـۆی بوون لە نوێ پێی دەبەخشینەوە و نابێ کەس بەشی تێدابێ و بەو هۆیەوە ئەم فەرمانە ڕوانەمان ـ دەی خوا پیرۆزی کاتن ـ لەسـەر هەمـوو هاوولاتیـان پەخش کرا و بڕیار درا کە میری دەست نیشانکراو ناوچە و مەڵبەند و پاوان و دەشت و کەژ و ئاوی و بەژێ کە بوویەتی هی خۆیەتی و بەسەریانۆ هەمەکارەس و نابێ کەس بەنیازی هاوبەش هیچ کـاتێ بەلایدا بچێ یان لە دەورەشـی هەڵخـولـێ و کـەس نەکـا دەست و پێوەندی تووشی هەرا و کێشە بکا. هەر کێش بزانین نابارە و لیچی لەم فەرمانە خوارە دەکێشرێتە پای قـەنارە و سزای زۆر بێ ڕەزای دەدرێ. ئەرکی شـانی کـارداران و سـەرکـار و کـارگـوزاران و ڕیش چەرمـوان و سەرناسان و نێشتەجێ و دانیشتوانی بدلیس و ئەخلات و موش و خەنووس و شوێنەکان و کێڵگەکان و پاسداران و دژدارانە: هەمیشە زەلامەکانی میری پایەداری کورم بە گەورەی خۆیان بزانن و بەڕاسپێری و ئامۆژگاری و پەندی ڕند و بەهرەمەندی ڕەفتار بکەن و مل بۆ دۆزی بچەمێن و خاوی و خلیسکی نەنوێن. هەر تەگەرە و گرێیەکیشیان دێتەبەر پەنا بەپیاوی ئەو بەرن و هەر پسوولەی ئەو وەخوێن و بەسەر شۆپی ویدا برۆن تا سەر و ماڵ نەدۆڕێن. ئەو فەرمانە باوەڕنامە دەی مانگی مەولوودی ساڵی: هەشتسەد و بیست نویسرا و بەئیمزای بەرز و جێ گەورە ڕازێنراوە و خەملێندرا» (وەرگێڕانی هەژار ل: ٧٠٢,٧٠١ بۆ یادگـار ناوبەناو دەسـتم بۆ تەرجـەمـەکـەی مـام هەژاری شەرەفکەندی بردووە ـ وەرگێڕ)

لە ساڵی ١٤٢٠دا قەرەیوسف مرد، هەر لە پاش مردنی بە چل ڕۆژ شاهروخ میرزای کوڕی ئەمیر تەیموور هاتە کوردستان. بەپێی سەرچاوەکانی: «کاتێ شـاهروخ مـیـرزا لـە شـوێنێ، لە نـاوچەی ئەخـلات کـە «مـەرکـو»ی پـێ دەڵێن، دەهێورێ، فەرمانڕەوای بدلیس مەلیک شەمسەدینیش لەگەڵ میرانی دیکەی کوردستاندا چاوی بە شاهروخ دەکەوێ و پەیڕەوایەتیی خۆی لێ ڕادەگەیێنێ» (٣٧٨,٧٦ ـ ٣٧٩). پاش ئەمە ئیتر شـاهروخ مـیـرایەتییەکەی بۆ تەسـدیق کردووە. بەم ئاوایە، میر شەمسەدین بەوەی کە چەنانێ لەگەڵ قەرەیوسف و

پاشان لەگەڵ شاهروخ میرزادا نێوانیان خۆش بووە، توانیویە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ. ئەم زاتە لە چاو کەسانی سەردەمی خۆدا پیاوێکی ژیر و سیاسی بووە. لە ناو کورددا بە شەمسەدینی گەورە (شمس الدين الكبير) ناسراوە.

بەگوێرەی «شەرەفنامە» مەلیک شەمسەدین خودبەشی بەنێوەوە خوێندراوەتەوە و دراویشی بەنێوەوە لێ دراوە» (٣٧٩، ٧٦). ئێدوارد براون دەنووسێ: «ئیسکەندەری قەرقۆیونلوو دەگەڵ شاهروخ بەشەڕ هات و بەزاندی... لە ساڵی ١٤٢٥دا فەرمانڕەوای ئەخلات، شەمسەدینی بەزاند» (٥١، ٦٦).

لەم ڕاستییانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە سەردەمی مەلیک شەمسەدین بۆ میرنشینی بدلیس سەردەمێکی هەرە بەرز و بە برەو و ڕەمێن بووە. هەر لەبەر ئەمەیشە کە ڕووداوی مردنی ئەم زاتە چ لە سەرچاوەکاندا و چ لە نووسینی لێکۆڵەوانەکاندا بەر چەقی سەرنجی مێژوونووسان کەوتووە و زۆری بەتەنگەوە هاتوون.

ف. مێتسۆپسکی مردنی ئەم میرەی بەڕوونکرنەوەێیکی بەربڵاوەوە نووسیوە، دەڵێ: «ئیسکەندەری کوڕی قەرەیوسف لە ساڵی ١٤٢٥دا هاتە باکەش[٩] (بدلیس م.ش)، داوای قەڵای ئەخلاتی لە میر شەمسەدینی مێردی خوشکی کرد، بەڵام میر شەمسەدین ئەم داوایەی ئیسکەندەری ڕەت کردەوە و ئەویش لەسەر ئەمە کوشتی» (٤١، ٢٧).

مردنی میر شەمسەدین لە «شەرەفنامە»دا بەم جۆرە نوسراوە: «لەبەرئەوەی کە ژنەکەی میر شەمسەدین کچە تورکمان بوو، زۆری حەز لە سواری و جریدبازی دەکرد. میر چەند جارێکی ژنەکەی تەمێ کردبوو: کە ئەم کارە لە نێو کوردەواریدا فەهێت و شوورەییە، بەڵام ژنە بە گوێی میر ناکا. میریش تووڕە دەبێ لێی دەدا و ددانێکی دەشکێنێ، ژنەش ناکاتە نامەردی، یەکڕاست ددانە شکاوەکەی بۆ ئیسکەندەری برای دەنێرێ. ئیسکەندەرە شێتیش دێ، میر شەمسەدین دەکوژێ» (٣٨٠، ٧٦).

نووسـیـار ئەم ڕووداوە وەک نەقڵ دەگـێـڕێتـەوە و وای بەدیار دەخـا کـە هۆی بنەڕەتی کوژرانی ئەمیر کەبیر (مـیـر شـەمسـەدین) ئەوە بووە کە لە دەرباری شاهروخ نزیک کەوتووەتەوە (٧٦، ٣٨١، ٢٤، ١٤٩).

ئەگەر ناکۆکییە کۆمەڵاتییەکانی سەروبەندی نووسیـار لە پێش چاو بگرین دڵمان بە قـسەکەی دوایین ئاو دەخـواتەوە، چونکە مـیر شـەمسـەدین وەختی خـۆی بۆیە لەگـەڵ فـەرمـانڕەوایـیی قـەرەقـۆیونلوودا ڕێک کـەوتبـوو، تا سـەربەخـۆییی مـیـرنشـینەکـەی پـێ بپـارێزێ. دیارە کـە فـەرمـانڕەواییی قـەرەقـۆیونلووەکـانی ڕووی لە کـزی و بێ هێـزی کـرد، دەبوو خـۆی وەپاڵ فـەرمانڕەوایێکی بەهێـز و بە دەسـەڵات دابا، دەنا نـەیدەتوانی سـەربەخـۆییی میرنشینەکەی بپارێزێ. جا لەبەر ئەم هۆیە، شەمسەدین کە خۆ لە دەرباری شاهروخ نزیک دەخاتەوە ئەمە کارێکە پڕ بەپڕی سرشتی ئەو سەردەمەیە و دەبوا هەر وا بکرێ. بەڵام ئەم خۆ نزیکخستنەوەیە لە دەرباری شاهروخ کە دژمنی بنەماڵەی قەرەقۆیونلوو بوو ئیسکەندەری تووڕە کردبوو و بوو بەهۆی کوژرانی میر شەمسەدین.

هێندی لەو مـێـژوونووسـانـەی، چ لە سـەردەمی حـاجی شـەرەف و چ لە سەردەمی جێگری وییان کۆڵیوەتەوە ڕووداوەکانیان بەپێی سەرچاوەکان ڕوون نەکردووەتەوە، بگرە بە شێواوییان باس کردووە.

لە «شـەرەفنامـە» داگـوتراوە: «ئەو فـەرمـانەی تەیمووری لەنگ بە حـاجی شەرەفی بدلیسیی دابوو، تا ساڵی ١٥٣٣یش هـەر مابوو. بەڵام بە بۆنەی هەرا و بگرە و بەردەی بێ پشـووی ئەو سـەروبەندەوە شـەرەفخـان کـوژرا و مـیـر شـەمسـەدین خـانی کـوڕی بەرەو وڵاتی ئێـران چوو[١٠] ئا لەم تێکەولێکەیەدا فەرمانەکەی تەیمووری لەنگ لەگەڵ فەرمانەکانی شاکانی دیکەدا بۆ خۆی لە ناوچووە» (٧٦، ٣٧٣).

لێکۆڵەوانی ئاڵمـان فـرێچ سـەرەڕای ئەوەیش کە پشـتی بە «شـەرەفنامـە» بەسـتووە، ڕووداوەکـەی بەهەڵە، بەم جـۆرە نووسـیـوە: «پاش مـردنی حـاجی شـەرەف مـیـر شـەمـسـەدینی کـوڕی بوو بە مـیـری بدلیس» (٩٧، ٣٣٦). لە

«شــەرەفنامــە»دا هــەرچەندە بـاسی چوونە ئێـرانێی نووسـراوە، بەڵام لەمــەڕ گەڕانەوەی هیچ نەنووسراوە (٣٣٦, ٩٧).

فرێچ تەنانەت مێژووی ڕووداوەکانیشی بەهەڵە نووسیوە. حاجی شـەرەفی کە لە سـەرەتای سـەدەی ١٥هەمـدا میری بـدلیس بووە و میـر شـەمسـەدینی کوڕی لەگەڵ میر شـەرەفخانی نێوەڕاستی سـەدەی ١٦هەمدا و شـەمسـەدین خانی کوڕیدا تێکەڵ کردووە. وا دیارە فرێچ بەهۆی وێکچوونی نێوەکان سەری لـێ تێک چووە. بە بەندوباوی کــوردەواری نـەوە، بە تـایبــەت لـە نێــو هـۆزی ڕووزەکیدا، بە نێوی باپیریەوە نێودەنرێ. وێ دەچێ فرێچ بەمەی نەزانیوە و بە گومانەوەی ڕووانیوەتە ئەوەی لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە.

ئەمە لە کتێبی «تاريخ الكرد و كردستان»ەکەی محەمەد ئەمین زەکیشدا وەک کتـێبـەکەی فـرێـچ هەروا بەهەڵە نوسـراوە. هۆی ئەمـەیش ڕوون و ئـاشکرایە. محـەمەد ئەمین زەکی لە لێکۆڵینەوەکانیدا نەهاتووە پشت بە «شـەرەفنامـە»، کە یەکە سەرچاوەی مێژووی کوردە، ببەستێ، بگرە هاتووە هەڵەکەی فرێچی کە کـتـێـبـێکی لە تەرزی «شــەرەفنامــە» داناوە، دووپـات کـردووەتـەوە و زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی هەر لەم کتێبە وەرگرتووە(١١).

ئێــمــەیش بەپێی ئەم دەسـاوێژەی بەدەسـتـمــانەوەیە، بیـروڕای هەردوو نووسـیـاری نێوبراو بە پێکـەڵی بەدوواوە دەدەین و ڕەتی دەکەینەوە. یەکێ لەو ڕووداوانەی سـەروکاریان بەمیـرنشـینی بدلیسـەوە هەیە و بە ڕاست و ڕەوانی لێی نەکـۆڵدراوەتەوە پاش مـەرگی تەیمـوور لەنگ (١٤٠٥) هاتنی قـەرەیوسـفی قـەرەقـۆیونلوو بۆ مــیـرنشـینی بدلیس و کـیـژی خـۆ لـە مـیـر شــەمـســەدین مــــارەکــــردنێـــتی. نووســـیـــاری وتـاری «کــورد» ب. ف. مـــینۆرسـکی لـە «ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام» دا دەڵێ: «قەرەیوسف هات بۆ کوردسـتـان، مـیـر شەمسەدین کیژی خۆی لێ مارە کرد و بەمە فەرمانڕەوایی خۆی پتەو و قایم کرد» (١٣٢, ١٢٠٦).

ڕەشید یاسـەمییش لە کتێبەکەیدا (٦٩, ٢٠٢, ٢٠٣) هەر ئەم ڕایە دووبارە دەکاتەوە. چونکە یاسـەمی بۆ نووسـینی کتـێـبـەکەی زۆری پشت بە وتارەکەی

ب. ف. مینۆرسکی بەستووە. محەمەد ئەمین زەکیش (١١٧ , ١٧٤) لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا هەمان ڕووداوی وەک ئەو نووسیارانەی لە سەرەوە نێومان بردن، بێ کەم و زیاد دووبارە کردووەتەوە. بەڵام ئەو لە بەرگی دووەمی کتێبی «تاریخ الکرد و کردستان»ەکەیدا، کە بە سەرناوی «تاریخ الدول و الامارات الکردیة في العهد الاسلامي»ەوە دای ناوە هەڵەکەی پێشووی دووبارە نەکردۆتەوە و ڕووداوەکەی بەگوێرەی سەرچاوەکان نووسیوە.

ئێمە کاتێ باسی ئەم ڕووداوەمان کرد وەک کتێبەکانی ب. ف. مینۆرسکی و خوندەمیر و بدلیسی (٤١ , ٢٧ , ٦٤ , ٥٦٨ , ٧٦ , ٣٧٦) دەڵێن، نەک میر شەمسەدین کیژی خۆی بەقەرەیوسف داوە، بەڵکو قەرەیوسف کیژی خۆی بە میر شەمسەدین داوە و داوای کۆمەگی لێ کردووە. ئیدی بەم ڕەنگە، پشت بەسەرچاوەکان، دەتوانین بڵێین ئەو ڕووداوە لە کتێبەکانی ب. ف. مینۆرسکی و ر. یاسەمی و محەمەد ئەمین زەکیدا بە هەڵە نووسراوە. پاش مردنی میر شەمسەدین میر شەرەفی کوڕی دەبێ بەفەرمانڕەوا (١٤٢٥ـ ١٤٢٨). بەڵام میر شەرەف پیاوێکی نەکارە و تەوەزەل و بێ دەسەڵات بوو. «شەرەفنامە» دەنووسێ: «شەوانە لە کولخەنی گەرماواندا دەنووست و بەڕۆژ لە قەفەسێکی ئاسندا دادەنیشت و دەیگوت، جێگای نێرەکەو ئێرەیە» (٧٦ , ٣٨١). بدلیسی دەڵێ: «سەرلەبەری تەمەنی خۆی بە فیڕۆ لە دەست دا و شتێکی وای نەکرد مێژوو بۆی بنووسێ» (٧٦ , ٣٨١).

کاتێ میر شەرەف مرد، شەمسەدینی کوڕی هێشتا منداڵ بوو. بدلیسی دەنووسێ: «کاروباری میرنشینەکەی (میرنشینەکەی شەمسەدین) شاهم خاتوونی دایکی بەڕێوەی دەبرد» (٣٨٢،٧٦).

فریێچ شاهم خاتوونی بە شاه خاتوون نووسیوە (٩٧ , ٣٣٧). محەمەد ئەمین زەکییش هەروەها بەهەڵە، بە شاه خاتوونی ژنی شەمسەدینی نێو هێناوە (١١٧ , ٢٣٨). سەیر ئەوەیە هەردوو مێژوونووس وا بە دیاردەخەن کە ئەم زانیارییەیان پشت بە «شەرەفنامە» نووسیوە. کەچی «شەرەفنامە» نوسخەکەی پێتەربورگ و نوسخەکەی قاهیرەیشی، هەردووکیان بە شاهم

خاتوونی دایکی شەمسەدینیان نووسیوە (٧٦, ٣٨٢).

لەبەر ئەوە ئێمە ڕای فرێجیش و محەمەد ئەمین زەکیش لەو بارەوە کە ژنەکە نێوی شاه خاتوون و ژنی شەمسەددینە بەهەڵە دەزانین.

ئیتر لە پاشان شاهم خاتوون لەبەر ئەوە کە نەیتوانیوە کاروباری بدلیس بەڕێکی و پێکی بەڕێوە بەرێ، هۆزی ڕووزەکیی لێ بەگلەیی و گازن کەوتوون و لە ساڵی ١٤٠٣دا میرنشینەکە لە نێوان نەجیوزادانی ڕووزەکیدا تەخشان و پەخشان کراوە. ناوچەی ئەخلات میر محەمەد ئاغا نەسیرەدین دەستی بەسەردا گرتووە و ناوچەی مووشیش بەر عەبدوڕەحمان ئاغای قەواڵیسی کەوتووە. لە ساڵی ١٤٣٢دا شاهم[١٢] خاتوون مرد. تا ماوەیێ شاری بدلیس پڕبوو لە ئاژاوە و هەڵلا و بگر. بەڵام میر شەمسەدین گەورە بوو و میرایەتییەکەی وەدەستەخۆ گرت (١٤٣٢ـ ١٤٣٦). لە ماوەیێکی کەمدا سەرکەوتنێکی زۆری وەدەست هێنا و نازناوی «میر شەمسەدینی کۆڵنەدەر»ی درایێ (٧٦, ٣٨٦ ـ ٣٨٧). میر شەمسەدین چەندین خانومانی کۆمەڵایەتیی ڕۆناوە.

پاش میر شەمسەدین میر ئیبراهیمی کوڕی (١٤٣٦ ـ ١٤٣٨) لە جێی وی بووە بە فەرمانڕەوای بدلیس. سەردەمی ئەم میرە زۆری درێژە نەکێشاوە و بە سەرسووکی و بێ قرەوبرە بەسەرچووە. پاش مەرگی ئیبراهیم حاجی محەمەدی کوڕی چووەتەجێ (١٤٣٨ ـ ١٤٦٢). میر حاجی محەمەد فەرمانڕەوایێکی ژیر و سەرگران و سیاسی بووە. تەنانەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشینەکەیدا سوودی لە ڕێز لێگیران و دەسەڵاتی دەوڵەتە دراوسێکانی خۆی وەرگرتووە. میر محەمەد بنیاتنێی داڵدە و خانومانێکی کۆمەڵایەتیی زۆرە لە بدلیس.

میر حاجی محەمەد وەسیەتی کردبوو، لە پاش مردنی ئیبراهیمی کوڕی لە جێی وی ببێ بە فەرمانڕەوای بدلیس. سەردەمی فەرمانڕەواییی میر ئیبراهیم (١٤٦٢ـ١٤٧١) بەهێمنی و بێ کێشمەکێش بەسەر چووە. لە ساڵی ١٤٥٣ حەسەن بەگی بایەندوری (ئوزون حەسەن) کە لە دیاربەکر و ئەرمەنستان

فـــەرمـــانڕەوا بوو، لـە ســـاڵی ١٤٦٨دا قـــەرەقـــۆیونلووەکـــانی بەزاند و برێ میـرنشـینی کوردیشی خسـتـه ژێر دەسـتـی خـۆیەوە. ئوزون حـەسـەن بەبۆنەی ئەوەوە کە میرەکانی بدلیس خزمایەتی و دۆستـایەتییان لـەگەڵ قـەرەیوسـفی قەرەقۆیونلوودا دامەزراندبوو، زۆری ڕک لە میرنشینی بدلیس دەبووەوە.

ئەبوبەکری تەهرانی دەنووسێ، لە ساڵی ١٤٦٨ـ ١٤٦٩دا ئوزون حـەسـەن شـار و قـەڵاییێکی زۆری لـە کـوردسـتـان داگـیـر کـرد. پێنج هـەزار سـواری بۆ گەمارۆدانی ویلایەتی بدلیس کردە سەری (٤٤، ٥٤٣). بدلیسی دەڵێ ئوزون حەسەن داگیرکردنی قەڵای بدلیسی بە سلێمان بەگی کوڕی بیژەن سپارد. کوڕی بیژەن (بیـژەن ئۆغلوو) قەڵاکەی سێ ساڵی ڕێک گەمارۆ دا (٧٦، ٣٨٨، ١٠٣، ٤١٤). لەبەر ئەوە کە گەمارۆدانەکە زۆری درێژە کێشا حاڵی بەرگری لێکەرانی قەڵاکە زۆر پەرێشـان بوو و سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی دەرد و ئاهۆی جۆراوجۆر خـەڵکێکی زۆر لەناو چوون. بەو پێیـە «شـەرەفنامـە» نوسـیـویە، لە بەرگریکەرانی قـەڵا، بە میر ئیبراهیمەوە تەنیا حـەوت کـەس مابوونەوە (٧٦، ٣٨٩، ١٠٣، ٤١٤).

بەپێی سەرچاوەکان وا بەدیار دەکەوێ لەشکری ئاق قۆیوونلووەکان لەلایەن بەرگـریکەرانی قـەڵای بدلیسـەوە تووشی بـەربـەرەکـانێـیـەکی زۆر تـوند بوو. ئـەبوبـەکـر تـەهرانی دەنووسێ: «لـە ســاڵی ١٤٧١دا ئوزون حـــەســـەنـی»ی ســاحـێـبـقـڕان بـەســەرکـردایـەتیی سلێـمـان بەگی پۆرناک (بیـژەن ئـۆغلوو) بایەندوور بەگ لەشکرێکـی دوو هـەزار کـەسـیی سـەرلەنوێ بۆ سـەر قـەڵای بدلیس نارد» (٤٤، ٥٥٩). شاعیری پەسنوێژی سلێمان بەگ، کوڕی مـەحموود (مـحـمـود ئۆغلوو) بەربەرەکانێی سـەرسـەختـانـەی سـەرلەبەری تیـرە و هۆزە کوردەکانی بدلیسی لە دژ ئاق قۆینلووەکان بەهەڵبەست هۆنیوەتەوە، دەڵێ:

«چ جار سەر بۆ سولەیمان نانەوێن کوردی بدلیسێ
ڕەگەز کورد یاری ئاورگێکە ئاوری هەر بئاییسێ»
(٧٩، ٣٨٩)، (تەرجەمەی هەژارە).

شەڕی دوورودرێژخایەن میرنشینی بدلیسی لە هەموو سەرێکەوە لە دەست و پێ خست و لەبەر ئەمە میر ئیبراهیم داوای ڕێککەوتنی کرد. بدلیسی دەڵێ، حەسەن بەگ ئەنگوستیلەیێکی بەنیشانەی بۆ ڕێککەوتن ئامادەبوون بۆ میر ئیبراهیم نارد (٧٦, ٣٨٩). بەڵام ئەبوبەکری تەهرانی دەنووسێ کاتێ میرە گەورەکانی بدلیس سەرپاک گەمارۆدران میر ئیبراهیم یاریکارەکەی خۆی لەگەڵ دایکیدا بۆ تکاکاری ناردە کن ئۆزوون حەسەن، ساحێبقڕانیش لێی خۆش بوو و لەشکرەکەی لە گەمارۆدانی بدلیس کێشاوە و چوو مووشی گەمارۆدا (٤٤, ٥٤٣).

بەلای ئێمەوە هەردوو مێژوونووس باس و خواستی شەڕ و هەراکەی بدلیسیان بەڕاستی نەنووسیوە. بەڵام ئەم نوختەی جیاوازییەی نێوانیان لە دەمارگیریی نەتەوەیییەوە هاتووەتە گۆڕێ.

سەرەنجام، هەردوولا بە ڕێککەوتن قاییل بوون و میر ئیبراهیم بەرەو تەورێز چوو، بۆ کن ئۆزوون حەسەن. بەپێی «شەرەفنامە» دوازدە کەسی بە شان و شکۆ و گرەگر لە هۆزی ڕۆژەکی لەگەڵ میر ئیبراهیمدا هاتوون بۆ ئازەربایجان (٧٦, ٣٩).

ئوزوون حەسەن میر ئیبراهیمی بۆ ناوچەی قوم دوور خستەوە و بەڕواڵەت گۆیا کارێکی شیاوی پێ ڕەوا دیتووە، بەڵام ڕاستت گەرەکە میری بە بارمتە لەوێ دانابوو، چونکە هەر لە پاش گرتنی قەلای بدلیس بەربەرەکانێی کوردەکان لە میرنشینی بدلیس لە دژ ئاق قۆیونلووەکان هەر پێوە دەچوو و نەدەبڕایەوە. تەنانەت دەستەیێک لە کوردی بدلیس بەناوی یاریکاریی حەسەن عەلی بەگی میری مووشەوە بەرەو ناوچەی مووش بزووتن. ئەبوبەکری تەهرانی دەنووسێ:

«ساحێبقڕان هەر کە ئەم هەواڵەی بیست سۆفی خەلیلی بکتاشیی نارد، هەموویانی بەدیل گرتن... و چاوی هەمووشیانی هەڵکۆڵی» (٤٤, ٤٦٣).

ئیدی بەم جۆرە میرنشینی بدلیس لە ساڵی ١٧٤١ەوە تا ساڵی ١٤٩٨

بەدەست فەرمانڕەواییی ئاق قۆیونلووەکانەوە مایەوە. هەر لەو سەروبەندەدا هۆزی ڕۆژەکی هەرچەندە لە دژ ئاق قۆیونلووەکان چەندین جار ڕاپەڕین، بەڵام سەرنەکەوتن و بەزین (٧٦، ٣٩).

لە ساڵی ١٤٧٧دا ئوزوون حەسەن دایە باری کزی و کەنەفتی. ئەو کوردانەی سوودیان لەم بارودۆخە وەردەگرت نەیاندەویست سەر بۆ ئاق قۆیونلووەکان دانەوێنن. بدلیسی دەنووسێ، یەعقووب بەگ، کوڕی حەسەن بەگ میر ئیبراهیمی لە قوم بە خنکاندن دا (٧٦، ٣٩٠). یەعقووب بەگ وای دەزانی بە لە ناودانی میر ئیبراهیم کوردی بدلیس دەمکوت دەکا. بەڵام کارەکە بەو جۆرە نەشکایەوە، بەربەرەکانێ هێندەی دیکە توندوتیژتر بوو و پتری پەرەسەند.

میر ئیبراهیم سێ کوڕی بەنێوی حەسەن عەلی و حوسێن عەلی و شا محەمەدەوە هەبوون. حەسەن و حوسێن عەلی کەڵکیان لە ناکۆکی و ناتەباییی ئەو سەروبەندە وەرگرت و کەڵکەڵەی ئەوەیان کەوتە سەر بێن بەخێوی میرنشینە پشتاوپشت بۆ بەجێماوەکانی خۆیان، لە ساڵی ١٤٩٥دا هاتنە کوردستان، لە پێشدا لە حەکاری، لە نزیک بدلیسەوە گیرسانەوە، چاوەڕێی هەل و دەرفەتی لەباریان کرد. بەڵام لەم سەروبەندەدا یاخیبوونی ئاسوورییەکان کە لە میرنشینی حەکاری بوون نەخشەی کارەکەی لێ تێک دان. بدلیسی دەنووسێ: «لە هەنگامەی شەڕی نێوان عیزەدین شێر، میری حەکاری و یاخییەکاندا حەسەن عەلی و حوسەین عەلی کوژران» (٧٦، ٣٩٢). پاش ئەمە سێیەم کوڕی میر ئیبراهیم، شا محەمەد لە قومەوە هات بۆ ویلایەتی بدلیس. شا محەمەد بەیارمەتیی هۆزی ڕۆژەکی قەڵای بدلیسی گرت و مافی بەمیرات بۆ بەجێماوی خۆی وەرگرتەوە (١٤٩٨ ـ ١٥٠٠). شا محەمەد پاش ئەوەی نەختێ خۆی گرتەوە شەرەف بەگی ئامۆزای لە ویلایەتی ئوروفەوە کە هی هۆزی بەختی بوو، هێنا لە ناوچەی مووش بەنوێنەری خۆی دای مەزراند. بەڵام فەرمانڕەواییی شا محەمەد زۆری درێژە نەکێشا، شا محەمەد لە ساڵی ١٥٠٠دا مرد و کوڕێکی چکۆلەی بەنێوی ئیبراهیمەوە لە پاش بەجێ

مـا. لەبـەر ئەمــە كــاروبار بـەڕێوەبردنی مــیــرنشــینی بدلیس كــەوتـە دەست عـەبدوڕەحـمـان ئاغـای قـەواڵیـسی كـە یەكێ لە نەجـیـوزادانی هۆزی ڕۆژەكی بوو[١٣]، بەڵام شـێخ ئەمیـری بلّـباسی كە لە ناڕازییانـی نەجیوزادانی هۆزی ڕۆژەكی بوو لـە دژ عـەبدوڕەحـمـان ئاغـا كـەوتە كنە و كـەڵەكـبـازی بڕیاری دا شـەرەف بەگی مـیری مـووش بێنێـتـە ویلایەتی بدلیس. بـدلیسی دەڵـێ، ئیـتـر ئەوسـا زمانشـڕ و كەتنگێڕ و چاوچنۆكـان دەسـتـیان خسـتێ و تەبایی و نێـوان كۆكیی ئامۆزایانیان كردە ناكۆكی و دڕدۆنگی (٧٦، ٤٠٠، ٤٠١).

مـیر ئیبراهـیم بەیارمـەتیی عـەبدوڕەحـمـان قـەواڵیـسی پیلانێكیـان بۆ مـیر شـەرەف دەبەر چاو گرت. وایان دانا كارێک بكەن میر شـەرەف بێننە بدلیس و هـەردوو گلێنەی چاوی هەڵكۆڵن. بەڵام شـەرەف بەگ بەم پیلانەی زانی و نەهات بۆ بدلیس. «شـەرەفنامە» دەڵـێ، میر ئیبراهیم وێڕای ئەوە كـە چەند كاغەزی بۆ شـەرەف بەگ نووسـی، بەڵام داواكـەی ڕەت كـردەوە و نەچوو (٧٦، ٤٠١). مـیـر ئیبـراهـیـمیش ئەمـەی لە شـەرەف بـەگ كرد بە دەسـپـێـچـک و بیـانگە و لێ بڕا لەشكر هەڵكاتە سـەر ناوچەی مـووش. بەڵام شـەرەف بەگ بـەم پیـلانەی زانی و لەگــەڵ لاگـرانیـدا خــۆی بۆ شــەڕ ســاز دا و خــزایە قــەڵای مــووشــەوە و سـەنگەربەندیی خۆی كرد و وەک تای تەوراس ئامادەی بەربەركانێ و خـەبات بوون. سـەرەنجام هـەردوو لەشـكر پێک داهـاتن، لەو پێكداهاتنەدا شـەرەف بـەگ سـەركـەوت. چونكە زۆربـەی هـۆزی ڕۆژەكی لەسـەریان دەكردەوە و داكـۆكـییـان لێ دەكرد. بدلیـسی دەڵـێ: «لە گەرمەی شـەڕدا هـۆزی ڕۆژەكی لە میر ئیبراهیم جـوێ بـوونەوە و چوونـە پاڵ شــەرەف بـەگ» (٧٦, ٤٠٣). مــیــر ئـیــبــراهـیم و عەبدوڕەحمان ئاغا كە دیتیان كار بەو حاڵە گەیشتووە داوای پێكهاتنیان كرد. هـەردوولا بەپێكهـاتن ڕازی بوون. بەپێی پێكهـاتنەكە مـیرنشینی بدلیس لەگـەڵ ئەخـلاتدا بەشــەرەف بەگ درا و مـیرنشـینی مـووش لەگـەڵ خنۆسـدا بە مـیـر ئیبـراهیم درا. هـەر لە پاش ئەم ڕێككەوتنە میـر ئیـبـراهیم یەكسـەر لە قـەڵای بدلیس نـان و خـوانی بۆ مـیوان ڕازاندەوە و مـیر شـەرەف دەسـتـە پیـاوێكی لە هـاودەســتــان و یارانی نزیک و تێـرڕادووی خــۆی دەگــەڵ خــۆدا بردە قــەڵا و

ئامـۆزای هاته پێشـوازی و یەکـدییـان دەهەمـبێـز گـرت و زۆریان چاک و خۆشییان لێک کرد و چوونە سەرخوان. بەڵام ئەم ئاشتییە پشووی زۆر درێژ نەبوو. بدلیسی دەڵێ، لە شـەوی میـوانداری و ڕابواردندا لـە پڕ شـێخ میـری بڵباسی دەگەڵ چەند سـەربزێوێکدا وەژوور کەوتن و میر ئیبراهیمیان لەسەر کورسی دابەزاند و لە پا هەتا مل زنجیر پێچ کرد و ڕەپێچ کرد و ڕەپێچەکەیان دا بۆ سـووچی زیندان. ئیـدی بەمـەش شـەرەف بەگ بوو بـەفـەرمـانڕەوای سەرانسەری وڵات (٧٦, ٤٠٥).

میر شـەرەف لە ساڵی (١٥٠١)ەوە تا ساڵی (١٥٣٣) بەناوبڕ فەرمانڕەوایی بدلیسی بەڕێوە بردووە. سەردەمی فەرمـانڕەوایی میـر شـەرەف لە مێژووی سیاسی بدلیسدا یەکێکە لە سەردەمە هەرە سەخت و دژوار و نالەبارەکان. چونکە لەو سەردەمەدا ناکۆکیی نێوانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لەسەر کوردستان گەیشتبووە ئیسقان.

لە ساڵی ١٥٠٧دا کاتێ شاسمایلی سەفەوی لە دیاربەکر گەڕایەوە میـر شـەرەف چوو بوو بۆ دیدەنی و مـەسـەلەی چوونەپاڵ سـەفـەوییـانی ڕاگەیاندبوویێ.

بدلیسی دەڵێ: «کاتێ شاسمایلی سەفەوی گەیشتە قەڵای ئەخلات میـر شـەرەف بەپیرییەوە چوو و پێشـوازی لێ کـرد و دیدەنییـەکی بەتەنتـەنە و سەنسەنەی بۆ ساز دا. میـر شـەرەف پێشکێش و دیاریی گرانبایی بە شا پێشکێش کـرد و شـایش خـەڵاتی گـرانبـایی زۆری بە مـیـر دا و فەرمـانڕەوانامـەی سەرلەنوێ میرایەتیی بدلیسی بۆ مـۆر کرد» (٧٦, ٤٠٩ - ٤١٠).

هەر لەو ساڵەدا جارێکی دیکەش کاتێ شاسمایل لە (خووی) زستانی ڕادەبوارد میـر شـەرەف لەگەڵ چەند میـرە کـوردێکی دیکەدا بۆ دیدەنیی شا چووە بۆ (خووی). محەمەد خانی ئوستاجلوو، سەرپەرشتی دیاربەکر، کورد زۆریان بۆ هێنابوو و گلی و گازنێکی زۆری لە دەستیان کردبوو. شا فەرمانی دا هەریەک لەوان درا بەدەست میرێ لە قزڵباشان. میر شـەرەفی دا بەدەست

ئەمیر خان موسڵوو. پاشان شاسمایل هەریەکە بە تیپە لەشکرێکەوە چاپان سوڵتانی ئوستاجلووی بۆ سەر بدلیس و دێو سوڵتان ڕوومڵووی بۆ سەر ناوچەی حەکاری و یەکان بەگی قۆرچی باشی تەکەلووشی بۆ سەر جزیرە ڕەوانە کرد. بدلیسی دەڵێ، هۆزی ڕۆژەکی شەش مانگی ڕێک داکۆکییان لە قەڵای بدلیس کرد، بەڵام لەبەرئەوەی لە هاتنی میر شەرەف ناهومێد بوون قەڵایان دا بەدەست سوڵتان چاپانەوە (٧٦, ٤٠٧).

پاش بەدەستەوەدرانی قەڵای بدلیس لە ساڵی ١٥٠٧دا چاپان سوڵتان کوردبەگی شەرەفلووی (لە ئەسڵەکەدا «قوردبەگ» نووسراوە ـ وەرگێڕ» کرد بە میری بدلیس و خۆشی گەڕایەوە بۆ تەورێز. هەر لەو ساڵەدا ڕووداوگەلێ کە لە دەرباری سەفەوییاندا ڕوویان دا، بەتایبەت لە هەڵکردنە سەر ناوچەی خۆراسان لەلایەن شەیبەک خانی ئوێزبەگەوە شاسمایلی شاش و واش کرد. شا لە گرتنی میر و مەزنانی کوردستان تووشی پەژیوانی بووبوو. هێندێکی لێ ئازاد کردن، لێشی پرسین: سەردار و پێشەواتان کێیە؟ سەرلەبەر گوتیان: میر شەرەف و مەلیک خەلیل[١٤]. بەپێی «شەرەفنامە» جگە لەم دووانە ئەوانی دیکەی هەموو بەردان و ئەمانی بەبەندی هێشتەوە لەگەڵ خۆشیدا بەرەو خۆراسانی بردن (٧٦, ٤١٢).

لە ساڵی ١٥١٠دا شاسمایل میرشەرەف و مەلیک خەلیل بەدیلێتی بەرەو خۆراسان ڕەهەنە دەکا. محەمەد ئاغا کەڵهۆکی کە لە هۆزی ڕۆژەکییان بوو ڕەگەڵ هۆردووی شا دەکەون و هەر لە دۆژی چەند ڕۆژێکدا میوە و خۆراک هەڵدەگرن، دەرفەت دێنن، دەچنە چادری تورکمانان و سەر لە میر شەرەف دەدەن و کەین و بەینی خۆ دەکەن کە چۆن ڕاکا و کەنگێ هەڵێ. پاشان محەمەد ئاغا هەلی بۆ هەڵدەکەوێ چەند ئەسپێک بە زینەوە لە نەدیوی هۆردوو ڕادەگرێ و میر شەرەف لەناو چادری دەسبەسەر دێنێتەوە دەر و بۆ کوردستانی دەبا، دێنە گوندێ، لە حەکاری. لەوێ شێخ میر شەرەفی بڵباسی، کە یەکێ بوو لە نەجیوزادانی ڕۆژەکی و دۆستی لە مێژینەی میر شەرەف بوو خەبەردار دەکرێ و ئەویش گەڕانەوەی میر شەرەف لە سەرانسەری هۆزی

ڕۆژەکی جـاڕ دەدا. مـیـر شـەرەف هـۆردوویێکی دوو هـەزار کـەسی لـە هۆزی ڕۆژەکی لە خۆ کۆ دەکاتەوە و لەگەڵ شێخ ئەمـیر بڵباسدا هەڵدەکەنە سـەر بدلیس.

وەک لە پێـشــەوە گـوتمان، کـورد بەگ شـــەرەفلوو کــە لەســەر بدلیس و عـادیلجەواز و ئەرجیش گزیری شاسمایل بوو کاتێ زانی: وا شێخ ئەمیر بە دوو هەزار چەکدارەوە دەوری قەڵای بدلیسی دا دەگەڵ قزڵباشـەکانی ناوچەی بارگیری و ئەرجیشدا پەلاماری شێخ میری دا و لە گۆک مەیدانی بدلیسێ دوو لەشکر دەگــژ یەکــڕا چوون. هێندەی نەمـــابوو شنەی ســـەرکـــەوتن بەرەو ڕۆژەکـیـیـان هـەڵکا، بەڵام لە سـۆنگەی ناپاکـیـی مـحـەمـەد بەگی پازۆکی (لە ئەسڵـدا «مـەحـمـوود بەگ» نووسـراوە ـ وەرگـێڕ). قـزڵـبـاشـەکان سـەرکەوتن، بدلیسی دەڵێ: «لەم شـەڕەدا ڕۆژەکییەکان بـەزین. شێخ میری بڵباسی و عەلی ئاغـای کـوڕی بەرگـی شـەهـیـدانیـان پۆشی و مــەردانە لـە مــەیدان کــەوتن. قزڵباشان کە شێخ میریان ناو لێ نابوو: قەرەیەزید! لاشەی ئەو و کوڕەکەیان لەناو گۆک مەیداندا سووتاند» (٧٦, ٤١٤ ـ ٤١٥, ٩٧, ٣٥٦).

ئیدی بەم ڕەنگە، میر شـەرەف چەنانێ دۆزی لێ ئاڵۆزا و دێمی دڵـخواز لە پشت پەردەی ناهومێدییەوە خۆی مەڵاس دا. لەو سەروبەندەدا ناکۆکیی نێوان ئێـران و عـوسـمـانی بە چڵـەپۆپەی توندوتیـژی و شـیـر و تیـر لێک سـوین گەیشتبوو. مەولانا ئیدریسی بدلیسیش لە بەرژەوەندی دەرباری عوسـمـانی لەنێـو مـیـرانی کـورددا کـەوتبـووە بانگەشــە و چاوڕاو و لەدژ شـاسـمـایلی سـەفەویی هـان دەدان، میـر شـەرەف کە بۆ وەرگـرتنەوەی مـافی مـیـرایەتیی پشـتاوپشت بۆ بەجێـماوی خـۆی بەلاس و پەلاسدا دەچوو، یەکســەر لێ بڕا کەڵک لەم ناکۆکییە وەرگرێ و چەند میرە کوردێکیشی هێنایە سەر ڕای خۆی. بەپێی «شەرەفنامە» میر شـەرەف لەگەڵ چەند میرە کوردێکی دیکەدا کاغەزیان بۆ سـوڵـتـان سـەلیمی یەکەم نارد و ڕای گەیاندێ کە ئەوان ئیدی لەمـەوپاش گوێ بەفەرمانی دەربـاری ئەون. کاغەزەکەیان بەهۆی محەمەد ئاغای کەڵهۆکی و مەولانا ئیدریسی بدلیسەوە بەدەرباری سوڵتان گەیاند (٧٦, ٤١٥ ـ ٤١٦).

سوڵتان سەلیم زۆری کەیف بەم کاغەزی میرە کوردانە سازبوو و لەو هێرشەدا کە بۆ سەر ئازەربایجانی ئامادە کرد بوو هاوبەشیکردنیانی ساز دا. بدلیسی دەڵێ: «... لە هێرشە سەرکەوتووەکەی سوڵتاندا لە دەشتی چاڵدێران میر شەرفیش هاوبەش بوو» (٧٦, ٤١٥ ـ ٤١٦).

هەر لەو سەروبەندەدا عەوەز بەگی برای محەمەد خان ئوستاجلووی فەرمانڕەوای دیاربەکر لەلایەن شاسمایلەوە بەسەر بدلیس ڕادەگەیشت. لە «شەرەفنامە» دا نووسراوە کە میر شەرەف لە پاش شەڕی چاڵدێرانیش لە شەڕەکەی دیاربەکریشدا کە عوسمانییەکان لە دژ قزڵباشان کردیان هاوبەش بووە و لە ساڵی ١٥١٦دا میرنشینی بدلیسی لە قزڵباشان ساندووەتەوە (٧٦, ٤١٧ ـ ٤١٨).

بەپێی سەرچاوە تورکییەکان میر شەرەفەدین کاتێ کە زانیی شاسمایل قزڵباشێکی زۆری بەکۆمەگی قەرەخانی والیی دیاربەکرەوە ناردووە بەگوێی مەولانا ئیدریسی بدلیسی کرد و لەگەڵ میرە کوردەکانی دیکەدا ڕێک کەوت و بە چوار هەزار سوارەوە لە ئەخلاتەوە بەرەو میرنشینی ئەرجیش دایان قەڵاشت و دەستێکی چاکیان لە دژمن وەشاند (٨٥, ٣٧٩).

محەمەد ئەمین زەکی نووسیویە کە شاسمایلی سەفەوی لە شەڕی چاڵدێراندا ژێر کەوت و بەزی. شەرف بەگی میری بدلیس ئاڵای عوسمانییەکانی لەسەر دژ و قەڵاکانی خۆی هەڵکرد و خالید بەگی برای کە شاسمایل لەسەر ئەو میرنشینەی کردبوو بە فەرمانڕەوا دەرکرد (١١٧, ١٧٦). بدلیسی بەپێچەوانەی قسەی محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ، میری بدلیس خالید بەگی برای میر شەرەف نەبوو، بگرە کوڕەکەی سوار بەگی پازۆکی بوو (٧٦, ٤٠٢). جگە لەویش سەرکردەی شەڕەکەی دیاربەکر محەمەد پاشا بیقلی بەبۆنەی لە شەڕی دیاربەکردا سەرکەوتنییەوە لەو نامەیەدا کە بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەمی ناردبوو ڕای گەیاندبوو کە لەگەڵ هەموو میرە کوردەکاندا یەک دڵە و بەیارمەتی و کۆمەگی میرە ئازا و دلێرە کوردەکانەوە دژمنی بەزاندووە (٩٨, ٤١٨ ـ ٤١٩).

لەبەر ڕۆشناییی ئەم ڕاستییانە ئێمە قسەکانی محەمەد ئەمین زەکی کە گۆیا لە ساڵی ١٥١٤دا میر شەرەف لە میرنشینی بدلیس بووە و خالید بەگ برای ئەو بووە بەڕاست نازانین.

سەرکەوتنەکەی سوڵتان سەلیمی یەکەم لە ئازەربایجان و کوردستان بوو بەهۆی ئەوە کە برێ میرنشینی کورد بکەونە بارودۆخێکەوە ناچاربن گوێ بەفەرمانی فەرمانڕەواییی عوسمانییان بن و سەر بەو بن. بەنموونە میرنشینی بدلیس بەپێی داو و دەستووری وەجاخ بە میراتگری درا بە میر شەرەف. میر شەرەف لە سەروبەندی سوڵتان سەلیمیش و سوڵتان سلێمانی غازیشدا میرایەتیی خۆی کرد، بەڵام لە سۆنگەی ملهوڕی و هەرکە بۆ خۆییی هەمەکارانی تورک نەختێ نارەزا بوو و لەوەش دوودڵ بوو مەیلی بەلای دەرباری سەفەوییەکاندا دەربڕێ. هەر لەو سەروبەندەدا ناکۆکی و دووبەرەکی کەوتبووە نێو سەرکردەکانی قزڵباشەوە و عوسمانی و ئێران کەوتبوونە شیر و تیر لێک سوین. میر میرانی ئازەربایجان ئوێلمە تەکەلوویش ئەمەی بەهەل زانی. لە تەورێز لە دژی شاتاماسپی یەکەم ئاڵای سەربزێویی هەڵکرد.

قازی ئەحمەدی قەزوینی کە دێتە سەر باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٥٣١ دەڵێ: «ئوێلمە تەکەلوو لە ئازەربایجان حەوت هەزار کەسی لە لایەنگرانی خۆی گرد کردەوە و یاخی بوو، بەڵام ژێر کەوت و لە پێشان بەرەو وانێی داقەڵاشت، پاشان چوو بۆ وڵاتی ڕۆم (تورکیا)» (١٠١, ٢٨٦, ٢١٣, ٨٣, ١٢).

ئوێلمە بوو بە پیاوی حوکوومەتی سوڵتانی عوسمانی و سوڵتانیش سەرلەنوێ بۆ شەڕی ئازەربایجانی ناردەوە. بەپێی زانیاریی سەرچاوەکان سوڵتان سولەیمانی غازی لەشکرێکی سی هەزار کەسیی بە سەرکردایەتیی فیل یاقووب پاشاوە خستبووە تەک ئوێلمە و بۆ سەر میر شەرەفی میری بدلیس و عیمادیە ناردبوو (١٠١, ٢٨٧, ٧٦, ٤٢٣).

سوولاق زادە کە یەکێ لە مێژوونووسانی سەدەی ١٦هەمە دەنووسێ، ئوێلمە تەکەلوو ڕووی لە شا وەرگێڕا، هات بۆ دەرباری سوڵتان. سوڵتانیش بەهێزێکی گەورەوەی بۆ سەر بدلیس نارد. تەکەلوو کاتێ ویستی بدلیس

بگرێ، شەرەفخان، فەرمانڕەوای پێشوو کە لەلایەن شاوە کرابوو بە والیی ئەوێ، کوردێکی لە ژمارە بەدەری خڕکردەوە و دەستی بەشەڕ کرد، بەڵام لەشکرەکەی ئوێلمە سەرکەوت و شەرەفخان سەربڕدرا و سەرەکەی بۆ دەرباری سوڵتان نێردرا (٤٨٣ ,٨٥).

بەڵام ئەو شەڕوشۆڕەی کە لە نێوان ئۆێلمە و شەرەفخاندا ڕووی داوە، وەک مێژوونووسە تورکەکان دەڵێن، هەروا بە سووک و سانایی نەبڕاوەتەوە. میر شەرەف خۆی دەبەرابەر دژمندا کۆک و تەیار کرد و لە ساڵی ١٥٣٤دا چوو بۆ تەورێز و لە شاتاماسپی یەکەمی داوا کرد، یارمەتیی بدا، ئەویش کۆمەگی کرد. میر شەرەف لە یەکەم تێک گیران و لێک هەڵپرژاندا سەرکەوت و ئوێلمەی ناچاری پاشەکشێ کرد. پاشان تاماسپ دەنووسێ: «ئوێلمە بوو بە پیاوی عوسمانییەکان. شەرەفخانی فەرمانڕەوای بدلیس هات بۆ لای ئێمە. منیش ئەوسا کاغەزم بۆ خونکار[١٥] نووسی، ئەوان ئوێلمە بنێرنەوە، ئەویش شەرەفخانیان بۆ دەنێرێتەوە. بۆچی لەسەر ئوێلمە و شەرەفخان شایانی ئیسلام بەشەڕبێن. بەڵام سوڵتان ئەم پێشنیهادەی قوبووڵ نەکرد» (١٠١ ,٢٨٦ ,٨٣ ,١٨).

لە سەرچاوەکانی ئەو سەروبەندەدا وا بەدیار کەوتووە کە: شا تاماسپ بۆ ئازادکردنی ویلایەتی بدلیس سەربازێکی زۆری ناردووە و لە ماوەیەکی کەمدا ئوێلمە و فیل پاشای لەو ناوە دوور خستووەتەوە» (٢٩٣ ,١١٣ ,٢٨٦ ,٧٦).

بەپێی نووسینی نووسیاری «شەرەفنامە» ئەمیر شەرەف بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە پێنج یەکی هاتی میرنشینی بدلیسی بەپیاوانی شا بەخشیوە و لەسەر شەرەفی شا لە ئەخلات ئاهەنگێکی میوانداریی بە هەیت و هووتی گێڕاوە. «شەرەفنامە» دەڵێ، شا میر شەرەفی خەڵات کرد. نازناوی خانی دایێ و بەفەرمانێکی شایانە فەرمانڕەواییی بۆ مۆر کرد (٤٣٠ ـ ٤٢٨ ,٧٦).

**ناوەڕۆکی فەرمانەکە**

«چونکە نیازی بنەڕەتی دەسەڵاتی خونکارانی ئاکارتەرز و هەوێنی بەرەوژوورچوونی کاروباری پادشایانی خاوەن شکۆ: چاودێری و ڕاهێنانی کۆمەڵێک لەو سەروەرانە کە ئەوانە دایم و دەرهەم لە پێناوی بیر و بڕوا تێ کۆشاون و لەبەر هیچ کۆسپ و لەمپەرێک دانەماون و لە مەیدانی ماندووبوونێ بۆ نەترسان لە تێچوونێ گۆی چالاکییان لە ئامپایان بردووەتەوە. لەڕای خزمەتگوزاریدا و لە باری فیداکاریدا هەر سووربوون و لە خاوی گزی دووربوون و هەموو سەرمایەی ژیانیان بۆ دەرگای جیهان پەنامان بارەگای گەردوون ئاسامان بەخت دەکەن و بەگیانبازی و لەخۆبووردن کەند و کۆسپی سەرڕێی ئێمە تەخت دەکەن. لەو پارەوە پالاوی فەرمانڕوایی و گەشەدەری دام و دەزگای ترۆپ بەرزی حکوومەتمان: سەروەری میرانی مەزن و پوختەی بنەماڵەی گەورە، ژێهاتووی دەستەلاتداری و بەختیاری دین و دنیا: شەرەفخان زۆر بە دڵسۆزی و بڕواوە بەم خانەدانە بەرزەمان کە هێلانەی سەربەرزانە پەناهێنە و وازی لە دوژمن هێناوە و داوێنی چاکە و بەزەیی و پیاوەتیی ئێمەی باداوە و وەزوان حاڵ پێمان ئەوشێ:

شیعر:

هاتنی من نە لەبەر ڕێزە نە زێڕ و زێو
ترسی دوژمن منی پێچاوەتە ماڵی ئێوە

بەکۆڕی بەرز و پیرۆزمان سەرفراز بوو، بێگومان بەزەیی و چاکەی بێ ئەندازەی شاهانەمان ورەی دڵ و هێز و ڕێزی پێ دەبەخشێ و وەک زانایان بەڕەوانی فەرمووگیانە:

شیعر:

پەسیو و پەنای بێ کەسە ماڵی من
کەسێک خۆ بهاوێتە بن باڵی من
لە کەس با نەترسێ بەسوێند و بەڵێن
وەناکەم لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێن

وا ئەو میرە پەنابەرە لە ژێر سێبەری دووبەر و بەرپانی ئێمەدا ڕێگەی درا و پلە و پایەی نازناوی (خـان)ی پێ درا و ناومـان لێ ناوە: شـەرەف خـان! پێشەواییی کۆیلەکانی دیوانی بەرزیشمان پێ دا و لە ڕێزی خان و میرانی خودان شانی بەربارەگای بڵنداحەساو کرا و کراش بە میر میران و فەرمانڕەوای هەموو میرانی کوردستان، بدلیس و ئەخلات و مووش و خەنووس وێڕای ئەو شوێنانەی تریش کە ژێردەستەی میری دەسنیشانکراو بوون، بەزەمینی پارێزراوی بریکارانی پیرۆزی شاهانەی خۆمانن زانی و بەو پیاوە شایستەن بەخشی و سەر هەوساری بگرەوبەردەی گیروداری دنیاداری و دارایی ئەو وڵاتەمان دەناو مشتی گرێ گشتی ئەو میرە نا. تا هەمیشە وەک دبێژن :(بەچاکە کۆیلە پەیداکە) ئەویش چاکەی لەبەر چاوان بێ و لە شارێی خزمەتی شادا ئەمەگدار و دەس بەکاربێ و وەک نۆکەری چاک و دڵسۆز باچاکی لۆ بکا بەلادا و بۆ هیم پتەوی و هەمرەنگی ئەوەندە هەوڵ و تەقەلا دا کە میر و مەزنانی هاوسای گشتیان لاسای ئەو وەکەن و لە سایەی ئەم فیداکارییەی دەم لەدوو دەم لەبەر چاومان پەسندتر و لامان خۆشەویستتر دەبێ. لەسەر هەموو میر و گزیران و سەرکردانی کوردستان کە ئەم خانە ناودارە بەمیری میران بزانن و سەرکزی بەرفەرمانی بن و هیچ کات و سات و زەمانێ لەبەر فەرمانی دەرنەچن خاوەخاویشی لێ نەکەن و گوێ بۆ جارەکانی شل کەن و هەر پێداویستێکی بوێ کە بۆ دەوڵەت بەهرەی بۆی پێک بێنن. پادشایان و کوێخان و بۆرەپیاگ و دانیشتوانی ئەو ناوچانە و سەرکۆمار و خێڵەوار و ئاژەڵداری سەر بەوێنە گەرەکە خانی ناوبراو بە تەرخانی شا بزانن و فەرمانڕەوایان خۆیەسی و هەرچی ئێژێ وەگوێی بکەن و لاری و چەوتیی دەگەڵ نەکەن. ئەرکی سەرشانی خانیشە ئەڕای مسکێن و ژێردەستان ڕەفتاری ئەوەندە خاس وێ: نزای بەخێری بۆ بکەن، زۆردار بێ زۆر بەرخۆ نەدا و لاسار هەژار دانەکرۆژێ. تا میری دەر و دراوسێش چاو لێکەری ڕەچاوکەن و بەسەرشۆڕی ئەودا برۆن.

هەرگا ئەم فەرمانە جوانە بەئیمزای بەرز و پیرۆزمان ڕازایەوە و

نەخشێندرا ئەوا فەرمان سەپێندرا، بەفەرمانی بەرزیانە: خوای بەرز بەرزتری کا و هەتا هەتایە بیهێڵێ و هەمیشەش دەرمێندا بێ و دەستی کەسی پێڕا نەگا... لە بیستی سەفەرە مانگی ئاخرخێر و لە باوخۆشی ساڵی نۆ سەد و سی و نۆ نقیسەرا» . (٤٢٨,٧٦ ـ٤٣٠) «وەرگێڕانی هەژار ٧٥٦ ـ ٧٥٧ ـ ٧٥٨، شەرەفنامە».

لە ساڵی ١٥٣٢دا شا تاماسپ پاش ئەوەی کە شەرەفخانی بە میری میرانی کوردستان دامەزراند. شەمسەدینی کوڕی لەگەڵ شادا بۆ ئازەربایجان نارد.

هەر لەو سەردەمەدا، عوبێدخانی ئۆیزبەگ گەڕی لە خۆراسان ئاڵاندبوو. هەر کاوناکاوێ هەڵی دەکردە سەری، شایش خۆی بۆ شەڕی عوبێدخان ئامادە دەکرد. لەبەر ئەوە وای بەچاک دەزانی کە میرشەمسەدین بنێرێتەوە بۆ ویلایەتی بدلیس. مەترسی بۆ سەر بدلیس و ئازەربایجان زۆر جار لە لایەن عوسمانییەکانەوە رووی دەدا، لەبەر ئەوە شاتاماسپ کاغەزێکی بۆ شەرەفخان نارد و سەرسنوورەکانی ئازەربایجانی بەو سپارد. هەروەها شا هۆلهۆل سوڵتانی عەرەبگیرلوو و ئووەیس سوڵتانی پازۆکی و ئەجەل سوڵتان قاجار و ئەمیر بەگ مەحموودی مووسا سوڵتانی فەرمانڕەوای تەورێزی لە سەرکردانی قزڵباش، بەیاریکاری شەرەفخان دانابوو.

بەپێی نووسینی بدلیسی، شا هەر کاتێ پێویست بووبێ، ئەم میرانەی سەرلەبەر خستوونە ژێر فەرمانی شەرەفخانەوە (٧٦, ٤٣٠ ـ ٤٣١).

شا پاش سەروبەرنانی هەموو کارەکانی بەرەو خۆراسان بزووتووە. بدلیسی دەنوسێ: «میر شەمسەدینی باوکم کە ئەم هەموو ڕووداوانەی بۆ گێڕامەوە. کاتێ لە تەورێز گەڕامەوە، شا پێی گوت: «لە شەرەفخان ڕاگەیێنە تا لە خۆراسان دەگەڕێمەوە، لەگەڵ عوسمانییەکان بەهەر جۆرێ بێ هەڵ کا و بیگوزەرێنێ، چونکە ئۆیلمە بووە بەدژمنی و سوور دەزانم، بە دووزمانی و شۆفاری عوسمانییەکانمان لە دژ ڕاست دەکاتەوە» (٧٦, ٤٣١). بەڵام شەرەفخان نەسیحەتە چاکەکانی شای پشت گوێ خست و لەسەر ئەو بڕیارە

گیرسایەوە کە هەر میرێ لەو میرە کوردانەی وەختی خۆی هاوکارییان لەگەڵ ئوێلمە تەکەلوو و فیل پاشادا کردبوو تۆڵەی لێ بکاتەوە، هەستا بەسەر میرنشینی خێزانی دادا و تالانی کرد. ئەم کردەوەیەی شەرەفخان بوو بەهۆی ئەوە کە برێ لە میرانی کورد، لەمانە زۆربەی زۆریان نەجیوزادانی هۆزی ڕۆژەکی بوون، لە شەرەفخان هەڵبڕێن و لەگەڵ ئوێلمە تەکەلوودا یەک بگرن. بدلیسی لە «شەرەفنامە»دا نێوی ئەوانەی لەگەڵ دژمندا رێک کەوتوون، لەمانە میر بوداقی کیسانی و ئیبراهیم ئاغای بلّباسی و قەلەندەر ئاغا و دەروێش مەحموودی هەموو نووسیون» (٧٦ , ٤٣١).

ئەم ڕووداوە کە لە مێژووی سیاسیی بدلیسدا ڕووی داوە هەلومەرجێکی لەباری بۆ ئەوە هێنایە گۆڕێ کە فیل پاشا و ئوێلمە لە ساڵی ١٥٣٣دا بە لەشکرێکی ١٠ هەزار کەسییەوە سەرلەنوێ هەڵکەنە سەر بدلیس. لەو سەروبەندەدا شەرەفخان تەنیا پێنج هەزار کەسێکی هێزی چەکدار هەبوو. ئەو بەپێی ڕاسپاردەی شا تاماسپ ویستی لە سەرکردەکانی قزڵباش داوای یارمەتی بکا، بەڵام نەجوزادانی ڕۆژەکی قایل نەبوون. سەید عەلی پورتافی (ڕەنگە «پرتوی» بێ - وەرگێڕ) لە کۆڕێکدا کە ڕدێن سپی و دەمڕاستی هۆزی ڕۆژەکی بوو، گوتی: «ئەگەر ڕۆژەکییەکان لە دژ ئوێلمە ڕانەپەڕن و سستی و دوودڵییێک لە بەرەنگاربوونیدا بنوێنن، ئەوسا منیش سەرلەبەری فەلەی ویلایەتی بدلیسی لێ ڕاست دەکەمەوە و بە وان دەگژی ڕادەچم و دەیبەزێنم». نووسیاری «شەرەفنامە» ئەم تەکلیفەی پورتافیی بەنەزانی و ملهوڕی لە قەڵەم داوە (٧٦ , ٤٣٢).

ئیدی بەم جۆرە شەرەفخان بەپێی بڕیاری کۆڕەکە بە لەشکرێکی پێنج هەزار کەسییەوە لە دژمنی بەهێز چووە پێشێ. لە شارۆکەی تاتیکدا هەردوو لەشکر ڕووبەڕووی یەک هاتن. لە تێکگیرانێکدا شەرەفخان بریندار کرا و برینەکەشی زۆر قورس بوو. ئەمیر بەگی مەحموودی کە ئەمەی دیت ملی لە خیانەتکاری نا، دەگەڵ ئوێلمە تەکەلوو ڕێک کەوت و بەم جۆرە لەشکرەکەی شەرەفخان تووشی پەرتوبڵاوی بوو و ئوێلمە بەسەرکەوت.

بەپێی نووسینی بدلیسی لەم شەڕەدا کە ڕۆژێکی خایاندووە[١٦] ٧٠٠ کەس لە لەشکرەکەی شەرەفخان کوژراون. لەم کوژراوانە ٥٠٠ یان لە نەجیوزادانی ڕۆژەکی بوون (٧٦ , ٤٣٢). شەرەفخانی میری بدلیس برینەکەی هێندە سەخت بوو پێی مرد. لەمەڕ مەرگی شەرەفخان کە لە مێژووی سیاسی میرنشینی بدلیسدا دەورێکی گەورەی گێڕاوە نەک هەر لە «شەرەفنامە» بگرە لە سەرچاوەکانی دیکەشدا زۆری لەسەر نووسراوە (١٠١ , ٢٨٧ , ٨٣ , ٢١). شەرەفخان سی و سێ ساڵی فەرمانڕەوایی کردووە. شەرەفخان لە بدلیس فێرگەیێک و زارۆکخانەیەک (خیرية) و چەند دووکانێک و تەلارێکی دوو نهۆمیی ڕۆناوە[١٧].

لە باسی سەردەمی فەرمانڕەوایی شەرەفخاندا لە بدلیس، قسەکانی «شەرەفنامە» و ئەوەی لە سەرچاوەکانی دیکەدا نوسراوە لێک تاق و جووت کەوتوون و یەک ناگرنەوە. بەنموونە شەمسەدین سامیی خاوەنی «قامووس» نووسیویە، کە ئەم ڕاست دەکا[١٨]، دەڵێ، شەرەفخان لە پێشان بووە بەپیاوی سوڵتان سەلیمی یەکەم، پاشان شاسمایلی یەکەم، دووایی لە ساڵی ١٥٣٢دا بووە بەپەیرەوی سوڵتان سولەیمان غازی (٨١ , ١٢٣٩).

وەکو لە سەرەوە گوتمان، چ بەپێی «شەرەفنامە» و چ بەپێی سەرچاوەکانی دیکە شەرەفخان لە پێشان بووە بەپەیڕەوی شاسمایلی یەکەم، پاشان سوڵتان سەلیمی یەکەم. پاشتر سوڵتان سولەیمانی غازی و لە دوادوای تەمەنیدا بوو بەگوێ بە فەرمانی شا تاماسپی یەکەم.

قازی ئەحمەدی قەزوینی بەدەم ڕووداوەکانی ساڵی ١٥٣١ەوە دەنووسێ: «ئوێلمە تەکەلووی میر میرانی دیاربەکر لەگەڵ فیل پاشادا هەڵیان کردە سەر شەرەفخانی میری بدلیس و عیمادییە کە خەرج و باجێکی زۆر و زەوەندی بە دیوانخانەی شا دەدا» (١٠١ , ٢٨٦). گونابادی دەڵێ: «شەرەفخانی کورد کە سەر بە بنەماڵەی سەفەوییان بوو و هەموو ساڵێ خەرج و باج و دەس و دیارییەکی زۆری بەخەزێنەی شا دەدا، لە شای ڕاگەیاند کە ئوێلمە تەکەلوو لەگەڵ فیل پاشادا هەڵیان کردووەتە سەری» (١١٣ , ٢٩٤).

له نووسینی ئەم مێژوونووسانه كه هاوسەردەمی شەرەفخانی بدلیسی بوون ئەنجامێكی ئاواها بەدەستەوە دێ كه شەرەفخان پێش ئەوەی ئوێلمە تەكەلوو و فیل پاشا هەڵی كەنه سەر بووبوو بەگوێ بەفەرمانی دەرباری سەفەوییان، كەچی بدلیسی نووسیویه كه: «خەبەری بەسی هەزار كەسەوە هەڵكردنه سەر بدلیس بەسەركردایەتیی فیل یاقووبەوە شەرەفخانی زۆر نارەحەت كرد و هەرچەنده دیارییەكی زۆری بۆ سەرای سوڵتان نارد و گوێ به فەرمانیی خۆی بۆ سوڵتان دەربڕی، بەڵام هیچ دادی نەدا و چیی لێ وەچەنگ نەكەوت» (٧٦, ٤٢٣).

ئیدی بەم تەرزه له نووسینەكەی بدلیسی وا بەدیار دەكەوێ كه شەرەفخان هەر كاتێ مەترسیی دژمن تەنگی پێ هەڵچنیوه، با دوودڵیش بوو بێ، چووەته پاڵ عوسمانییەكان و بووە بەگوێ بەفەرمانی ئەوان. بەڵام هەركه بەرەوڕووی مەترسیی عوسمانییەكان بووەتەوە چۆته پاڵ شا تاماسپ و بووە بەگوێ بەفەرمانی دەوڵەتی سەفەوی.

بدلیسی بۆ خۆی له كتێبەكەیدا ئەم مەسەلەیەی به تێروتەسەلی ڕوون كردووەتەوە، دەڵێ: «ئۆیلمە تەكەلوو سەبارەت بەوە كه لەگەڵ شەرەفخاندا دژمنایەتیی هەبوو، سوڵتان غازیی له دژ ڕاست كردووەتەوە» (٧٦, ٤٢٠ ـ ٤٢٤).

لەبەر ئەوە ئەو زانیارییەی له «شەرەفنامە»دا، كه یەكه سەرچاوەی مێژووی كورده نووسراوە دەبێ بەڕاست و دروست بزاندرێ. فرێچ كه مێژووی میرنشینی بدلیسی پشت به «شەرەفنامە» نووسیوە، دەڵێ، شاسمایلی سەفەویی یەكەم له پاش مردنی شەرەفخان (ساڵی ١٥٣٣) خالید چۆلاقی كرد[١٩] به میری میرانی كوردستان (٧٦, ٣٦٨). كەچی بدلیسی نووسیویه وەختی خۆی شاسمایلی سەفەوی خالید چۆلاقی له ساڵی ١٥١٢دا كردبوو به میر میرانی كوردستان (٧٦, ٤٣٥). فرێچ لێرەدا نەك هەر به ڕاست و دروستی لەو ڕووداوە كه له «شەرەفنامە»دا نووسراوە، ورد نەبووەتەوە، بگرە ئەو فەرقی مردنی نێوان شاسمایل و مردنی شەرەفخانیشی لەبیر كردووە.

چونکە شاسمایلی سەفەوی لە ساڵی ١٥٢٤دا مردووە، هەرچی شەرەفخانە لە ساڵی ١٥٣٣دا مردووە. هەر ئەم مێژوونووسە ڕووداوی ژنهێنانی کوڕەکەی شەرەفخانیشی، کە ناوی شەمسەدینە پشت بەسەرچاوەکەی خۆی بەڕاست و دروستی نەنووسیوە. ئەو نووسیویە، شەرەفخان لە کیژی علی بەگی ساسۆنی تەنیا هەر کوڕێکی هەبووە کە ئەویش شەمسەدینە. پاشان فریچ دەڵێ: «ئەم کوڕە لە دواییدا کچی عەلی بەگی حەزۆییی[٢٠] (عەلی بەگی ساسۆنی - ش.م.) هێنا» (٩٧, ٣٦٨).

«شەرەفنامە» خۆی دەڵێ میر شەمسەدین کە کوڕە تاقانەی میر شەرەفخان بووە لە کیژی عەلی بەگی ساسۆنی بووە. شەرەفخان کچی محەمەد بەگی حەزۆییی بۆ ئەم کوڕەی هێناوە (٧٦, ٤٣٤).

دەبینی بەم جۆرە ئەو زانیارییانەی لە کتێبی «کورد»ی فریچدا نووسراون لەگەڵ ئەو سەرچاوەیەدا نووسیارەکەی پشتی پێ بەستووە چەند لێک تاک و جووتن و بەهیچ جۆرێ ناچنەوە سەریەک.

بەپێی هەموو سەرچاوەکانی ئەو سەروبەندە تەکەلوویییەکان کە سەفەوییەکان بەکۆمەگ و یارمەتیی وانەوە دەستیان بەقڵفی فەرمانڕەواییییەوە گرت تورکمانن (٥٩, ١٢٥). بەڵام کتێبی «مێژووی ئازەربایجان» دەڵێ، ئولامەبەگ ناوێ (ئوێلمە- ش. م.) کە یەکێ بوو لە میرە کۆچەرییەکانی کورد لە ساڵی ١٥٣١دا لە دژی شا تاماسپ یاخی بوو (٣٤, ٢٥١). بەپێی سەرچاوەکان ئوێلمە تەکەلوو بەمیرە کورد لە قەڵەمدان بەهیچ جۆرێ ڕاست نییە و ڕێی تێ ناچێ.

مێژووی دوایی میرنشینی بدلیس بەمیر شەمسەدینی کوڕی میر شەرەفخان دەست پێ دەکا. بەڵام فەرمانڕەوایی میر شەمسەدین زۆری درێژە نەکێشا. بدلیسی دەڵێ «میر شەمسەدین لە پێشان لە جێی بابی بوو بەفەرمانڕەوای بدلیس، بەڵام زۆری پێ نەچوو لەتاو بێ بەزەیی سوڵتان سولەیمان غازی نیشتمانی خۆی بەجێ هێشت» (٧٦, ٤٣٨).

لە «مـونشـەئاتی سـەلاتین» دا باس و خـواسی ئەو ڕووداوانەی کـە لەو سـەردەمـەدا لـە ناوچەکـانی بدلیس و ئەخـلات ڕوویان داوە بە بەربڵاوییـەوە نووسـراوە. ئەو کتێبە دەڵێ «لە سـاڵی ١٥٣٥دا قـەڵای بدلیس گیـرا و غـازی قران بەگ لەو قەڵایەدا دەمەزرا... هەر لەو ساڵەدا ئولامە (ئوێلمە) پاشا داوای ناوچەی ئەخـلاتیشی کـرد و نامـەی بۆ ئـەوێ نارد. دایکی میـر شـەمسـەدین، فەرمانڕەوای بدلیس کلیلی قەڵاکانی هێنا دای بە ئولامە پاشا» (٥٩٦,٩٨).

کاتب چەلەبی نووسیویە کە: «لە سـەردەمی سوڵتان سولەیماندا ئەخلات، کە یەکێ لە ویلایەتەکانی کورد بوو گیرا» (٦٩٦,١٠٣).

باس و خـواسی لە دەست مـیـراتگرانی ڕاسـتـەقـانیی خـۆ دەرچوونی میـرنشـینی بدلیس لە ساڵی ١٥٣٥دا و لە شێوەی ویلایەتێکدا گیـرسانەوەی بەدەستی دەوڵەتی عوسمانییەوە لە سەرچاوەکاندا زۆرە. ئەم میرنشینە ٤٣ سـاڵ (١٥٣٥ ـ ١٥٧٨) بەدەست بیـانیـیـەوە بووە و لە سـاڵی ١٥٧٨دا، لە سەردەمی سوڵتان موراد خانی سێیەمدا دراوەتەوە بە شەرەفخانی بدلیسی، کە نووسیـاری کتێبی «شـەرەفنامـە»یە. مێژووی سیاسیی ئەو سەردەمەی مـیـرنشـینی بدلیس تا بڵـێی نالەبار و لە کـێش بەدەربوو. بدلیس خـۆی و ناوچەکانی ئەخلات و مووش و خنۆسی سەر بە بدلیس بەدەست قزڵباشان، تەنانەت بەدەست شەمسەدینی بدلیسی خۆی چەندین جار تالآن و بڕۆ کراون (٥٨,٨٣).

شـەرەفـخـانی بدلیـسی دەنووسێ. لەبەرئەوەی بەدانانی کـتـێـبی «شـەرەفنامـە»وە سـەرقـاڵ بووە بۆ چاکـەی شـەمـسـەدینی کـوڕی دەسـتی لە کاروباری میرایەتی هەڵگرتووە (٣٨,٩٧,٤٥٦,٧٦).

هەروەها لەبارەی لە سـاڵی ١٥٨٨ ـ ١٥٩٦دا چوونە سـەرتەخـتی فـەرمـانڕەوایی شـەمـسـەدینی کـوڕی مـیـر شـەرەفـخـانی بدلیـسی لە «شـەرەفنامـە»دا زانیـاریی زۆر هـەیە. بەڵام لەمـەڕ مێـژووی فـەرمـانڕەوایانی بدلیس لە پاش شـەرەفـخـان خـۆی هەروەها لەمـەڕ مـیـراتگرانی دیکەی شـەرەفخان جگە لە سەرچاوەکانی دیکە لە شوێنێکی تر تووشی هیچ باس و

خواسێ نایەین. چونکە بدلیسی لە کتێبەکەیدا تەنیا هەر باسی شەمسەدین بەگی کوڕە گەورەی دەکا.

ئیسکەندەر بەگی مونشی دەربارەی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٦٠٥ ـ ١٦٠٦ نووسیویە، دەڵێ: «چەند میرە کوردێ هاتوونە دەرباری شا عەباسی یەکەم و بوون بەگوێ بەفەرمانی سەفەوییان. نووسیار دەڵێ، فەرمانڕەوای بدلیس، زیائەدین خانی کوڕی شەرەفخانیش لەلایەن شاوە خەڵات کرا و ڕێگەی درایێ بگەڕێتەوە سەرمیرنشینەکەی خۆی (٤٧, ٧٢١).

جەلالەدین محەمەدی مونەجیمی یەزدی لەو کتێبەیدا کە ناوی «تأریخ عباسي» یە لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٠٨دا دەڵێ: «شەرەفخان لە ساڵی ١٦٠٨دا دەستەیێ کورد بەسەرکردایەتیی ئایدن بەگی کوڕی بۆ تاڵانکردنی نەخچەوان دەنێرێ، بەڵام بۆیان بەسەر ناچێ»(٢١) (٥٧, ٢٧٨). بێگومان، دوور نییە ئایدن بەگ، کاتێ شەرەفخان فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە بوو، لەگەڵ ئەو ئاشنایەتیی پەیدا کردبێ و سەرکردایەتیکردنی ئەو دەستە کوردەی کە نیازی تاڵانکردنی نەخچەوانیان هەبووە، لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە پێ سپێردرابێ.

ئیدی بەم جۆرە پەیێی سەرچاوەکان، جگە لە شەمسەدین کە شەرەفخانی بدلیسی خۆی لە «شەرەفنامە»دا باسی کردووە، وا دیارە دوو کوڕی دیکەیشی بەنێوی زیائەدین خان و ئایدن بەگەوە هەبوون و ئەم ڕاستییەشمان بۆ ئاشکرابوو. ئیسکەندەر بەگی مونشی دەنوسێ، تەکەلوو پاشا (محەمەد پاشاشی پێ دەگوترێ)، بە ١٢ هەزار شەڕکەری کوردەوە هەڵی کردووەتە سەر ئازەربایجان. ئەو دەڵێ: «زیائەدین کوڕی شەرەفخانی فەرمانڕەوای بدلیس کە یەکێک لە میرە کوردەکان بوو بەگوێی پاشای نەکرد و بێ ئەوەی ئیزنی لێ وەربگرێ بۆ سەر میرنشینەکەی گەڕایەوە (٤٧، ٢٩٣، ٩٦، ٢١٠).

ژان باتێست تاڤێرنێ دنیاگەڕی فەڕەنسزی کە لە پاشان لە کوردستان گەڕایەوە لە یاداشتەکەیدا کە بەناوی «سفرنامە تاڤیرنە»وەی نووسیوە و بۆ خۆی بە شەخسی بەدیداری میری بدلیس گەیشتووە زۆری لەمەڕ میرنشینی

میری بدلیس نووسیوە (بڕوانە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد، سالانی ١٩٧٨ ـ ٧٩ ـ وەرگێڕ) تاڤێرنێ لەبارەی بەدیدار گەیشتنی میری بدلیس و دیاری بەیەکدی پێشکێشکردن و پێکەوە قاوە خواردنەوەی بەدووروودرێژی دوواوە (٧٣، ٨٠). کەچی ئەو گەڕیدە ڕۆژاواییە ئەم فەرمانڕەواییی ئەم سەروبەندە (١٦٣٢ ـ ١٦٦٦)، واتە ئەو کاتەی بۆ میرنشینی بدلیس چووە ناوی فەرمانڕەواییی ئەم میرنشینەی نەنووسیوە، بەڵام ئێمە ئەم باس و خواسە لە گەشتنامەکەی گەڕیدەی تورکی بەناوبانگی سەدەی ١٧هەم، ئەولیا چەلەبیدا بەدووروودرێژتر دەتوانین بخوێنینەوە. بەپێی نووسینی ئەم نووسیارە فەرمانڕەوای میرنشینی بدلیس لە نێوەندی سەدەی ١٧هەمدا ئەبدالّ خان بووە (٢). ئەم نووسیارە بۆ خۆی بەشەخسی لە موسادەرەکردنی سەرتۆپی دارایی و شمەکی ماڵی عەبداڵخاندا لەلایەن ئەحمەد پاشای والیی وانەوە بەشداربووە و لەم بارەوە باس و خواسی سەیری نووسیوە (٤٨، ٢١٩).

محەمەد مەردۆخی کوردستانی کە یەکێ لە مێژوونووسانی هاوچەرخە، دەڵێ، لە ساڵی ١٨٣٣دا شەرەفخانی میری بدلیس لە دژ تورکیا (دەوڵەتی عوسمانی ـ وەرگێڕ) ڕاپەڕینێکی گەورەی کردووە و داوای سەربەخۆییی دەکرد (١١٤، ٦).

ڤ. نیکیتین بەدیاری دەخا کە میرنشینی بدلیس لە سەدەکانی ١٦ ـ ١٧ و ١٨دا ناوبەناو سەر بە عوسمانی نەبووە. تەنانەت لە نێوەندی سەدەی ١٩هەمدا حوکومەتی عوسمانی کاتێ ویستی میرنشینەکانی کوردەواری هەر بەجارێ هەڵگرێ، لە پێشان (لە ساڵی ١٨٤٩دا) شەرەف بەگی میری بدلیسی بۆ ئەستەمبووڵ برد و پاشان میرنشینی بدلیسی بە حوکوومەتی عوسمانییەوە بەست (٢٣، ٢٤٨). بەپێی نووسینی مێژوونووسانی ئەم دواییانە میرنشینی بدلیس هەمان ساڵ لەلایەن جێگرانی شەرەفخانەوە بە نیوە سەربەخۆیی بەڕێوەبراوە.

ئێمە باس و خواسی دوا مێژووی ئەم میرنشینە دەتوانین لە کتێبەکەی

محەمەد مەردۆخیدا بخوێنینەوە. ئەو نووسیویە، لە ساڵانی ١٩١٣ ـ ١٤دا لە ویلایەتی بدلیس یاخیبوونێ بە سەرکردایەتیی مەلا سەلیم و شەهابەدینەوە دەستی پێ کرد، بەڵام هێزی چەکداری حوکوومەتی عوسمانی یاخیبوونەکەی سەرکووت کرد. مەلا سەلیم لە بدلیس پەنای وەبەر کۆنسوڵگەری ڕووس برد. کاتێ شەڕی گەورەی جیهان دەستی پێ کرد هێزی تورک دەرفەتی هێنا، کونسوڵگەکەی تاڵان کرد و مەلا سەلیم لەسێدارە درا (١١٤, ٩).

ئا بەم ڕەنگە، مێژووی سیاسیی میرنشینی بدلیسیش وەک مێژووی میرنشینەکانی دیکەی کورد بەدرێژاییی سەدەکان بووە بە مێژووی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی سەربەخۆییدا. بێگومان ئەم خەبات و تێکۆشان و شەڕوشۆڕانە یەکێ لەو هۆیانەیە کە بارودۆخی ژیانی مادیی زەحمەتکێشانی میرنشینی بدلیسی نالەبار و سەخت کردبوو و لە پێش سەربەخۆ گەشەکردنیاندا بووبوو بەکۆسپ و هەڵەمووت. هەر لە سۆنگەی ئەمەوە بوو کە میرنشینی بدلیسیش بەدەردی میرنشینەکانی دیکەی کورد چوو و سەربەخۆییی خۆی لەدەست دا و بوو بەیەکێ لە ویلایەتەکانی تورکیا.

### دەستووری فەرمانڕەوایی و کاربەڕێوەبردنی میرنشینەکە

لە سەدەکانی ١٥ ـ ١٦دا خانەدانێتیی (وەجاغلق) کە وەک لە هەموو میرنشینەکانی کوردەواریدا باوبووە لە میرنشینی بتلیسیشدا کاربەدەستایەتییەکی بەرز و زەویوزارێکی تایبەتکاری فەرمانڕەوای ئەو سەردەمە بووە و پشتاوپشت لە باوکەوە بۆ کوڕ بەجێ دەما. کە باوک دەمرد ئەم کاربەدەستایەتییە بە کوڕە گەورەی دەسپێردرا. ئەم کارە لە بەڕێوەبردنی میرنشینەکەدا بەوردی جێبەجێ دەکرا. کە فەرمانڕەوایێکی تازە دادەنرا، فەرمانڕەواکە بۆ خۆی لەو گەنم گردییە بەتەنتەنە و سەنسەنەیەدا کە نەجیوزادانی هۆزەکان دەیانگێڕا بەشدارییان دەکرد و سەرلەبەری ئەندامانی هۆزەکان بە دەست ماچکردنی فەرمانڕەوای نوێ گوێ بەفەرمانیی خۆیان دەردەبڕی و پیرۆزباییان لێ دەکرد.

وەزیفەی بەرزی فەرمانڕەوایی پێشان بەسەرکردە شەڕەکەرەکان، پاشان بەو نەجیوزادە کوردانە دەدرا کە لە شەڕدا بە سەر تیرە و هۆزە کوردەکانی دیکەدا سەردەکەوتن. ئەم پایە و مایەیەش تەنیا بەر نەجیوزادانی ئەو تیرە و هۆزانە دەکەوت کە لە هەموو سەرێکەوە، لەچاو تیرە و هۆزەکانی تر لە سەرووتر و لەبەرتر و زەبردەستتر بوون، هەر لەبەر ئەمەی کە هۆزی ڕۆژەکی کە زۆربەی نیشتەنییانی میرنشینی بدلیسیان پێک دەهێنا بەدرێژاییی چەندین سەدە هەر ئەوان فەرمانڕەوای بدلیس بوون.

ئەم جۆرە تیرە و هۆزە بەهێزانەی لە نێو کورددا عەشیرەتیان پێ دەگوترا. لەبەر ئەمە سەرۆکەکانی ئەو وردە تیرە و هۆزانەی لە چوارچێوەی میرنشینەکەدا بوون و مافی ڕادانیان تەنیا بۆ ئەندامانی هۆزەکانی خۆیان هەبوو، بەڵام سەرۆکی عەشیرەتە گەورەکە مافی ڕادانی بۆ هەموو تیرە و هۆزەکانی ژێدەستی هەبوو، واتە ئەم دەستی بەسەر هەموویاندا دەڕۆیشت. هەربۆیە ئەم جۆرە سەرەک هۆزانە لە ژیانی نەتەوەی کورددا دەورێکی گەورەیان دەگێڕا و دەیانتوانی بەهەر لایەکیاندا ئارەزوو لێ با، ڕایان بدەن.

ئیدی بەم جۆرە دەبینین بنەمای کۆمەڵایەتیی میرنشینی پادشایەتی بابەتی ڕەهای بدلیس سەرکردەی تیرە و هۆزە جۆراوجۆرەکان و بەتایبەتی ئەندامانی ئەو تیرە و هۆزانە پێکیان دەهێنا. هەرچی دەزگای بەرزی فەرمانڕەوایی و کاربەڕێوەبەردن بوو بریتی بوو لە کۆڕێ کە بەبەشداریکردنی نەجیوزادانی تیرە و هۆزەکان پێک دەهات. لەم کۆڕەدا تەنیا هەر لە نەجیوزادان مافی بەشداری تێداکردن و ڕاوێژکردن و ڕادانیان هەبوو. چینی فرەوانی زەحمەتکێشی هۆزەکان لەم مافە بێ بەش بوون. وا باو بوو فەرمانڕەواکە هەر خۆی دەبوو بەدەمڕاستی کۆڕەکە و ئەو ڕێبەرایەتیی بۆ گرتنی کۆڕەکە دەکرد. کارێکی دەخرایە پێشی کات و کارنامەی بۆ دیاری نەدەکرا. کۆڕ بەفەرمانی فەرمانڕەوا دەگیرا، کاری لەم جۆری شەڕ جاڕدان و پەیمانی ئاشتی بەستن کە سەروکاری بەمردن و ژیانەوە هەبوو دەخستە ڕاوێژ و وتووێژەوە (٧٦، ٤٢١ ـ ٤٣٣). هەر بڕیارێ لەو کۆڕەدا درابا دەبوا ئەندامانی هۆز سەرلەبەر

بەناچاری جێبەجێی کەن. تەنانەت زۆر کاری وا هەبوو فەرمانڕەوا گوێی بەکەس نەدەدا و هەر بۆ خۆی بڕیاری لەسەر دەدا و جێبەجێی دەکرد. بینباشی و کاربەدەستی گەورەی دیکە فەرمانیان لە فەرمانڕەوا خۆی وەردەگرت. بۆ ناوبژیکردن و نێوان سازدانی کوێخا دێ و خەڵک و خوای دیکەی گوندان لە کاتی نێوان تێکچوون و شەڕ و هەرادا پیاوی کاربەدەست و خەرج و باجگری هەبوون. لە سەدەکانی ١٥ ـ ١٦دا، لە میرنشینی بدلیسدا دەستورێکی ئاوها بەڕێوە دەبرا. هێزی چەکداری میرنشینەکە ئەندامانی ئەو تیرە و هۆزانە پێکیان دەهێنا کە سەر بە میرنشینەکە بوون. هێزی چەکداری هەر تیرەیێ نەجیوزادەی تیرەکەی خۆی سەرکردایەتیی دەکرد، بەڵام سەرلەبەری هێزی چەکداری میرنشینەکە، میر بۆ خۆی سەرکردایەتیی دەکرد. ژمارەی هێزی چەکدارانی میرنشینی بدلیس بێ سنوور بوو. چونکە لە کاتی شەڕدا هەر مەترسییەک هەڕەشەی لە میرنشینەکە دەکرد ئەندامانی تیرە و هۆزەکان بەورد و درشتیانەوە، وەک تاکە کەسێ هەڵدەستان. لەباری وادا مەلا و فەقێ و تەنانەت ژنانیش دەستیان دەدایە چەک و داکۆکییان لە میرنشینەکەیان دەکرد. بەپێی «شەرەفنامە» ڕووداوی وا لە میرنشینی بدلیس زۆر جار ڕووی داوە (٧٦، ٣٤٥).

هێزی چەکداری میرنشینەکانی کورد پێش ئەوە چەکی ئاگرداریان وەچنگ کەوێ زۆریان کەڵک لە چەکی ساردی وەک شیر و مەتاڵ و نێزە وەردەگرت. کورد نێزەی لە چەکی دیکە لە سەرووترەوە دادەنا. نەجیوزادە و میرانی کورد زۆر جار هەر بۆ جوانی هەڵیان دەگرت و خۆیان پێ دەڕازاندەوە. بەڵام پاشان کورد کەڵکی لە چەکی ئاگردار وەرگرت. وەک بدلیسی نووسیویە، شەرەفخانی بدلیسی لە ساڵی ١٥٢٣دا ڕۆستەم بەگی میری حەکاریی بەتفەنگ کوشتووە (٧٦، ٤٣٦).

ئیدی بەم جۆرە فەرمانڕەواییی وردە دەرەبەگی ڕەهای کورد لە بدلیس، لە سەدەی ١٥ ـ ١٦هەمدا، هاتبووە گۆڕێ و لە سەرێکەوە سەربەخۆییی پشتاوپشت بۆ بەجێماوی فەرمانڕەوای دەپاراست و لە سەرێکی دیکەوە

ئەندامـانی تیـره و هۆزەکـانیـشی لە مــەترسی دەپاراست لەبەر ئەوە ڕێز لە فـەرمـانڕەوا گـرتن و گـوێ بەفـەرمـانیی مـیر و خـودانی ئێل و عەشـیر شـێـوەی پەرستنێکی تایبەکاری بەخۆوە دەگرت. هەر لە سۆنگەی ئەمەیشە کە لە چەرخ و چاخەکانی دوواییدا هەر ئەو فەرمـانڕەوایانە بۆ خۆیان نێوی شێخ و مەلایان لەخۆ ناوە و دەسەڵاتی سیاسیش و دەسەڵاتی ئاینیشیان لە دەستیاندا یەک خستووە.

بنەڕەتی مـیرنشـینەکە لە کەڵەکەبوونی سـەروەت و سـامانێ پێک دەهات کـە بەشـێـوەی مـڵکایەتیی تایبـەکاری زەویوزاری ورده دەرەبەگ و داوودەسـتـووری چەوسـاندنەوە، کـە بەو شـێـوە مـوڵکایـەتیـیە پشت ئەسـتـووربوو، یا وەک ڤ.ێ. لێنین بڵــێین، بـە «چەوســاندنـەوەی چینـی چەوســێندراو» کــە ئاغــاکــان بۆ بەرژەوەندی خۆیان لێیان باردەکردن، دەبوو شـەڕشـۆڕیشیان بۆ بکەن.

# ملّکایەتی و شێوەی خەرج و باج

لە سەدەی ١٥ ـ ١٦هەمدا لە کوردستان، بە میرنشینی بدلیسەوە، ئەم شێوە ملّکایەتییانە هەبوون:

(١) ئیقتاع

(٢) سیورغال و تیول

(٣) ملّک

(٤) وەقف

(٥) ملّکی تایبەکار

(٦) زەویوزاری کۆمەڵەکی

* **ئیقتاع:** لەسەدەکانی ١٥ـ ١٦هەمدا یەکێ لە شێوەی ملّکایەتیی زەویوزار لە بدلیس و ناوچەکانی سەر بەو، زەویوزاری ئیقتاع بوو. بدلیسی لە کتێبی «شەرەفنامە»کەیدا نووسیویە کە لە سەدەی ١٦هەمدا لە ناوچەی مووش زێتر لە ٤٠٠ خاوەن ئیقتاع هەبوو (٧٦، ٣٥٥).

شێوەی ملّکایەتیی ئیقتاع لە سەدەکانی ٧ ـ ٨دا، واتە لە سەردەمی خیلافەتیشدا هەر هەبوو. بەڵام وردە وردە شکڵ و شێوەی خۆی گۆڕیوە و لەسەر ڕاستە شێوەکەی جارانی نەماوە. زەویوزارێکی کە لە سەردەمی خیلافەتدا بەشێوەی مووچە بەچەند چینێکی تایبەکار دەدرا شێوە ملّکایەتییەکی ئەوتۆ بوو کە خاوەن ئیقتاعەکە نەدەیتوانی بیفرۆشێ و نەدەشیتوانی بەمیرات بۆ میراتگرانی خۆی بەجێ بێڵێ. واتە ئیقتاع شێوەیەکی مەرجەکیی ملّکایەتیی زەویوزار بوو (٦, ٦٣).

خاوەن ئیقتاع دەبوو بەشێ لەو خەرج و باج و زەوییانەیەی خڕی دەکردەوە بە خەزێنەی میری بدا. بەڵام لە پاشان زەویوزاری ئیقتاع نەک تەنیا هەر بەو

گوندییانە کە لەوێ دەژیان بگرە بەسەرکردە و ئەمیر و هەمەکارانیش دەدران (١٠٩,٣٦) ئیدی خاوەن ئیقتاع وردە وردە دەسەڵاتیان پەرەی سەند و بەهێز بوون و زەویوزارەکانیان بە میراتگرانی خۆیان دەبەخشی.

مڵکایەتیی ئیقتاع لە وڵاتانی دەرودراوسێی کوردستاندا بە چەند شکڵ و شێوەیەک تەتبیق کراوە، شەرەفخانی بدلیسی لە «شەرەفنامە»کەیدا لە بارەی ئەم شکڵ و شێوەی مڵکایەتییە نەدواوە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەدا بەدیاردەکەوێ کە لە بدلیس و ناوچەکانی سەر بەئەو بەزۆری ئیقتاعی ئیداری، کە چکۆلەترین شێوەی ئیقتاع بووە، باو بووە و ئەمەش دەبەرابەر خزمەتی ئەسکەری بە سەرکردەکان دەدرا.

شێوە ئیقتاعی جەنگی زەویوزاری ئیقتاع کە تایبەکاری ئەمیرەکان بووە لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦هەمدا ئیدی بەرچاو ناکەوێ، وا بەدیار دەکەوێ هەر لەو سەروبەندەدا سیورغال[٢٢] و تیول[٢٣]، کە شا و سوڵتانەکان بە ئەمیرەکانیان دەبەخشی جێی «ئیقتاعی جەنگی»ی گرتبووەوە.

* **سیورغال و تیول:** هەر میرێ زەویوزاری سیورغالی وەرگرتبا دەبوا لە کاتی پێویستدا بەهێزی چەکدارییەوە یارمەتیی ئەو فەرمانڕەوایەی دابا کە سیورغالەکەی دابووێ. ئەمە لە سەدەی ١٥هەمدا زۆر باوبوو. زەویوزاری سیورغال پشتاوپشت بە میرات دەگیرا. پاشان ئەم شێوە مڵکایەتییەی زەویوزارە مڵکایەتیی زەویوزاری تیولیشی، کە بە میرەکان دەدرا وەسەر خرا (٢٦٠,٣٤). خاوەن تیول ـ تیولدار دەبوو خزمەتی ئەو دەوڵەتەی کردبا کە سەر بەو بوو. تیولدار مافی ئەوەی هەبوو بەشی دیاریکراوی خۆی لە بەرهەمی زەویوزاری تیولەکەی وەرگرێ، مڵکایەتیی زەویوزاری تیول مەرجەکی بوو، بەمیراتگرتنی بە ئیجازەی ئەو فەرمانڕەوایە بوو کە تیولەکەی دەدا. پاشان مڵکایەتیی خانەدانێتی (ئۆجاقلق)یشی هاتووەتە سەر کە ئەم جۆرە مڵکایەتیی زەوییە تەنیا هەر بەفەرمانڕەوای میرنشینەکان دەدرا و لە زەویوزاری تایبەتیی تورکەکاندا پتر باو بوو.

* **ملّک:** به ملّکایەتیی زەویوزارێ دەگوترا کە بەدەست ملّکداری گەورە و بچووکەوە بووە. خەرج و باجێ کە لە زەویوزاری ملّک وەردەگیرا دەچووە گیرفانی خاوەن زەوییەوە. بەلاّم نزیکەی دە یەکێکی بە خەزێنەی دەولّەت دەدرا (٣٦,٦). زەویوزاری ملّک دەشفرۆشرا و دەشبەخشرا و بەمیراتیش دەگیرا.

هەروەها خاوەنەکەی هەر کاتێ ویستبای دەیتوانی وەقفیشی بکا. بەپێی «شەرەفنامە» مەلیک شەمسەدینی میری بدلیس لە ساڵی ١٤٠٧دا برێ خانووبەرەی خۆی خستبووە ناو ملّکی وەقفەوە (٧٦، ٣٨٠).

* **زەویوزاری وەقف:** لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦هەمدا یەکێ لە شێوەکانی ملّکایەتیی میرنشینی بدلیس ملّکایەتیی زەویوزاری وەقف بوو.

وەقف بەو زەویوزارە دەگوترا کە بۆ خێر و خێرات بە بنگە ئاینییەکان: مزگەوتەکان، خانەقاکان، فێرگە و قوتابخانەکان و ئەم جۆرە شتانە دەدرا (٦٣، ١١٤).

لە ساڵانی ١٥٢٥ ـ ١٥٣٢ی سەدەی ١٦هەمدا شەرەفخانی میری بدلیس خێراتخانەیەکی بنیات ناوە و ئەم خێراتخانەیەی بەناوی خۆیەوە بە «شەرەفییە» ناوناوە. بەپێی «شەرەفنامە» شەرەفخان بۆ دابینکردنی خەرج و دەرامەتی ئەم خێراتخانەیە برێ خانوومان و بینای چاک و هێندێ زەویوزاری بە برشت و چەند گوندێکی خۆی کردووە بە وەقفی ئەم خێراتخانەیە و سەرکار و سەرپەرشتی (قیوم) بۆ داناون (٧٦، ٤٣٧).

ئەو خەرج و باجانەی لە ملّکی وەقف کۆ دەکرانەوە بەپێی وەسیەتنامەی خاوەن وەقفەکە ڕۆحانییان بۆ بنگە ئاینییەکانیان خەرج دەکرد و هەر لەبەر ئەمە ڕۆحانییەکان بەشی هەرە سەرەکیی ملّکی وەقفیان بۆ خۆ هەڵدەگرت. ڕۆحانییان لە هێندێ هەلومەرجدا ملّکی وەقفیان کە بەیاسای ئیسلامەتی فرۆشتن و بەخشینی قەدەغەیە دەکردە زەویوزاری ئیقتاع و بەم ڕەنگە ڕۆحانییان چینی دەرەبەگی تازەیان لێ پەیدا دەبوو.

لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە، بگرە ئەو ڕۆحانییانەی کەڵکیان لە لێشاوە

ئاینییەکانی (شیعە و سوننی) وەردەگرت بەسایەی دەسکەوتی مۆڵ و مفتی مـڵکی وەقفـەوە بـوون بەدەرەبەگی هەرە دەوڵەمـەند و پاڵەوانە و پاڵپـشـتی مەعنەویی فەرمانڕەوا و حوکمڕانان.

* **مڵکی تایبەت:** هەر لە پاش یەکەم دابەشکردنی کوردستـانەوە (لە ساڵی ١٥١٤ەوە) شـێـوەی مـڵکی تایبـەت بەرچاو دەکـەوێ، ئەویش پاش ئەوەی عوسمانییەکان کوردستانیان داگیر کردووە هاتووەتە گۆڕێ.

بەپێی «شـەرەفنامـە» زەویوزاری شاوەڵەد بەگی فـەرمانڕەوای مـیرنشـینی سولەیمانی (سلێڤانی) کە لە کوژرانی کاربەدەستانی سوڵتاندا کەمتەرخەمی و پشتسـاردیی وەپاڵ درابوو، داگیر کراوە و تێکەڵ بەمڵکی تایبـەتی سوڵتـان کراوە (٧٦, ٢٦٧).

هـەرچی دەسکەوت و داهێنـانێک لـەم زەوییـــانـە وەدەست دەهات دەچووە خـەزێنەی سـوڵتـانەوە و بۆ نیـازمـەندییـە تایبـەتەکانی ئەو خـەرج دەکرا. مڵکی تایبـەت تیکڕا شێوە مڵکایەتییـەکی ئەوتۆی تایبـەتی شـا و سـوڵتـانەکـان بوو تەنانەت دەکرا بەکرێیش بدرێ (٣٦, ١١٤).

* **زەویوزاری کۆمـەڵەکی:** لە میرنشـینی بدلیسدا زەویوزار و لێڕەوار، باخ و دارسـتـــانی بەردار و چێـرەگـا و لـەوەڕگـا و پاوەن و ئەم جـۆرە بـابەتـانە بەزەویوزاری کۆمەڵەکی دادەنران (٦, ٦٣).

لە سـەدەکانی ١٥ ـ ١٦هەمدا لە میرنشینی بدلیس و ناوچەکانی سـەر بەو، ئەم جۆرە زەویوزارە کۆمەڵەکییە زۆر جار بەرچاو دەکەوت. لە ناوچەی ئەخلات باخەوانی و ڕەزەوانی و مـیوە پێگەیاندن و مێش هەنگ بەخێوکردنیش زۆر باو بوون. بدلیسی لەمەڕ تەرز و جۆراوجۆریی میوەکانی بنووسێ: «سێو و هـەرمێ و قـەیسـیی ئەخـلات نەک هـەر لە کـوردسـتــان. بگرە لە ئازەربـایجــان و ئەرمەنستانیشدا زۆر بەناوبانگن» (٧٦, ٢١٥).

لەبەرئـەوەی کە ناوچـەکانی مووش و خنۆسی سـەر بەمـیرنشـینی بدلیس

لەوەڕگـا و پاوەنی چاکی هەن پەزەوانی و مــەڕ و مـالآت بـەخـێـوکـردن زۆری گــەشــە دەکــرد، بدلیس لەبارەی لەوەڕگــاکــانی خنۆســەوە دەنووســێ: «لە ســەروبەندی باووباپیــرانمدا کـورد لەم لەوەڕگـایانەدا کـەما و لۆیەکی زۆریان پاشـەکەوت دەکرد و زۆریان سـوود لێ دەدیت» (٣٥٥، ٧٦). لە ناوچەی خنۆس ئەسپ و ماینی چاکی عەرەبیش کە بۆ ئەو سەردەمە زۆر بەکەڵک و گرینگ بوو بەخـێـو دەکـران. لەمــانـە هەمــوو، وا بەدیار دەکـەوێ، لـە ســەدەکـانی ١٥ ـ ١٦هەمدا لە کـوردسـتـان، بەمـیـرنشـینی بدلیسـیشـەوە شـان بەشـانی شـێوە ملکایـەتییەکـانی دیکە زەویوزاری کۆمـەڵەکیی تایبـەت بەدەشتەکیی ڕەوەندیش هەبوو. بـەپێی هێندێ مـێـژوونووس لە پاش سـەدەکـانی ١٣ ـ ١٤هەم بەمـلاوە زەویوزاری کـۆمـەڵەکی ئیـدی بەسـەرچووە و نەمـاوە، بەڵام بەلای ئێـمـەوە لەو ولآتانەدا کـە بارودۆخی ژیانی ڕەوەندایەتی هێشتـا هەر باو بووە، ئەم شێوەی زەویوزارە تەنانەت لە سەدەکانی ١٨ـ ١٩هەمیشدا هەر ماوە و باو بووە.

لەو ســەردەمــەدا کـە چاومـان پێدا گـێـڕا لە مـیـرنشـینەکانی کوردسـتـاندا شـێـوەی زەویوزارێ کــە تیـمــار و ســەنجـاقـیــان پێ دەگــوتن بە کــوانووانە «ئۆجاقلق» لە (شەرەفنامە)دا باسیان کراوە بەڵام زۆر بەکورتی.

لە سەرێکی دیکەوە کوردستان، بە تایبـەت بدلیس مەڵبەندی پەز بەخێوکردن بووە و ئـاژەڵ پەروەرانـدن ســەرچاوەیێکی دیکەی هەرە چاکی ئابووری بووە. ئەم سەرچاوە ئابوورییانە لە پێشـان کورد، پاشـان نەجیوزادەکـانی عوسـمـانی کەڵکیان لێ وەردەگرت.

ئێـمـە کـاتێکی لە مێژووی کوردسـتـان دەکۆڵینەوە لە «شـەرەفنامـە»دا کـە بۆ ئەم لێکۆڵینـەوەیە پشـتـمـان پێ بەسـتووە باس و خـواسـی چەندین نـەجیوزادەی وامــان بەرچـاو دەکــەوێ کــە چۆن بەســای پەزەوانی و ئـاژەڵ پەروەرانـدنـەوە ســەروەت و سـامـانێکی زۆریان وەسـەریەک ناوە. «شـەرەفنـامـە» دەڵێ: «مـیـر مـحـەمـەدی فـەرمـانڕەوای جزیر ١٢ هەزار سـەرمـەڕی دۆشـەنی و ١٠٠ هەزار مریشکی هەبووە» (٧٦، ١٢٩) بدلیسـی دەنووسێ: «جگە لـە شمەکی ناو ماڵ و مـڵکەکـانی خـەزێنەکـەی دوو سـەت هەزار زێڕی عـوسـمـانیی تێـدابوو» (٧٦،

١٣١). له جێگایێکی دیکەدا وا نووسراوە کە جەمشید بەگی میری پاڵوو لە دە هەزار سەرمەڕی دۆشەنیی پتر هەبووە. ئەم میرە هەموو ساڵێ سێ هەزار سەر تەگە و خرتی سێ ساڵەی دەهێنا، هەریەکە ناڵە ئەسپێک یا ناڵە ئێسترێکی لە مل دەکردن و بۆ بازاڕی حەڵەبێی دەناردن (٧٦، ١٨٦) و بە ناڵەوەی دەفرۆشتن. هەر ناڵەکان سەنگیان ٤٠ چل خەرواری وشتر دەبوون.

پێم وایە بدلیسی لێرەدا بڕێکی پێوە ناوە، چونکە ئەو سەردەمە سوود لە مەڕ ناڵی ڕەش وەرگرتن هێشتا بەو ئەندازەیە نەبوو کە تەنیا میرێ بتوانێ ساڵی باری چل وشتر هەر لە ناڵی ئەسپ و ئێستر بۆ دەرەوە بنێرێ. لە سەرێکی دیکەوە، کوردستان سەبارەت بەوە کە وڵاتی ئاژەڵ بەخێوکردن و کشتوکاڵ بوو، بۆ خۆی لە هەموو وڵاتانی دیکەی پتر پێویستی بەناڵ هەبوو. جا لەبەر هەندێ، ئێمە ئەم قسەیەمان هەروا بەئاسانی بۆ قووت ناچێ[٢٤].

ئیدی بەم جۆرە ڕەنجی شانی زەحمەتکێشانی کورد کە لە پێشدا نەجیوزادە و ئاغا و بەگی کوردی دەوڵەمەند دەکرد، کەچی لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە بەرەوڕووی دەوڵەمەندکردنی نەجیوزادانی عوسمانی کراوەتەوە، چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی کورد لەلایەن فەرمانڕەوایی عوسمانییەوە چین چین زیادی دەکرد. بەپێی «شەرەفنامە» ئەلقاسی کوڕی شاباز ملی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی و میرمیرانی بەغدایێ خەواند و دەبوو دەستەبەری ئەوەبێ کە هەموو ساڵێ چل هەزار سەر ئاژەڵی بۆ بەغدا بگەیەنێ[٢٥] (٧٦، ٣٢٠) بێگومان ئەم جۆرە دەستەبەرییە قورس و گرانانە سەروەت و سامانی وڵاتەکەی لە بن دێنا و بارودۆخی مادیی زەحمەتکێشانی تا بڵێی سەخت و نالەبارتر دەکرد. فەرمانڕەوایی عوسمانی تەنانەت لە میرنشینەکانی کوردستاندا خۆی کردبوو بە خاوەن سامانی ژێر زەویش.

بەپێی «شەرەفنامە» تەنیا لە خوێی سپی و سوور کە لە ناوچەی خنۆس دەردەهێنرا ساڵانە (٤٠٠) هەزار ئاقچەیان وەدەست دەهێنا (٧٦، ٣٥٥).

کاربەدەستانی عوسمانی لە دوادوای سەدەی ١٦هەمدا لە ناوچەی خنۆس گۆلێکیان، کە ماسیی زۆربوو بۆ قازانجی دەوڵەت بە کرێ دابوو. بدلیسی

دەنووسێ، بەڵام لەو ساڵەدا ئەو گۆلە ماسیی تێدا نەبوو (٧٦، ٣٥٦).

ئیدی بەم جۆرە پاش ئەوەی میرنشینی بدلیسیش وەک میرنشینەکانی دیکەی کورد کەوتە ژێر دەستی عوسمانییەکانەوە و باری ئابووری بەجارێ گۆج بوو و شێوەی خەرج و باجی قورس و گرانی زۆر و زەوەند هێندەی دیکە بەسەرشانی گەلی کورددا دەسەپێندرا.

*** شێوەکانی خەرج و باج:** بدلیسی لە «شەرەفنامە»دا باسی ئەوەی نەکردووە کە لە میرنشینی بدلیس یا لە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا شێوەکانی خەرج و باج چۆن بوون و مڵکانە و زەوییانە و شتی دیکە چەند لە گوندی وەرگیراوە، بەڵام وێڕای ئەوەش چەند شێوە خەرج و باجێکی کە لە میرنشینی بدلیس و میرنشینەکانی دیکەی کوردەواریدا لەباو بوون برێ باس کردوون و لەوەش دوواوە کە چەند وەرگیراوە و ئێمە ئەم شێوە و داودەستووری باج سەندنە لە قانوونامەکەی ئوزوون حەسەندا دەبینین. جا لەمەڕا ئەو ئاکامە وەگیردەکەوێ کە یاسا و دەستوورێکی بۆ خەرج و باج سەندن لە وڵاتانی عێراق و فارس و ئازەربایجان و عوسمانیدا بەکار دەهێندران لە کوردستانیشدا هەر ئەو یاسا و دەستوورە بەکار هێندراوە.

بەپێی زانیاری سەرچاوەکان لە سەرەتای فەرمانڕەواییی ئاق قوێوونلووەکانەوە: واتە لە ساڵانی ١٤٧٠ـ ١٤٧٦دا قانوونامەکەی ئوزوون حەسەن ئامادە کرابوو (٦٤ـ ٤٤).

تەنیا لە ساڵی ١٤٩٨دا لە فەرمانی سیورغالێکدا[٢٦] کە بە میر ئەسفەندیار بەگی کوردی میری ئەگیل دراوە نێوی تا ٣١ جۆرە خەرج و باج نووسراوە.

بەتایبەت لە کتێبەکەی عومەر لوتفی باراکیدا کە بە ناوی «مافەکانی ئابووریی کشتوکاڵی و بنەڕەتە ماڵییەکانی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦دا» لە ١٩٤٧دا لە ئەستەمبووڵ بڵاو کراوەتەوە (١٣٠) لە بەراییی ئەو قانوونەوە کە لە ساڵی ١٥٤٠دا لەمەڕ دیاربەکر دەرکراوە

نووسـراوە: «تفصيل قـانون نامـهء ولايت دياربكر بموجب قانون حسن پادشا مقرر شـد». بە کوردییەکەی «وردە ریشـەکانی قانوونـنامـەی ویلایەتی دیاربەکر لەسەر بنەڕەتی قانوونی حەسەن پادشای دیاری کراوە».

بەم پێیـە هـەر لە سـێیەم چارەکە سـەدەی ١٥هەمـەوە هـەر جـۆرە قـانوونێکی فـەرمانڕەوایـیی ئاق قۆیوونـلووان کە لە خـاکی کوردسـتاندا فـەرمـانڕەوا بوون، دایناوە تەتبیـقکردنـی لە سـەرانسـەری هەمـوو خـاکی کوردسـتـاندا هیچ جێی گومـان و دوودڵی نییە، کەواتە لە میرنشـینی بدلیسیشدا کە ٢٩ سـاڵ سـەر بە ئاق قۆیوونلووان بووە، هـەر ئەو قانوونانە تەتبیق کراون.

هـەروەکـو لە پێـشــەوە گوتمان، هـەر لە پاش شـەڕی چاڵدێران ئەو خـەرج و باجـانەی، فـەرمـانڕەوایـیی عـوسـمـانی لە مـیرنـشـینـەکـانی کـوردەواریی خـڕ دەکردنەوە، سـەرلەبەر لە خەزێنەی دیاربەکر کۆ دەبووەوە. لەبەر ئەمە دەتوانین بڵـێین، هەر ئەو قـانـوونـنـامـەیە (قـانوونـنـامـەی خـەرج و باجـێ کە بۆ دیاربـەکر دەرکـرابوو) لە هـەمـوو مـیـرنشـینـەکانی کـوردەواریدا تەتبـیـق دەکـرا. شـکڵ و شـێوە و پێـوانـەی بڕێ خـەرج و باج، کە لە قـانوونـنامـەی ئۆزوون حەسـەنی ئاق قۆیونلوودا نووسراون لە لایـەن زاناکانی سـۆڤیـەتەوە کۆڵدراونەوە و زانستـانە ڕوون کراونەتەوە (٢٥، ١٦٠ـ ١٦٣،٣٣، ٣٩ـ ٤٩).

بدلیـسـی ئەم قـانوونـنـامـەیەی لـەگـەڵ خـەرج و باجی ڕابردووی سـەردەمی خۆیدا بەبەر یەکگرتوون، دەنووسێ: «حەسـەن بەگ پاتشـایەکی بەداد بوو[٢٧]. لەلایەن مـاڵ و سـامـان (دارایـیی خـەرج و باج ـ ش.م) لە خـەڵک وەرگـرتنەوە، قـانـوونێکی وای دانابوو، ئێـسـتـا لەم سـەروبـەندەشـدا، پادشـایەکی عـێـراق و فارس و ئازەربایجان هـەر لە سەری دەڕۆن (٧٦، ١٢٠).

نووسـیـاری «شـەرەفنامـە» حەسەن بەگی ئاق قۆیوونلووی بەفەرمـانڕەوایەکی بەداد لە قـەڵەم داوە و قـانـوونـنـامـەکـەشی لەبەر ئەوە پەسـەند کـردووە، چونکە دەوڵەتی عـوسـمـانی هـەر لـە سـەدەی ١٦هـەمـەوە خـەرج و باجێکی زۆر گـران و لەکێش بەدەری خستبووە سەر کوردستان. هـەر لەبەر ئەوەیشـە، کاتێ بدلیسی دێتـە سـەر بـاسی ئەو وڵاتـانەی، لەسـەر قـانوونـنـامـەکـەی ئۆزوون حـەسـەن

دەڕۆیشتن، کوردستانی نەخستووەتە ڕیزی ئەو وڵاتانەوە. نووسیاری «شەرەفنامە» کە ئەو سیاسەتە خراپەی کە عوسمانییەکان لە کوردستاندا دەیانگێڕا، بەئاشکرا نەنووسیوە، دیارە باسی ئەو هەموو خەرج و باجە گرانانەشی، بەئەندازەی پێویست و بەردڵ بگرێ نەنووسیوە و کارەکەی هەر بەوەندە بڕیوەتەوە، کە کەم و زۆریی خەرج و باجەکانی بەبەراورد پیشان داوە و هیچی تر.

ئەو خەرج و باجانەی لە میرنشینی بدلیسدا وەردەگیران ئەمانە بوون: تاغمە، خەراج، سەرانە (جزیە) و خەرج و باجی ئاین و بەندوباوی کۆن، باجی لەوەڕگە و ئێلاخان، باجی گەرمەسێر و قشلاخ و ئی دیکە.

*** تاغمە:** ئەو شمەکانەی سەنعاتکاران ڕەنێویان دەهێنا و بازرگانان لە بازاڕیان دەفرۆشت باجێکیان لەسەر وەردەگرت، پێیان دەگوت تاغمە (١٨، ١١٧ـ ١١٨) ئەم جۆرە باجە، ڕاستەوخۆ لە سەنعاتکاران وەرنەدەگیرا، لە فرۆشیاران وەردەگیرا. کەم و زۆریی پێوانەی ئەم باجە، چۆنێتیی شمەکەکان دیاریی دەکرد. مافوور و ڕایەخی چاک تەونکراو و شتی لەم جۆرە بابەتانە، زێتر باجی تاغمەیان لەسەر وەردەگیرا. بەم ڕەنگە، ئەم باج وەرگرتنە، لە سەرێکەوە دەبوو بە کۆسپ لە ڕێی بەرەو باشتر گەشەکردنی سەنعاتکاری و لە سەرێکی دیکەوە باری بژیو و گوزەرانی سەنعاتکارانی نالەبار دەکرد، چونکە ئاڵوێرچییەکان بۆ خۆ لە بارگرانیی خەرج و باج قوتارکردن، شمەکی وردە سەنعاتکارەکانیان بەهەرزانتر لێ دەکڕین و گوێیان بە چاک و خراپیی شمەکەکان نەدەدا.

لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦دا سەرچاوەی دەرامەتی ئەو شارانەی سەنعاتکارانی تێدا دەژیان، باجی تاغمە دەیهێنایە گۆڕێ. هەر لەبەر ئەوەش بوو، ئەو فەرمانڕەوایانەی کوردستانیان داگیر دەکرد، تەنیا بۆ وەرگرتنی باجی تاغمە کیفایەتیان دەکرد و بەس. بدلیسی دەنوسێ، ئەمیر تەیموور فەرمانڕەواییی عیزەدین شێری میری حەکاریی بەفەرمانێکی ڕەسمی قوبووڵ کرد و دەبوو

تاغمەی ئەو شارەی بە ئەمیر تەیموور دابا[٢٨] (٩١).

*** خەراج:** خەراج بە ئەسڵ باجی زەویوزارە (٤٤، ٢٦٢، ٣٦، ١١٩). هەرچی خاوەن زەویوزاری کشتوکاڵ بوون، لە موسڵمان و غەیری موسڵمان دەبوو ئەم باجە بدەن (٦، ٢١٠). بەو پێیە بدلیسی نووسیویە، لە ناوەندی سەدەی ١٦هەمدا کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی باجی خەراجیان لە غەیرە موسڵمانەکانی ناوچەی مووشیش وەرگرتووە (٧٦، ٣٥٦) هەرچی گونابادییە، دەڵێ باجی خەراج ئەوەبوو کە بۆ پاراستنی میرنشینی بدلیس دەدرا (١١٣، ٢٩٤).

بەمەدا ڕوون دەبێتەوە کە لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦دا باجی خەراجیش لە میرنشینی بدلیسدا باوبووە.

*** سەرانە (جزیە):** باجی سەرانە (جزیە) لەو ڕۆژەوەی عارەبەکان ئاینی ئیسلامەتییان بڵاوکردووەتەوە، دەستی پێ کردووە (٣٦، ١٢٥). واتە عارەبەکان هەر کەسێ ئاینی ئیسلامەتی قوبووڵ نەکردبا، باجێکیان بەناوی سەرانە (جزیە) لێ دەستاند.

بەپێی کتێبی «شەرەفنامە» لە سەدەی ١٦هەمدا هەرچی ناموسڵمان هەبوون لە میرنشینی بدلیسدا ساڵانە سەری ٧٠ ئاقچەی عوسمانییان باجی سەرانە لێ وەردەگرتن (٧٦، ٣٥٤). ئەحمەد ڕاسیم دەنووسێ، سەرانە (جزیە) نێوی باجێکی ئاینی و ڕەسمییە، لە عیساییەکان وەردەگیرا (٥٣، ٤٦٣).

وەک لە کتێبی «شەرەفنامە»دا نووسراوە، میرنشینی چەرمووک لە ساڵی ١٩١١دا سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو. ئەم میرنشینە بەمەرجێ درایەوە بە محەمەد ئەمین بەگی میراتگری پێشووی، هەر سەرانەیێک کە لە عیساییەکان وەردەگیرا بۆ خەزێنەی دیاربەکری بنێرن. بدلیسی دەنووسێ: ئەم بڕیارە کە سوڵتان سەلیم دابووی، سوڵتان سلێمان خانی غازی بابیشی تەسدیقی کرد[٢٩] (٧، ١٩١).

بەمـەدا بەدیاردەکەوێ، کـە سـەرانـە (جـزیە)یەکی لە سـەردەمـی خـیلافـەتی عەرەب (ئیسلامی ـ وەرگێڕ) مابووەوە لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦دا، لە بدلیسیش و لەو میرنشینە کوردەوارییانەدا کە غەیرە موسوڵمانیشیان تێدا دەژیان، باجی سەرانە وەرگرتن تەتبیق کراوە.

*** خـەرج و باجی ئاینی و بـەندوباوەکی:** ئەم شکڵ و شـێوەی خـەرج و باجی ئـاینـی و بـەنـدوبـاوەکـیـیـەی «شـەرەفـنـامـە» دیاردیی بۆ کـردوون نە لـە قـانوونـنـامـەکەی ئوزوون حـەسـەنی ئاق قـۆیـونـلوو و نە لە هیچ سـەرچاوەیەکی دیکەدا بەرچاو ناکەون، چونکە بدلیسی ئەم خـەرج و باجانەی لە کتێبەکەیدا، بەتێکڕایی، بـە سـەریەکەوە باس کردووە و، دەڵێ: «سـەبارەت بەوە کـە خـەڵکی بدلیس سـەر سنوورەکانی نێوان مـوسوڵمـانان و گاورەکانیان دەپاراست، شـا بەدەسـەڵاتەکـان لـە خـەرج و باجـی ئاینی و بـەندوباوەکـیی ئازاد کـردبوون» (٧٦٠، ٣٤٧).

بەلای ئێـمـەوە ئەم خـەرج و بـاجـە ئـاینـی و بەندوباوەکـییـە سـەرجـەمـی ئەو خـەرج و باجـانەبوو کـە بەنـاوی خـەرج و باجـێکی جـۆراوجـۆر و بڕێ دەسـەبەرایەتیی دیکەوە لە مـوسـڵـمـانان وەردەگـیـران. سـوورانـە و جـێـژنـانـە و نەورۆزانە و هـێندێکی دیکە نموونەی ئـەم باجـانە بوون و لـە سـەدەکـانی ١٥ـ ١٦دا بە پێی قانوونـنـامەکەی حـەسـەن بەگی ئاق قۆیونلوو، لـە زەحمەتکێشـانی شـارەکان وەردەگیران.

*** پاوانانە (پاوەنانە):** سـەردەمـانی زوو، ئەو زۆزانانەی (کـوێسـتـان ـ ئێـلاخ ـ وەرگـێـڕ)ی بـەپاوان دانـرابوون، هـەر تیـرە و هـۆزێ لە نـاوچە و هـەرێمـە دووردەستەکانەوە بۆ ئەم زۆزانانە هـاتبا، دەبوا لە بـری هـەر (٣٠٠) سـەرمـەڕ، مـەڕێ بـەنـاوی بـاجـی پـاوانـانـەوە بـدا (٧٦، ٣٠٧) هـەرچـی خـاوەن پـەزی نیـشـتـەنیی ئـەو ناوچانـە بوون لەم بـاجـە ئازادبـوون. بەو پێـیـە کـتـێـبی «شـەرەفنامـە» نووسـیوویە لە سـەرەتای سەدەی ١٦هـەمدا هـۆزی مـەحـموودیی

کوردیش کە بەدەسـێنی و هانەهانەی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر وڵاتی ئازەربایجانیاندا دەدا و تالان و بڕۆیان دەکرد، بەفەرمانی سوڵتان سولەیمانی غازی لە باجی پاوەنانە ئازاد کرابوون (٧٦، ٣٠٧). «شەرەفنامە» نووسیویە، ئەم باجە بۆ مەودایەکی دوورودرێژ تەتبیق کراوە.

* **گەرمەسێرانە (قشلاخانە):** لە ناوەندی سەدەکانی ١٥ـ ١٦هەمدا ئەم باجی گرمەسێرانەیە، وەک لە قانوونامەکەی ئوزوون حەسەنی ئاق قۆیونلوودا نووسراوە، لە میرنشینی بدلیسیش بەڕێوە دەبرا. ئەم باجە لەوان کەسان وەردەگیرا، کە هەریەکە لە ناوچەیەکەوە پەزیان بۆ گەرمەسێرەکان دەهێنا و دەبوو لە هەر دە سەرمەڕ، مەڕێ باجی گەرمەسێرانە بدا.

بەم جۆرە لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦هەمدا، جگە لەو خەرج و باجانەی، نێویان لە کتێبی «شەرەفنامە»دا هاتووە، هیچ دوور نییە چەند جۆرە باجێکی دیکەش، لەوانی لە قانوونامەکەی ئوزوون حەسەن ئاق قۆیونلوودا نووسراون، بەکارهاتبن. لە بەراییی سەدەی ١٦هەمدا باجی تامغەی لە ئیلخانییەکان بە میرات ماوە لەو میرنشینە کوردەوارییانەی لە خاکی ئازەربایجان و ئێرانی دراوسێی کوردستاندا بوون، بەتاڵ کرایەوە (٧٨، ٢٢٦).

شا تاماسپی یەکەم باییی ٣٠ هەزار تمەنی باجی تاغمەی بەخەڵکەکە بەخشی، کەچی هەر لەو سەردەمەدا باری میرنشینە کوردەوارییەکانی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی تا بڵێی نالەبار و گران بوو. لەو میرنشینانەدا نەک هەر خەرج و باجی لەکێش بەدەری سەدەکانی نێوەند بەتاڵ نەکرابوونەوە، سەربار، خەرج و باجی نوێیشیان وەسەر خرابوون. بەپێی نووسیارە تورکەکان، لە دوادوای سەدەی ١٦هەمدا دەوڵەتی عوسمانی سەری ٤٠ ـ ٦٠ ئاقچەی بەناوی باجی ئاوڕێژانە (باجی ماڵانە) و لە هەردوو سەرمەڕ ئاقچەیێکی (مەڕانە) دەستاند (٥٣، ٤٤٨). جا بەمەدا بەدیار دەکەوێ کە باجی سەرانە (جزیە) کە لە پێشان لە غەیرە موسوڵمانان وەردەگیرا، لە پاشان لە هەموو خەڵکی میرنشینەکانی کوردەواری وەرگیراوە.

بەپێی ڕێککەوتنێ کـە لـە سـاڵی ١٥٦١دا لە نێـوان مـیـرانی کـورد و حوکوومـەتی عوسمـانیدا بڕیار دراوە خەرج و باج و باربوو و پیتـاکی شـەڕیش لە ئەسـتۆی خەڵکی کوردسـتـان بووە. جگە لەمـەیش هەمـوو میرنشـینێ دەبوو خـەرج و باجـێکی زۆروزەوەندیشـی بۆ خـەزێنـەی دیاربەکـر وەڕێ خـسـتـبـا. بدلیسـی دەڵێ: جگـە لەو خـەراجـەی کە لە چوار هەزار عیسـایی وەردەگیرا و بێـجگە لە خـەرج و باجی مـوڵکی وەقف، هەر خـەرج و باجی ناوچەی مـووش بەتەنیا، بەرابەر بە ٣٢٤، ٥٣٣، ١ ئاقچەی عوسـمـانی بوو (٧٦، ٣٥٤، ٣٥٥). هەروەها خـەرج و باجی ناوچەی خنۆسـیـشـی هێندەی خەرج و باجـی مـووش نووسیوە (٢٧٦، ٣٥٥).

کاتب چەلەبی دەڵێ، لە سـەردەمی بنەمـاڵەی عـوسـمـانیـدا، بەپێی دەفتـەری خەرج و بـاج، خـەرج و باجی مـیـرنشـینی مووش ١٥ هـەزار دینار بوو (١٠٣، ٤١٥).

چ بدلیـسی و چ کـاتب چەلەبی خـەرج و باجی مـووشـیـان لەگـەڵ خـەرج و باجی سـەردەمی جـەنگیز خـاندا کـە حـەمـدوڵڵای موسـتـەفی نووسـیـویە، بە بەراوردەوە دیاری کردووە و نووسـیویانە، بەڵام بدلیسـی ڕاستی نووسـیوە و کـاتب چەلـەبی هاتووە، ئەوەی حـەمـدوڵڵای مـوسـتـەوفی نووسـیـویە هـەڵی گێڕاوەتەوە و شێواندوویە (٦٣، ١٢٩، ٧٦، ٣٥٤).

بەپێی «شـەرەفنامـە» لە دوادوای سـەدەی ١٦هەمدا حـوکوومـەتی عوسـمـانی مـیـرنشـینی حەکـاری بە ١٠٠ هـەزار فلۆرین، جارێکی دیکـە بۆ زەکەریا بەگی میراتگری ڕاستەقانیی ئەو میرنشینە گەڕاندووەتەوە (٧٦، ١٠٤).

جا بەم پێیە ئەو خەرج و باج و ئەرکی شەڕوشۆڕەی، کە دەوڵەتی عوسمـانی خـسـتـبـوویە ئەسـتـۆی مـیـرنشـینەکانی کـوردەواری بارودۆخی مـادیی ژیانی نەتەوەی کوردی بەجارێ سەخت و دژوار دەکرد و ئابووریی وڵاتەکەی بەجارێ بەرباد دەکـرد. تورکـەکـان کـە سـوودیان لەم بارودۆخـە وەردەگـرت، لە سـەدەی ١٧هەمـدا کـوردسـتـانیـان بە ویلایەت ناودەبرد، بـەڵام لە پاشان وشـەی کـورد و کوردستانیان بەجارێ سڕییەوە و نێویانـنان تورکی چیا (٢٣ ، ٧٤).

* **سەنعاتکاری و بازرگانی:** بەگوێرەی سەرچاوەکانی سەدەکانی ١٥– ١٦هەم میرنشینی بەدلیس بەمەڵبەندی سەنعاتکاری و بازرگانی لە قەڵەم دراوە (٤١ ، ٤٤). بەپێی کتێبی ( شەرەفنامە) ویلایەتی بدلیس، جگە لە بازرگانانی ئازەربایجانی و ئێرانی و ئەرمەنی، بازرگانی ڕووس و چین و بوڵگار و هیندیشی لێ هەبوون[٣٠] (٧٦ ، ٣٣٩).

لەم سەردەمەدا میرنشینی بدلیس کارخانە و دووکانێکی زۆری سەنعاتکاری و پیشەکاریی جۆربەجۆری لێ هەبووە. بدلیسی لە «شەرەفنامە»دا ژمارەی ئەم کارخانە و دووکانانەی نزیکەی ٨٠٠ کارخانە و دووکان نووسیون. جگە لەمانە، میرنشینی بدلیس لە دوادوای سەدەی ١٦هەم تا ١٠٠ دووکانی دوو دەرگای گەورە گەورە و کارخانەی چەرمکاری و ژمارەیەکی زۆری خانووبەرەی کۆمەڵەکیی تێدا ڕۆنراون.

بێجگە لەم کارخانانە و دووکانانەی باسمان کردن، ژمارەیەکی زۆر وردە سەنعاتکار و وردە پیشەکار لە ماڵانیشدا هەبوون، کە زۆربەیان ژن بوون. ئەم ژنانە تەشیرێس و تەونکەر و وەستای نەخش و نیگاری تەڕدەستی چاکیان تێدا هەبوون، هەر لەبەر ئەمیشە کە بنەڕەتی سەنعاتکاری لە سەدەکانی ١٥– ١٦هەمدا لە بدلیس تەونکاری و چەرمکاری بووە و مافوور و ڕایەخ و شتی لە چەرم دروست کراوی زۆرنایابی لێ ساز کراون. جگە لەمانە کارخانەی وای تێدا بووە، کاریان ئەوەبووە، کەرەستەی خوری و چەرمیان بۆ کارگەچێتی و پێڵاو دروستکردن ساز کردووە.

لە میرنشینی بدلیس وەستای چەکسازیی جۆراوجۆر هەبوون. لە نێزە، لە مەرتاڵ، لەپەیژەی بەدیوار و بورج و بارووی قەڵادا سەرکەوتن – ئەمانەیان هەموو دروست دەکرد، لە سەدەی ١٥هەمدا یەکێ لە وەستا تەڕەدەستەکانی پەیژە دروستکردن کە نێوی ئەبوبەکر ئاغای بایەکی بووە (بایەکی نێوی هۆزە)، بدلیسی لە «شەرەفنامە»دا بەتایبەکارییەوەی نێو بردووە(٧٦ ، ٣٩٨).

لە سەدەی ١٥–١٦هەمدا، ئەو شمەکانەی لە میرنشینی بدلیس، لەمەرتاڵ

دروست دەکران کەم نەبوون.

لەم میرنشینەدا شتومەکی بابەتی ڕازاندنەوەی لە مەرتاڵی ڕەنگاوڕەنگ دروستکراو، کەمەرەی زیو، تۆقەی سەر و زۆر شتی دیکە دروست دەکران.

لەمەڕا ئەوەمان بۆ بەدیار دەکەوێ، کە لە سەدەکانی ١٥-١٦دا سەنعاتکاریی میرنشینی بدلیس بەڕادەیێ گەیشتووە کە وەستایان توانیویانە لە کەرستەی مەرتاڵی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەش بۆ دروستکردنی زۆر شت کەڵک وەربگرن، لە بدلیس وەستای تەڕەدەستی سندووقی شەترەنج و قوتووی جگەرە و سنووقچەی جوان و نایاب هەبوون. هەروەها دەفر و ئامانی هەمەجۆری سواڵەتیش لە باو بوو.

بەرەوپێش گۆڕانی خوریکاری و ئاوریشمکاری لە میرنشینی بدلیسدا تا دەهات کاری لە فرەوانکردنەوەی مەیدانی سەنعاتەکانی ئەو سەردەمە دەکرد و ئەو شمەک و کەلوپەلانەی سەنعاتکارانی بدلیس ڕەنێویان دەهێنا پێداویستە بنەڕەتەکانی خەڵکیان بە تێروتەسەلییەوە پڕ دەکردەوە. ئەدی ئەوە نییە بازیل نیکیتین ـ دەم خۆش ـ شاری بدلیسی، بەشاری سەنعاتکاری لە قەڵەم داوە (٢٣، ١١٣).

* **بازرگانی:** لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦هەمدا لە میرنشینی بدلیس شتی بابەتی سەنعاتکاری و کەرستەی خاویشی کە بۆ هەندەران دەنێردران، تێدا ئامادە کران. خەڵکی بدلیس چەرم و پێستە و مافوور و خوری و بەڕوو و ڕۆن و پەنیر و شتی دیکەی لەم جۆرە بابەتانەیان بە بازرگانانی هەندەران دەفرۆشت و چەک و پارچەی نایاب و شمەکی ڕازاندنەوەیان لێ دەکڕین.

لە میرنشینی بدلیسدا، وەک هەموو میرنشینە کوردەوارییەکانی دیکە، بازاڕ، هەموو ساڵێ لە وەرزی پایزدا دادەندرا، چونکە ئەم وەرزە، دەکەوتە جەنگەی لە کوێستان گەڕانەوەی خێڵ و هۆزە ڕەوەندەکانی کورد و بازاڕی کڕین و فرۆتن تەواو گەرم دەبوو، هەر لەم وەرزەدا بازرگانانی هەندەران شمەک و کەلوپەلی فرۆتەنییان دەهێنایە بازاڕی بدلیسێ و ئەوانیش

پێداویستی خۆیان لە خەڵکی بدلیس دەکڕی. کڕین و فرۆتن لەم سەردەمەدا بە شمەک گۆڕینەوە بوو. ئەمەیش بۆ بازرگانانی هەندەران زۆر لە بار و لەباو بوو. چونکە شمەک و کەلوپەلەکانی خۆیانیان بە گران، بە خەڵکی بدلیس دەفرۆشت و شمەکی خەڵکەکەیان بە هەرزان لێ دەکڕین. بەو پێیەی کتێبی «شەرەفنامە» لەمەڕ پارە و دراوی ئیتاڵیایی و عێراقی ئیرانی وعوسمانی دەدوێ، وا دیارە بازرگانی ئەم سەردەمە لە میرنشینی بدلیسدا، تەنیا هەر بە شمەک گۆڕینەوە نەبووە و شمەک بەپارە و پوولی جۆراوجۆر کڕینیش لە باو بووە.

لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦هەمدا نەمیرنشینی بدلیس و نەمیرنشینەکانی دیکەی کوردەواری دەستووری بە تاکە پارەیێ سەودا و مامەڵەکردنی بەخۆیانەوە نەدیووە و نەبووە. ئەمیش لەبەر ئەوەیە کە کوردستان دەوڵەتێکی یەکگرتووی مەرکەزی نەبووە و بازرگانی کڕین و فرۆتن هەمیشە بەشمەک گۆڕینەوە بووە و بەس. هەر سەبارەت بەمە بووە کە پارەی ئیران و عێراق[٣١] لە بازاڕی بدلیسدا دەوری گەورەی گێڕاوە.

لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦هەمدا بازرگانانی میرنشینی بدلیسیش شمەک و کوتاڵی خۆیان بۆ بازرگانانی هەندەران دەنارد، بازرگانانی میرنشینی بدلیس زێتر ئاڵوویریان لەگەڵ ئیران و تورکیا و سوریا و میسر و عێراقدا دەکرد.

لە «مونشەئاتی سەلاتین»دا لە بارەی بازرگانێکی خەڵکی بدلیسەوە، کە لە سەدەی ١٥هەمدا بەنیازی ئاڵوێرەوە بۆ تەورێز چووە، نامەیەکی سەرنج بزوێن بەرچاو دەکەوێ. ئەم نامەیە لە محەمەد بەگی میری بدلیسەوە بۆ سوڵتان محەمەد فاتیح نووسراوە. لە نامەکەدا گوتراوە: «یەکێ لە جێ بڕواکانی وڵاتی ئێمە، کە ناوی خوا لێخۆشبوو سەید بەهائودینە، بەنیازی بازرگانییەوە بۆ ئەو وڵاتە (تەورێز – ش.م.) نێردراوە، ئەو پیاوە هەرکە گەیشتووەتە تەورێز لەوێ ئەمری خوای کردووە. کاربەدەستانی دەوڵەت، لە تەورێز بێ ئەوەی لە بنج و بناوانی کارەکە، بکۆڵنەوە، بەبێ خاوەن و میراتگر لە قەڵەم داوە و ٨ خەروار ئاوریشمی پەتییان لێ بەسەر گرتووە. وامان

داوخوازە، لە بارەی بەش پێبڕانی ئەم زاتەوە، سەرەنجامێکمان پێ بفەرموون (٩٨ ، ٣١٩).

سەبارەت بەوە کە سوڵتان محەمەد فاتیحی سوڵتانی عوسمانی تازە قەڵای ئەستەمبووڵی گرتبوو، لە دنیای ئیسلامەتیدا ڕێزێکی لێ دەنرا، دیارە محەمەد بەگی میری بدلیسیش ئەمەی ڕەچاو کردووە، بۆیە ئەو نامەیەی بۆ ناردووە (ش. م) وەگەر نە ئەو حەلە (تەورێز) ژێر دەستی ئاق قۆیونلوو بوو، بدلیسیش سەربەخۆ بوو هێشتا ئاق قۆیولوو هێرشیان پێ نەبردبوو (م.ج).

لە سەرەتاکانی سەدەی ١٦هەمدا (صادرات)ی میرنشینی بدلیس، بەتێکڕایی لەگەڵ هات (واردات)یدا سەربەسەر ڕادەوەستا، بەڵام لە پاش یەکەم دابەشکردنی کوردستان، ئەم سەربەسەر ڕاوەستان و هاوتاییە لاسەنگ بوو و تێک چوو. هەروەکو هەموو میرنشینە کوردەوارییەکانی دیکە، میرنشینی بدلیسیش سەنعات و بازرگانی و مەیدانەکانی دیکەی دەرامەتی میرنشینی بدلیس بوون بە پاشکۆی بەرژەوەندی حکوومەتی عوسمانی و قازانجی ئەم حکوومەتە لەوەدا بوو بزاوتی ئابووریی بەو بارەدا بلەنگێ.

ئیدی سەربەنی بازرگانیی هەندەران و ناوخۆ لە دەست بازرگانانی کورد دەرچوو و کەوتە دەستی بازرگانانی عوسمانی و ئەوان دەوری سەرەکییان تێدا دەگێڕا.

لە دوادوای سەدەی ١٦هەمدا لە ملێۆن و نیوێ پتر مەڕ و مالات لە کوردستانەوە بۆ ئەستەمبووڵ ڕەوانە کراوە (٢٣ ، ١١٥). بەم جۆرە لە دوادوای سەدەی ١٥هەم و سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا، کە خوری و ئاوریشم و مافوور و چەرم و تووتن و زۆر شتی دیکە بڕبڕەی پشتی شاندەی کوردستان و میرنشینی بدلیسیش بوون، لە ناوەندی سەدەی ١٦هەمەوە جڵەویان کەوتووەتە دەستی دەوڵەتی عوسمانی. ژان باتێست تاڤێرنێ لە «گەشتنامە»کەیدا کە باسی مەیدانی ئەم بازرگانییە سەرەکییە دەکا، دەڵێ: «خێروبێری ئەم بازرگانییە فرەوان و بەربڵاوە هەمووی دەچێتە گیرفانی دەوڵەتی عوسمانییەوە» (٧٣ ، ٢٨٧).

لە سەدەکانی ١٥ ـ ١٦هەمدا میرنشینی بدلیس وەک لە زۆر ڕووەوە پێش کەوتبوو، هەروەها لە ڕووی شارستانیشەوە، لە چاو میرنشینە کوردەوارییەکانی دیکە، لەپێش هەمووانەوە بوو.

*** ڕۆشنبیری و شارستانێتی:** لە میرنشینی بدلیس کۆمەڵێ زۆر لە پیاوانی زانا و ڕۆشنبیر و مەلای چاک پێ گەییوون، یەکێ لەمانەی مەولانا عەبدوڕەحیمی بدلیسییە کە کتێبێکی لەسەر زانستەکانی مەنتیق داناوە و ناوی بەتایبەتی لە کتێبی «شەرەفنامە»دا هاتووە. بدلیسی دەڵێ: «ئەم شەخسە، سەبارەت بەوە کە لە خوێندنەوە و نووسین مەنتقیدا زۆر ورد بووە لە ناو مەلا و زانایانی سەردەمی خۆیدا زۆر بەناوبانگ بووە ». (٧٦ , ٣٤٢).

زانایەکی دیکەی بدلیس کە لە زانستی شەرع و حەدیسدا ئێکجار زەبردەست بووە و ناوبانگی زۆری ڕۆیشتووە «مەولانا محەمەدی بەرگەلییە» (بەرقەلعی م.ج) ئەم زاتە کتێبێکی زۆری لە بارەی ئەم زانستانەوە داناوە.

هەروەها لە ڕیزی زانا بەناوبانگەکانی بدلیسدا ناوی پیر شێخ نەجمەدین زۆر بەتایبەکارییەوە نووسراوە و باسی کراوە. حاجی زەینولعابدین دەڵێ: «ویلایەتی بدلیس مەلا و زانای گەورە گەورەی زۆری تێدا هەڵکەوتوون، (٥٨، ١٤٢) و لەمانە ناوی شێخ عومەری[٣٢] کە لە بنەماڵەی شێخ نەجمەدینە، بەتایبەتییەوە نووسیوە.

لە ناو زانا گەورە گەورەکانی بدلیسدا پێویستە ناوی مەولانا حوسامەدین بدلیسی و مەولانا ئیدریسی بدلیسی[٣٣] (کوڕی ـ م.ج) کە لە دوادوای سەدەی ١٥هەم و سەرەتای ١٦هەمدا ژیاوە، مێژوونووس و شاعیر و نووسیاری بەنامێی سەردەمی خۆی بووە. ئەم زاتە نەک هەر زانا و شاعیر و مێژوونووسی سەروبەندی خۆی بووە، بگرە کارمەندێکی دەسڕۆی دەوڵەت و سیاسەتمەدارێکی بلیمەتیش بووە. مەولانا ئیدریسی بدلیسی سەردەمانێ لەبارەگای ئاق قۆیونلووەکاندا و چەنانێکیش لە دەربارەی عوسمانیەکاندا کاری گەورە گەورەی بەدەست بووە. ئەم پیاوە بڕی کتێبیشی نووسیوە.

«کتێبی هشت بهشت»ی کە ٨٠ هەزار دێرە شیعرە لەمەڕ قانوون و یاساکانی بنەماڵەی عوسمانییەوە نووسیوە. بەپێی «شەرەفنامە» مەولانا ئیدریسی بدلیسی، کتێبەکەی بۆیە بە «هشت بهشت» نێوناوە، چونکە باسی قانوون و یاسا و مێژووی هەشت سوڵتانی عوسمانیی بە شیعر لەو کتێبەدا نووسیووە (٧٦، ٣٤٣).

ئەبولفەزڵ ئەفەندی کوڕی مەولانا ئیدریسی بدلیسیش، زانا و ڕۆشەنبیری سەردەمی خۆیەتی، ئەبوڵفەزڵ لە بارەگای سوڵتاندا کاری گەورە گەورەی بەدەست بووە ولە نیوەی دووەمی سەدەی ١٦هەمدا مردووە.

لەناو زانا و ڕۆشەنبیرانی میرنشینی بدلیسی سەدەی ١٦هەمدا نێوی خاوەنی کتێبی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی و محەمەد جان ئەفەندی هاوچەرخی وی دەبێ زۆر بەتایبەکارییەوە بنووسرێ.

لە کتێبی «شەرەفنامە»دا سەید حوسەینی ئەخلاتی کە یەکێ لە زانا گەورەکانی ئەخلاتە زۆر بەتایبەتی ناوی هاتووە. ئەم زانایە لە زانستی ستێرناسی و ڕیازیاتدا یەکێ لە زانا هەرە بەنامێیەکانی سەردەمی خۆی بووە.

بەپێی کتێبی «شەرەفنامە» کاتێ هۆلاکۆخان ڕووانگە (ڕەسەد خانەکە)ی مەراغەی ڕۆناوە، مەلا محەمەدی ئەخلاتیی بۆ یاریدەدانی نەسیرەدینی تووسی بانگ کردووە و ئەویش بەوپەڕی لێوەشاوەییەوە ئەو کارەی لەگەڵ تووسیدا ئەنجام داوە (٧٦، ٣٥٢) بەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە، زانا و ڕۆشنبیری وا گەورە گەورە و زبرەدەست کاری گەورەیان لە شارستانێتیی میرنشینی بدلیسدا کردووە، بەتایبەت برێ لەو دامودەزگای ڕۆشنبیری و فێرگانەی کە لە سەدەکانی ١٥ ـ ١٦هەمدا لە میرنشینی بدلیس دروست کراون جارێکی دی ئەم ڕاستییە دەچەسپێنێ. هەر لە ساڵی ١٤٠٧ەوە وەک «شەرەفنامە» نووسیویە، نەخۆشخانییەکی گەورە و میوانخانییەکی فراوان و چەند خانوومانێکی حەوانەوەی کۆمەڵەکی لە میرنشینی بدلیسدا دروست کراون (٧٦، ٣٨٠).

له ساڵی ١٤٤٤دا حاجی محەمەدی میری بدلیس مزگەوتێک و فێرگەیەکی بە ساڵێ دروست کردووە و دەسبەجێ سوودی لێ بینراوە. لە بدلیس ٨ گەرماو و ٤ مزگەوت و پتر لە ٢٠ پردی بەرد هەبوو.

لە سالانی ١٥٢ـ ١٥٢٥دا شەرەفخانی میری بدلیس، جگە لە چەند خانوومانێکی جێ حەوانەوەی کۆمەڵەکی، فێرگەیەکی بەناوی (شەرەفییە) و خێراتخانەیەکی دروست کردووە و خەڵک سوودیان لێ بینیوون. جگە لەمانە لە شاری بدلیس ٥ فێرگە لەلایەن شەرەفخانی نووسیاری کتێبی «شەرەفنامە»وە لە گەڕەکی «شەمسییە» بەناوی «خەتیبییە» و «حاجی بەگییە» و «ئیدریسییە» و «ئیخلاسییە»وە دروست کراون و لە ساڵی ١٥٩١دا سوودیان لێ بینراوە. بدلیسی دەڵێ ئەم فێرگانە کە ئێستا پڕن لە فەقێ و شاگرد بەدەست مەلا و زاناکانەوەن (٧٦ ,٣٤٧).

بەو پێیە کتێبی «شەرەفنامە» باسی دەکا، فێرگەی «شەرەفییە» مەولانە خدر بەگ بابانی و فێرگەی «ئیخلاسییە» شەمسەدین مەولانە محەمەد شەرانشی و فێرگەی «ئیدریسییە» مەولانا مەلا عەبدوڵڵا بە مەلای ڕەش ناوبانگی ڕۆیشتوو و بڕێ فێرگەی دیکە مەلا و زانایانی بدلیس بەڕێوەیان دەبردن (٧٦، ٣٤٨، ١٠٣، ٤١٤).

هەروەها بە گوێرەی ئەوەی لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە لە سەرەتاکانی سەدەی ١٦هەمدا شاری بدلیس ٥٠٠ فەقێ و مەلا و زانای تێدا بوون (٧٦ ,٣٤٥). بەرنامەی خوێندن، دەرزەکانی ئاین، مەنتیق و فیقه و جەفر و ستێرناسی و مێژووی بڕبڕەی پشتی خوێندن بوون.

لە میرنشینی بدلیسدا هونەرە جوانەکانی وەکو مۆسیقا و نیگارکێشی و شاعیری و خۆشنووسی زۆر بڵاونەبووبوونەوە. بدلیسی دەڵێ «زانایانی کورد لە شاعیری و پەسنوێژی و خۆشنووسیدا کە کلیلی لە شا و سوڵتان نزیک کەوتنەوە و پلە و پایەی بڵیند وەدەست هێنان بوون، خاوەن بەهرەی بەرز نەبوون » (٧٦ ,١٥).

کاتب چەلەبی دەڵێ، کورد زانای چاکیان لێ هەڵکەوتوون، بەڵام لە

خـۆشنووسی و شـاعـیـرێتی و ئینشـانووسی بێ بەهـرەبوون (١٠٣ ، ١٤٩). کتێبی «شەرەفنامە»یش هەر لەم بارەوە بێدەنگە و هیچی نەنووسیوە.

لە سـەدەکـانی ١٥ـ ١٦هەمـدا زانای پێـشکەوتووی خـاوەن کـتـێـبخـانەی شـەخسی کە بەتەدریسات و دەرزگوتنەوەوە خەریک بوون، کەم نەبوون. هەر لەبەر ئەمەیە کە میرنشینی بدلیس لە سەدەکانی ١٥ـ ١٦هەمدا لە کوردستان بەمەڵبەندی سەنعات و بازرگانی و ڕۆشنبیری و لەقەڵەم دەدرا. میرنشینی بدلیس ئەم هەلومەرجەی خۆی تا ناوەندی سەدەی ١٧هەمیش لە دەستدرێژیی عوسمانی پاراستووە، بەڵام لە ساڵی ١٦٣٩دا دابەشکردنی کوردستان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێرانیدا بۆ دووەم جار، بوو بە ڕەسمی، بەڵام پاشان وشار و شالاوی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر میرنشینەکانی کورد زیادی کرد. ئەبداڵ خانی میری بدلیس بۆ پاراستنی میرنشینەکەی لەم مەترسییە دیاری و بەراتێکی زۆری بۆ بارەگای عوسمانی ناردووە، بەڵام هیچی لێ شین نەبووە. ئەحمەد پاشای والیی وان بەیارمەتیی کوردەکانی هۆزی مەحموودییەوە شالاوی بۆ سەر بدلیس برد و هەرچی لە ماڵ و موڵکی ئەبداڵ بەردەس کەوت، لەگەڵ کتێبخانەکەیدا، سەرلەبەری بەتالان برد. ئەولیا چەلەبی دەڵێ: «کتێبخانەکەی چوار هەزار نوسخەی کتێبی بەنرخ و نایاب و دەسنووسی تێدا هەبوو. ئەم کتێبانە زۆربەیان بەنەخش و نیگاری جوانەوە لە بەرگ گیرابوون «٤٨ ، ١١٩». بەو پێیە ئەولیا چەلەبی نووسیویە، لە کتێبخانەکەی ئەبداڵ خاندا ٧٦ نوسخە کتێبی عەرەبی و فارسی کە بەدەستخەتی ئەبداڵ خان، خۆی نووسرابوون و ١٠٥ نامیلکەی تێدا بووە. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئاسۆی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و شارستانێتی لە سەدەکانی دوایی مێژووی میرنشینی بدلیسدا زۆر بەرەو پێش گۆڕاوە، بەڵام دەست تێوەردان و خۆ تێ هەڵقوتاندنی دەوڵەتی عوسمانی نەیهێشت فراژوو ببێ و تەرز باوێ.

شیاوی باسکردنە، مێژووی میرنشینی بدلیسیش هەر وەک مێژووی میرنشینە کوردەوارییەکانی دیکە، مێژووی لە دژ بیانی و نەیاران ڕاپەڕین و

خەباتی بێ پشوو بووە. چ گومان لەوەدا نییە کە ئەم ڕووداوانە پێشکەوتنی ئابووری و شارستانێتیی میرنشینی بدلیسیش، بەدەردی میرنشینەکانی دیکەی کورد شەل و گۆج دەکرد و دەبوو بە کۆسپ و هەڵەمووت لە پێش بەرەوپێش گۆڕانێکی سەربەخۆی ئەم میرنشینە. بەڵام ئەو سیاسەتەی فەرمانڕەوایەکانی بدلیس لەسەری دەڕۆیشتن، لە بنەڕەتدا پڕ بەپێستی بارودۆخی تایبەت و خواستەکانی ئەو سەردەمە بوو. تەنیا هەر لەبەر ئەمەیشە کە ئەو فەرمانڕەوایانە بۆ چەند سەردەمێ توانیویانە، مافی پشتاوپشت بۆ بەجێماو و سەربەخۆییی میرنشینەکە و هاوهۆز هاوعەشیرەتەکانی خۆیان بپارێزن.

بەدەم شیکردنەوەی مێژووی میرنشینی بدلیسەوە بەو ئاکامە دەگەین کە هەرچی داودەستووری قورس و گرانی چەوسانەوە هەیە لەلایەن بیانییەوە بەسەر نەتەوەی کورددا سەپێندراوە. ئەو داودەستووری خەرج و باجانەی نەجیوزادەکانی کورد، خۆیان لە میرنشینەکەدا بەسەر خەڵکیاندا سەپاندبوو، ئێکجار بەو ڕادەیە قورس و لەکێش بەدەرنەبوو. هەر لەبەر ئەمەیە کە تیرە و هۆزەکانی کورد نەک هەر لە دژ نەجیوزادەکانی خۆیان ڕانەدەپەڕین، بگرە لە دژ دەستدرێژیی بیانیشیان پاراستوون و شەڕیشیان بۆ کردوون. هۆیەکی دیکەی ئەمە ئەوەیە کە هۆز و خێڵەکانی کورد وەزیفەی میراتییان کە بەمیرات دەگیرا، بەکارێکی لە دەسەڵاتبەدەر (احکام خارجی - خودایی) دەزانی و ڕێز لە میر و نەجیوزادە گرتن قاڵبی پەرستنی گرتبوو و سەرپێچی لێکردنی بەناخودایی دەزاندرا.

لە مێژووی کورد ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە، سەرەک هۆز تەئسیرێکی ڕۆحیی گەورەی لە دڵ و دەروونی خەڵکی وڵاتەکەدا هەبووە، هەر کە سەرەک هۆزی زێد و نیشتمانی خۆی بەجێ هێشتبا، سەرلەبەری ئەفرادی هۆزەکەی لەگەڵیدا کۆچیان دەکرد و دەڕۆیشتن. «شەرەفنامە» دەڵێ، سەیەد حوسەین ئەخلاتی هەر کە پێش وەخت سۆسەی شاڵاوهێنانی جەنگیز خانی کرد، وڵاتی بەجێ هێشت و چوو بۆ میسر و ١٢ هەزار کەسی لە هۆزەکەی بەگەڵ کەوتن و

ئەوانیش چوون بۆ میسر، بدلیسی دەنووسێ: «تا ئێستایش لە میسر گەڕەکێکی گەورە بەناوی ئەخلاتییەکانەوە هەیە» (٧٦، ٣٥٢).

وەختی خۆی ١٥ هەزار کەس لە هۆزی پازۆکی کە لە خزمەتی شا عەباسی یەکەمدا کاریان دەکرد، لەگەڵ سەرەکەکانیاندا کۆچیان کردووە بۆ شارۆکەی وەرامین (٧٠، ٣٢٥).

لەمەیش وا بەدیاردەکەوێ کە بۆ وڵاتانی بیانی کۆچکردنی تیرە و هۆزی کورد، تەنیا هەر لە سۆنگەی سەرسنوور و کەوشەن پاراستن و ڕەهەنە و سورگون کرانەوە نەکەوتووەتەوە بگرە جاری وا هەبووە سەرەک هۆزەکە خۆی وڵاتەکەی خۆی بەجێ هێشتووە و بۆ وڵاتێکی دیکە کۆچی کردووە.

وەک لە سەرچاوەکان ڕا بە دیاردەکەوێ زۆربەی مەلا و زانایانی کوردستان، بە تایبەت لەوانی میرنشینی بدلیس، لە وڵاتی خۆیان کۆچیان کردووە و لە بارەگا و دەرباری پادشا و سوڵتانەکانی وڵاتانی لەچاو کوردستان پێشکەوتووتری وەک ئێران و ئازەربایجان و تورکیا و عەرەبستاندا کاریان کردووە (٧٦، ٣٤٢، ٣٤٤، ٤٧، ١٤١).

ئەم بارودۆخەی کە بەدرێژاییی چەندین سەدە لە خاکی کوردستاندا پێوە چووە و درێژەی کێشاوە، دەبێ بەهۆیەکی دیکەی کەم و کورکردنی هێز و توانی مرۆ لە قەڵەم بدرێ.

ئیدی بەم ئاوایە، هیوادارین بەم لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیەی ئەنجاممان داون، کەم و زۆر ئاوڕێکمان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵەکی و سەنعاتکاری و بازرگانی و خوێندەواری و ڕۆشنبیری و شارستانێتیی میرنشینی بدلیس و میرنشینەکانی دیکەی کوردستان بۆ گەلاڵە کرابێ و بەڕوونی لە مێشکماندا نەخشی بەستبێ. چونکە هەرچی ئەو ڕووداوانەی لە سەدەکانی ١٥ – ١٦هەمدا لە میرنشینەکانی کورددا ڕوویان داوە، یەک کاری لێک کردووە، یا ڕوودانی یەکێکیان بووە بەهۆی ڕوودانی ئەوی دیکە.

# ئەنجام

کتێبیی «شەرەفنامە» کە شەرەفخانی کوڕی شەمسەدینی بدلیسی دای ناوە، یەکە سەرچاوەیە، کە لەبارەی مێژووی کورد و کوردستانی سەدەکانی ١٥ – ١٦هەمەوە دەدوێ.

گومان لەوەدا نییە کە لە سەرچاوە فارسی و تورکی و عەرەبییەکانیشدا، بەش بەحاڵی ئەو سەردەمەی کورد و کوردستان زۆر باس نووسراوە، بەڵام هیچ کام لەم سەرچاوانە، هێندەی کتێبی «شەرەفنامە» لە مێژووی کورد و کوردستان وا بەفراوانی و بەربڵاوی نەدواوە، چونکە ئەم کتێبە کوردێکی وا نووسیویە کە خۆی زۆر لە نزیکەوە شارەزای هەموو کون و کەلێنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەرزی هەڵسوکەوت و ژیانی مەعنەویی نەتەوەکەی خۆی بووە و هەر لەبەر ئەمەیشە کە «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی لەچاو سەرچاوەکانی دیکەی مێژووی کورد و کوردستان، زۆر جیاوازە و لە ڕووی زانستەوە لەبەرترە.

ئەم کتێبە کە بەزمانی فارسی نووسراوە، جگە لە مێژووی کورد و کوردستان، لەمەڕ مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی ئێران و ئازەربایجان و تورکیا و وڵاتانی دراوسێی دیکەی زانیاریی چاکی تێدا نووسراوە، هەر لەبەر ئەمەیشە کە بۆ ئەو مێژوونووسە ئاسیایی و ئەوروپاییانەی لە مێژووی ئەم وڵاتانەیان کۆڵیوەتەوە، کتێبی «شەرەفنامە» بەسەرچاوەیێکی بەکەڵک دادەنرێ و سوودی چاکیان لێ بینیوە.

بدلیسی، لە دانانی ئەم کتێبەدا ئەویش هەر وەک مێژوونووسەکانی سەدەکانی نێوەند، نەیتوانیوە خۆی لە هێندێ کەم و کوڕی ببوێرێ: واتە ئەویش خۆی لە ڕووداوە کۆمەڵەکی و سیاسییەکانی ڕابردووش و ئی سەردەمی خۆیشی، چ بەچاک چ بەخراپ، بەخاوەن نەکردووە و بەرانبەریان

بێ هەڵوێستە و چۆن ڕوویان داوە، هەروا بەو جۆرە دووپاتەی کردوونەوە و هیچی دیکە.

ئەمیش، وەک مێژوونووسانی سەردەمی خۆی، سەبارەت بەوە کە داکۆکیی لە دەسەڵاتی دەربار کردووە، واتە بەلای بەرژەوەندی دەرباری عوسمانیدای داتاشیوە، داکۆکیی لە دەرەبەگایەتی کردووە.

هێندێ ڕووداوی سەدەی ١٦هەم لەم کتێبەدا، ڕاستە لێک دراوەتەوە، بەڵام لە یەک ڕووەوە لێک دراوەتەوە و ڕووەکانی دیکە بەتاریکی ماونەوە.

شەرەفخانی بدلیسی کە لە زۆربەی ئەو شەڕانەدا لە سەدەی ١٦هەمدا شەش جار لە نێوان ئێران و عوسمانیدا ڕوویان داوە و خۆی بەشەخسی هاوبەشیی تێدا کردوون، هەرگیز بەلای ئەو هۆ کۆمەڵەکی و ئابووری و سیاسییانەی ئەم شەڕانەیان هەڵگیرساندووە نەچووە و ئەو ئاکام و گۆتاوەڕۆیەی لە ئاکاری ولاتی خەڵک داگیرکردن دەکەوێتەوە و بووە بەکۆسپ و لەمپەر لە ڕێی سەربەخۆیی و گەشەکردنی خەڵکەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنی و گورجی، پڕاوپڕ ڕوون نەکردووەتەوە.

هەر لە پاش یەکەم دابەشکردنی کوردستان لە (١٤، ١٥)ەوە بەملاوە شەرەفخانی بدلیسی لە «شەرەفنامە»کەیدا، لە بارەی ملهوڕیی نەجیوزادانی عوسمانی و زڵم و زۆر لە کوردکردنی لە کێش بەدەر و ڕاوەڕووت و بەرتیلخۆری و ئەرکی قورس و گرانی باج و باجگریی هەمەجۆر، تا ڕادەیێ زانیاریی نووسیوە، بدلیسی تەنانەت لەو ڕاپەڕینانەیش کە لە سەدەی ١٦هەمدا لە کوردستان هەڵگیرساون دەدوێ، بەڵام ئەمیش، هەر وەک مێژوونووسانی دیکەی سەروبەندی ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوانەی بە سەرپێچی و سەرەڕۆیی و نا بەفەرمانی لە قەڵەم داون.

بدلیسی ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوانەی تەنیا لەو نیگایەوە باس کردووە کە تا چ ئەندازەیێ داکۆکییان لە مافی میرێتیی میراتی کردووە و تەختی ئەم میرێتییەیان تا چ ڕادەیێ پاراستووە.

ئاگا و ڕووداوگەلێ کە لە «شەرەفنامە»ی بدلیسیدا تۆمار کراون ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکەن کە بەڕوونی لە ژیانی میرنیشینەکانی کورد، بەتایبەت لە تەرزی ژیانی نەتەوەی کورد بگەین و لە بڕێ ڕووداوی گرینگی بەداوێنی وامان بەئاگا دێنێ کە لە سەرچاوەکانی دیکەدا بەرچاو ناکەون.

کتێبی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی تەنیا هەر سەروکاری بەزانستی مێژووەوە نییە، بگرە سەرچاوەیێکە پڕ لە زانیاریی بەربڵاو لەمەڕ جوغرافیای کوردستان. لەبارەی زمانی نەتەوەی کوردەوە، لە بارەی بنەچەکەی کوردەوە، لەمەڕ داوودەستووری کورد، لە بارەی زانا و مەلا و ڕۆشنبیرانی کوردەوە.

بدلیسی شیعر و قەسیدەی پڕ بەپێستی قافی خۆی لە چەندین شاعیری سەروبەندی خۆی خواستووەتەوە و کتێبەکەی پێ دەوڵەمەند کردوون. هەر لەبەر ئەمە کتێبەکەی لە ڕووی زانستی فیلۆلۆژییەوە زۆر بەبایەخە و بۆ ئەم مەبەستە، دەشێ بەسەرچاوەیێ دابندرێ.

نەڕوانینە بڕێ شتی لێک دووتاق و هێندێ ڕووداوی وا کە، نووسیار پڕ بەپڕی، ڕوونی نەکردوونەوە، کتێبی «شەرەفنامە» دەوڵەمەندترین سەرچاوەیێکە کە لەبارەی مێژووی کورد و کوردستانەوە نووسراوە.

«شەرەفنامە» لەمەڕ مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی میرنشینی بدلیسی زانیاریی زۆر بەداوێن و بەربڵاوی تێدایە و ئاوڕی لە میرنشینەکانی دیکەی کوردەواریش کەم و زۆر داوەتەوە و ڕێی بۆ ئەوە خۆش کردووە کە دەشێ بۆچوونێکی چاکمان لە بارەیانەوە لە مێشکدا نەخش ببەستێ.

ئیدی بەم جۆرە کتێبی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسی کە لە ڕووداوەکانی سەدەکانی ١٥– ١٦هەم دەدوێ، بۆ لە مێژووی کورد و کوردستان شارەزایی پەیداکردنی لە چاو سەرچاوەکانی دیکە، لە ڕووی مێژووناسییەوە لە سەرووی هەموانەوە دێ.

# پەڕاوێز

پەڕاوێزەکانی بەرایی

تێبینی: هێندێ لەم پەڕاوێزانە بۆیە بەناوی مامۆستا مەلا جەمیلەوە نووسراون، چونکە وەختی خۆی ئەم باسە بەتەرجەمەکراوی درابووە مامۆستا، ئەویش ئەم پەڕاوێزانەی بەتێبینی لەسەر نووسیبوون و هەروەها هەر پەڕاوێزێ بەناوی «م. جەمیل»ەوە نووسراوە، بەکوردییەکەی خۆیەتی بەکوردییەکەی وەرگێڕ نییە.

وەرگێڕ

(١) «رشید الدين فضل الله» (٦٤٥ – ١٢٤٧ز) خەڵکی هەمەدانە. هەر لەوێی خوێندووە. لە سەرەتادا حەکیمی (ئاباقاخان)ی مەغوول بووە. لە سەردەمی (غازان خان)دا بووە بەوەزیر. لە سەردەمی (ئەلجایتوخان)یشدا هەروەها بوو. یەکێ لە نووسراوە گرینگەکانی ئەو (جامع التواريخ رشيدی)یە کە بەرگی یەکەمی دەربارەی بنەماڵەی مەغوولەکانە و بەرگی دووەمی دەربارەی تەئریخی ئیسلامە. باسی کوردی زۆر تیایە. کتێبەکانی تری ئەمانەن:

١- الأحياء والاثار (٢٤) بەرگە.

٢- توضيحات (٢١) بەرگە. دەربارەی تەسەووفە.

٣- مفتاح الفكر.

٤- الرساله السلطانيه.

٥- بيان الحقائق.

٦- لطائف الحقائق.

جەمیل ڕۆژبەیانی

جگە لەمانە (مەجمووعەی «منشات»ەکەی کە برتییە لە (٣٥) کاغەز بۆ ئەم و ئەوی نووسیوە و (محەمەد ئەبەرقوئی) کۆی کردووەتەوە.

(٢) مەبەستی ئەم مەجموعەی مونشەئاتەیە – (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(٣) لە فارسییەکەی چاپی (مصر)دا لاپەڕە (٤٤٠) بە هەڵە ناوی ئەم کتێبە (زینە

القلوب) نووسراوە. کتێبەکە ساڵی ١٣٣٦ی خورشیدی بە کۆششی محەمەد لە بیرسیاتی چاپ کراوە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(٤) ساڵی ١٩٧٢ لە تاشکەند لەسەر نوسخەیێکی خۆشخەت ئۆفسێت کراوە. بەڵام زۆر شتی گران بەهای تێدایە، کە شەرەفخان سوودی لێ وەرنەگرتووە، وەک لاپەڕەکانی (٢٣١، ٢٣٧). (جمیل ڕۆژبەیانی).

(٥) ئەم کتێبە ساڵی ١٣٥٣، لە تاران چاپ کراوە. ناوی نووسەر «کمال الدین عبدالرزاق سەمەرقەندی»یە. شەرەفخان سوودی لێ وەرگرتووە، بەڵام باسی چیرۆکێکی نازەخاتوونی ئەمیرەی کوردستانی نەکردووە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(٦) حافظ ابرو (شهاب الدین عبدالله) کوڕی لوتفوڵلا خەوافی، ساڵی ٨٣٣ مردووە. یەکێکە لە مێژوونووسانی دەورانی تەیمووری لەنگ. چەند کتێبی ناسراوی هەیە: جوغرافیا، ذیل ظفر نامەء شامی، تەئزیخ شاهروخ، ذەیل جامیع رشیدی. بەڵام ئەمیر شەرەف ناوی نەبردووە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(٧) نظام الدین شامی سەر گوزەشتی لەدایکبوون و مردنی نازانرێ. ساڵی ٨٠٤ کە ئەم کتێبەی نووسیوە و لە بەیرووت چاپ کراوە. بەناوی (ظفر نامە) دە دوازدە کتێبی تر هەیە. ئەمیر شەرف ناوی ئەم کتێبەی نەبردووە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(٨) ناوی لە «شەرەفنامە»دا هاتووە. گۆیا ئەوەی تیایە کە جەلالەدین خوارەزمی کوردێ کوشتوویە. ئەم کتێبە تورکییە، کراوە بە فارسی (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(٩) ناوی شارێکە لە مازەندەران. ئەمڕۆ بە (شەهسوار) دەناسرێ. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(١٠) وا دیارە نووسەر ئەوەی فەرامۆش کردووە کە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر ئەم باسەی لەگەڵ «شەرەفنامە»دا تەرجەمە کردووە و ٣٣ ساڵە بڵاوبووەتەوە.

(١١) دەبێ مەبەست (مونشەئات)ی فەرەیدوون بێگ (ئەحمەد فەریدوون بێگ تەوفیقی) بێ کە نامە دەوڵەتییەکانی کۆکردووەتەوە و لە ساڵی ١٢٨٢دا لە دوو بەرگدا لە ئەستەمووڵ چاپ کراوە. ئەم (احمد فریدون بگ)ە کتێبێکی تری هەیە بە ناوی (نزهة الاخبار). (جمیل ڕۆژبەیانی).

(١٢) قسەکانی یاملکی لەوێوە هەڵقوڵاوە کە عەرەب خۆیان دەکەن بە دوو بەشەوە: عەرەبی عاربە و عەرەبی موستەعربە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(١٣) له (مروج الذهب) و (التنبيه والاشراف) و كتێبی تریدا زۆر شتی وەها وتراوە و ئێستەش کاوێژ دەکرێتەوە. (جمیل ڕۆژبەیانی).

***

**پەراوێزەکانی بەشی یەکەم**

(١) کـەحێل سـوارانی سـارای خـۆش زووانی و جلیت و بازانـی دەشـتی وێژەوانی بەواژەی ڕاست و زاراوەی ڕەوانیان لە بارەی ڕووزەکییەوە فەرموویانە: وشـەی ڕووزەکی فـارسـییە و بەجیم و شینیش نووسـراوە بەڵام بە بنچینە ئەم وشـەیە ڕۆژە و (کی)یەکی بۆ یەکـیـەتی وەدووخـراوە، وەکـو: پیـاوەکی و شـتی تریش. هێندێکی پیتۆڵ و زۆرزان دەڵێن کاف و یێ بە فـارسی پاڵدێمی شتی گـچکۆکەن، چیمەکەش کاری عەرەبە، لە هەر کویێ (ژ)یان بێتەبەر (ج)ێکی لە جێ دادەنێن. کوردیش زۆر لە جێگەی (ژ) (ش) دەبێژن (ا). «شەرەفنامە – وەرگێڕ هەژار».

(ا) نیـازی وایە کـە ڕووزەکی و ڕوجکی و ڕوشکی هـیـچـیـان ڕاست نین و هەر ڕووژەکییە و وای بەسەر هاتووە – هەژار.

(٢) بەپێی زانیارییەکی «شـەرەفنامـە» نووسـیویە، ئەم قـازییانە تۆرە و سۆرەی، ئەو قازییانە بوون، لە کووفەوە هاتبوونە ئێران، (شەمسی. م. ئـ).

(٣) نووسـەری کـتێب لێرەدا بەهـەڵە چووە، شـەرەفـخـان نووسـیویە: بیستـەمی ذی القـعـدەی ٩٤٩، ڕێککەوتی (توشـقـان ییل = سـاڵی کـەروێشک) لـە شـارۆکـەی (کەرەروود)ی سـەر بە (قـوم) لە دایک بووە. کاتێ کە سـەری خـستووەتە دەر لە ماڵێ لە ماڵەکانی قاضییەکانی (کەرەروود)دا بووە کە بە پشتـاوپشت ئەچنەوە سـەر (القاضی شریح) کە لە ناو زانایان و هونەروەراندا بە پایەبەرزی و شـان و شکۆداری ناسراوە. (ل ٥٧٥ – ٧٦.) بە فارسییەکەی باسی ئەوەی تێدا نییە کە دایکی مردووە. نووسەر ئەم قسانەی لە کوێوە هێناوە؟ (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(٤) ئەمـەش هـەڵەیە. شـەرەفـخـان نووسـیـویە: « لە سـایەی دوعـای خـێـری ئەم پایەبەرزانـەوە هەر لە منداڵییـەوە تا ئەمڕۆ کـە تەمـەنم لە ٥٠ سـاڵ تێ پەڕیوە و خەریکە دەگاتە سنووری ٦٠ ساڵێ. هەموو کاتم بەهاوڕێتی و هاودەمیی زۆرزان و هاونشـینیی هونەروەرانی هونەر بڵاوکـەرەوە ڕابووردووە و هەرگیز خۆم لەو جۆرە پیاوانە دوور نەدیوە» (ل ٥٧٦، بەفارسییەکەی). (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(٥) موحەمەدی بەگ هەروەها خاڵی (میرشەرەف)یشە.

(٦) ئەم هەواڵەی کە شاتاماسپ لێی زیزبووبێ نە لە سەرچاوە ئێرانییەکان و نە لە سەرچاوە عوسمانییەکاندا نییە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(٧) ئەسکەندەر مونشی دوو جار ناوی «شەرەفخانی» نووسەری «شەرەفنامە»ی هێناوە: یەکەم لە لاپەڕە (١٤١)دا بە شەرەفخانی ڕۆژەکی ناوی بردووە، دووەم لە لاپەڕە (٣٤٠)دا کە بە هەڵە بەزاوای ئەمیرخانی موسلووی داوەتە قەڵەم، کەچی شەرەف خوارزایەتی (جمیل ڕۆژبەیانی).

(٨) سوڵتان قەنبەر و گوزبویوکلو: ئەم دوو ناوە هەڵەیە. هەردووکی یەک ناوە و ڕاستەکەی (سوڵتان قەنبەر بێگ گوزبویوکلو)ە. ئەم کابرایە لە سەردەمی شاه سوڵتان محەمەد و شاه عەباسدا دوو جار چووەتە گەیلان لە ساڵانی ٨٨- ٩٩٠ و ساڵی ١٠٠٣، هەرچی (سۆفی نیعمەتوڵڵا)یە ئەوە «سولطان پیر صوفی»یە. ئەم کابرایە لە سەردەمی شاه عەباسدا جارێ چووەتە شەڕی دەربەند و جارێ چووەتە شەڕی موکریان. (٤٤٩,٣٧٠) «عالم آرای عباسی»... «جەمیل ڕۆژبەیانی».

(٩) هەژار ئەو دوو بەیتە شیعرەی لە وەرگێڕانی (شەرەفنامە)دا ئاوها کردووە بەکوردی:

پیاوانێ کە کاربەدەستی خونکارانن
چاکیان ئەوەنە کە هەوری دوو بارانن
گا بەردن و سەر شکێنی زۆردارانن
گا مەڵحەمی زامی دڵ برینداران

(وەرگێڕ)

(١٠) لەم قسەیەی «شەرەفخان»دا نارێکی نییە. لەوێ وتوویە: چوار سەت کەسی (شەڕکەر) لێرە مەبەستی ماڵ و منداڵ و پیر و جوانە: تەماشای لاپەڕە (٤٥٩). چاپی قاهیرە بکە، نووسیویە:

«خوسرەو پاشا ئەوەندە هەوڵ و کۆششی کرد، بەو هۆیەوە ئەم هەژارە توانی بە نزیکەی هەزار کەسێکی لە پیاو و ژن و گەنج و پیرەوە، کە ساڵەها بوو ئارەزووی دیداری وڵاتیان لە دڵدابوو، لەگەڵ ئەم هەژارە گەڕانەوە بۆ وڵاتی ئیسلام» لەم قسانە وا دەردەکەوێ (پیر و پیرێژن و پیرەمێرد) لە (نەخچەوان) لە

بەشی (ئەرمەنی)نشیندا بوون. نەوەک شیعە، چونکە شەرەفخان دایکی شیعەیە هەرگیز (شیعەی بە کافر دانەناوە) (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(١١) کتێبی (کوردەکان) چییە و (د. فریچ)ی بە ناو نووسیاری ئەم کتێبە کێیە؟

لەمێژبوو ناوی کتێبی (کوردەکان) دانانی د. فریچی ئەڵمانی بڵاوبووەوە، ئەم کتێبە بەسەر ناوی «مێژووی کورد و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەکی) لە ساڵی ١٩١٨دا، لەلایەن (کارگێڕایەتیی گشتی عەشایەر و موهاجرین»ەوە، بەئەلفوبێی عوسمانی بەتورکی تەرجەمە کرابوو و لە چاپ درابوو. بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە لەو سەردەمەدا شتێکی هێندە گرینگ بووە یەکێکی وەک د. کامەران عالی بەدرخان و خلیل خەیاڵی خۆیان نەگرتووە و بەپیرەییەوە چوون و وا پێشوازییان لێ کردوو و بەنیشانەی دەرووی خێریان بۆ کورد زانیوە. کامەران بەدرخان وتارێکی لەبارەوە، لە گۆواری «ئیجتهاد»ی د. عەبدالله جودت (جۆن تورک)دا بڵاوکردووەتەوە. هەر لەمەڕ ئەم کتێبە خەلیل خەیاڵیش وتارێکی ڕەخنە و نرخاندنێکی پێش ئەوەکەی، د. کامەران، لە ژمارە سێی یەکەمی کۆواری (ژین) بڵاوکردووەتەوە.

ڕاستییەکەی، ئەم کتێبە، کاک محەمەد تەیفون (ماڵمیسانژ) لەم کتێبەی دواییدا کە بەسەرناوی (بەدرخانییە جەزیری – بۆتانییەکان و سیاسیی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی خێزانەکیی بەدرخانییان» پەردەی لەسەر لابرا و ڕاستییەکەی بەدیارکەوت.

تەمز، ئەم کتێبە ناجی ئیسماعیل پەلستەر ناوێکی ئەڕنەنووت، بەناوی (د. فریچ)ی ئەڵمانییەوە نووسیویە و گۆیا ئەسڵەکەی لەلایەن ئەکادیمیای ڕۆژهەڵاتیی بەرلینەوە لە چاپ دراوە. دیارە نیازی بڵاوکردنەوەی کتێبێکی وا لەو سەروبەندەدا لەلایەن تورکەوە ڕوون و ئاشکرایە. کابرا پشتی بە کتێبی «شەرەفنامە» بەستووە و بۆ خۆی شتێکی نووسیوە. تەنانەت زمانی کوردیی بە ٣٠٠ وشە لەقەڵەم داوە. زۆری درۆ و دەلەسە بۆ کورد هەڵبەستووە.

بەداخەوە، ئەوەتا نووسیاری ئەم کتێبەش ئەم شتەی وەک هەموو خەڵکی تر بەسەردا تێ پەڕیوە و بە بەڵگەی هێناوەتەوە (وەرگێڕ).

(١٢) مەبەست خواجە سەعدەدینە. (خواجە سعد الدین کوڕی حسێن) لە پیاوانی سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم بوو و مامۆستای سوڵتان مورادیش بوو،

کاتێ کە میری مەغنیسیا بوو لە ساڵی ١٩٧٢دا. ئەم پیاوە نووسەری کتێبی (تاج التواریخ)ی تورکییە، کە پێی دەوترێ (خۆجە تاریخی). (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(١٣) سێ کتێب بە ناوی (زبدة التواریخ) هەن. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(١٤) ئەم کتێبە هی (ابو السعادات عفیف الدین عبدالله بن اسعد الیافعی)یە. – ٧٦٨ک لە مەکە مردووە. کتێبەکەی ناوی (کتاب مرآە الجنان و عبره الیقظان فی معرفه حوادث الزمان)ە (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(١٥) (مرآە الجنان) هەر کتێبەکەی یافعییە کە لە پێشا بە هەڵە وتی هی (ابن خلدون)ە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(١٦) مەبەستی (نزهة القلوب)ە، کە لەوەوپێش باسمان کردووە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(١٧) شەرەفخان نووسیویە: «شیخ ابو طاهر الکردی کە مولانا نور الملە والدین عبدالرحمن جامی» ذکر او در (نفحات کردە از (بدلیس) است . ل (٤٥١) چاپی قاهیرە. بەڵام وا دیارە نووسەر لە قسەکە نەگەیشتووە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(نفحات الانس) لە دانانی نورالدین عبدالرحمن جامییە. بەر لە ساڵی ٨٨٣ک دا نووسیویە باسی ٦١٤ زانا و پیرانی تەریقەتی تێدا کردووە. بنچینەی ئەم کتێبە، کتێبی «طبقات الصوفین»ی محەمەد کوڕی حسینی سلمی نیشاپوورییە (٤١٢ک. ق) کە بەزمانی عەرەبی بوو. پاشان (خواجە عبدالله أنصاری) بە زمانی هەرەوی شرۆڤەی کرد و لێکی دایەوە. دوایی جامی بە فەرمانی میر عەلی شێرنەوایی بە فارسیی دەریی تەرجەمی کرد.

(١٨) باسی فەرمانڕەواکانی (لورستان)ی لە تەئریخی گوزیدەی حەمدوڵلاھ موستەوفی وەرگرتووە. قازی ئەحمەدی غەفاری قەزوینی هاوچەرخی «شەرەفخان» بووە، لە ٩٧٥دا مردووە. کتێبی (جهان ارآ) لە سەردەمی شەرفخاندا ئەوندە بڵاونەبووەتەوە کە ئەو سوودی لێ وەربگرێ. چونکە ساڵی ١٩٧٢ دای ناوە پێشکێشی کردووە بە (شاە طهماسپ) و هەر لەم دەورەدا شەرەفخان لە (گێلان)ەوە گەڕاوەتەوە بۆ قەزوین. ڕەنگە ناوی کتێبەکەی (جهان آرا)ی هەر نەبیستبێ. تەنانەت ئەو لە (٩٨٦)دا ئێرانی بەجێ هێشتووە. (جەمیل ڕۆژبەیانی).

(١٩) جامی لە (خەرگەرد)ی سەر بە خۆراسان لە دایک بووە. ، باوکیشی لە بنەڕەتدا

خەڵقی دەوروبەری (اصفهان)ە، لە کوێوە بوو بە تاجێکی؟ (جەمیل ڕۆژبەیانی).
(تاجیکی: ئەوەی بە فارسیی دەری دەدوێ – وەرگێڕ).
(٢٠) بە پێی لاپەڕە ٢٥٥ی (ظفرنامە)ی عەلی یەزدی، چاپی ئۆزبەگستان ئەم جێگەیە ناوی (چیملگ)ە. لەوێ شێخ ناوێک کاروانێکی تەیموور لەنگی تاڵان کردبوو، لەم سەفەرەدا ئەمیری (ماردین) (ملک عیسی) و (ئەمیری جەزیرە) ئەمیرعیزەدین چووبونە پیرییەوە... (جەمیل ڕۆژبەیانی).
(٢١) پێوەندیی بەوەیشەوە هەیە کە سەرمایەداری لە گەرمەی موستەعمەراتی تازە پەیداکردندا بوو.
(٢٢) بە هەوڵ و تێکۆشانی ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زەرنۆڤ بەرگی یەکەمی «شەرەفنامە» چاپخانەی ئەکادیمیای ئیمپراتۆری – لە شاری پێتەربورگ لە ساڵی ١٨٦٠دا و بەرگی دووەمی لە ساڵی ١٨٦٢دا لە چاپ دران.
(٢٣) موحەمەد عەلی خوا لێی خۆش بێ، لە پێشەکییەکی کورت و چەند پەراوێزێکی چکۆلانە زێتر چیی دیکەی نەکردووە... (وەرگێڕ).
(٢٤) «شەرەفنامە» لەلایەن مـحـەمـەد عـەلی عـەونیـیـەوە کـراوە بە عـەرەبی، نەک فەرەجوڵڵا زەکی ئەلکوردی.
(٢٥) هەمەدانی لە ساڵی ١٩٣٠دا، پاش ئەوەی ڕاپەڕینی کوردەکان لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا دەژین و لە دژ شا ڕاپەڕین و سەرکوت کران، ئەم کتێبەی نووسیوە. نووسیار بەوەی کە کوردەکانی بە فارس داوەتە قەڵەم خەباتی کوردی لە پێناوی بەدەستهێنانی مافە دیموکراتییەکانیدا، بەزەرەر و زیانی یەکێتیی خاکی ئێران زانیوە.
(٢٦) م. جەمیل ڕۆژبەیانی «شەرەفنامە»ی لە فاسییەوە کردووە بە عەرەبی و ناوی ناوە، «الشرفنامە» ئەسڵەکەی هی شەرەفخانی بدلیسییە، وەرگێڕ.
(٢٧) م. جەمیل زۆر جێگای لە «شەرەفنامە»دا پەراوێز لێ داوە و زۆر شتیش کە بدلیسی نەیگوتووە، ئەو بۆی تەواور کردووە (وەرگێڕ).
(٢٨) ڕەشید یاسەمی ل ١١٧.
ڕەشید یاسەمی ئەم کتێبەی لە پاش ژێرکەوتنی بزووتنەوەی دیموکراتی کوردی لە کوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٩٤٥ – ١٩٤٦دا نووسیوە.
(٢٩) شاکیر خەسباک نەبیستراوە کورد بێ. وەرگێڕ.

**پەراوێزەکانی بەشی دووەم**

(١) هەر لەبەر ئەمیشە کە «زوحاک – ضحاکی ماردوش»ی پێ دەگوترێ.

(٢) ئێستا شاری بەهاری نزیک هەمەدان کەلاوەی شارە کۆنەکەی بەهارە.

(٣) واتە نێوان دوو ئاوان.

(٤) شارەزوور بەشێک بووە لەویلایەتی ئەردەڵان لەو سەردەمەدا. بڕوانە: (٧٦, ١٩ – ٦٠).

(٥) بۆ زێدە زانیاری وەرگرتن بڕوانە: (٢٤, ١٨٤ –٢٢١).

(٦) باتمانێ زێڕ بەرابەر بە ٢/٩ کیلۆگرامە. بڕوانە (٤٣, ٢٤١, ٢٤٢).

(٧) تا حەفتا وردە میرەکورد سەر بە عەولائودەولە بوون.

(٨) خودا بەیەک زانین – واتە خودا یەکە و نابێ بەدوو.

(٩) ئەم مێژوونووسە خۆی لە تیرەی پازووکیی کوردە. بڕوانە: (٧٠, ٣٢٤– ٣٢٥).

(١٠) قایتماز بەگ برای ئەمیر موسڵوو بەگە. بڕوانە: (٤٧، ٣٢).

(١١) هێندێ مێژوونووس بە حەکیم و مەلا و شێخ و مەولانای نێو دەبەن. ئێمە وەک «شەرەفنامە»مان نووسیوە.

(١٢) دۆقە: (ئۆقـقیە)، ئۆققە یا (وەققیە) پێوانەی پارەی سەدەکانی ناوینە: گوایە یەک دۆقە (دوققە) بەرابەر بە ٣٥ گرام زێڕ بووە. بڕوانە: (١١) .

(١٣) ئەم پارەیە کە لە سەرچاوەکاندا بە فلۆری و لە کتێبە لێکۆڵدراوەکان بە فلۆرین نووسراوە، پارەی سەدەکانی ناوینی عێراقە. یەک فلۆری بەرابەر بە ١٢ شاهیی ئەوسای پارەی ئێران بووە، بڕوانە: (٧٨، ١٥٥).

(١٤) پشتاوپشت بۆ مانەوەی زەویزار دەبوو بەهۆی دابەشبوونێکی وردەوردە و ئەمەیش تا دەهات ئاغا و دەرەبەگی تیرە و هۆزەکانی زێتر دەکرد.

(١٥) وەجاغ لە تورکیا بە بەشەزەویی گەورە و درشت دەگوترێ.

(١٦) سەنجاق تا ڕادەیەک بە بەشەزەویی چکۆلە دەگوترێ.

(١٧) هێندێ نووسیار شێخ صەفیی هەردەوێڵی (اردبیل) بە کورد دادەنێن و ئەحمەدی کیسرەوی دەڵێ:

«دریک نسخه کهنی از صفوه الصفا (ابن بزاز – وەرگێڕ) در دست است در تبارنامه شێخ صفی، فیروز شاه را چنین میکند: «الکردی السجانی پیروز شاه

زرين كلاه» پيداست كه السجانى «غلط وياخود ديگرشده از «السجانى» و يا «السنجارى مى باشد. كوتاه سخن: آنچه ما فى فهميم پدران شيخ صفى از كردستان و يا از پيرامون هاى آن آمده بوده اند» احمد كسروى، شيخ صفى وتبارش تهران، ١٣٢٤، ش (١٩٤٥.م) ل: ٣٧. میرزا عەباسلی بە سەرنامەی (Savelerin Koken lerine dair) لەمەڕ ڕەچەڵەکی سەفەوییان و لە بەللەتەنی ژمارە ١٥٨، بەرگی ١١ی نیسانی ساڵی ١٩٧٦دا دەمەتەقێیەکی دووروودرێژی لەسەر کورد و فارس نەبوونی شێخ سەفی کردووە و پاشێ بەخەیاڵی خۆی بۆ چاندنەوەی ئەم ئیدیعایەی ئەحمەدی کیسرەوی شێخ صەفیی بە تورکی ئازەربایجان داناوە کە گوایە بە پیری تورک بە نامێ بووە.

(١٨) (١٠٠) درهەم نزیکەی (١٠٠) گرامە، بڕوانە (١١١).

(١٩) زیا پاشا شاعیری گەورەی تورک، هاوچەرخی نامیق کەماله. (١٨٢٥ – ١٨٨١) لە ئەدەنە لە دایک بووە. لە دامەزرێنانی «تنظیمات» و ڕێبەری «عوسمانییانی نوێ»ە و لەگەڵ نامیق کەمالدا، لە لەندەن ڕۆژنامەی «موخبیر» و «حوڕڕییەت»یان دەرهێناوە. لە هاوبەشانی دانانی دەستووری تورکیایە.

کتێب و دیوانی شیعری هەن... «تارتووف» مولیێری کردووە بەتورکی، دیوانەکەی لە ١٨٨١دا، پاش مردنی لە چاپ دراوە.

(ACE – باکۆ).

(٢٠) ئەمیر شەرەف نووسیویە: «جان پۆلاد ماوەی تەمەنی لە ٩٠ ساڵ تێ پەڕی و گەییبە دەوروبەری سەت ساڵ. وەک وتراوە، لە منداڵانی نێرینە (٧٠)ی هەبوون. بەشی زۆریان پاش ئەوەی باڕبوون و هەر بەگەنجی گیانیان سپاردووە» (٢٩٢). شەرەفخان باسی ئەوەی نەکردووە لە شەڕوشۆڕدا کوژرابن، کە شەمسی محەمەد ئەو بەنموونە دێنێتەوە (ڕۆژبەیانی).

(٢١) لە «شەرەفنامە»دا بەم جۆرەیە «شاە طهماسپ خۆیشی نزیکەی بیست و سێ کەسێکی لە دەربارییانی تیرەکە کوشت» (٤٠٣) (ڕۆژبەیانی).

(٢٢) «خەڵکێکی زۆر لە کوردی چەمەشکەزەک... دوور خراونەوە» ئەم قسانە لە شەرەفنامەدا نییە (ڕۆژبەیانی).

(٢٣) لەبەر ئەوە یان غازی یان قانوونییان پێ گوتووە، چونکە لە سەرەتای سەردەمی فەرمانڕەواییدا بڕێ یاسا و دەستووری تازە داندراون، بڕوانە (٧٤، ١٣).

(٢٤) (حەزۆ) ساسۆنیشی پێ دەگوترێ. بڕوانە (٧٦، ٦).

(٢٥) «بەڵێن و گفتێکی چەوری بە ئیبراهیم بەگ و قاسم دا...» ئەم عیبارەتە لە شەرەفنامەدا بەم جۆرەیە: «کە قەڵاکانی ئیبراهیم بەگ و برای گەمارۆدران، ئیبراهیم قاسا بەگی برای نارد کە داوای ئاشتیی لێ بکات. قاسم چووە لای خوسرەو پاشا و داوای لێ کرد دەوری قەڵاکە بەربدەن. خوسرەو پاشا بەڵێنی دایێ بەو مەرجەی ئیبراهیم بەگ خۆی بدا بەدەستەوە، ئینجا ئیبراهیم ئەمیر خانی برای نارد، بەڵام خوسرەو پاشا بە فەرمانی سوڵتان، قاسم بەگی کوشت و فەرمانی دا ئەمیریش بکوژن، ئەمیر هەواڵی بیست و خۆی گەیاندە (حەکاری) و پاشان کەوتە شەڕەوە، ئینجا بەرەو لای سەفەوییان هەڵات. پاش چەند ساڵێ دووبارە پەنای هێنایەوە لای سوڵتان سولەیمان (٥٦٧ - ٥٧٠) (ڕۆژبەیانی).

(٢٦) ئەو سەردەمە فەرمانڕەوایی لە لوڕستاندا بەدەست تیرەی کوردەوە بوو. بڕوانە: (١٠٠).

(٢٧) عوسمانییەکان بە سەرۆکی پەلی ئینزیباتییان دەگوت (میرلیوا).

(٢٨) خەروار نزیکەی (١٢٠٠) کیلۆگرامە.

(٢٩) سوڵتان محەمەدی ... هتد. ئەم باسە لە شەرەفنامەدا نییە... ئەوەی کە سوڵتان محەمەد خانی سێیەم کوشتی «فەرهاد پاشا» بوو نەوەک «ئیبراهیم پاشا» بڕوانە: (قاموس الاعلام: سەرگوزەشتی سوڵتان محەمەد خانی سێیەم).

***

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

(١) ئۆروج بەگی بەیات ئەم قەڵایەی بەناوی «کاردوکیان»ەوە نووسیوە و دەڵێ یەکێکە لە قەڵا کۆنەکانی کوردەواری. بڕوانە (٤٦، ١٠٥).

(٢) «شەرەفنامە» دەڵێ: «چوار هەزار خەڵکەکەی... ئەرمەنی بوون» هەواڵی وەها لە شەرەفنامەدا نییە. ناوی ئەرمەنی لەم لاپەڕەیانەدا هاتووە: (٤٤٧ - ٤٥٤ - ٤٦٢ - ٤٦٤ - ٤٩٦)، بەم جۆرە:

١- دانیشتووانی شار زۆربەیان ئەرمەنین.

٢- لە دەوروبەری (ئەخلات) سەت ماڵێ ئەرمەنی لە گوندەکانا نزیک بە یەکن.

٣- لە خود شاری بتلیسدا بیست خێزانی ئەرمەنی لە بەشی وەقفدان.

(٣) شەمسەدین سامی نووسیویە «ئەم میرنشینە ١٧٢ گوند و سێ هەزار کەس بووە و سێ یەکێکی خەڵکەکەش ئەرمەنی بوون» ئەم هەواڵە دوو هەڵەی تێ کەوتووە:

١- شەمسەددین سامی نووسیویە: دانیشتووانی شاری بتلیس (١٥) هەزار کەسن. دوو بەشیان کوردن و سێیەکیان ئەرمەنین.

٢- سەرژمێری قەزای بتلیس (٣٠) هەزار کەسە. بەشی زۆریان کوردی موسڵمانن و ١٧٢ گوند سەر بەوێن، (١٢٣٩/٢).

(٤) سەردەمانێ بەسەرۆکی بنەماڵەی ساسانییان دەگوت کیسرا. خوسرەوی ئەنوشیروانیش لەم بنەماڵەیەیە.

(٥) باسی سوڵتان جەلالەدین دوورودرێژ لە کتێبی «جهان گشای جوینی»دا هاتووە... هەروەهل «ابن الاثیر» لە «الکامل»دا نووسیویە: جا بۆ ڕاستی: «جەلالەدین هەرگیز نەبووە بە زاوای «مەلیک ئەشرەف». بگرە هەردووکیان بەرودوا لەو لایەنەوە -کە داوێنپیسی پێ دەوترێ- کاری خراپیان دەربارەی یەک کردووە، ئەگەر (ئەشرەف) ڕاست بێ (مووسا کوڕی مەلیک عادیلی ئەیووبی) ناوی براکانیشی «نجم الدین» و «غازی» بووە. ئەم ئەشرەفە خاوەنی هەموو «جزیر» بووە تا «حەڵەب». بەلام ئەگەر وەکو «ئەمیر ئەشرەف» خۆی لاف لێ دەدا ئەم ئەمیر ئەشرەفە بدلیسی بووبێ و براکەی ناوی «مجدالدین» بوو بێ... ئەوەیان بەهیچ سەرچاوەیەکی مێژووی تر پاڵپشت نەکراوە. لەم گێروداوانەشدا تەنیا دوو جار ناوی «بدلیس» هاتووە:

١- حاجب حسام الدین علی حمادی خەڵکی موسڵ، کە لە بنەڕەتا بە بنەماڵەی «طغان ارسلان» بەناوبانگ بوو ئەمە سەرداری بتلیس بووە.

٢- ئنجا «بکتمر» سەیفەدین، خێوی (خەلات) لێی داگیر کردووە، بەلام ئەوەی کە ئەمین زەکی بەگ دەڵێ: دەبێ یەکەم ئەمیری بتلیس «عزەدین عومەر حەکاری» لە فەرماندەکانی (مەلیک ئەشرەف) بووبێ. شتی وەها لە «الکامل»دا نییە.

(٦) باسەکەی «حاج شەرەف بتلیسی» لە کتێبەکەی «شەرەف عەلی یەزدی»دا چاپی ئۆزبەگستان لاپەڕە (٢٥A - ٥٣٧) بەم جۆرەیە: «ئەمیر تەیموور وڵاتەکەی شەرەفخانی بە هەموو سەربەوێ و دەروبەریەوە دایەوە و شیر و کەمەری زێڕیشی خەلات کرد».

«شەرەفخان» کە باسی (ضیاء الدین)یش دەکا وا دیارە: ئەمیر ضیاء الدین

کوڕی شەرەفخان بووبێ و لە خزمەت باوکیدا چووبێ بۆ دیتنی ئەمیر تەیموور، بەڵام (عەلی یەزدی) لەبەرئەوەی لە خزمەت باوکیدا بوو، ناوی نەبردووە. (ڕۆژبەیانی).

(٧) خوندەمیر ناوی بدلیسی بە«بیلبیس»، کەچی «بیلبیس» لە کوردستان ناوی گوندێکە لە ویلایەتی حەکاری. بڕوانە: (٧٦، ٣٥٨).

(٨) بۆ زێدە زانیاری وەرگرتن لەمەڕ سیورغال بڕوانە: (٢٤، ٦٤٥ - ١٨٣).

(٩) ئەسکەندەری قەرەیوسف هاتە «باکەش». دەبێ هەڵەبێ و (باکری) بێ کە شارێکە سەر بە(ئەخلات). (ڕۆژبەیانی).

(١٠) شەرەفخان باپیری نووسیاری «شەرەفنامە»یە و باوکی ناوی شەمسەدین خانە.

(١١) لە بارەی ژندانی قەرەیوسف بە ئەمیر شەمسەدین، عەرەبییەکەی کتێبەکەی ئەمین زەکی بەگ هەڵەی تێدا پەیدا بووە، لە کوردییەکەدا بەم جۆرەیە: «قەرەیوسف ئەمیری قەرەقۆیونلی کە لە ترسی ئەمیر تەیموور کورکان فیراری کردبوو، گەڕایەوە کوردستان و ئیلتیحاقی کردە ئەمیر شەمسەدینی بتلیسی و کچەکەی خۆی لێ مارە کرد و بەیارمەتیی ئەو سەرلەنوێ حکوومەتێکی دامەزراند تاد. ب ١٥٧/١، کورد و کوردستانی ئەمین زەکی. بەڵام دەبوایە «ڕەشید یاسەمی» کە لە عەرەبییەکەی ئەمین زەکیی وەرگرتووە، هەروا ئەوانی تری بە هەڵەدا نەچن، چونکە قەرەیوسف لە فەرمانەکەیدا بە ئەمیر شەمسەدین دەڵێ: «کوڕی خۆشەویستم» خەزووری بوایە دەیوت: خەزوورم، یاخۆ مامم... (ڕۆژبەیانی).

(١٢) «محەمەد ئەمین زەکی بەگ»یش هەروا بەهەڵە «شاه خاتوونی» لەباتی (شاه خانم) نووسیوە ئەمە دیسان هەڵەیە. لە کتێبەکانی ئەمین زەکی بەگدا کوردییەکان و تەرجەمە عەرەبییەکان ناوی (شاه خاتوون) و (شاهم خاتوون) نەهاتووە.

(١٣) ئەم قسەیە هەڵەیە، لە «شەرەفنامە»دا بەم جۆرەیە: ... کەوتە دەس عەبدوڕەحمان ئاغای قەواڵیسی و ئاغاکانی تری ئەو عێلە و ئەمیر شەرەفەدین - کە لە سەردەمی میرێتی شاه محەمەددا لە «ئەروخ»ی سەر بە بۆتان (بوختی)ەوە هێنرابووەوە، بەپێی پەسندی پیاوماقووڵانی ڕۆژەکی لە ناوچەی مووش کردبووی بە نائیبی خۆی - کە ماوەیێکی کەم بەم جۆرە ڕابوارد، شێخ

ئەمیر بڵباسی بەتیرە و عێلەکەی خۆیەوە دژی «عەبدوڕەحمان ئاغا» و کۆمەکی قەواڵیسی خۆی گەیاندە خزمەت ئەمیر شەرەف. پاشان بەهۆی دووزمانی و بشێونەنانەوەی بەدزمانانەوەی شیرازەی دۆستایەتی و خۆشەویستی لە نێوان ئامۆزکانا پچڕا و بوو بەناخۆشی. جا ئیبراهیم و عەبدوڕەحمان ئاغا ویستیان ئەمیر شەرەف لە مووشەوە... هتد» (ڕۆژبەیانی).

(١٤) مەلیک خەلیل فەرمانڕەوای حوسن کیف و زاوای شاسمایلی سەفەوی مێردی خوشکی بوو.

(١٥) لە گەلێ سەرچاوەکانی سەدەی ناوەندا سوڵتانەکانی عوسمانی نێوانیان بە «خۆندکار» نووسراوە

(١٦) «بەپێی نووسینی بدلیسی لەم شەڕەدا کە ڕۆژێکی خایاند... هتد» عیبارەتەکەی «شەرەفنامە» بەم جۆرەیە: «لەو ڕۆژەدا نزیکەی ٧٠٠ کەس لە گەنجانی خەنجەروەشێن و ئازایانی دوشمنشکێن نابووت بوون» (٥٥٨) (ڕۆژبەیانی).

(١٧) (... شەرەفخان لە بتلیس فێرگەیێک... هتد) ڕاستییەکەی: «شەرەفخان هەر لە بتلیسدا مزگەوتێک و فێرگەیێک و خانەقایێکی جوانی (زاویە) بەناوی «شەرەفیە» دروست کردووە و قەیسەرییەک و خانوویێکی دوو نهۆمیی زۆر گەورەی بەرپا کردووە و گەلێ گوندی جوانکیلە و زەویوزار و دووکان و ئاشی کردووە بە وەقف» (٥٦٨). (ڕۆژبەیانی)

(١٨) مەبەست حاج شەرەفخانی کوڕی ضیاء الدین، باپیرەی شەرەفخانی نووسەری شەرەفنامەیە، کە لە سەردەمی ئەوا شاه سمایل (٩١٢ک = ١٥٠٧ز) لەسەر تەخت دانیشتووە و سوڵتان سەلیم (٩١٨ک = ١٥١٢ز)، شەرەفخان و هەموو سەردارانی کورد لە ساڵی (٩١٣ک = ١٥٠٨ز)، چوون بۆ پیرۆزبایی شاه سمایل و ددانی ناوە بە میرێتیی (شەرەفخان)دا و زۆر جێگەی تری خستووەتە سەر بتلیس. پاش ئەوە ئینجا هەموو میرانی کوردی بانگ کردووەتەوە تەورێز و لە ڕکی ئەوەی لە کاتی خۆیدا مەلیک خەلیلی حیسن کێف خوشکەکەی داگیر کردبوو و مارەی کردبوو، هەموو سەرانی کوردی خستە زیندان و بەر لە شەڕی چاڵدێران زۆربەیانی بەردان، تەنیا شەرەفخان و مەلیک خەلیلی هێشتەوە، تا بەهۆی شەڕی چاڵدێرانەوە ڕزگاربوون لە زیندان... شەمسەدین سامی جگە لەوەی ئەم هەڵەیەی کردووە و (ڕاست ناکا) هەروا ناوی (شەرەف)ی ناوە

(شــەریف) و ئەم باســەی لە ناوی (بتلیس)دا هێناوە، نەک لە ســەرگـوروشــتی (شەرەف)دا. (ڕۆژبەیانی)

(١٩) فرێچ کە ئەڵێ: «خالید چۆلاق کرا بەمیری میرانی کوردستان» ئەمە ڕاستە، بەلام لە ســـالانی ٩١٢ – ٩١٣ک ١٥٠٧ – ١٥٠٨زدا، نەوەک (١٥٣٣)، چونکە چۆلاق خالید لە شەڕی چالدێراندا (٩١٨ – ٩٢٠) = (١٥١٢ – ١٥١٤) کوژراوە.

(٢٠) میرنشینی حەزۆ، میرنشینی ساسۆنیشیان پێ دەگوت، جا عەلی بەگی ساسۆنی، هەر عەلی بەگی حەزۆیی خۆیەتی.

(٢١) شەرەفخان لە ساڵی ١٦٠٣ – ١٦٠٤ مردووە، ئەم قسەیەی جەلالودین محەمەد جێی گومانە (ڕۆژبەیانی).

(٢٢) بۆ زێدە زانیاری بڕوانە ل: (٧٦، ٢٧٢، ٧٤).

(٢٣) بۆ زێدە زانیاری بڕوانە ل: (٢٤، ١٨٢، ٢٢١).

(٢٤) لە هەواڵی ساڵی ٩٢٠ک (١٥١٤)ز دا نووسیویە، شەرەفخان باسی دەوڵەمەندی جەمشید بەگی کوڕی ڕۆستەم بەگی «پاڵوو» دەکات کە ولاتەکەی خۆی لە دەسەلاتی قزڵباش «سەفەوییە» ڕزگار کردووە ... و هەروەها نووسیویە، ئەم میرە ساڵی سێ هەزار تویشترە نێر (خرت = تەگە)ی لە پەزەکانی خۆی هەڵبژاردووە و بۆ فرۆشتن ناردوویە بۆ (حەلەب) و هەر یەکە لەم تەگانە ناڵێکی لە مل کراوە، بەم جۆرە نزیکەی چل خەروار (دوازدە تۆن) ناڵیشی گەیاندووەتە بازاڕ، ئینجا «شەمسی محەمەد ئەسکەندەر» ڕەخنەی لە هەواڵەکە گرتووە نووسیویە: «شەرەفخان بڕێکی پێوەناوە و تا ...» ئەوەی ڕاستی بێ شەرەفخان ساڵی ٩٤٩ک (١٥٤٢)ز لە دایک بووە، ئەویش لە قوم کە یەکێکە لە شارەکانی ئێران و ساڵی ٩٩٦ک ١٥٨٧ز گەڕاوەتەوە ولاتی بتلیس، ئەگەر ئەم جۆرە هەواڵەی بیستبێ کە پڕ لە فیشاڵ و درۆش بووبێ تاوانی ئەو نییە (ڕۆژبەیانی).

هەژاری موکریانی وەرگێڕی «شەرەفنامە» بۆ سەر زمان کوردی لە لاپەڕەی ٣٧٣دا پەڕاوێزێکی لەسەر ئەم پێوەنانە نووسیوە، دەڵێ: «خەروار بەفارسی و خەڵوار بەکوردی سێ سەت کیلۆیە، جا بەو پێیە یا دەبێ چلەکە چوار بێ یان سێ هەزارەکە سی بێ، دەنا دەری نایەنێ – وەرگێڕ».

(٢٥) ئەلقاسی کوڕی شاهباز «کە یەکێکە لە میرانی مایدەشت – ماهی دەشت» دەبوو ساڵی چل هەزار سەر ئاژەڵ بۆ بەغدا بنێرێ – ئەمەش دیسان وەک

هەواڵی پێشوو (مبالغە)ی تێدایە، بەڵام دیسانەوە تاوانی شەرەفخان نییە (ڕۆژبەیانی).

(٢٦) ساڵی ١٤٩٨ز ٩٠٤ک لە فەرمانی سیورغالێکدا کە بە میر ئەسفەندیار بەگی کوردی میری ئەگیل دراوە... من لام وایە ئەم هەواڵەی «شەمسی محەمەد» هەڵەی تێ کەوتووە. فەرمانڕەوایانی هەرسێ لقی ئەگیل لە هەرسێ پلەکەدا (بلدوقانی – پاڵوو – چەرموگ) کەسێکی وەهایان نەبوو سیورغالی ئەسفەند. نە «بدرێتێ یاری کوڕی شاه عەلی چەرموگ» و نە «ئەسفەندیار کوڕی ئەمیر عیسا بولدوقانی» لە «شەرەفنامە»دا باسی وەها نییە وا دیارە «شەمسی محەمەد» یا لە کتێبێکی تری وەرگرتووە، یاخۆ نامەکەی بەهەڵە یاداشت کردووە.

(٢٧) شەمسی محەمەد باسی ئەوەی کردووە کە گۆیا شەرەفخان «حەسەنە درێژی پادشای ئاق قۆیونلووی بەدادپەروەر داناوە».

من لە بەرگی یەکەمی شەرەفنامەدا کە خۆم تەرجەمەم کردووە شتی وەهام بەرچاو نەکەوتووە و باوەڕیش ناکرێ «شەرەفخان» ددانی خێری پیا نابێ، چونکە ئەمیر شەمسەدینی باپیرە گەورەی زاوای «قەرەیوسفی قەراقۆینلوو» بووە، ئوزوون حەسەن «حەسەنە درێژ» دەستووری داوە دۆستانی قەرەیوسف هەموو زەبوون بکرێن و لە سەردەمی فەرمانڕەوایی «ئەمیر ئیبراهیم تبلیس»دا سوپای ناردە سەر بتلیس، کە دەبێ خاکی وڵاتەکە بەتوورەکە ببێژێ، ئەوەبوو سلێمان بەگی بێژەن ئۆغلی شالاوی کردە سەر بتلیس سێ ساڵی تەواو، گەمارۆی دا بەجۆرێ کە خەڵکێکی زۆر لە برسان و بە درم و پەتا مردن و تەنیا ئەمیر ئیبراهیم و حەوت کەسێ لە قەڵاکە مابوون(!).

لەم سەردەمەدا «مەحموود ئۆغلی» کە «هۆزانڤان»ی پەسن و هەڵنانی سلێمان بێژەن بوو، (وا دیارە دڵی بەهەزاران بە ئاق قۆیونلوویی سووتابێ) پارچە هەڵبەستێکی لە هەڵنانی سلێماندا هۆنییەوە و بۆی نارد، نوخشە هەڵبەستێکی پارچەکە ئەم فەردە بوو.

شها! اول بدليسك كردى مطيع اولماز سليمان
ازلدن قالمه عادتدر چالشورلر اوجاق اوستە

واتە: ئەی پادشاه! کوردی بتلیس سەر بۆ سلێمان دادەنوێنن، لە بەراییی جیهانەوە ئەم یاسایە ماوەتەوە کە بەسەر کوواندووەوە تێ ئەکۆشن. پاش ئەوە

هەندێ خێرخوای ئاشتیخواز کەوتنە ناوبژی و بڕیاردرا «ئیبراهیم بەگ» قەڵاکە بداتە دەستەوە، بەو مەرجەی خۆی و کەسووکاری لە مەرگ و ئازار دووربن، بۆ ئەم پەیمانە ئەنگوستیلەی «ئوزوون حەسەن» بۆ شایەتی و بەڵگەیی و دڵنیایی نێررا بۆ ئیبراهیم بەگ ئینجا لە قەڵاکە هاتە خوارەوە و ڕەوانەی لای ئوزوون حەسەن کرا و ئەویش ناردی، لە «قوم» دای نا و سلێمان بێژەن بەم جۆرە چووە قەلاّی بتلیسەوە و... هتد. «شەرەفنامە» چاپی فارسی، لاپەڕە ٥٠٤ – ٥٠٧ بەڵام خاوەنی «ئەحسەنوتتەواریخ» بە ١١ /لاپەڕە/ ٥١٠ نووسیویە: ساڵی (٨٧٣ک ١٤٦٨ز) حەسەن پادشاه سلێمان بیک بیجن (بێژەن)ی بە کۆمەڵەیێ لە میران و فەرمانڕەوایانی گەورەوە و پێنج هەزار سوارەوە نارد بۆ داگیرکردنی بتلیس و ئەمیرەکان ئەمانە بوون! «ئەسلان بەگی زولقەدەر» «ئەحمەد بەگی ئەسفەندیار بەگ»، «ئیل ئاڵدی بەگی چینی»، «ئەمیر محەمەد بەگی سەعدلوو»، «ئەمیر خانی سەعدلوو» کوڕەکەی «ساروو پیر عەلی» و «شاه حەمەد دەخارلوو» ئەمانە شالاویان کردە سەر بتلیس، ئەمیر ئیبراهیم کە زانی ناتوانێ بەرەنگارییان بکات دایکی خۆی بەدیاری و دەهەنەیێکی زۆرەوە نارد بۆ لای «حەسەن پادشاه» و داوای ئەمانی کرد، پادشاه لە گوناهی بورد و فەرمانی دا بەمیرەکانی سوپاکەی واز لە گەمارۆی قەڵاکە بهێنن و بگەڕێنەوە. ئەمەی لە «دیاربەکرییە» وەرگرتووە (ب٢ لاپەڕە ٥٤٢ – ٥٤٣). بەڵام بەلای منەوە قسەکانی شەرەفخان ڕاستترە.

پێشینان گوتوویانە: «خاوەن ماڵ چاتر ئەزانێ لە ماڵەکەیان چی هەیە» و بەمەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شەرەفخان بەو تاوانبارەی نەوتووە «دادپەروەر».

(٢٨) هەم دووبارە ساڵی ٧٨٣ نووسیویە «عیزەدین شێر دەبوو باجی تاغمەی ئەو شارە بە ئەمیر تەیموور بدا» ئەم عیبارەتەی شەمسی محەمەد ئیسکەندەر هەڵەیە، فارسییەکەی خراپ تەرجەمە کردووە، ئەمیر شەرەف نووسیویە: «پاش شەڕوشۆڕ جارێکی تریش عیزەدین شێر بەر لوتفی ئەمیر تەیموور کەوتەوە و لێی بورد و فەرمانڕەواییەکەی دایەوە و قەباڵەی فەرمانڕەوایی بە «تاغمەی سووری تەیمووری درایێ و ماوای گەڕانەوەی درا» لاپەڕە ١٢٨، چاپی فارسیی قاهیرە لاپەڕە ٢٣.

(٢٩) دیارە مەبەستی سوڵتان سەلیمی دووەمی کوڕی سولەیمانی قانوونییە، بەڵام

مەبەست لە تەسدیقی سلێمان چییە؟ خۆ سلێمان نەمابوو، ئەو پاش باوکی بوو بە سوڵتان. (ج. ڕ).

(٣٠) شەمسی محەمەد ئیسکەندەر نووسیویە: لە ویلایەتی بدلیسدا جگە لە بازرگانانی ئازەربایجانی و ئێرانی و ئەرمەنی، بازرگانانی ڕووس و چین و بولغاری و هیندیش هەبوون «دیسانەوە ئەم تەرجەمەیەی شەمسی محەمەد هەڵەیە، شەرەفنامە نووسیویە: گەشتیارانی جدە و زەنگبار و بازرگانانی خەتا و خوتەن و ڕووس و سەقلاب و بولغار و سەوداگەرانی عەرەب و عەجەم و ڕەوەندەکانی بەشی زۆری جیهان هاتوچۆ بکەن، مادام بەقومشی بەردە کونکراوەکەی بدلیسدا نەڕۆن، گونجاییشی تری نییە»، لاپەڕە ٤٤٥ فارسی، مەبەستی ئەوەیە بتلیس جێگەکەی سەختە، ئەوەندە سەخت و بێ ڕێیە، تەنیا لە ڕێگەی قومشە بەردەکەوە ڕێ هەیە، مەرج نییە خەڵقی ئەو وڵاتانە هاتوچۆی بتلیس بکەن یانە.

(٣١) لە سەدەکانی ١٥ – ١٦دا عێراق دراوی تایبەتی نەبوو، چونکە یا لە ژێر دەستی ئێراندا بووە، یا لە ژێر دەستی عوسمانی (م. ج).

(٣٢) شەمسی نووسیویە: لەناو مەلاکاندا ناوی شێخ عومەر، کە بنەماڵەی شێخ نەجمەدین... هتد. بەداخەوە شەمسی لێرەدا هەڵەی کردووە «شەرەفنامە» نووسیویە: «عەماری یاسر» کە لە موریدانی شێخ ئەبو نەجیب سوهرەوەردییە و هەروا پیر شێخ نەجمەدین کوبرا، خەڵقی بتلیسن. «لاپەڕە ٤٤٨» فارسی.

(٣٣) «مەلا ئیدریسی بتلیسی...» شەمسی محەمەد زۆر پیاوانە سەرگوزەشتێکی تەواو «حەکیم مەلا ئیدریسی بتلیسی»ی نووسیوە هەڵی ناوە، بەلام وا دیارە نەیزانیوە کە «مەولانا حوسامەدین» باوکێتی! جا لەم هەلەدا، سەرگوزەشتی ئەنووسم:

أ- حوسامەدین عەلی بتلیسی کوڕی عەبدوڵا حەنەفی سۆفی یەکێ بووە لە زانایانی پایەبەرز و یەکێ بووە لە سۆفییە بەناوبانگەکان. تەریقەتی نوربەخشییەی لە ئێران وەرگرتبوو، زنجیرەی تەریقەتی نەچووەوە سەر شێخ عەمار یاسری بتلیس. لە سەردەمی ژیاندا زۆر کتێبی داناوە.

١- شەرحی لەسەر زاراوە سۆفییەکانی شێخ عەبدوڕەزاق کاشانی «الکنز الخفی».

٢- تەفسیرێکی قورئان لە پێنج بەرگدا بە ناوی «جامع التنزیل و التأویل».
٣- شەرحی «گوڵشەنی راز» بەفارسی.ساڵی ٩٠٠ک ١٤٤٩ز کۆچی دوایی کردووە و بەداخەوە ژمارەی ٩٠٠ لە شەرەفنامە عەرەبییەکەی تەرجەمەی مندا بووەتە ٧٠٠ و هەڵەیە.
ب- حەکیم و مەولانا ئیدریسی بتلیسی، کوڕی عەلی حوسامەدین و هەر لە بتلیس لە دایک بووە، خوێندنی لای باوکی و لە ئێران تەواو کردووە، نووسەر و هۆزانڤان بووە، لە سەرەتادا لە نووسینگەی سوڵتان یەعقووبی ئاق قۆیونلوودا سەرەدەفتەر بووە، سوڵتان داوای لێ کردووە، مێژووی بنەماڵەکەیان بنووسێ، ئەویش بەپەیڕەوەیی «شانامەی فیردەوسی» هەر بەهەڵبەست کتێبێکی مێژوویی نووسیوە، نزیکەی ٨٠ هەزار بەیت و ناوی ناوە «هشت بهشت» بەناوی هەشت سوڵتانی عوثمانییەوە کە ئەمانەن:
عوسمانی یەکەم: (٦٩٩ - ٧٢٦ک = ١٣٢٦، ١٢٩٩ز)
ئۆرخان: (٧٤٦ - ٧٦١ک = ١٣٢٦ - ١٣٦٠ز)
موڕادی یەکەم: (٧٦١- ٧٩٢ک = ١٣٦٠ - ١٣٨٩ز)
بایەزیدی یەکەم: (٧٩٢ - ٨٠٥ک = ١٣٨٩ - ١٤٠٢ز)
محەمەدی یەکەم: (٨٠٥ - ٨٢٤ک = ١٤٠٢ - ١٤٢١ز)
موڕادی دووەم: (٨٢٤ - ٨٥٥ک = ١٤٢١ - ١٤٥١ز)
محەمەد دووەم: (محەمەد فاتح): (٨٥٥ - ٨٨٦ک = ١٤٥١ - ١٤٨١ز)
بایەزیدی دووەم: (٨٨٦ - ٩١٨ک = ١٤٨١- ١٥١٢ز)

وەک وتراوە بڕیار بووە خەڵاتێکی گەورە یا پایەیەکی گەورەی بداتێ، کە «بایەزید» دڵی ڕازی نەکردووە، گەڕاوەتەوە بتلیس و لەوێوە چووە بۆ حەج و لە حیجازەوە هەڕەشەی بۆ سوڵتان بایەزید ناردووە کە، لە دیباجە و پاومانی کتێبەکەدا باسی درۆزنی و ناڕاستاڵیی ئەو دەکات... کە سوڵتان سەلیم بووەتە پادشای عوسمانی ناردوویە بەشوێن ئیدریسدا و کردوویە بە«ڕاوێژ» و لەگەڵ خۆی گێڕاویە و بۆ کاروباری کوردستان و ئێران و عەرەبستان پرسی پێ کردووە. ئەوەی ڕاستی بێ «مەلا ئیدریسی بتلیسی» بلیمەتێکی جیهانی بووە، زۆر هەوڵی داوە کە چەند فەرمانڕەواییەکی سەربەخۆ لە کوردستاندا دابمەزرێنێ کە فەرمانڕەواییەکان پایەداربن و لەبەرئەوەی کە سوڵتان لێی

نەکـەوێتـە گـومـان و لە ملی نەدا، هەرگـیـز داوای پایەی بۆ خـۆی نەکـردووە و گەرچی حەزی لەوە بـووە هەموو فەرمانڕواییـە کوردییەکان لە سای ئەودا یەک دەوڵەت پێک بـهێنن، بەڵام کوردەکـان ئەو حەلە لە هەمـوو کاتێ زۆرتر عـێلانە و خێڵەکییانە لێیان خورییەوە و گەرچی مەلا ئیدریسیان بەناو بەسەرۆکی خۆیان زانیـوە، بەڵام بۆ ئەوەی هەموویان سـەر بۆ یەک جۆرە ژیان شـۆڕ بکەن، ڕوویان نیشان نەداوە.

مەلا ئیدریسی بتلیسی جگە لە «هشت بهشت» کتێبێکیشی دەربارەی سوڵتان سەلیم داناوە و ناوی ناوە «سلیمیە» ئەم زانا هۆشیارە ناوادارە ساڵی ٩٢٦ک ١٥٢٠ز کۆچی دوایی کردووە و لە ئەستەمبووڵ لە گۆڕستانی «ئەبا ئەییوبی ئەنساری» نێژراوە.

بەداخـەوە هەندێ نەخـوێندەواری نەزان شـالاوی دەبەنە سـەر و جنێـوی دەدەنێ لەسـەر ئەوەی کە لە شەڕی چاڵدێراندا کوردەکانی کێشاوە بەلای عوسمانیدا، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی مەلا ئیدریسی بتلیسی کە لە سای ڕابەری «ڕامیاری» و خوێندەواری ئەوەوەیە شاری بتلیس بەو بچووکییە بووەتە جێگەی شانازیی گەلی کورد، بەلافیشی نازانم بڵێم ئەگەر هەندێ هۆی پڕپووچ (مەولانا خالیدی مکایڵیی شارەزوویی لە سلێمانی بەرەو بەغدا نەڕەتاندایە، ئەویش دەیتوانی لەو سەردارانەی کە ناوی نابوون خەلیفە و هەموویان لە پیاوە گەورەکانی ناسراوی سەردەمی خۆیان بوون دەیتوانی بناخەیەکی بەهێز بۆ کوردەواری دابمەزرێنێ، وەگەر نە شێخێکی سۆفی بۆ چ (سەید ئەحمەدی سەردار، شێخ عوبەیدڵڵای نەهرێ، شێخ عوسمانی خالید ئاغای هەورامانی و... ئەوکاتە خەلیفە مەگەر دەروێش و سـۆفـیی هەژاری بێ دەسـەڵات لە خـواترسی لەم شـێخ و ئاغـا دەسرۆیانە بۆ خەلیفەیی شایستتر نەبوون؟ ئەگەر مەبەستەکە تەریقەت بوایە دەوڵەت دامەزراندن نەبوایە دەبوو هەژار ببێ بە خەلیفە (ڕۆژبەیانی).

## ИСТИФАДӘ ЕДИЛМИШ МӘНБӘЛӘР
## ВӘ ӘДӘБИЈЈАТ


1 Архив К. Маркса и Ф. Энгельса, т. VII, Баку 1938; 2. Архив К. Маркса и Ф. Энгельса, т. VI, Баку, 1938.

3 В. И. Ленин. Сечилмиш әсәрләри, IV чилд, Бакы, 1945.

4 В. И. Ленин. Государство и революция, Баку, 1953.

5 Али-заде А. А. Из истории государства Ширваншахов XIII—XIV вв. «Изв. АН Азерб. ССР», Баку, 1949, № 8.

6 Али-заде А. А. Социально-экономическая и политическая история Азербайджана XIII—XIV вв., Баку, 1956.

7 Али-заде А. А. Некоторые сведения о Ширване (до начала XIV в.), «Изв. АН Азерб. ССР», Баку, 1947, № 12.

8 Аристова Т. Ф. Курды Закавказья, М., 1966.

9 Аверянов П. И. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия, Тифлис, 1900.

10 Ашурбейли С. Очерки средневекового Баку, Баку, 1964.

11 Букшпан А. Азербайджанские курды (Лачин, Кельбаджары, Нах-край), Баку, 1932.

12 Бакоев Ч. Х. Говор курдов Туркмении, М., 1962.

13 Вильчевский О. Л. Курды, М., 1961.

14 Джалиле Джалил. Восстание курдов 1880, М., 1966.

15 Ияс А. М. Поездка по северному персидскому Курдистану. П., 1915.

16 Ибрагимов Дж. Феодальные государства на территории Азербайджана XV, Баку, 1962.

17 Курдоев К. К. Фальсификация истории курдов в персидской буржуазной историографии, 1954. Уч. зап., № 172, 179.

18 Кикнадзе Р. К. Тамговые сборы в государстве Ильханов. Восточный сборник, Тбилиси, 1960.

19 Ксенофон. Анабазис. М., 1951.

20 Лерх П. И. Исследования об Иранских курдах и их предках., СПб., 1856.

21 Лазарев М. С. Курдистан и курдская проблема, М., 1964.

22 Минорский В. Ф. Курды. Заметки и впечатления. Пб., 1915.

23 Никитин В. Курды. Перевод с французского. Вступительная статья и редакция И. О. Фаризова. М., 1964.

24 Петрушевский И. П. Очерки по истории феодальных отношений в Азербайджане и Армении в XVI- начале XIX в. Л., 1949.

25 Петрушевский И. П. Сборник статей по истории Азербайджана, вып. I, Баку, 1949.

26 Петрушевский И. П. Земледелие и аграрные отношения в Иране XIII—XIV вв. М., 1960.

27 Памятники письменности Востока. АН СССР. отделение истории, М., 1966.

28 Рахмани А. А. Тарих-и аламарай-и Аббаси, как источник по истории Азербайджана, Баку, 1960.

29 Руденко М. Б. Описание курдских рукописей-Ленинградских, М., 1961.

30 Халфин Н. А. Борьба за Курдистан, М., 1963.

31 Шамилов А. Ш. К вопросу о феодализме у курдов, 1936.

32 Шамилов А. Ш. Некоторые данные о курдском народе. Журн. «Новое время», 1963, № 40.

33 Эфендиев О. А. Образование Азербайджанского государства Сефевидов в начале XVI в., Баку, 1961.

Азәрбајчанча

34 «Азәрбајчан тарихи», I чилд, Азәрб. ССР ЕА Нәшријјаты, Бакы, 1958.
35 Беһзади И. П. Намизәдлик диссертасијасы, Бакы, 1960.
36 Беһзади И. П. Рәвәндинин «Раһат-үс-судур вә ајәт-үссудур» әсәри тарихи бир мәнбә кими, Бакы, 1963.
37 Дунбили Һ. К. Сечилмиш әсәрләри, Бакы, 1968.
38 Зәринәзадә Һ. Фарс дилиндә Азәрбајчан сөзләри, Бакы, 1962.
39 Нә'мәтова М. Х. Ширванын XV—XVI әсрләр тарихинин өјрәнилмәсинә даир. Бакы, 1959.
40 Онуллаһи С. XV әср Азәрбајчанда верикләрин мигдары вә өлчүсү һаггында. Азәрб. ССР ЕА «Хәбәрләри», 1967, № 1.
41 Ф. Метсоцски. Тејмурләнк вә онун хәләфләринин тарихи. Бакы, 1957.

٤٢– ابوالقاسم فردوسی، «شهنامه» جلد اول ودوم بمبئ ١٢٧٥ هیجری.
٤٣– ابو بکر تهرانی، «کتاب دیاربکریه» جز واول انقرا ١٩٦٢.
٤٤– ابو بکر تهرانی، «کتاب دیاربکریه» جزو دوم، انقرا ١٩٦٤.
٤٥– ابن الاثیر «تاریخ الکامل» الجلد الثانی (عربجه) مصر ١٣٠١هجری
٤٦– اروج بیگ بیات، «دون ژوان ایرانی» ترجمهء مسعود رجب نیا، تهران ١٣٣٤ش.
٤٧– اسکندر بیگ منشی، «تاریخ عالم آرای عباسی» در ٢ جلد، تهران ١٣٣٤ش.
٤٨– اولیا چلبی، «چلبی سیاحت نامەسی» ١–٤ نجی جلدلر ناشر احمد جودت، استانبول، ١٣١٤ هجری.
٤٩– احمد تاج بخش، «ایران در زمان صفویه»، تبریز ١٣٤٠ شمسی.
٥٠– احسان نوری پاشا، «تاریخ ریشەی نژاد کرد» تهران ١٣٣٣ شمسی.
٥١– انتشارات ایران، «تاریخ ادبیات ایران» از سعدی تاجامی جلد سوم ترجمهء علی اصغر حکمت تهران ١٣٣٩ش.
٥٢– انتشارات ایران، «از نشریات کتاب شناسی ملی» ١٣٤٤ش.
٥٣– احمد راسم، «رسملی خریطەلی عوثمانلی تاریخی» ١–٤ نجی جلدلر، استامبول ١٣٢٨، ١٣٣٠ هجری.
٥٤– بوداق قزوینی، «جواهر الاخبار» لنینگراد کتلوی دولت کتابخانەسی شیدرین، آدنیا آل یازمالار شعبەسی کاتالوق دورن نمره ٢٨٨ ورق ٣١–١.
٥٥– بلەج شیرکوه، «القضیه الکوردیه» القاهره ١٩٣٠.
٥٦– پسیان نجفقلی، «از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس»– تهران ١٩٤٩.

٥٧- جلال الدين منجم محمد یزدی، «تاریخ عباسی» - میکرو فیلمندن استفاده ایدیلمیشدیر.
٥٨ حاجی زین العابدین شیروانی، بستان السیاحه، تهران ١٣١٥ هجری.
٥٩- حسن بیگ روملو، «احسن التواریخ» جلد دوم، کلکته ١٩٣١ مسیحی.
٦٠- حافظ ابرو «زبدة التواریخ» آذربایجان س س ر علملر اکادمیاسی ال یازمالاری فوندو نمره، ٥٣٦١.
٦١- حافظ دیوان، «تهران» ١٢٨٥ هجری.
٦٢- حلمی زاده ابراهیم رفعت، «صلاح الدین ایوبی»، استامبول ١٨١١ میلادی.
٦٣- حمدالله مستوفی قزوینی، نزهه القلوب، تهران ١٣٣٦ خورشیدی.
٦٤- خواند میر «قیاس الدین بن همام الدین» حبیب السیر فی اخبار افراد البشر، جلد سوم، تهران ١٢٧١ هجری و تهران ١٣٣٣ش.
٦٥- خطائی شاه اسماعیل «دەنامه» ترتیبه سالان حمد ارسلی، باکو ١٩٤٨.
١٠٣- کاتب چلبی، «جهان نما» قسطنطینیه ١٢٦٧ هجری.
١٠٤- کاتب چلبی، «فذلکه کاتب چلبی» استانبول ١٢٨٦ هجری.
١٠٥- کاتب چلبی، «کشف الظنون» - جلد اول، استانبول ١٣١٠ هجری.
١٠٦- کسروی احمد، «شهریاران گمنام» طهران ١٣٠٧ش.
١٠٧- کاتب چلبی، «تحفة الکبار فی اسفار البحار» - مطبعه بحریه سنه ١٣٢٩ هجری.
١٠٨- کمال الدین عبدالرزاق سمرقندی، «مطلع السعدین و مجمع البحرین» لنینگراد آسیا خالقلاری اینستیتوتو ایش نمره ٤٦٦ب.
١٠٩- «کتاب تاریخ تمدن ایران» باهمکاری جمعی از دانشوران ایران شناس اوروپا چاپ شده است، ترجمه جواد محیی، چاپ تمەن ١٣٣٩ش.
١١٠- لطفی پاشا، «تاریخ ال عثمان»، استانبول ١٣٤٠ هجری مجدالدین محمد فیروز آبادی، «قاموس» استانبول ١٢٧٢ هجری.
١١١- میرخواند (میر محمد بن سید برهان الدین خاوند شاه «روضهالصفا» بمبئ، ١٢٧٠ هجری).
١١٢- میرزا بیگ الحسین گنابیادی الصفویه آذربایجان، س س ر علملر اکادمیاسی، تاریخ اینستیتوت علمی ارخوی ایش نمره ف، ٢٦١٤.

١١٣- محمد مردوخ کردستانی، «تاریخ مردوخ» جلد اول و دوم چاپخانهء ارتش.
١١٤- محمد مکری، عشایر کرد، تهران ١٣٣٣ش.
١١٥- مینورسکی و. ف، «سازمان اداری حکومت صفوی» ترجمه مسعود رجب نیا، تهران ١٣٣٤ خورشیدی.
١١٦- محمد امین زکی، «تاریخ الکرد وکردستان» القاهره، ١٩٣٠.
١١٧- محمد امین زکی، «تاریخ الدول والامارات الکردیه» قاهره ١٩٤٥.
١١٨- محمد امین زکی، «مشاهیر الکرد وکردستان» القاهره ١٩٤٧.
١١٩- محمد امین زکی، «تاریخ السلیمانیه وانحائها» - بغداد ١٩٥١.
١٢١- محمد جمیل بندی الروزبیانی «الشرفنامه» بغداد ١٩٥٣.
١٢٢- محمد رشید الفیل، «الاکراد فی نظر العلم» مطبعه الاداب، النجف ١٩٦٥.
١٢٣- محمد جلال، «سلطان سلیم ثانی یاخود مظفریت»، استانبول.
١٢٤- موسی کاظم پاشازاده، «عادات اکراد - حیات مملکت»، استانبول ١٩٢١.
١٢٥- نصرالله فلسفی، «زندگانی شاه عباس اول»، تهران ١٣٣٤ش.
١٢٦- نظام الدین شامی «ظفرنامه»، بیروت ١٩٣٧.
١٢٨- وزیر خان، «رسملی و خریطلی کوچوک عثمانلی تاریخی» استانبول ١٣٢٠ هجری.
١٢٩- هرمان اته، «تاریخ ادبیات فارسی»، ترجمهء رضا زاده شفق، تهران ١٣٣٧ش.